مەدیان

## عەزیز نەسین

# کلکبڕاوەکان

کۆمەڵەچیرۆک



وەرگێڕانی


هیمداد حوسێن

Pdf by: Yousif Z. Abdullah

Scanned by TapScanner

# کلکبڕاوەکان

## عەزیز نەسین



وەرگێڕانی:هیمداد حوسێن و مەودوود جەبار

Scanned by TapScanner

ADIBAN

# ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبان

بەڕێوەبەری گشتی: ئارامی مەلا محەممەد

**ناونیشان:** سلێمانی، شەقامی ئیبراهیم پاشا، فولکەی گۆزەکان، نزیک ناوەندیی ڕۆژهەڵاتی کوڕان.
**پەیوەندی:** 07701974656 - 07501590032 - 07731974646 - 07501696369
**Email:** bookadiban@gmail.com
**Facebook:** https://www.facebook.com/eadiban/

## ناسنامەی کتێب

**ناونیشان:** کلکبڕاوەکان

**نووسەر:** عەزیز نەسین

**بابەت:** ئەدەبیاتی تورکی – سەدەی ٢٠ی میلادی

**ژانر:** کۆمەڵە چیرۆک

**وەرگێڕانی:** ئیسماعیل حوسێن و مەحموود جەبار

**نۆرەی چاپ:** چاپی یەکەم

**دیزاینی بەرگ:** عیسا عوسمان

**دیزاینی دەق:** ئارام مەلا محەمەد

**پەخشانگە:** ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبان

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان، ژمارەی سپاردنی (٢٦٠٢) ساڵی (٢٠١٩) پێ دراوە. ئەم کتێبە لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبانە،
مافی لەچاپدان و کۆپیکردنی پارێزراوە بۆ ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبان.

Scanned by TapScanner

## پێشکەشکردن

**ئەم وەرگێرانە پێشکەش بە:**

– باوکم

– دایکم

– تاڤگە

بێت...

**– هیمداد –**

Scanned by TapScanner

## بەرچاوڕوونی:

ســاڵی ١٩٩٩ لە ســلێمانی بە مەبەســتی کڕینی کتێبێک چووم بۆ بەردەرکی ســـەرا. ئەوکـات بەبـۆنەی خـراپـیی بـاری دارایـی خێزانەکەمانەوە، ئەو پارەیەی کە پێم بوو هیچ کتێبێکی پێ نەدەکڕا. من تەنیا دوو دینارم پێ بوو. لە شەشی سەرەتایی بووم و بۆ کڕینی کتێبێکی ئینگلیزی چووبووم. لە خوێندنگە کتێبەکەمان پێ نەدرابوو... لەبیرمە کە لە «قوتابخانەی بێکەســی ســەرەتایی» تەنیا دوو کتێبیان دابووە خوێندکاران. بەهەرحاڵ، چوومەوە بۆ ماڵ و کتێبێکی ئینگلیزیی پێنجی ســەرەتاییم هێنا تا ئاڵوگۆڕی بکەم و بتوانم ئەو کتێبە بکڕم کە پێویســـتمە. چاوەڕێ مام... دایکێک هات و بۆ کتێبی ئینگلیزیی پێنجی سەرەتایی دەگەڕا. من هیکەی خۆمم بە ٣ دینار پێ فرۆشت. جا لەگەڵ دوو دینـارەکەی خۆمـدا ئەو کتێبەم کڕی کە پێویســـتم بوو: کتێبی ئینگلیزیی شەشی سەرەتایی (هەلەو ئەلی – هەلەو مستەر). کاتێک بە کتێبەکەوە چوومەوە بۆ خوێندنگە، خوێندکاران پرســـیان ئاخۆ من چۆن ئەو کتێبەم دەست کەوتووە؟ ئیتر منیش چیرۆکەکەم بۆ گێڕانەوە و ئەوانیش داوایان کرد بە هەمان شێوە ئەو کتێبەیان بۆ دەست بخەم. ئیتر لەو ڕۆژەوە منیش بە باوەشـــێک کتێبی کۆنەی هاوڕێکانمەوە دەچووم تا بیانفرۆشم و کتێبی تازەیان بۆ بکڕم... دەستپێکی بوون بە کتێبفرۆشـــی من بەو جۆرە بوو. من هەر بە منداڵی ئاشـــنای کتێب و خوێنـدنەوە بووم. ئێســـتەش بیرمە یەکەم کتێـب کە خوێنـدنەوە؛ «مردووخۆرەکان» بوو. لە ســـاڵی ٢٠٠٣ خووم دابووە کڕینی کتێبە کۆنەکان، ئەمەش بەو هیوایەی کە لەناو نەچن و ڕۆژێک دابێت بتوانم بە چاپێکی باش و شـایســتەوە بیانخەمەوە کتێبخانەکان. بەم دواییانە



Scanned by TapScanner

کتێبی «فس فس پاڵەوان»ی «عەزیز نەســـین» کە لەو کتێبانە بوو ماوەیەکی دوورودرێژ لای خۆم هەر بە هەمان ئاواتەوە پاراســتبووم، بە چەند چیرۆکێکی تازەوە چاپ کرایەوە و پێشـوازییەکی شـایسـتەی لێ کرا. هەر لەبەر ئەوە، بە بـاشـــم زانی ئەم کتێبە وەرگێڕراوەی مامۆستا هیمدا (کە دەمێک بوو لای خۆم پاراستبووم و ناونیشانەکەی "کلکبڕاوەکان"ـــــە) بە کۆمەڵێک چیرۆکی نوێوە تازە بکەمەوە و بە چاپێکی جوان و ناوازەوە بیخەمەوە بەردەستی خوێنەرانی ئازیز. زۆر کتێبی کۆنەم کڕیون و لای خۆم پاراســتوومن... بە پشــتیوانیی خوای گەورە هەموویان بە شێوازێکی ناوازە چاپ دەکەمەوە.

ئارام مەلا محەمەد

بەڕێوەبەری ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبان



Scanned by TapScanner

## لەجیاتی پێشەکی:

بەڕێزان! ئەم کۆمەڵە چیرۆکەی لە بەردەستتاندایە، نووسەر تێیدا هەوڵی داوە کۆمەڵێک موعانات و ئازاری ڕۆژانەی نەتەوەکەی و بە شێوەیەکی گشتی مرۆڤ بە جۆرێکی کۆمیدیا بخاتە ڕوو، ئەمەش مەگەر هەر لە دەستوپلی عەزیز نەسینی نووسەر و مرۆڤ بوەشێتەوە کە وا بە شێوەیەکی قەشەنگ لە دەرگای باسەکان دەدات...

ئەو نووسەرانەی کە شێوازی نووسینیان کۆمیدیایە، لە جیهاندا ژمارەیان کەمە، لەگەڵ ئەوەشدا نەسینی نووسەر چەندان جار پاداشتی جیهانیی پێ بەخشراوە، کەچی وەک باسی کردووە، هیچ کاتێ ڕۆژنامە و ئێستگەیەکی وڵاتەکەی خۆی ئاماژەی پێ نەداوە، مەگەر خۆی لای برادەکانی باسی کردبێ. لەم بارەیەوە من ئەم پەندەم بیر کەوتەوە «منالی هەتیو خۆی ناوکی خۆی دەبڕێت.»

ئیدی ئێوە و چیرۆکەکان و چۆنیەتیی وەرگێڕان و سەنگ و ترازووتان، هەر شاد و سەرفراز بن...

— هیمداد حوسێن —

١٩٨٤ – هەولێر



Scanned by TapScanner

## تەڕ دەبێ یان نابێ؟

لەبەر بێکاری گیانم گەیشــبووە ســەر لێوم. هەر کارێکیان بگوتبا، ئامادە بووم بیکەم. قوڕکێشـــی، کرێکاری... هەر کارێک کە بیانگوتبا. ڕۆژێکیان تووشی یەکێ لە هاوڕێکانم بووم و پێی گوتم:

«کاک ڕاغیب پێویســـتی بە یەکێک هەیە، گەر دەتەوێ با پێتی بناسێنم؟»

«مادام پێویســـتی بە یەکێک هەیە، جا کێ لە من باشـــترە؟ ئەی کارەکەی چییە؟»

«وەڵا ئەوەیان نازانم!»

کاغەزێکی بۆ نووسیم، جا چوومە لای کاک ڕاغیب. کاتێ گەیشتەمە ئەوێ، بینیم دوو کەســـی دیش لەوێ بوون. کاک ڕاغیب خەریکی قسەکردن بوو لەگەڵیاندا و دەیگوت:

«ئەرێ بە بتڵە ئاوێک، تەواوی ڕووی ئەم ژوورە تەڕ دەبێ؟»

من یەکسەر گوتم:

«بەڵێ، بێگومان نابێ! مومکین نییە!»

«کەوابێ ئێســـتا تەواوی ڕووی ئەم ژوورە، بە یەک بتڵە ئاو تەڕ دەبێ»

کاغەزەکەم پێ نیشان دا، جا گوتی:

«فەرموو، دانیشە.»



Scanned by TapScanner

دانیشتم. جا دووباره دەستی بە قسەکانی کردەوە. کاتێ قسەکانی تەواو بوون، ئەو دوو کەسەی کە پێشتر لەوێ بوون ڕۆشتن. من و کاک ڕاغیب تەنیا ماینەوە. جا گوتی:

«کاکە بەندە، ئەوەتا پەنجاوشەش ساڵ لە عومرم تێپەڕییوە، ژیانی بەرز و نزمم هەبووە، سەرما و گەرمای ڕۆژگارم چەشتووە، مرۆڤێکی خاوەن ئەزموونم. ئەوەی من دەمەوێ پێت بڵێم ئەوەیە کە دوای ئەو هەموو تاقیکردنەوەیەی بەدەستم هێناوە، بەو ئەنجامە گەیشتووم کە لە ماوەی پەنجاوشەش ساڵی تاقیکردنەوەکانمدا، گوێچکە و چاوەکانم بە باشی کراونەتەوە. بۆ نموونە تۆ وا دابنێ یەک بتڵە ئاوم بە دەستەوەیە، ئایە بەندە، دەتوانم بەو بتڵە ئاوە تەواوی ڕووی ئەم ژوورە تەڕ بکەم یان نا؟ یانی دەمەوێ بڵێم یەک بتڵە ئاو، تەواوی ڕووی ئەم ژوورە تەڕ دەکات یان نا؟»

پرسیارەکەی بە جۆرێ بوو کە دەبوایە هەر وەڵامی بدەمەوە، بەڵام نەمدەزانی چی پێ بڵێم. نەمدەزانی بڵێم «تەڕ دەبێ» داهاتوویەکی باشی دەبێ، یاخود «تەڕ نابێ».

هاتەوە یادم کاتێ لەگەڵ ئەو دوو کەسەی کە پێشتر قسەی لەگەڵ دەکردن، خۆی وەڵامی پرسیارەکەی خۆی بە نەفی دەدایەوە، بەڵام نەدەبوو ئەم هەلەش لەدەستە خۆم بدەم. کاتێ بینی وا خەریکە بیر دەکەمەوە، پرسیارەکەی دووبارە کردەوە و گوتی:

«دەی، بڵێ بزانم، تەڕ دەبێ یان نا؟»

«ئەو بتڵە قەبارەکەی چەند دەبێت؟»

پێی سەیر بوو، گوتی:

«کامە بتڵ؟»

«ئەو بتڵەی دەتەوێ ڕووی ئەم ژوورەی پێ تەڕ بکەیت!»



Scanned by TapScanner

بە ڕووخســــاریدا دیار بوو کە چاوەڕێ نەبوو ڕووبەڕووی ئەم جۆرە پرسیارانە ببێتەوە. گوتی:

«کاکە گیان، بتڵ، هەر بتڵی ئاسای. هەموو ئەو بتڵە ئاساییانەی کە هەیە.»

«بە ڕاستی زۆر تەواوە، تەڕ نابێ، مومکین نییە تەڕ ببێ، سەیرکە ئەوەیە حەقیقەتی موسڵمانیەتی، بەڵێ، ئاشکرایە.»

«لە بەیانییەوە تەشـریفت بێنە. یەکێکی دی لەســەر کارەکەی تۆیە، بەڵام دەبێ تەشــریفی بۆ جێگەیەکی دی ببا. ئێســتا بە یارمەتیت، من دەڕۆم.»

لەو کـاتەدا گیرم خواردبوو، ویژدانم ڕێی پێ نەدەدام لەبەر من یەکێکی دی بێئیش ببێ! گوتی:

«نە کـاکە، تۆ بێیت یـان نەیێـت، من پێم گوتووە لەگەڵ مرۆڤی کەللەڕەق و چەنەباز ناتوانم کار بکەم. ئێســتا بانگی دەکەم، خۆشــت بیبینە.»

زەنگی لێدا، جا خزمەتکارەکە هات و گوتی:

«برۆ بتڵە ئاوێک بێنە، جا بە مومتازیش بڵێ با بێتە ئێرە.»

کاک مومتاز هـات. کەمێک لێم ڕوانی، بەڵام وا دیار نەبوو کە لە مرۆڤێکی کەللەڕەق و چەنەبـاز بچێـت. مرۆڤێکی زۆر ڕووخۆش، دڵکراوە و دەم بە خەندە بوو. هەرگیز بچووکترین نیشانەی کەللەڕەقی و چەنەبازی بە ڕوویەوە دیار نەبوو.

بە ڕاغیبی گوت:

«بەندە ئامادەیە بۆ فەرمانەکانت.»



Scanned by TapScanner

هەر لەو کاتەدا خزمەتکارەکە بتڵە ئاوەکەی هێنا. هەر کە مومتاز چاوی بە بتڵە ئاوەکە کەوت، یەکسەر ڕووی خواروخێچ بوو، دڵی پێی تێکەچوو. هاوڕێکانیشی کە چاویان پێی کەوت، وەک ئەو دەستیان بە لەرزین کرد.

ئەو مرۆڤە ڕێک و ڕوو بە خەندەیە - وەک قارەمانی سەیری هەندێ فیلم، کە بە ڕۆژ لە شێوەی ئادەمیزاد دان و کە شەویش دادێ گیانەوەرێکی درندەن - لە ماوەی یەک چرکەدا دەگۆڕێن بە گیانەوەرێکی نابەڵەد، ئەویش وای لێ هاتبوو. کاک ڕاغیب بتڵە ئاوەکەی بە دەستەوە گرت و ڕووی لە مومتاز کرد، جا گوتی:

«دەمەوێ بزانم ئەم بتڵە ئاوە تەواوی ڕووی ئەم ژوورە تەڕ دەکا یان نا؟»

«بەڵێ!»

«واتە تۆ دەڵێی ڕووی ئەم ژوورە بەم بتڵە ئاوە تەڕ دەبێ؟»

مومتاز هاواری کرد:

«بەڵێ، تەڕ دەبێ!»

دەنگی مومتاز هاوارێکی وەها نەبوو، وەک ئەوەی یەکێ بە توندی قرتقرتۆکی بگرێ و بیەوێ بیخنکێنێ، خنەخن بکا، ئاوها بوو. دیسان دەم و چاوی خواروخێچ بوو، بە تەواوی وەک سەگەکانی «بولدوگ»ی لێ هاتبوو. ڕاغیب گوتی:

«تەڕ نابێ، مەحاڵە، مەحاڵە تەڕ ببێ.»

مومتاز دووبارە هاواری کردەوە:

«تەڕ دەبێ!»

«تەڕ نابێ!»



Scanned by TapScanner

«تەڕ دەبێ!»

«تەڕ نابێ!»

«تەڕ دەبێ!»

ڕاغیب ڕووی لە من کرد و گوتی:

«دەفەرموو، دەبینی! دەبینی چۆن نکوڵی لە هەقیقەت و ڕاستییەکی ڕوون دەکا. تکا دەکەم تۆ بفەرموو، ئەو عەرزە هەمووی بە یەک بتڵە ئاو تەڕ دەبێ یان نابێ؟»

«نەخێر، تەڕ نابێ!»

کاک ڕاغیب ڕووی لە مومتاز کرد و گوتی:

«ئیتر ناتوانم لەگەڵ تۆ کار بکەم، بۆیە پێویستە لێرە بڕۆیت.»

ڕەنگ و ڕووخســـاری مومتاز دووبارە گەڕایەوە ســـەر هەمان مرۆڤی ڕووخۆش و ڕێکوپێک. جا گوتی:

«مەرحەمەتتان زیاد بێ، سوپاس!»

جا کاکی مومتاز ڕۆیشت. گوتم:

«بمبوورە، دەتوانن پێم بڵێن کە کاری بەندە چییە؟ لەوانەیە نەتوانم کاری کاک مومتاز بە ئەنجام بگەیێنم!»

گوتی:

«من پێویســـتم بە مرۆڤێکی مەنتقییە، مەنتق لە پێش هەموو شتێکەوەیە. فەرموو بڕۆرە سەر کارەکەت. هەموو ئەو ژوورە بە یەک بتڵە ئاو تەڕ دەبێ یان نابێ!»

گوتم:

«نەخێر، تەڕ نابێ.»



Scanned by TapScanner

«کاکە ئەوەی من دەمەوێ هەر ئەوەندەیە... مەنتق! من پێویستم بە مرۆڤێکە کە «مەنتق» لە سەرووی هەموو شتێکییەوە بێت. تکایە مێز و کەلوپەلەکانی مومتاز وەرگرە.»

«بەسەر چاو.»

چوومە لایێکی ژوورەکەوە. مومتاز بە دڵخۆشییەوە جانتاکەی کۆ کردەوە تا بڕوات. بە ڕاستی ڕوویێکی میهرەبانی هەبوو، تا حەز بکەن ڕووخۆش بوو. من تێنەگەشتم ئەو مرۆڤە ڕووخۆشە بۆچی وا لە چرکەیەکدا گۆڕا و بوو بە گورگێکی کێوی! گوتم:

«کاک مومتاز، زۆر بە داخەوەم کە تۆ بە هۆی هاتنی منەوە بۆ ئێرە بێئیش بوویت.»

بە هەموو میهرەبانی و ڕووخۆشی خۆیەوە وەڵامی دامەوە:

«نە کاکە، تۆ هەرگیز دڵگران مەبە، تۆش نەهاتبایی دواجار هەر یەکێکی دی دەهات.»

«ببوورە لەوەی خۆشم تێ هەڵقورتاند، باشە تۆ دەتویست بڵێی تەڕ نابێ، چۆن دەبێ؟»

«ئێستا هەرچییت پێ بڵێم بێسوودە، وا باشترە خۆت لێی تێبگەیت. لەوانەیە بتوانم بۆت باس بکەم، من پێنجەمین کەسم کە لە ماوەی ساڵێکدا لێرە گۆڕیبمی. تەنیا دوو مانگو نیو تاقەتم هەبوو، بێگومان من دەزانم بێکاری چ دەردێکی گرانە، وا تێنەگەی کە بمەوێ تۆ بترسێنم... هەرگیز، خواحافیز، خوا ئارامییت پێ بدا.»

«بە سەلامەتی.»

مومتاز شتەکانی کۆ کردەوە و دواتر ڕۆیشت. من نەمدەزانی چی بکەم. چوومە پشت مێزەکەی دانیشتم. دوای سەعاتێک قرە و گاڵە بەرز بووەوە.



Scanned by TapScanner

خزمەتکارەکە هات و گوتی:

«خاوەنکار بانگت دەکا!»

کاتێک ڕۆشتمە ئەوێ، بینیم جگە لە خۆی سێ کەسی دیش لەوێ بوون. بە چاکی دەمزانی مەسەلەکە چییە، بەڵام دیار بوو لەسەر مەعامەڵەیێک پێک نەدەهاتن.

«کاکە بەندە، وا دابنێ کە بتڵە ئاوێکم بە دەستەوەیە، دەمەوێ بزانم ئەم ژوورە هەمووی بە یەک بتڵە ئاو تەڕ دەبێ یان نابێ؟»

گوتم:

«نەخێر، تەڕ نابێ!»

«بەڵێ، ئاشکرایە... ئاشکرایە تەڕ نابێ. ئێستا بینیتان، مەحاڵە تەڕ ببێ.»

ئەو کاتە هەر سێ کەسەکە بەبێ سەرنجدانی ئەو هەقیقەت و ڕاستییەی کە...

یەکێ لەو سێ کەسە گوتی:

«وەڵا ئەو مەوزووعە هیچ پەیوەندییەکی بە بتڵە ئاو و تەڕ بوون و ڕووی ژوورەکەوە نییە، لە سەدا پێنجمان زیاتر بۆ سەرف ناکەن!»

خاوەن کارەکەم گوتی:

«دەبێ بەر لە هەموو شتێ مەنتق هەبێ، کاکە بنچینەی هەموو شتێک مەنتقە.»

ئەو ڕۆژە چوار جار ئامادە بووم و هەموو جارێکیش هەمان پرسیاری دووبارە دەکردەوە و ڕووی لە من دەکرد. منیش هەموو جارێک هەمان وەڵامم دەدایەوە:

«نەخێر، تەڕ نابێ.»



Scanned by TapScanner

ڕۆژی دواتریش هەر بەو جۆرە بوو، تا هەفتەیەک هەموو کارەکەم هەر ئەوەندە بوو. هەندێ ڕۆژ چوارپێنج جار و هەندێ ڕۆژیش پێنجشەش جار بانگی دەکردم. لەبەردەم ئەو کەسانەی بۆ مەعامەلە دەهاتن، هەمان پرسیاری دووبارە دەکردەوە. من هەر وەک جارەکانی پێشوو دەمگوت:

«نەخێر، تەڕ نابێ.»

ڕۆژی هەینی سەد لیرەم هەقی هەفتەیەک وەرگرت. خاوەنکارەکەم دوای ئەو تەمەنە پڕ ئەزموونەی گەیشتبووە ئەوەی کە: «ژوورێک بە سەتڵێک ئاو تەڕ نەبێ، بە یەک بتڵە ئاویش تەڕ نابێ، جا بانگێشەی ئەوەی دەکرد نابێ ڕووی ژوورەکە هەمووی بە یەک بتڵە ئاو تەڕ بێ!»

ئەو ڕستەیە وەک ئەنجامێکی فەلسەفی و پەندی پێشینانی باوباپیران بێ، بووبووە وێردی سەر زمانی کاک ڕاغیب. ئیشی منیش تەنیا پشتگیریکردنی ئەو فەلسەفەیە بوو.

پاش مانگێک، لەبەر ئەوەی زۆر لە کارەکەم ڕازی بوو، هەقی هەفتانەکەمی زیاد کرد. بوو بە سەد و پەنجا لیرە. خاوەنکارەکەم منی زۆر خۆشدەویست. بۆ هەر جێگایک چووبایە، منیشی لەگەڵ خۆی دەبرد. هەر کە مەعامەلەیکی دەکرد لە منی دەپرسی:

«کاکە بەندە، وا دابنێ بتڵە ئاوێکم بە دەستەوەیە، ئایە تەواوی ڕووی ئەم ژوورە، بەم بتڵە ئاوە تەڕ دەبێ یان نابێ؟»

منیش یەکسەر وەڵامم دەدایەوە:

«نەخێر، تەڕ نابێ.»

ڕۆژی بیست بۆ سی جار ئەمەم دووبارە دەکردەوە: «تەڕ نابێ!»، بەڵام هەقی هەفتانەم گەیشتە دوو سەد لیرە. ئەوەندە پەیوەندیم لەگەڵ

ڕاغیب بەهێز بووبوو، بە زۆر لەگەڵ خۆی دەیبردمەوە ماڵەوە. تا کار گەیشـتبووە ئەوەی کە تەنیا لە کاتی نووسـتندا لێی جیا دەبوومەوە. ئەگەر لە ماڵەوە ژنەکەی شـتێکی بویسـتایە، یاخود کوڕەکەی پارەی بویسـتایە، یاخود کچەکەی جلی بویسـتایە، خاوەنکارەکەم یەکسـەر دەیگوت:

«من لەو شتانە سـەرم دەرناچێ، پەنجاوشـەش سـاڵە لە عومرم تێپەڕیووە، سـارد و گەرمیم چەشـتووە، تاقیکردنەوەم وەرگرت، ئەنجامی هەموو تاقیکردنەوەی ژیانیشـم ئەوەیە کە ئەم ژوورە هەمووی بە بتڵە ئاوێک تەڕ دەبێ یان نابێ؟»

جا ڕووی لە من دەکرد و دەیگوت:

«کاکە تۆ بڵێ، تەڕ دەبێ یان نابێ؟»

من ناونیشانەکەم لەبەر بوو، پێش ئەوەی خاوەنکارەکەم قسەکانی تەواو بکا، دەمگوت:

«نەخێر، تەڕ نابێ.»

هەر کە من دەمگوت: «نەخێر، تەڕ نابێ»، هەرچی خەمی هەبوو نەدەما و جا دەکەوتە خەوێکی خۆشـەوە. ئەو ڕسـتەیە کرۆکی فەلسـەفە، بیر و باوەڕ و تاقیکردنەوەکانی کاک ڕاغیب بوو. مەنتقێکی بەرز بوو، مەنقێک کە گاڵتە نییە. واتە دوو کەڕەت دوو چوار... بۆ ئەوەی خۆی بۆ خەڵکی بسەلمێنێ کە خاوەنهەقە. دەبوایە من پشتگیری بکەم و بڵێم: «بە یەک بتڵە ئاو، تەواوی ڕووی ژوورەکە تەڕ نابێ».

پێنج مانگ توانام هەبوو. هەقی هەفتانەم گەیشتبووە دوو سـەد و پەنجا لیرە. هەموو کاری من ئەوە بوو، ڕۆژی چلپەنجا جار بڵێم «تەڕ نابێ».



Scanned by TapScanner

هەتا ئەمڕۆ هیچ کەس بەقەد من توانای نەبووە کە لەسەر ئەم کارە بمێنێتەوە، بەلام دواجار گیانم گەیشتبووە سەر لێوم. ئامادە بووم حەماڵی بکەم، بەرد بکێشم، دەربەدەر بم... هەموو ئەو ئیشانەم لە ئیشکەی خۆم بە خۆشتر دەزانی. ئیدی توانام نەما. ئەوەندەم گوتبوو: «تەڕ نابی»، نەخۆش کەوتبووم. ڕۆژێک دیسان لە سەودایێکدا هێنومنهێن و حەفتوهەشتیان بوو. کاک ڕاغیب منی بانگ کرد و گوتی:

«کاکە بەندە، ئایە بە یەک بتڵە ئاو، تەواوی ڕووی ئەم ژوورە تەڕ دەبێ یان نابێ؟»

هاوارم کرد:

«بەڵێ... تەڕ دەبێ!»

«چی؟»

خاوەنکارەکەم وشک بوو، جا دووبارە پرسی:

«تەڕ دەبێ یان نابێ؟»

«بەڵێ... تەڕ دەبێ!»

ئەو کاتە خۆی بە خاوەنهەق دەزانی، ناچار بتڵە ئاوەکەی بە عەرزەکەدا ڕشت و هەتا پێنج یەکی ڕووی ژوورەکەشی تەڕ نەکرد.

ڕووی کاک ڕاغیب وەک مومتازی لێهات. دەلەرزی، لە تووڕەییاندا وەک ئەو کەسانەی بیانەوێ بخنکێن، دەست بە خنەخن بکەن، بە هەمان دەنگ گوتی:

«تەڕ دەبێ یان نابێ؟»

«تەڕ دەبێ.»

«تەڕ نابێ.»

«تەڕ دەبی.»

«تەڕ نابی.»

«تەڕ دەبی.»

«تەڕ نابی.»

تا وای لێهات زۆر تووڕە بووم، هاوارم کرد:

«خەڵکینە تەڕ دەبی... تەڕ دەبی... زۆر چـاک تەڕ دەبی... تەڕ دەبی!»

ئەویش هاواری کرد:

«یەڵا گۆڕبەگۆڕ بی. نامەوێ چیدی بتبینم، یەڵا بڕۆ.»

ڕێگام گرتە بەر و هێواش هێواش هاتمە دەرەوە.

هەتا سـاڵێک ڕووخسـاری خاوەنکارەکەم هەر لەبەرچاو بوو. لە جادە، لە پاس و هەتا لە خەویشدا دەمگوت: «تەڕ دەبی» شوکر دوای ئەوەندە جارەی گوتبووم تەڕ نابی، گوتم تەڕ دەبی! سـوپاس بۆ خوا، حاڵم باش بوو...

# ئەو کچەی کە ڕایکرد

دواجار کە چاوم پێی کەوت، زۆر نیگەران دیار بوو. لە ڕوویەوە دیار بوو کە کارەساتێکی سەختی بەسەردا هاتووە. چەندین جار پێم گوت: «ئاخر تۆ چیتە؟»، بەڵام هیچی نەدەگوت. بۆ جاری داهاتوو کە بینیم هاتە گۆ و گوتی:

«هەموو نارەحەتی ئێمە بە هۆی ئاودەستەوەیە! گەر مەسەلەی ئاودەستخانەکان چارەسەر نەکرێ، مومکین نییە یەک هەنگاو بەرەو پێشەوە بچین. تێگەشتی یان نا؟»

من تێنەگەشبووم! لەناو پاس و ئۆتۆمبێل دەربارەی پێشکەوتنی وڵات، گوێم لە بیر و باوەڕی زۆر کەس بووبوو. هەندێکیان باوەڕیان وایە کە: «تا چەوسێنەرەکان نەگرن و سەرمایەکانیان وەک هێشووەترێ بە دارێوە نەکەن، پێشکەوتن ڕوونادا...»، هەندێکیشیان دەیانگوت: «دەبێ لە هەنگاوی یەکەمەوە دەست پێ بکەین، دەبێ هاوینەهەوارەکان زیاتر پەرەی پێ بدرێ. جا گەشتی گەڕیدەکانی جیهان بۆ وڵات دەست پێ دەکات...»، هەروەها هەندێکیشیان تەواوی دواکەوتنی ئێمە، دەبەنەوە سەر ڕاوەماسی و دەڵێن: «دەبێ یەکەمجار هەموو ماسییە بچووکە ڕاوکراوەکان، بخرێنە دەریا و فلان...». ئەوە یەکەمجار بوو گوێم لێ بێ کەسێک بڵێ:

«سەرچاوەی هەموو بەدبەختی ئێمە بە هۆی ئاودەستەوەیە!»

گوتم:

«ئاخر ئاودەست چ پەیوەندییەکی بە پێشکەوتنی وڵاتەوە هەیە؟»



Scanned by TapScanner

«بێگومان، پەیوەندی هەیە، زۆریش پەیوەندییان هەیە، دەبێ وڵات یەکەمجار مەسەلەی ناودەستخانە گشتییەکان چارەسەر بکا، دوایە بچێتە سەر شتەکانی دی.»

«ئاخر تۆ چۆن بەو ئەنجامە گەیشتی؟»

«خۆ من لە مەسەلەکەوە نزیکم.

ساڵی پێشوو، بە تەواوی ئەو کاتانە بوو، نیوەی زیاتری لاپەڕەی هەشتەمی گۆڤارەکانی فەڕەنسا، بە جاڕ و ئاگادارینامە پڕ کرابوونەوە، «بۆ بەرچاوی دۆستە ئازیزەکان».

شەیتان چووە کەوڵمەوە، دەیگوت:

«نامەیەک بۆ یەکێ لەو برادەرانە بنووسە.»

بێجگە لەو ئاگاداری و ڕاگەیاندنانە، کۆمەڵێ جاڕ و ئاگادارینامەی دی بڵاو کرابووەوە، کە پەیوەندییان هەبوو بەو ژن و پیاوانەی کە لە دۆست و هاوسەر دەگەڕان. ئەو کەسانەش هیچ کامێکیان ناونیشانی خۆیان نەدابوو. هەر یەکێ لەوانە بۆ دەسگیربوونی ئەوی دیان، ناونیشانی یەکێ لە دەزگاکانی دەستەکانیان هەڵبژاردبوو. یەکێ لەو دەزگایانە سەرنجی ڕاکێشام، ئا بەم جۆرە بوو:

**«دەزگاکەمان شانازی بە حەفتاوچوار ساڵەی پرشنگداری خۆیەوە دەکات؛ جگە لەوەی دەزگاکەی ئێمە پەیوەندی دۆستایەتی لەنێوان کەسانێکی زۆر لە سەرانسەری جیهاندا پەیدا کردووە، بەختەوەری زۆربەی زۆری بنکە و خێزانەکانی ئەمڕۆش بە هۆی بەشداری ئەوەوە دروست بووە.**

**دەزگاکەمان ئامادەیە بۆ خستنەڕوو و بڵاوکردنەوەی وێنەی لەشولار و خووڕەوشتی خۆتان و هاوڕێیانتان، بە ئارەزووی خۆتان. بەو پەڕی شانازی و کەماڵەوە بۆتان بڵاو بکاتەوە.»**



Scanned by TapScanner

بێجگە لە ئاگادارینامە و ڕاگەیاندنەکان، ئەو ئاگادارینامە کەسیانەش بڵاوکرابوونەوە.

**«من کچێکی بیستوشەش ساڵانم، قژم زەردە و ڕۆشنبیرم. ئارەزوو دەکەم لەگەڵ لاوانی وڵاتانی ڕۆژهەڵات، نامەگۆڕینەوە و دۆستایەتی دروست بکەم. بە ژمارەی حەفتاوهەشت دەزگای «دۆستی ئازیز» با بفەرمووێ.»**

یان:

**«من خاتوونێکی بێوەژنم. چاوم شینە و باڵام مەترێک و حەفتاودوو سانتیمە. تەمەنم سییەک ساڵە. بە زمانی ئەڵمانی و بە ناونیشانی دەفتەری «٠٠٠» نامەم بۆ بنووسێ.»**

لەو جۆرە ئاگادارییانە زۆر بوون. هەندێکیان داوای هەواڵ و بەسەرکردنەوەی پەیوەند بە وڵاتانی دی دەکرد. کۆمەڵێکی دیان، ئامادەیی خۆیان پیشان دابوو بۆ وێنە و پارە گۆڕینەوە. منیش نامەیێکم بۆ یەکێ لەو کەسانە نووسی و خۆمم پێ ناساند. هێشتا نامەکەمم لە یادە:

**«پیاوێکی پەنجاوشەش ساڵانم، سەڵتم و ئاستی خوێندنیشم دبلۆمە. باڵام مەترێک و پەنجاوپێنج سانتیمە، حەفتاوشەش کیلۆیێکیش دەبم، ئەسمەرم و ڕەنگی چاویشم شینە. لە ڕووی خووڕەوشتەوە جێگای باوەڕم. حەز دەکەم لەگەڵ ژنێک یاخود کچێکی بیست بۆ سی ساڵانی قژ زەرد، پەیوەندی دروست بکەم، هەڵبەتە کە شارەزای تەواوی لە ناسینی پەپوولە و ماسیدا هەبێت و تیایدا پسپۆڕ بێت. با بە ئینگلیزی بۆم بنووسێ.»**

وەڵامی نامەکەم پێ گەیشت. نووسیبوویان:

«پێویستە بۆ وەڵامی نامەکە سەد فرەنک بنێرییت.»



Scanned by TapScanner

لە پاریس هاورێیەکم هەبوو، داوام لێی کرد تا لەسەر حسابی من، سەد فرەنک بدا بەو دەزگایە. دوای ماوەیێک سێ نامەم پێ گەیشت. نامەی یەکەمیان نزیکەی چوار لاپەڕە دەبوو، کە کچێک لە فەڕەنساوە بۆی نووسیبووم. زانیاریێکی زۆری دەربارەی پەپوولەکانی کەناری ڕۆژئاوای فەڕەنساوە نووسیبوو، بەڵام بە جۆرێ گوتبووی کە دەربارەی ناسینی جۆرەکانی ماسی، ئاگاداری لێوە نییە.

نامەی دووەمیانم کردەوە. ئەویشیان بەقەد کتێبێکی بچکۆلانە، زانیاری دەربارەی جۆرەکانی ماسی «ئاکواریومی» نووسیبوو. داوای لە من کردبوو تا منیش دەربارەی ماسییەکانی ئێرە شتی بۆ ڕوون بکەمەوە. بەڵام نامەی سێیەمیان زۆر سەرنجڕاکێش بوو. نامەکەم بە تەواوی لە یادە نووسیبووی:

**«زۆر بەلامەوە سەیرە کە ئێوە داوای زانیاری لەبارەی ماسی و پەپوولە، لە کچان و ژنانی بیست بۆ سی سالانی قژ زەرد دەکەن.»**

**تێناگەم! بۆچی دەتانەوێ ئەو کچانەی یاخود ئەو ژنانەی زانیاری تەواو لەو بارەیەوە دەزانن، بیست بۆ سی سالان بن و قژ زەرد بن! من قژ زەردێکی بیستودوو سالانەم، مادلین...»**

پاش ئەوەی کە تا ئێرە بە پەرۆشەوە گوێم لە قسەکانی برادەرەکەم ڕاگرتبوو، گوتم:

«تێناگەم! هەموو ئەو شتانەی کە گوتت، چ پەیوەندییەکی بە ئاودەستخانە و بە پێشکەوتنی وڵاتەوە هەیە؟» گوتی:

«ئێستا پێت دەڵێم»

ئەو کچەیان کە تەنیا شارەزایی لە «پەپولەناسی»دا هەبوو، بۆم نووسی:



Scanned by TapScanner

**«لەبەر ئەوەی کە شـارەزاییت لە ماسـی ناسـیندا نییە، بە ڕای من ناگونجێین.»**

دووەمیشیان چونکە شارەزایی لە پەپوولەناسیدا نەبوو، بەرپەچیم دایەوە. بەڵام ئەوەی سێیەمیان ئەوە بوو کە من بە دوایدا دەگەڕام.

چەند مانگێک نامەمان بۆ یەکدی نووســـی. لە نامەکاندا جگە لە ماســی و پەپوولە، لە هەموو بابەتێکەوە شــتمان بۆ یەک دەنووســی. دۆســـتایەتیمان ڕۆژبەڕۆژ پتەوتر دەبوو. من داوای وێنەم لێی کرد. ئەویش بە هەمان شــێوە داوای لە من کرد. ئێســـتا ئەلبوومێکی پڕ وێنەی ئەوم هەیە. لە وێنەی تـا کەمەر، هەموو بـاڵا، بە مـایۆ و بە ڕازاوەیی، بە کورتی بە هەر جۆرێکی بڵێی وێنەی بۆ نـاردبووم. دواجار شـــەیدای یەکدی بووین. جارێکیان کچەکە داوای لێ کردم تا بچمە لای لە پاریس، بەڵام پێم گوت کە وەزعی من باش دەزانی و لێی شـــاراوە نییە، ئەو پارە کەمەی دەوڵەت دەمداتێ، دەتوانم هەر خۆمی پێ تێر بکەم. من لە کوێو پاریس لە کوێ؟ ئیدی وەزعی خۆم بەبێ پێچوپەنا و ئەم لاو ئەو لا بۆ نووســـی. داوام لێی کرد کە ئەگەر ئەو بێتە ئێرە باشتر دەبێت. کچێکی زۆر نازەنین بوو. سواری فڕۆکە بوو و هات. کاتێ لە فڕۆکەخانە چاوم پێی کەوت، وشـــک بووم! وای چ کچێک بوو، وەک چەپکە گوڵێک وا بوو، بە ڕاســتی جوان بوو. زۆر لە وێنەکانی کە بۆی ناردبووم جوانتر بوو.

بیرم لەوە دەکردەوە کە ئەگەر بیبەمەوە ماڵی خۆمان، باش نابێ، چون هەم هەستی ئەو بریندار دەبێ و هەم هی خۆشمان. پێم گوت:

«تۆ وەزعی ئێمە باش دەزانی، خانووەکەمان دەڵێی ماڵی «مەولانە قاپوس»ــــــە، بە هەموویەوە دوو نیوەژوورمان هەیە، ئەوانیش چ ژوورێکن!»



Scanned by TapScanner

سواری تەکسییک بووین، جا لە ڕێگادا وەزعی خۆم لە سیرەوە تا پیاز بۆ باسکرد. نازانن چ کیژێکی دلکراوە بوو. هەرگیز دەربەستی ئەو شتانە نەبوو. بە کورتی بڕیار بوو بیخوازم، بەڵام پارەیەکی سەربەڕەشم نەبوو. بەڵام مادلین پێی گوتم: «خەفەت مەخۆ، من پارەم هەیە».

نازانن چەندە میهرەبان بوو. دەیگوت:

«باوکم چێشتخانەیەکی هەیە، کاروباریشی خراپ نییە. ئەگەر تۆ حەز بکەی دەچینە ئەوێ، لەوێ بە چاکی بەڕێوە دەچین.»

زۆر نازدار بوو. دوو جار دایکم هەڵسایەوە سەر پێ و گوتی: «دەبێ ببێتە موسڵمان»، کچەکە بەوەش قایل بوو، گوتی: «موسڵمانیش دەبم.»، دەمەوێ بڵێم کچ نەبوو، بەڵکوو فریشتە بوو.

هەفتەیەک مادۆنیم لە کارگێڕیدا وەرگرت، تا بیبەمە ئەم لاو ئەو لا. دەیویست بە شاردا بگەڕێ، بە ڕاستی خانووەکەی ئێمەش جێگای مانەوە نەبوو، بۆیە هەموو ڕۆژێ بەیانیان لە ماڵ دەهاتینە دەرەوە و بە قسەی خۆش و پێکەنینەوە، تا شەو دەگەڕاین و نیوەشەو دەگەڕاینەوە ماڵێ.

ڕۆژێکی دی دیسان بەیانی لە ماڵ هاتینە دەرەوە. بە ڕێگادا دەڕۆیشتن لەلای ماست و شیرفرۆشەکاندا، مادلین دوو پەرداخ شیری خواردوە. دوایی کەوتینە چۆڵی و چاوی بە قاوەخانەیەک کەوت؛ قاوەخانەکە باخەچەیەکی بچووکیشی هەبوو. زۆری پێ خۆش بوو، گوتی:

«با تۆزێ لێرە دانیشین»

هەر یەکەی دووسێ پیاڵە چایمان خواردەوە. دووبارە کەوتینە ڕێ. هەواش گەرم بوو. هەریەکەی دۆشاوێکی لیمۆشمان خوارد. پاشان

چووینە مۆزەخانەی «زەمیناســـی»، کاتێ گەیشـــتینە مۆزەخانەکە نیوەڕۆ بوو. مادلین زۆر برسی بووبوو. گوتی: «بەس دۆ دەخۆم».

دۆم بۆ کڕی. دوایی بردمە «مسجد ابا صوفیا»، ماندوو بووبوو. داوای ئاوی میوەی کرد، ئاوی میوەشـــم بۆ هێنا. هەروەها پەرداخێک شەربەتی ئالوبالووشی خوارد. گەیشتینە «سیرکجی»، مادلین داوای شتێکی بچووکی لێ کردم، گوتی:

«لیرانە تەوالێت هەیە؟»

ئێستا من چی بکەم؟ ئاودەست؟ بیرم کەوتەوە کە هەموو شوێنێ ئاودەســـتی گشـــتی لێیە، بەڵام هەرچەندە گەڕام و ســـووڕامەوە ئاودەســـتێکم نەدۆزیەوە، نازانم ئاودەســـتخانەکانیان چی بەســـەردا هـاتبوو، لەوانە بوو تێکیان دابێ. باش بوو نزیکی وێســـتگەی هێڵی ئاســـن بووین، بردمە وێســـتگەکە، بەڵام لەلای ئاودەســـتی ژنان دوو تەختەی گەورەیان ڕاست و چەپ کوتا بوو، لەسەریشیان نووسیبوو: «لەژێر چـاکردنەوەدایە». نەمـدەزانی چی بکەم، فەقیرە وەک مس ســـوور بووبووەوە، ئەم پێ و ئەو پێی دەکرد. بردمە لای ئاودەســـتی پیاوان، بەڵام لە بەدبەختیدا لەلای ئاودەســـتی پیاوانیشـــەوە، دوو تەختەیان لە شـــێوەی نیشـــانەی کەڕەت «×» کوتا بوو. ئەویش بە هەمان شێوە لەژێر چاکردنەوەدا بوو.

مـادلینی بێچارە، هەنـاســـەی نەدەهات و تاقەتی دەدایە خۆی. بە خەیاڵمدا هات خۆ دەبێ لەو نزیکانە ئاودەســـتی گشـــتی هەبێ، بەڵام هەرچەند تەماشای ئەم لاو ئەو لام کرد، هیچ ئاودەستێک دیار نەبوو.

پرسیارم لە یەکێک کرد سەبارەت بە ئاودەستی گشتی، گوتی:

«تەشـــریفتان ببەنە «ئەمین ئونو»، لەوێ لەســـەر پردەکە یەکێ هەیە.»

ئەو برادەرە ڕاستی دەکرد، بیرم کەوتەوە، گوتم:



Scanned by TapScanner

«مادلین گیان، برۆ.»

بەڵام مادلین نەیدەتوانی هەنگاو بنێ. گوتی:

«ناتوانم چیدی بە ڕێدا برۆم.»

نازانن حاڵی چی بەسەردا هاتبوو. هەر جارێ کە مادلین دەیناڵاند، وەک ئەوە وا بوو کە بە قـایمی خەنجەرێک بدەن لە دڵم. ئەو کچە بێچارەیە، دوو لا بووبووەوە، وەک بڵێی مار پێوەی داوە. سـواری تەکسییەکم کرد و بە شوفێرەکەم گوت:

«بگە دادمان، خێرا بمانگەیەنە ئەمین ئونو.»

گەیشتینە ئەمین ئونو، بەڵام نازانم ئاودەستەکانیان چی بەسەردا هاتبوو، هەرچەند سـەیری ئەم لاو ئەو لامان کرد، هیچمان دەسـگیر نەبوو. لێم ڕوون بوو کە ئەوانیش خراپ کراون. سـوپاس بۆ خوا کە لەناو تاکسی بووین. مادلین پێمی گوت:

«مەگەر تۆ نازانی لەو بەندەرانە ئاودەستی گشتی نییە؟»

گوتم:

«مومکین نییە.»

ئەگەر ڕاسـتیتان دەوێ، ئەوا خۆشـم نەمدەزانی چ دەڵێم. بە شوفێرەکەم گوت کە بڕواتە «کاراکوی» مادلین گوتی:

«ناتوانم، چیدی خۆم پێ ڕاناگیرێ.»

«ئەزیزم، ئاگاداری خۆت بە، ئا ئێسـتا دەگەینە جێ، تۆزێکی دی تاقەت بدەرە خۆت، کەمێکی دی ئیسراحەت دەکەی.»

گەیشتینە بەندەری کاراکوی. گوتم:

«مادلین گیان، برۆ، ئەوە گەیشتین.»



Scanned by TapScanner

بەڵام هەرچەندە بە ڕاست و چەپماندا دەڕوانی، هیچ ئاودەستێک دیار نەبوو. بە یەکێ لە سەرپەرشتیکەرانی بەندەرەکەم گوت:

«ببوورە، ئاودەست لە کوێیە؟»

«ئێرە ئاودەستی لێ نییە.»

«ئەی ئێوە چی دەکەن؟»

«تۆ خۆت هەڵمەقورتێنە.»

«مادلین گیان، بڕۆ، ئێستا ئاودەستت بۆ پەیدا دەکەم.»

کچە شین هەڵگەڕابوو، خەریک بوو بتەقێ. منیش وەڕەز بووبووم. لەو کاتەدا بیرم کەوتەوە، خۆ ئەو ناوە پڕیەتی لە کۆمپانیا و خانەی بازرگانی. مادلینم گەیاندە لای یەکێ لە کۆمپانیاکان، بەڵام ئەو بێچارەیە لە وەزعێکی وادا نەبوو کە بتوانێ بە قادرمەکاندا سەرکەوێ. گوتم:

«ئازیزم وەرە سواری مەسعەد بین»

بە مەسعەدچییەکەم گوت:

«کاکە، زووکە.»

گوتی:

«دەبێ بوەستن تا چوار کەسی دیش دێن، پاشان دەڕۆین.»

هەرچەندی کە وەستاین، کەسی دی نەهات. کچە ڕەش هەڵگەڕابوو، ئارەقە تک تک لە سەر و چاویدا دەتکا.

بە خوا ئەگەر دەتانبینی فەقیرەی بە چ دەردێکدا چوو بوو، جەرگتان دەبووە کەباب! پێیەکانی جووت کردبوو و تاقەتی دەدایە خۆی. گوتم:



Scanned by TapScanner

«مادلین، گیانەکەم، ئازیزم، نازدارەکەم، تۆزێکی دی خۆت بگرە، ئێستا دەتگەیەنمە ئاودەستخانە»

ئەو خەڵکە زۆرە کە وەک شـــاڵاو بەرەو خوار و بەرەو ژوور دەچوون، شـیر پاکێک نەبوو بێت سـواری مەسـعەد بێت، خەریک بوو شێت دەبووم.

دواجار دوو کەس هاتن و دواجار ســـواری مەســـعەد بووین. مەسعەدچییەکە گوتی:

«نهۆمی چەندەم؟»

بۆ ئەوەی قسەیەک بکەم، گوتم:

«نهۆمی چوارەم.»

لە نهۆمی چوارەمدا بە پیادە ڕۆیشـتین. سـەیری ئەو ڕێبوارانەمان دەکرد، تا دواجار ئاودەستخانەیەکمان دۆزییەوە. گوتم:

«مادلین گیان، وەرە، ئەوە ئاودەست.»

بەڵام هەرچەندەی هەوڵم دەدا دەرگای ئاودەســـتەکە نەدەکرایەوە، قفڵیان دابوو. ئاخر لە چ شوێنێکی دنیا دەرگای ئاودەس قفڵ دەدرێ؟

چایچییەک لەوێ خەریکی چایگێڕان بوو، پێم گوت:

«کاکە گیان، دەرگای ئاودەستەکە بۆچی قفڵ دراوە؟»

گوتی:

«خۆ ئەوە ئاودەستی گشتی نییە، هەموو ئەوانەی لەو دەزگایە کار دەکەن، ژووریـان گرتووە، هەر یەکەی کلیلێکیـان لایە. هەر کـاتێ بیانەوێ دەست بە ئاو بگەیەنن دەرگاکەی دەکەنەوە، کاتێکیش کاریان تەواو دەبێ دەرگاکەی قفڵ دەدەنەوە.»

مادلینی بێچارە، وەک ژنێک بیەوێ زگەکەی دابنێ، خۆی گرمۆڵە کردبوو. دواجار توانای نەما بوو. تەماشـــام کرد بە خەمگینییەوە لەپشت دەرگای ئاودەستەکەوە وەستا بوو.

ئیتر ئەو کچە بێچارەیە چیتر نەیدەتوانی بڕوا بە ڕێدا. دەســتی بە دەرودیوارەوە گرتبوو، بە گیان کێشانەوە خۆی گەیاندە سەر جادەکە. بیرم کەوتەوە کە لە «گالاتســلای» ئاودەســتخانەیەکی گشـتی هەیە. بەدوای تەکســـیدا ڕامـان کرد. ئەو بێچـارەیە خەریـک بوو لە پڕدا بتەقێتەوە، گرتمەوە و پێم گوت:

«مادلین گیان، ئازیزەکەم، گیانەکەم، هەر تۆزێکی دی خۆت ڕاگرە، ئێستا دەگەینەجێ.»

ئیدی مادلین ئاگای لە خۆی بڕا بوو، لەنێو تاکســـییەکەدا نیوەڕۆژ بووبوو. بردمە لای ئاودەستی گشتی، گوتم:

«ئازیزم زووکە، ئەوەتە، ئەوە ئاودەستە.»

مادلین ڕۆیشت و گوتی:

«لێرە نابێ، ماڵی خەڵکییە.»

«قەیدی ناکا ئازیزم، عەیب نییە.»

«نابێ، ناتوانم.»

ئاودەســتخانەیێکی ترم کەوتەوە بیر. چووین تا تەکسـییەک بگرین، بەڵام لە بەدبەختی ئێمەدا ئەو جادەیە یەکسـاید بوو. هیچ سـەیارەیێک بەرەو ســـەرەوە نەدەڕۆشــت، دەبوایە بە پیادە بڕۆین. باڵیم گرت و دەســـتم کرد بە ڕاکردن. ئەو بێچارەیەش چیدی نەیدەتوانی بڕوات، نەیدەتوانی قاچەکانی لێک بکاتەوە، هەر بە زۆری خۆی بە خۆیدا شۆڕ کردبووەوە، ئای دڵداری، گوتم:

«ئازیزم، یەک تۆزی دی خۆت ڕابگرە و ئاگات لە خۆت بێ، ئێستا دەگەین، ئەوەتا دەگەینە جێ.» من هەر خەریک بووم دەمکوشی، ئیتر منی بەجێ هێشت و بینایەک دەرگاکەی کرابووەوە، خۆی کوتایە ژوورەوە و بە ڕاکردن وەک بروسکە بەسەر قادرمەکاندا سەرکەوت.

ئاخ... فەقیرەی هەناسەیەکی بە ڕەحەتی هەڵکێشا بوو. چووم بۆ لای، ئەو داماوە لەسەر یەکێک لە پلیکانەکان دانیشبوو و دەستی بە سەری خۆیەوە گرتبوو و هۆن هۆن دەگریا. گوتم:

«باشە، خۆشەویستەکەم ئێستا حەسایتەوە؟ ئێستا هەستە، با بڕۆین.»

قۆڵم گرت و بڵندم کرد، شڵپ و شڵپ کەوتینە ناو ئەو ئاوەی هاتبووە دەرەوە. مادلین دەگریا، هەنسکە هەنسکی بوو. گوتم:

«ئازیزم، چیدی خۆت مەگرە، بگری، گریان باشە، گەر بگری دەحەسێیتەوە.»

مادلین هیچ قسەیەکی لە زار نەدەهاتە دەرەوە. کە هاتینەوە ماڵەوەش هەر قسەی نەدەکرد. ڕۆژی دواتر جانتاکانی کۆ کردەوە و ڕۆیشت. هەر ئەو ڕۆیشتنە بوو، چیدی مادلینم نەبینیەوە. تەنیا نامەیەکی بۆ نووسیم. ئەو نامەیەم هەر لە یادە، نووسیبووی:

**«وڵاتەکەتان زۆر جوانە. ئێوە خۆشتان مرۆڤی میهرەبان و میوانپەروەرن. ئای... خۆزگە ئاودەستی گشتیشتان دەبوو.»**

بەڵێ کاکە گیان، دەبێ یەکەمجار مەسەلەی ئاودەستخانە گشتییەکان چارەسەر بکەن. تا ئەو کاتەی وەزعی ئاودەستە گشتیەکان تەواو چاک نەکرێ، هەر کاری بکەین بێسوودە.

«ئێستا تێگەیشتی؟»

«تێگەیشتم!»

# ئەو شێتەی کە هەڵهات

خەریک بووم لە «ئەمین ئونلو»وە بەرەو «کاراگوی» بڕۆم. کاتێ گەیشتمە سەر پردەکە، دەنگی هاوارێک بەرز بووەوە:

«ئای، بیگرە، هەڵهات...»

پاسـەوانەکان دەسـتیانکرد بە فیکە فیک لێدان و سـەیرکردنی ئەم لاو ئەو لا. خەڵکەکەش ڕژانە ئەو ناوە و لەگەڵ ئەوان بەرەو ژوورەوە دەچوون. هەموو لە یەکدیان دەپرسی:

«چ خەبەرە؟»

«چ بووە؟»

«دەڵێن شێتێک لە دەستی پاسەوانەکان هەڵهاتووە.»

«کەس نازانێ ئەو پاسـەوانانە چۆنن، هەندێ کات هەموویان دەگرن و ئێستاش وا ڕاویان دەنێن.»

یەکێ لێم نزیک بووەوە، جا گوتی:

«تخوا تۆ سـەیری عاقڵەکان بکە! خوا قبووڵ ناکا، ڕەحمەت لە شێتەکان، سەیرکە چۆن هەموویان بەرەو بان سەردەکەون!»

نەمزانی چ وەڵامێکی بدەمەوە. بە ئەدەب و نەزاکەتەوە سـەیرێکم کرد و کەوتمە ڕۆیشـتن. هەمدیس پیاوێکی دی لێم نزیک بووەوە، کەوتە قسەکردن و گوتی:

«مەسەلەکە وا بەو سادەییە نییە. کاکە دەڵێن لە شێتە ترسناکەکانە، گوایە تا ئێستا چوار کەسی کوشتووە! دەڵێن بگاتە هەر یەکێ هێرشی دەباتە سەر!»



Scanned by TapScanner

ئەو پیاوەی لێم نزیک بووەوە، لەگەڵیا کەوتینە ڕێگا. نوکتەی خۆش خۆشی دەربارەی ئەو شێتانە بۆ دەگێڕامەوە. نوکتەکانی زۆر خۆش بوون، جا زۆر جوانیش باســـی دەکردن. دەمی زۆر گەرم بوو. زۆر پێکەنیم. بە ڕاستی مرۆڤێکی ڕووخۆش و قسەخۆش بوو.

گوتی:

«بێگومان گوێت لێ بووە کە لە «شــێتخانە»دا لە شــێتێکیان پرسیوە: «ئەوە تۆ چەند کەسی؟» شێتەکەش پێی گوتبوو: «بفەرموو کە تۆ لە دەرەوە چەند کەسی؟». » دوای گوتنی ئەو نوکتەیە، یەکێکی نیشان دام گوتی:

«بۆ نموونە سەیرێکی ئەو پیاوە بکە!»

سەیرێکم کرد، جا درێژەی دا بە قسەکانی و گوتی:

«کێ ناڵێ ئەو شێتەی ڕایکردووە ئەوە نییە!»

بەڵێ، ڕاســـتی دەگوت، ئاخر هیچ ڕووخســـاری بە مرۆڤی عاقڵ نەدەچوو. بە ڕێگەوە دەرۆشـــت و لەبەر خۆیەوە قســـەی دەکرد. ماوەیەک زۆر قسـەی ماقوڵی دەکرد. دوای تۆزێک وەک بڵێی گوێی لە جوێنێک بووبێ، ڕووی گرژ دەبوو، جا دەســـتی دەکرد بە تەشـــەر هاوێشتن و جوێندان. گوتم:

«وەک ئەوەیە؟»

لە قسەکەم ڕایکرد. گوتی:

«وەک ئەوە نییە، خۆی خۆیەتی و لە کەسیش ناکا.»

گوتم:

«با پۆلیس ئاگاداربکەینەوە!»

گوتی:

«سەیرێکی ئەوە بکە. ئا ئاوایە، بەم جۆرەیە!»

ئەو پیاوەی کە هاورێکەم پێی نیشــان دام، ســەیرم کرد خێرا خێرا بە رێگاوە دەڕوات و پێدەکەنێ. کاکە لە خۆمەوە ڕووم گرژ بووبوو، ئاخر ئەمە بەچی پێدەکەنێ، بە پەنجەکانی دەســتیکرد بە حســابکردن. دوایی دووبارە کەوتەوە ڕێگا.

«خۆیەتی، ئەو شــێتەی لە دەســت پۆلیســەکان هەڵهاتووە ئەمەیە! دەبێ هەرچی زووە خەبەر بدەین.»

گوتی:

«سەیرکە، سەیرکە، سەیرێکی ئەو دوو کەسە بکە، ئەوەتا خەریکە بە پێشماندا ڕەت دەبن، باش سەیرکە، جا گوێبگرە بزانە چی دەڵێن!»

ئەو دوو کەســەی کە خەریک بوو بە پێشــماندا ڕەتیان دەکرد، دوو کەسی کەتە و قەڵەو بوون. بە دەنگی بەرزەوە دەدوان:

«هەر ئەوەندە بڵێ یەکیی بە پەنجا قرۆش، نەوەک لە دەســــتمان دەرچێ. دەبێ پەلی بگرین و لەو پردە فڕێی بدەینە خوارێ. دوایی برۆ پێش سەوزەفرۆشەکە، جا بڵێ: «کاکی سەوزەفرۆش، دەسکێ کەرەوز بەچەندە؟»، نەوەک لە دەســــتمان دەرچێ، ئەویش ببە لە تەنیشــــت ئەوەی پێشــوو هەڵیبواســە. ئەوانی دی ماســتەکانیان هەر لە کیســە دەکەن و ناکەن.»

بە خوا ئەو مرۆڤە نەخۆشــانە گەر لە کاتێکا پێویســتت پێیان بێ، یەکێکیانت دەستناکەوێ.

ئەوەی دیشــیان بە هەمان شــێوە قســەی بۆ برادەرەکەی دەکرد و دەیگوت:

«جووتیــاری، کــاکە گیــان، جووتیــاری یەکەمجــار جووتیــاری و کشتوکاڵە، جا ئازادی. نابێ بستێ زەوی بمێنێ و نەچێندرێ. من خۆم



Scanned by TapScanner

چوارپێنج تاکە گوڵدانم لەو گوڵدانە ئاسـاییانە، لەسـەر باڵەخانەی ماڵەکەمان داناوە. تۆی پیاز و لۆبیای سـەوزم چاندووە. ئێسـتا وەرە سـەیرکە چ پیازێکی گرتووە. ئەوەیە چاندن! ئەدی کاکە ئەگەر خەڵکی ئەو شـارە، هەموو لە گوڵدانە ئاسـاییەکانی ماڵەکانیاندا پیاز بچێنن، ئیدی ئەو کاتە بۆچی هەموو شارەکە تووشی تەنگوچەڵەمەی پیاز یان خەیـار دەبن؟ خەڵکی هەر ئەوەنـدە دەزانن بڵێن «ئـازادی!»، ئـاخر ئازادی قسەیەک نییە کە...

ئەگەر کاتێک لە هەموو شارەکە لۆبیای سەوز نەبێ، پیاز و خەیار نەبێ، بێگومان ئازادیش نابێ؟»

ئەوەکەی دیان بێ ئەوەی گوێ لە قسەی برادارەکەی بێ، گوتی:

«کاکە گیان قامچی... قامچی... ئەو میللەتە بەبێ قامچی پیاو نابن و والسـلام. باوباپیرانمان لە خۆیانەوە نەیانگوتووە، قامچی میوەی بەهەشتە!»

لەبەر ئەوەی هەردووکیان پێکەوە قسـەیان دەکرد، قسـەکانیان تێکەڵ دەبوون، بۆیە بەم جۆرە دەگەیشتە گوێمان:

«یەکەمجار یاسای بنچینەیی. لۆبیای سەوز کاکە گیان، خەیار. ئەو خەڵکە کە هەقیقەتەکە نازانن، ئەو سـەگبابانە لنگیان بگری و... دەبێ کەسـێ لەبەردەم ڕێگای ماڵەکەی خۆی کەرەوز بچێنێ... دەبێ توور بچێنێ...»

بە برادەرەکەمم گوت:

«شێتەکان یەک بوون یان دووان؟»

گوتی:

«نازانم.»

گوتم:



Scanned by TapScanner

«ئەوانە هەردووکیان شـــێتن، دەبێ هەر ئێســـتا خەبەر بدەین پۆلیس!»

لە پلیکانەکان دەهاتینە خوارێ، تا خۆمان بگەیێنینە پۆلیسـخانە. لەو لاوە ژنێکی زۆر جوان دەیویســـت بە پلیکانەکاندا ســـەرکەوێ. هەوا گەرم بوو. خانمەکە جلێکی جوانی لەبەر بوو. دوو پیاویش لەپشـــت خانمەکەوە بەرەو ســـەرەوە دەهاتن، لەپشـت خانمەکەوە دەرۆیشـتن، هەتا چەمابوونەوە و دەیانویســـت لەژێر دامەنیەوە ســـەیری بکەن و دەیانگوت:

«سەیرکە، ئەو بێئینسافە چی کردوە.»

«خوایە، لەسەر سنگی بخەوم و لەدواوەیش یەکێکی بۆ لێدەم!»

«ئای، جەرگم»

لەســـەر پلیکانەکان هاوارێک بەرز بووەوە، خەڵکی ڕژانە ئەو ناوە. هەموو لە دەوری خانمەکە کۆبوونەوە. خانمەکە بە جانتاکەی لە ســەر و کەللەی ئەو دوو پیاوەی دەدا و هاواری دەکرد.

گوتم:

«خۆیانن... شـــێتەکان ئەوانەن. دەبێ هەرچی زووە خەبەر بدەینە پۆلیس!»

کۆمەڵە خەڵکێکی دی لەپشـــت ئاســـنی بەندەر کۆبووبوونەوە و چـاوەڕێ بوون دەرگـاکە بکرێتەوە و ســـواری کەشـــتییەکە ببن. برادەرەکەم گوتی:

«گوێ لەوانە بگرە.»

گوێم لێبوو ژنێـک و مێردەکەی هەراوهوریـایـان بوو. مێردەکەی دەیگوت:



Scanned by TapScanner

«بە خوا هەڵدێم، بە خوا ڕوو لە کێو و بیابان دەکەم.»

ژنە دەیگوت:

«مەگەر پێشـــیان لێ گرتووی، ئەوە جادە و ڕێی درێژ. وا دەزانی توحفەت بۆ هێناوم. چی زۆرە، مێرد زۆرە.»

کاکە پیاوەکە گوێی ژنەی گرت، ژنە بە هاوار هاوار سـەرکەوت و دەستی کرد بە دادوبێداد و لە خۆوە قسەکردن. برادەرەکەم گوتی:

«زووکە، با بڕۆین، ئەگەر نا بە ناوی شاهێدییەوە ڕامان دەکێشن.»

خێرا خێرا لە شەڕەکە دوور کەوتینەوە، هەتا لەسەر پلیکانەکانیش هاواری دەچووە ئاسمان. سەیرێکی سەروترمان کرد، تاکسی لەبەر گاز دیار نەبوو، بە ویســـتی خۆشـــی دەڕۆیی، قاچی ژنێکیش لە پەنجەرەی تاکســـییەکە هاتبوو دەرەوە و پێی لە دەرگا و پەنجەرەی دەکووتا و دادوبێدادی بوو:

«ئای بردمیان... دەیانەوێ بمفڕێنن... ئای، بگەنە دادم.»

ئـاخر ئـادەمی عـاقڵ بەو ڕۆژە ڕوونـاکە، بەو بەزمورەزمە ژن دەڕفێندرێ؟ گوتم:

«حەتمەن ئەوانیش شێتن، دەبێ زوو خەبەری پۆلیس بدەین.»

دۆســـتە بە تواناکەم دووبارە دەربارەی شـــێتەکان دەســـتی بە نوکتەگێڕانەوە کردەوە، نوکتەکـانی زۆر خۆش دەگێڕانەوە، من هەر قاقای پێکەنینم بوو. لەو هەرایەدا بووین، دوو پاســـەوان دەســـتی ڕەفیقەکەمیان بەستەوە و گوتیان:

«چۆن ڕۆیشتی ها؟ یەڵا بە پێشمانکەوە!»

دۆستەکەم گوتی:

«باشە، خواحافیز، بەندە ئیدی مەرەخەس دەبم.»



Scanned by TapScanner

ویســـتم بە دوایدا بڕۆم، بڕۆم بۆ ئەو جێگایەی ئەویان دەبردێ. بەڵام نەمتوانی. گوتم:

«خواحافیزت بێ، دۆستی خۆشەویستم.»



Scanned by TapScanner

# هەراجی ئەمریکی

پیرێ بەیانییەکەی هاتەوە سۆراغم:

«تۆ هێشتاکە خەواڵووی.»

«هەوا ساردە، سۆپاکەش دانەگیرساوە.»

«هەڵسە، چایەکی گەرم بخۆرەوە، گەرمت دەبێتەوە!»

«نەوت نییە، هەتا ئەگەر هەشمبێ، شەکر و چام نییە.»

«تۆ مرۆڤێکی زۆر سەیری، دەتەوێ هەر یەکسەر بتکەمە خاوەنسامان.»

«من دڵ و دەماغم نەماوە، تۆش هەر خەریکی گاڵتە و بەزمی خۆتی.»

«بە جدیمە، دەتەوێ لە ماوەی دە ڕۆژان بتکەمە خاوەنی سامانێکی زۆر؟»

ئێستا ئەوەی لە چیرۆکەکە ماوەتەوە، دەتوانم بە ئاسانی بۆتان بگێڕمەوە:

پێشنیارەکەی کەمالم قبوڵ کرد و چووینە ماڵی باوکم. وردەواڵەکانمان ڕێکخست و کەمال لۆرییەکی هێنا، هەرچی کەلوپەلە شڕوشەپڕێوە کۆنەکانی ماڵ هەبوو، لە لۆریمان بار کرد و بردمانە ماڵەکەی من. باوکم فەقیرەی وەک ئەوەی دز چووبێتە ماڵەکەیەوە و لەدوای خۆی دەستێکی پێداگێڕابێ، وەهای دەهاتە بەرچاو.

ڕۆژی دوای ئەوەی کە کەمال جاڕەکەی ئامادە کردبوو، لە ڕۆژنامە بڵاو کرایەوە.



Scanned by TapScanner

**«هەراجی کەلوپەلی ئەمریکی»**

**«لە ڕێکەوتی سـیویەکی مارتی هەزار و نۆ سـەد و پەنجاوچوار کاتژمێر دەی بەیانی، لە شـەقامی فلان، لە گەڕەکی فلان و لە خانووی ژمارە فلان. کەلوپەلێکی زۆری گرانبەهای چاودێری ئەمریکی «مستەر ئارنۆلد پای» کە پسپۆڕە لە ڕێکخستن و نەهێشتنی جگەرەکێشان و لە دەورەیەکی ئەمریکی گەڕاوەتەوە، دەیەوێ لە ڕێگەی هەراجەوە بیانفرۆشێ.»**

ڕۆژی هەراج، ئەو خەڵکەی لەبەردەم ماڵەکە وەستابوون، لەبەردەم هیچ ئاهەنگێکی مۆسـیقا و سـینەما و تیاترۆخانەیەک نەمدی بوون. خەڵکەکە ئۆتۆمبیلەکانیان لە پشتی کۆڵانەکەوە ڕاگرتبوو. خانووەکە پڕ پڕ بووبوو. لە کۆڵانەکانیش خەڵکی وەسـتابوون، ڕێگای هیچ نەبوو. دەرزیت هەڵدابایە، نەدەکەوتە سەر زەوی.

ئەو هەموو پیاوە! ئەو هەموو ژنە! خانمێک پاڵتۆیەکی لەبەردا بوو. هەر بە چەک شتی دەکڕی. بە ڕاستی هەر بیرم لەوانە نەکردبووەوە. بە کەمالم گوت:

«کەمال، ئابڕوومان دەچێ.»

کەمال گوتی:

«ئێستا ئارامت هەبێ، دوایی دەردەکەوێ ئابڕووی کێ دەچێ!»

هەراجییەکە دەسـتی پێ کرد. کەمـال داری هەراجییەکەی بە دەسـتەوە گرت و چووە پشـت چوارپای هەراجییەکەوە. دەنگی کەمال بەرز بووەوە:

«دوو پارچە قەنەفە و چوار مۆبێل، لەگەڵ «kroehler»کان.»

قەنەفە و مۆبێلەکـان لە مـاڵی بـاوکمەوە هێنـابوومـان، لە کەڵک کەوتبوون، بە کەڵکی دانیشتن نەدەهاتن!

کەمال درێژەیی دا بە قسەکانی:

«خوشک و برایانی بەڕێز، فەرموون سەیری «kroehler»کان و ڕووی قەنەفە و مۆبیلەکان بکەن. قاپوقاچاغی زۆر چاک و بێوێنەی چاودێری ئەمریکایی «مستەر ئارنۆلد پای»، پازدە هەزار لیرە.»

چاوەڕێ بووم زریانی قاقای پێکەنین هۆڵەکە بلەرزێنی، بەڵام بە پێچەوانەی چاوەڕوانی من، دەنگێکی ناسک و هێمن لە هۆڵەکە وەڵامی دایەوە:

«١٥٠٠٠»

«١٦٠٠٠»

«١٧٠٠٠»

«کریارانی بەڕێز! مۆبیلەبێوێنەکانی «مستەر ئانۆلد» بە حەڤدە هەزار لیرە، یەک... حەڤدە هەزار، دوو... حەڤدە هەزار.»

«٢٠٠٠»

کەمال بە لاچاوێکەوە سەیری کردم:

«خوشک و برایانی بەڕێز! فەرموو سەیری «kroehler»کان بکەن، یەک... بیست هەزار، پیرۆزت بێ!»

مۆبیلەکۆنەکانی باوکم، بە بیست هەزار لیرەی کاش فرۆشران. بە خوای چەرچییەکان بە بیست لیرە نایکڕن، ئەو مۆبیلانەی هەموو سپرینگەکانیان مردبوو و هی زەمانی «زووڕنا» بوون، بە بیست هەزار لیرە فرۆشران! باپیرەی خوالێخۆشبووم لە سەردەمی خوالێخۆشبوو «سولتان ڕەشاد»دا کڕیبوویی و لەسەری دادەنیشت.

کەمال بەردەوام بوو:



Scanned by TapScanner

«مێزی پلاســـتیکی نانخواردنی ژنی ئارزند ئارنۆلد»، کڕیارانی بەڕێز، بفەرموون ســـەیری بکەن. مێزی چاکە، نییە لەو شـــێوەیە دروست کرابێ. دەڵێی بە نۆ هەزار لیرە؟»

«١٠٠٠٠»

«١١٠٠٠»

کەمال دەستی پێ کرد:

«یەک... یازدە هەزار، دوو... یازدە هەزار، خانمان و برایانی بەڕێز، فەرموون مێزی چاک و ســـەد لە ســـەد پلاســـتیکی بێگەرد و دروســـتکراوی ئەمریکی. کەســـی دی نەبوو؟ ســـێ... یازدە هەزار، پیرۆزت بێ، خێری لێ ببینی.»

لەو بازاڕ گەرمییەی مێز، کورسی شکاو و حەسیرەکونە، هەزار لیرە هەزار لیرە بەرز دەبووەوە. خانمێکی بەڕێز کە هەموو گیانی پەڕپەڕە بوو، بە خێرای و بە هەناســـە بڕکێوە هاتبووە ســـۆراخی ئەو مۆبێلانەی کە کەمێک لەوەو پێش فرۆشـــرابوون. پێیـــان گوت کە فرۆشراون:

«ئاوا زوو، چ حەیفە، کێ کڕی؟»

«خێزانی ستار.»

بە چاویدا دیار بوو کڕیار بوو، لە داخا ئەو بێچارەیە...

«من ئێســـتا تاقمی نانخواردن دەکڕم، تا چاوەکانی پێ کوێر بێ، تا دیق بکا!»

لە بێئاگاییدا وەک یەکێ گڕی گرتبێ و داوای یارمەتی بکا، هاواری کرد:

«بیست هەزار لیرە.»



Scanned by TapScanner

خێزانی ستاریش بەبێ باکییەوە، نرخەکەی زیاد کرد:

«بیست هەزار و دوو سەد لیرە!»

پیاوێک کە لە نزیک خێزانی ستارەوە وەستا بوو، بە دەنگێکی ترسناکەوە گوتی:

«ئەزیزم، ئەوەندە ناهێنێ.»

«چی؟ دەڵێی ئەوەندە ناهێنێ؟ بە ڕاستی زۆر بێئەقڵی! ئەوانە ماڵی «مستەر ئارنۆڵدی ئەمریکی»یە، بە بیستوسێ هەزار لیرە.»

«٢٥٠٠٠»

کەمال وەک ئەوەی بەزەیی پیادا هاتبێتەوە، قەزیەکەی هەر لەوێ بڕاندەوە:

«یەک... بیستوپێنج هەزار لیرە، دوو... بیستوپێنج هەزار لیرە، سێ... بیستوپێنج هەزار لیرە، پیرۆزە ئینشائەڵا.»

ئەگەر سەوداکە کۆتایی نەهاتبایە، لەوانە بوو نرخی کورسییەشکاوەکانیش بگەیشتبایەتە هەزار لیرە!

کەمال بەردەوام بوو:

«کڕیارانی بەڕێز، خانمان و برایان! چرای پایەداری ئۆتۆماتیکی، هەزار لیرە.»

تەماشام کرد، لە ماڵی باوکم چرای وەهام نەدیتبوو. کەمال بۆ ماوەیی بە گۆچانەکۆنەکەی باوکم هێنایی و بردی!

«چرای ئۆتۆماتیکی پایەدار، سێ هەزار و سێ سەد لیرە!»

ئەو خانمەی کە چرایەکەی کڕی، بە دەستییەوە گرتبووی، دەیگوت:



Scanned by TapScanner

«سـەیرکە، چەند جوانە! دەڵێی بۆ ژوورەکەی ئێمە دروست کراوە.»

خۆشی بەزمەکە لەوەدا بوو کە سرە گەیشتە سەر دۆشەک و نوێنەکان. دۆشەکەکان هەموو پارچە بە مووەکانیان دەرهاتبوو.

کەمال داری هەراجەکەی بە دەستەوە گرت:

«کڕیارە بەڕێزەکان! نوێنە تایبەتەکانی «مستەر ئارنۆڵدی ئەمریکی». نوێنەکانی «کائوچوئی» مارکەی «هالیوودە»، بە سێ هەزار لیرە!»

نوێنەکانیش بە پێنج هەزار لیرە فرۆشران.

دوای کەلوپەلە کۆنەکانی ماڵی باوکم، نۆبەی پڕوبوزگوڕەکانی خۆم هات. نەک هەر کەلوپەلەکانی ماڵەوە، هەتا دەرپێ کورتەکەشم فرۆشرا، ئەو شتانەی کە هەرگیز مرۆڤ خەیاڵی بە لایدا ناڕوا. لەو وەختەدا کەمال یەخەی گرتم و لای حەمامەکە بە گوێمدا چپاندی و گوتی:

«یەلا، خۆت ڕووت بکەوە!»

گوتم:

«بۆچی؟ بە نیازی چییت؟»

گوتی:

«یەلا، پەکت ناکەوێ، هەرچی لەبەرتدایە بیهێنە. دەرپێیەکەشت لەبەرکەوە، دەیفرۆشم، دوای یەکێکی تازەت بۆ دەکڕم.»

هەرچی لەبەرمدا بوو هێنام و کەمال دەرگای حەمامەکەی لەسەر قفل دام و بەندی کردم. وەک منداڵی تازە لە دایک بووم لێ هاتبوو.

لە دەرەوە دەنگی کەمال دەهاتە گوێم:



Scanned by TapScanner

«کریارە بەڕێزەکان، خانمەکان، برایان، پانتۆڵی پسپۆڕی ئەمریکی «ئارنۆڵد پای». سەد لە سەد «ڕاستیکیتونی» بیگەردە، سەرئەژنۆکانی و بەردەلنگەکانی بە جۆرێکی تایبەتی و بە بەنی تایبەتی چنراوە. بە پێنج سەد لیرە.»

«٦٠٠»

«٧٠٠»

دوای پانتۆڵەکەم، نۆرەی فانیلە و دەرپێکەم هات.

«دەرپێی کورتی پسپۆڕی ئەمریکی «مستەر ئارنۆڵد». لە نایلۆنی تەواوە، تەنیا دوو جار لەبەری کردووە. پەنجا لیرە...»

دەنگی ژنی هاتە گوێمەوە:

«کڕیارانی بەڕێز، دەستەسڕی تایبەتی «مستەر ئارنۆڵد»، بە سێ لیرە.»

«پێنج لیرە!»

«حەوت لیرە!»

«دە لیرە!»

«یەک... دە لیرە، دوو... دە لیرە! ســـێ... دە لیرە. پیرۆزت بێ! خانمان و برایانی بەڕێز هەڕاجی ئەمڕۆمان تەواو بوو.»

دوای ئەوەی دەرپێکورتەکەم و دەستەسڕەکەم وەک خەڵکی لایان وابێ ئاڵتوونیان کڕیبێ فرۆشـــرا، لە دەرەوە هەراوهۆریای خەڵکی و دەنگە دەنگی ئۆتۆمبێلەکانیان بەرز بووەوە. هەر کەسـەو ئەو شتانەی کڕیبووی باری کرد و ڕۆیشت.

پاش نیوسەعات، دەنگە دەنگ نەما. لەو دیوی دەرگای حەمامەکەوە بانگی کەمالم کرد و گوتم:

«بەس درۆ بکە، بەستمی!»

«باشە، ٢٤٧٠٠٠ لیرەم کەوتە گیرفان.»

«بژی کەمال! ئێستا واز لە درۆ بێنە، لە سەرمانا ڕەق بوومەوە.»

«ئارامت هەبێ، فانیلە، دەرپێی کورت و جلوبەرگت بۆ دەکڕم و دەگەڕێمەوە.»

کەمال ڕۆیشت، سەعاتێکی پێچوو نەهاتەوە، دوو سەعاتی پێ چوو هەر نەهاتەوە. دەستەکانم خستە سەر پێیەکانم و گیانم کەوتە لەرزین. شەو داهات و کەمال هەر نەهاتەوە.

ئەوا ئەمڕۆ دوو ڕۆژە لە حەمام ماومەتەوە. هیچی نەماوە بمبەستێ. ئەگەر بتوانم دەرگاکە بشکێنم و بێمە دەرەوە، ئەوا هەموو بە شێتم دەزانن. ئەگەر نەوت هەبێ خۆم دەسووتێنم. ئەو چەند دێڕە لە حەمام، ئێستاش وا وەک داربی دەلەرزم و زۆری نەماوە بمبەستێ، دەنا دەمنووسی کە چی بەسەر کەمالدا هاتووە، نەوەکا ژێر ئۆتۆمبێل کەوتبێ...

نوکتە و بەڵایەکی وای بەسەردا هات، بە خوا حەیف کەمال؛ لە هاوڕێ چاکەکان بوو.



Scanned by TapScanner

ئەو شـتانەی لەژێرەوە ویسـتتان بیانخوێننەوە، ئەو شـتانەن کە یەکێ لە دۆستەکانم دەربارەی من بە دۆستێکی دیمیی ڕادەگەیاند. بە هەمان شـێوە دۆسـتانی ئێوەش، سـەبارەت بە ئێوە دەدوێن لەلای دۆسـتانی دیتان. ئێوەش دەربارەی دۆسـتەکانی خۆتان هەموو ئەو شتانەی بەرچاوتان دەکەوێ، بە دۆستەکانی دیتان دەڵێن.

«نابێت لە هەقیقەت لا بدەین، بە ڕاسـتی مرۆڤێکی چاکە، بەلام نازانم بڵێم چی، خۆپەرسـتە، وا نییە؟ خەیاڵ نەکەیی من شـتی خراپ لەبارەی ئەوەوە بڵێم، هەرگیز، شـتی وا نییە، بەلام چی دەکەی؟ لە قازانجی خۆی بەولاوە – هەرچەندە زیانی هەبێ بۆ کەسـی دی – هیچی دی ناوێ. دەزانی من لە چیدا بە خراپی دەزانم؟ وەک دیارە مرۆڤی چاک و دڵپاک ئەوەیە کە دۆسـتایەتی بزانێ، ئەو زیرەکی و هۆشمەندییەکەی ئەوەیە کە هەر لە فکری خۆیدایە، ئەگەر نا بە ڕاستی مرۆڤێکی دڵفراوانە، بەڵێ ڕاسـتە. بە ڕاسـتی نووسـەرێکی باشـە، نووسینەکانی یەک لەیەک چاکترن، بەلام سوودی چییە؟ ئەو شـتەی دەینووسـێ چییە؟ تۆ تا ئەمڕۆ دیوتە لە شـتی پەرت و بلاو زیاتر هیچی دی بنووسـێ، ئاخر گاڵتەبازی نابێتە نووسـین، هەر بڕۆ مەکتەبەکەی بزانە لەو هەرایەیی سەر دەردەکەی. قسەکانم بە خراپی وەرنەگریی! بە ڕاستی هاوڕێمە، بە ڕاستی مرۆڤێکی ڕێکە، بەڵێنەکانی بەڵێنن، لەوانە نییە بە پاشـەملە قسـە بکا. بەکورتی مرۆڤێکی جێگای باوەڕە، بەلام نازانم بڵێم چی؟ حسـێب و کتێبی تەواو نییە، تەنیا دەیەوێ گوێت لێ بگرێ و دوایی گاڵتەت پێ بکا و شـتەکە خۆش بکا. بەلام نەکەی قەرزی پێ بدەی، دوایی دەگەیەکی وات لێ دەدا، نەیێتەوە سـەرەخۆت. ئاخر شـەرەفی مرۆڤ تەنیا باشـییە! قسـەی بەتام و

شــــیرینیش لەجێی خۆی، دەبێ مرۆڤ پێش هەموو شــتێک پابەندی شەرەف بێ. مرۆڤێکی دەست و دڵکراوەیە، تا بتەوێ لوتییە، بە ڕاستی لەو شتانەدا عەیبی نییە، بەڵام یارمەتی و بەخششــی ئەو بێحسابە. ئەگەر قلە زەیتونێکت بداتێ، ئەوا دەیەوێ تەنەکەیەک ڕۆنی زەیتوونیش بخاتە کیســـەکەتەوە. لوتیگەری ئەوەیە کە... خەیاڵ نەکەیتەوە... بە ڕاســـتی من زۆر پەیوەندیم لەگەڵیدا بەهێزە، دەنا ئەگەر پەیوەندیم لەگەڵیدا نەبێ، چ ئیشـــم هەیە ئەو قســـانەی لەبارەوە بکەم، وا نییە؟ خنس بەچە نییە، پـارە خەرج دەکـا، گیـانی هـاوڕێکەی لە خۆی نـارەنجێنێ، بەڵام ئەگەر ســـەرنجت دابێ هەمووی تەنیـا لەپێنـاوی بەرژەوەندیی خۆیەتی. تۆ خۆت باش دەزانی گچکەترین قســـەی نییە، بە ڕاستی ئینسـانێکی چاکە، ئەگەر بە هۆی ئەوەوە خێرێک بەم و بەو بگات، هەرگیز پێی ناخۆش نییە، ئەوانە ڕاستن، بەڵام سـەیرت کردووە یان نا؟ خۆی باش دەزانێ، هەمووی بە دەردی خۆی دەخوا، داستانی ئەو گـایەیی دەزانی، دەڵێن گـایەک هەبوو پێنج ســـەد کیلۆ وێنجەی دەخوارد، جا بە لەقتانیش پێنج تنۆک شیری نەدەدا.

ئەو ڕووخسـار و باڵایایەی ئەویشـم وەک ئەو گایە دێتە پێش چاو. باوەڕتان هەبێ لە برام زیاتر دۆســـتایەتیم لەگەڵی هەیە، بەڵام حەیف کەوا حەسـوودە! دوایی تۆش سـەیرکە! زۆر حەسـوودە، بە نزیکترین هاوڕێم حەسوودیی دەبات، نازانم لە مەبەستم دەگەن یان نا؟»

«بۆچی؟ من باش لە مەبەستت دەگەم، منیش زۆر هاوڕێمە، یەکێکە لەو چەند کەسە کەمانەی کە من زۆر پەیوەندیم لەگەڵیدا هەیە، دەتوانم بڵێم هەتا لە برام زیاتر دۆستایەتیمان هەیە.»

«دەزانی لە چیشدا زۆر خۆشمدەوێ؟ هەرچی ڕقەبەردی هەیە لە دڵی ئەو فەقیرەدا نییە، بەڵام نازانم ئەو فیلبازییە چییە هەیەتی؟ ئەگەر بە خۆی بڵێی، ئەوا دەڵێ «نەزاکەتە!»، بەڵام ئەو کڵاوانە دەچنە سەری کێوە؟ فیلبازێکە لەو فیلبازانە نییە، ئەگەر ڕاسـتیت دەوێ من تەنیا لەو

شتەیان نەفرەتی لێ دەکەم. بە خوا باوەڕکە زۆر برادەرمە. بە ڕاستی ئینسانی چاکە و دۆستی هەموومانە، ئەوە ڕاستە، بەڵام حەتمەن تۆش سەیرت کردوە، ئاگری ژێر کایە. کاتێ لەپێش تۆ بێ باسی تۆ دەکا، باسی چاکەی تۆ دەکا، بەڵام خوا دەزانێ چی لەژێر سەرە و چۆن لەپشتەوە دەستت دەبەستێتەوە، ئەو خورەوشتەی بە ڕاستی زۆر ناشرینە، من زۆر لەو جۆرە کەسانە تووڕە دەبم.

تۆش هەر وەکوو من چاک دەیناسی. بە ڕاستی هاوڕێی وا، کەم بەدەست دەکەوێ. تا ئێستا نەبینراوە هەقی کەس بخاتە ژێر پێیەوە، هی وا هەیە هەر فکری خۆی پێ باشە و هیچ سوود لە هاوڕێکانی وەرناگرێ، وا نەزانی هەر تەنیا لە هاوڕێیەتیدا بەم جۆرەیە، هەر سوود و قازانجی تایبەتیی خۆی لەبەر چاوە، بەزەیی بە باوکی خۆشیدا نایەتەوە، وا نەزانن من بە خراپە باسی دەکەم، هەرگیز... وەک گوتم دەبێ بڵێم مرۆڤێکی بەشەرەفە، بە ڕاستی ئینسانێکی شەریفە، بەڵام... سەیرکە... ئەوە خۆشی هات. هەی، هەی، هەی، قوربان ئەوە لە کوێ بوویت؟ ئەوە سەعاتێک دەبێ باسی چاکەی تۆ دەکەین. بێئاگایانە نەیانگوتووە: "مرۆڤی حەڵاڵزادە بەسەر قسەکاندا دێ".»

ئەو لە ژیانی خۆیدا سەلماندی، کە مرۆڤێکی سەدەی بیستەمە. ژیانی ئەو لەگەڵ وێنە و ڕوونکردنەوەکاندا دەستی پێ کرد، هەر بە وێنە و ڕوونکردنەوەش کۆتایی پێ هات. خەڵکی بە هۆی ئەو ئاگادارینامەیەیی لە ڕۆژنامەکان بڵاو کرایەوە، لە لەدایکبوونی «گوچرمان چین» ئاگادارکرانەوە.

**«لەدایکبوونێکی پیرۆز»**

**شەوی ڕابردوو «کاک نوری چین و خێزانەکەی» کوڕێکیان بووە و ناویان ناوە «گوچرمان».**

**پیرۆزبایی لەدایکبوون و داوای تەمەنێکی درێژ بۆ ئەو ساوایە دەکەین.**

کاک «نوری چین» هەر بەو ئاگادارینامەیە نەوەستا و بۆ چاو ڕوونکردنەوە، دەیویست بە هەموو دانیشتوانی گۆی زەوی بە زیندوو و مردووەوە، دەستەگوڵی مرۆڤایەتی بە «گوچرمان چین» پێشکەش بکات و خەڵکی بە لەدایکبوونی ئاگادار بکاتەوە. هەڵسا ئاگادارینامەیەکی دی لە ڕۆژنامە بڵاو کردەوە و ڕوونی کردەوە:

**«سوپاس»**

**بە بۆنەی ئەوەی جەنابی بەڕێزی دکتۆر فلان «پسپۆڕی منداڵبوون و نەخۆشی ژنان»، هەنگاوێکی نەشتەرگەریی چاکی نا بۆ لەدایکبوونی کوڕەکەمان «گوچرمان» و ژنەکەمی بە شێوەیەکی جوان و لێزانانە**

**لە مەرگ ڕزگار کرد، ئەو دکتۆرە بەتوانایە، شایەنی سوپاسە و و بە هەموو هاوڵاتییە بەڕێزەکانی دەناسێنم.**

**نووری چین...**

«گوچرمان» بووە پێنج سـاڵ. ڕۆژێک کە لەبەردەم دەرگا یاری دەکرد، بزر بوو. کاتێ دایکی و دراوسـێکانی بەدوای ئەو سـاوایەدا دەگەڕان «کاک نووری» وێنەیەکی چوار بە شـەشـی «گوچرمان»ی دابووە لاپەڕەی ئاگادارینامەی ڕۆژنامەکان:

**«بزربوون»**

**«گوچرمان چین» خاوەنی ئەم وێنەیەیی سـەرەوە بزر بووە. هەر کەسـێک ئەوی بینیوە یـان شـوێنەکەیی دەزانێ، بـا بە نـاوی مرۆڤایەتییەوە یارمەتیمان بدەن و بەم ناونیشانە ئاگادارمان بکەنەوە.**

**ناونیشان...**

کاتێ «کاک نووری» گەیشـتەوە ماڵ، دەمێک بوو «گوچرمان» لە ڕۆژنامەکان سـەیری وێنەکەیی خۆی کردبوو، ئەو دڵی بەوانە زۆر خۆش بوو!

هەر دوایـی ئەوەی ئەو هەلەیـان بـۆ ڕێـکەوت و هـاتـنەوەی «گوچرمـان»یـان بە هەل دەزانی و ئـاگـادارینـامەیەکیـان دا بە ڕۆژنامەکان:

**«ئاهەنگی سوننەتکردن»**



Scanned by TapScanner

له ڕێکەوتی دووی مانگی نیسان، ڕۆژی شەممە، کاتژمێر هەشتی شەو، سوننەتکردنی «گوچرمان چین»ی کوڕمان دەست پێ دەکات. لە خزم و دۆستانی بەڕێز داوا دەکەین، بەشداری ئەو جەژنەمان بکەن و سەرفرازمان بکەن.

ناونیشان...

نووری چین و خێزانەکەی...

دوای تەواو بوونی ئاهەنگی سوننەتکردنەکە، بە بەهانەی سوپاس و ناساندنی دکتۆر بە خەڵکی، ئاگادارینامەیەکیان دا بە ڕۆژنامەکان و جارێکی دیش ناوی «گوچرمان» لە ڕۆژنامەکان دەرکەوتەوە.

دوایی ماوەیەک «گوچرمان» ڕێگای قوتابخانەی گرتەبەر. «کاک نووری» دەربارەی بڵاوبوونەوەی وێنە و ڕوونکردنەوەی کوڕەکەی، هیچی بە دەست نەگەیشتەوە و زۆر پێی دڵگیر بوو.

دوایی ئەوەی کوڕەکەی گەورە بوو، گەیشتە تەمەنێک کە دەبوایە خۆی بڕیار لەسەر شتەکانی خۆی بدات. «کاک نووری» ئارامی لەبەر براببوو و تاقەتی ئەو وەزعەی نەما بوو. بە ناوی کوڕەکەیەوە ئەم ئاگادارینامەیەی خوارەوەی بڵاو کردەوە:

«لە نمرەکانی قوتابخانە کەوتووم»

کاغەزی بڕوانامەی خوێندنم ون کردووە، لەبەر ئەوەی هیچ شتێکی دیشم نییە، بۆیە بە کەوتووم دەژمێرن.

«گوچرمان»

«گوهرمان» وەک حەلالزادەکانی تری خێزانەکەیان ڕێگای باوکی گرتەوە. زۆر بە ئاسـانی سـوودی لە وێنە و ڕوونکردنەوەکانی وەردەگرت و لەسەری بەردەوام دەبوو.

لە مانگێکا دوو ئاگادارینامەی ونبوونی پێناس و کارنامە و شـتی تری دا بە ڕۆژنامەکان، بەلام لە ڕاسـتیدا نە هیچ بزر بووبوو نە هیچیشی لێ پەیدا دەبووەوە.

**«مژدەیەکی تایبەتی»**

**لە ڕۆژی سێشەممە، لەنێوان مەیدانی ماکسیم و وەزارەتی جەنگدا، جانتایەکی دەسـتی کە چوار هەزار لیرەی کاش و نزیکەی پێنج هەزار لیرەش کاغەزی بەهادار و شـتی دی تایبەتی تیایە و بزر بووە. داوا دەکەم هەر کەسـێک دۆزیویەتییەوە، با پارەکان وەک مژدەیەک بۆ خۆی بێ و کاغەز و سەنەد و شتە تایبەتییەکانی دیم بۆ بگەڕێنێتەوە.**

**ناونیشان...**

**گوهرمان چین...**

دووسـی مانگ جارێک ئاگادارینامەیەکی بە ناوی «کاغەزە بەهادارەکان»، «سـەنەدەکانی مولک»، «مەدارکی شـەخسـی» و

«مژدەیەکی تایبەتی» لە ڕۆژنامەکان بڵاو دەکردەوە. «کاک نووری» بە کورەکەی دەگوت:

«نابێ ئاگاییت لە وێنە و ڕوونکردنەوەکانت ببڕێ، بە هەر شێوەیەک بێت دەبێ فکری خەڵکی بۆ لای خۆت ڕابکێشی، نابێ هەلی ئەوەیان پێ بدەیی فەرامۆشت بکەن.»

ناوی «گوچرمان چین» لە ئاگادارینامە یەک لەدوای یەکەکان و هەمەجۆرەکانی ڕۆژنامەکان، لە هۆشی خوێنەران نەخشی بەستبوو. خوێنەرانی ڕۆژنامەکان، تێکڕا بێ ئەوەی بزانن «گوچرمان چین» کێیە و چ کارەیە، بە ناوەکەی ئاشنا بووبوون.

ئەگەر لە جێگایەک خۆی بە خەڵکەکە بناساندایە، یا لە کۆڕێکا ناوی «گوچرمان چین» بهاتبایە. زۆربەی ئامادەبووان بە هۆی ئەوەی بە ناوەکەیەوە ئاشنا بووبوون، دووچاری بیرکردنەوە نەدەبوون.

«کاک نووری» هەر ورەی بەرز بوو، ئەو کارەشی ڕایدەپەڕاند بە چاکی بەرەو کۆتایی دەچوو. بە هەر شێوەیەک بوو، بە قەرز «گوچرمان»ی ڕەوانەی پاریس کرد و دوایی چل ڕۆژ «گوچرمان» کە پارەی لێ بڕا بوو، گەڕابووەوە وڵات. «کاک نووری»ش کارێکی وای کرد کە ئەو ئاگادارییە لە ڕۆژنامەکان بڵاو بێتەوە:

**«سەرکەوتنی درەوشاوەی لاوێکی تورک»**

**«کاک گوچرمان چین» کە یەکێکە لە لاوانی خۆشەویست و زانایانی وڵات، دوایی کۆمەڵێ لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ورد و دوور و درێژ، بە کۆمەڵێ زمانی ئەورووپی کۆ بوەتەوە و ئێستا دوایی سەرکەوتنی کارەکەی دەگەڕێتەوە وڵات. پیرۆزبایی لە سەرکەوتنی ئەو لاوە خۆشەویست و زانایە دەکەین.**

خوێنەرانی ڕۆژنامەکان، ڕۆژێکی دی چاویان بەو کارتەی بووک گواستنەوە (کە تا خوارەوەی نەخشابوو) کەوت، نووسرابوو:

**کاک «گوچرمان چین» خاتوو «سوگی جان»ی نیشانە کردووە...**

گوچرمان بۆ ئەوەی بتوانێ وێنە و ڕوونکردنەوەی لە ڕۆژنامەکان بلاو بکاتەوە، چەند کچێکی گۆڕی. هەتا دواجار ڕۆژێکیان یەکێکیانی بە ملدا هات، ئێمە بە هۆی ڕۆژنامەکانەوە زانیمان. ناونیشانی ئاگاداریتنامەکە وەها بوو:

**«کاک «گوچرمان چین» لەگەڵ خاتوو «زەکیە زەنگولەچیان»دا زەماوەندیان کرد.»**

کاک «گوچرمان» وا دیار بوو کە بە شتێکی گرنگی وەرگرتبوو، سوودێکی زۆری لە وێنە و ڕوونکردنەوەکانی پێشووی خۆی وەرگرتبوو. بۆیە ئەمجارەش لە ڕۆژنامەکان ئەو باسەی خوارەوەی بە سەردێڕی «ماڵ و خێزان» دەربارە بلاو بووەوە:

**خاتوو «زەکیە زەنگولەچیان» کە کچی یەکێ لە خێزانە ناسراو و بەڕێزەکانی شارە، لەگەڵ کاک «گوچرمان چین» کە یەکێکە لە لاوە خۆشەویست و لێهاتووەکانی وڵات، زەماوەند دەکەن.**

**ئاهەنگی بووک گواستنەوەکەش بە ئامادەبوونی کۆمەڵێ لە پیاوە بەڕێزەکان، کەسایەتییە ناسراوەکانی سوپایی و ئەنجومەنەکانەوە دەبێ و ئاهەنگی شادی تا دوایی نیوەشەو بەردەوام دەبێت.**

**بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی و داوای ژیانێکی خۆش بۆ ئەو لاوە دەکەین.**



Scanned by TapScanner

بەڵێ، ئێمە بە هۆی ڕۆژنامەکانەوە لە تەواوی ژیانی ئەو ئاگادار بووین، هەتا شـــتە بچووکەکانیشـــی. خوا ســـێ کوڕ و کچێکی پێ بەخشی. یەکێ لە کوڕەکانی کەوتە نێو ئاوی کوڵاوەوە. هاوسەرەکەشی جـارێـک بە هۆی منـداڵدانەوە، جـارێکی دیش بە هۆی نەخۆشـــی مایەسـیرییەکی توندەوە، کەوتە ژێر دەسـتی نەشـتەرگەرە شـارەزا و بەتواناکانەوە. جارێکی دی تووشـــی نەخۆشـــی ئەوە بووبوو شـتی لەبەرچـاودا گەورە دەبوو، بۆیە چـاویلکەی لە چـاو دەکرد. بە چەقۆ دەســـتی بڕی بوو. ڕۆژێکی دی دیســـان نەشـــتەرگەرێکی شـــارەزا، بزمارێکی لە پێی بڕیو... و...

ئێمە بە هۆی سـەردێڕی ڕۆژنامەکان: «ســوپاس»، «بەخشـین»، «تەسلیە»، «میهرەبانی»، «ونبوون»، «پیرۆزبایی» و «گەشتکردن» بە تەواوی ئاشـــنـایی ژیانی «گوچرمـان چین» بووبووین. بەڵام وا نەزانن ڕۆژنامەکانی ئێمە، لەسەر داواکاری ئێمە ئەو شتانەی دەربارە بڵاودەکردنەوە، نەخێر، گۆشـــەی ڕۆژنامەکانمان بە ویسـتی خۆیان ڕۆژبەڕۆژ فراوانتر دەکرد.

هاوســـەری یەکەمیی بە گومانەوە هەڵســـوکەوتی لەگەڵدا کردبوو، ســـامانێکی زۆریشـــی بۆ ماڵی باوانی ڕەوانە کردبوو. ژنی دووەمیانی هەر زوو دەسـتێکی بە خشـڵ و شـتومەکە گرانبەهاکانی ماڵدا هێنابوو و بەدووی یەکێکی دی کەوتبوو. دواجاریش ژنی سـێهەمیانی بە هۆی کارەساتی ئۆتۆمبێلەوە کۆچی دوایی کرد و بۆ هەتا هەتایە خێزانەکەی داغدار کردبوو!

لە جەژنەکانی میللی و مەزهەبی و جەژنەکانی هـاوڵاتیانی بەڕێز، برایانی موسڵمان و کڕیارانی بەڕێز و خۆشـەویست بەشداربوونی « گوچرمان» – کە ئاشـــکرا نەبوو کێیە – بە بەردەوامی پیرۆزبایی لێ دەکردن.



Scanned by TapScanner

«گوچرمان» جارێک ناسنامە، ئەوراقی بەهادار، چەک و کۆمپیالەی بزر دەکرد و بەوانەی دۆزیویانەتەوە مژدەیی پێ دەدەن. جارێک سەرەخۆشی دەنووسی و پیرۆزبایی لە فەرمانبەرە پایەبەرزەکان دەکرد بە هۆی بەرزی پایەکەیان و داوایی خۆشی بۆ ئەفسەرە کارناسەکان و سەرۆکی بەڕێزی پۆلیس دەکرد. هەروەها سوپاسی پزیشکان و نەشتەرگەرانی شارەزا و بەتوانایی دەکرد و بە هاولاتیانی بەڕێزی دەناساندن.

«گوچرمان» جارێکی دیش بە تاوانی فێڵ و هەڵخەڵەتاندن و دەست بەسەردا گرتن، سێ مانگ زیندانی کرا و دوایی بەرەڵا کرا. ئێمە نەک هەر تەنیا شارەزایمان لەبارەی «گوچرمان» خۆی هەبوو، بەڵکوو لەبارەی ئەندامانی یەک بەیەکی خێزانەکەی هەبوو، بێ ئەوەی بشیانناسین. تا ڕۆژێکیان ئەم ئاگادارینامەیە لە ڕۆژنامەکان بڵاو کرایەوە:

**انا الله وانا الیه راجعون**

**«هەواڵێکی خەمبزوێن»**

**بەو پەڕی داخەوە ئاگادارتان دەکەینەوە، جەنابی کاک «گوچرمان چین» شەوی ڕابردوو ماڵئاوایی لێ کردین. خواڵێخۆشبووی خۆشەویست کە باوکی کاک فلان، فلان و خاتوو فلان و فلانە (بۆ ئەوەی سەرتان نەئێشێنم بەکورتی گوتم) و زاوای جەنابی کاک فلانە و لە پیاوانی چاک و خێرمەند و داوێنپاکی ولات بوو. مردنی ئەو لەدەستچوونی شتێکی گەورەیە و جێگای پەژارە و داخە بۆ هەموو هاولاتیان. ڕێوڕەسمی جەنازەی ئەو بەڕێزە لە ڕۆژی... لە سەعات... لە مزگەوتی... دەست پێ دەکات و لە گۆڕستانی خێزانی «چین» کە**

**دەکەوێتە... بە خاک دەسپێردرێ. هیوادارین بەشداری لە ڕێوڕەسمی ناشتنی گیانی خوالێخۆشبوو بکەن و گیانی شاد بکەن. ناسۆر و ئەفسوسی زۆری خۆمان بە بۆنەی کۆچی دوایی خوالێخۆشبوو، جەنابی کاک «گوچرمان چین»ەوە دەردەبڕین و سەرەخۆشی لە نەوەکانی ئەو خوالێخۆشبووە دەکەین.»**

بە بڵاوبوونەوەی ئەو ئاگادارییە، خەم و خەفەتێکی زۆر بەر دڵی خوێنەرانی گرت.

ئەو ناوە ئەوەندە لەبەرچاو و ئاشنایی خوێنەران بووبوو، هەر خوێنەرێک وای دەزانی یەکێ لە خزمە نزیکەکانی خۆی بۆ هەتا هەتایە لەدەستچووە. کەچی هیچ کامێکیشیان بە تەواوی نەیاندەزانی ئەو کەسە کێیە.

کۆمەڵێک لە خوێنەران دەربارەی کار، وێنە، پیشە و پایەی ئەو مەرحوومە حەفتوهەشتیان بوو، لەلای کۆمەڵێکی دیشیان کار گەیشتبووە مەرجکردن و کوتەک وەشاندن.

کۆمەڵێ لەو بڕوایەدا بوون کە خوالێخۆشبوو هەڵبژێردرا بوو بۆ «پاداشتی ئەدەبیاتی تورک»، بەڵام بە ناهەق کارێکی ناپیاوانەیان لەگەڵ کردووە و تووشی سەکتەی دڵ بووە...

کۆمەڵێکی دی لەو باوەڕەدا بوون، کە خوالێخۆشبوو جێنشینی ئەنجوومەن بووە و ئێستاش ناوەکەیان لە بیر ماوە. کۆمەڵێکی دی ئەویان بە دکتۆرێکی شارەزا و بەتوانا دەزانی، هەندێکی دیشیان ئیدعای ئەوەیان دەکرد کە خوالێخۆشبوو یەکێ بووە لە پارێزگارە داوێنپاکەکان و پایەیەکی چاکی هەبووە لە وەزارەتی دەوڵەت. بەکورتی... هەرچەندە هەر هەموویان دەربارەی ناو و ناوبانگ و خۆشەویستی ئەو، یەکدڵ و یەکزمان بوون و لە دەستچوونی ئەویان



Scanned by TapScanner

بە کارێکی ناوەخت دادەنا، کەچی هیچیشیان بە چاکی نەیاندەناسی و ئاگایان لە کار و پیشەکەشی نەبوو. بەم شێوەیە بەشدارینەکردن لە ڕێوڕەسم و ناشتنی ئەو کەسە بە گوناهێکی گەورە دەژمێردرا. لەبەر ئەوە بێجگە لە کۆمەڵەی بێکاران، زۆر کەمی دیش کاروباری خۆیان بەجێ هێشتبوو و لە ڕێوڕەسمی ناشتنی بەشداریان کرد. ساڵەهایەک بوو کە شار ڕێوڕەسمی پڕ شکۆی وای بە خۆیەوە نەدی بوو.

سەربازێکی پیری دەورەی جەنگی سەربەخۆیی، کە لە ڕێوڕەسمەکە بوو بە خەفەتێکی زۆرەوە بەوەی تەنیشتە خۆی دەگوت:

«خوای گەورە لێی خۆشبێ، لە دەورەیی سوپاییەکە فەرماندەی گشتی فەوجەکەی ئێمە بوو.»

ئەوی دی کە گوێی لێ گرتبوو، عەقدێکی سوپایی خانەنشین بوو، گریان لە قورگیدا مابوو، وەڵامی دایەوە:

«بەڵێ، سێ ساڵی تەواو هاوپۆل بووین. چ ئینسانێکی چاک بوو.»

پیاوێکی دی لە ڕێوڕەسمەکە، قژی تاشی بوو و سەرداریەکی بە بەهای پۆشی بوو و چاویلکەیەکی زەڕەبینی لە چاو کردبوو و تۆپە ڕیشێکی ڕەشی بەردابووەوە. ئەویش ئیدعای ئەوەی دەکرد کە:

«خوالێخۆشبوو یەکێک بوو لە شەخسییەتە ناسراو و بلیمەتەکانی ئایینی، لە تەمەنی گەنجیەتیدا لە کۆبوونەوەی زۆربەی زۆری زاناکان و خاوەنمەزهەبەکان بەشداری کردبوو و زانست و زانیاری لێ وەرگرتبوون.»

جا پاش هەڵکێشانی ئاهێک، گوتی:

«بەڵام کوا، دەوڵەت قەدری بزانیایە و نووسینە زانستییەکانی ئەو خوالێخۆشبووەی بە چاپ بگەیاندایە؟»

یەکێکی دییان ڕووی لە ڕیزێ خەڵک کردبوو ، جا دەیگوت:



Scanned by TapScanner

«خوالیخۆشبوو لە پەیکەرتاشە زۆر بەناوبانگەکانی ئەڵمانیایە، هەر لە ناوەکەشیەوە دیارە ئەڵمانییە.»

سەرۆکی پاسەوانەکانیش کە چاوی بە هەراوهۆریایی ماڵی مردوو کەوتبوو، بە مەسەلەکەی زانیبوو، بۆیە ڕێگای بە کۆمەڵی پۆلیس دابوو تا بەشداری لە ڕێوڕەسم و ناشتنیدا بکەن!

کاتێ خەڵکەکەش وردە وردە هاتنە ڕیزی کاروانی بەشداربووان، کۆمەڵێکی زۆر بەدوایی جەنازەکەوە هیدی هیدی ڕێگایان گرتەبەر، ناچار پۆلیسەکان ڕێگای هاتوچۆیان گرت. شوفێری ئۆتۆمبێلەکان و پاسکیلسوارەکانیش کە چاویان بەو خەڵکە زۆرە کەوت، ئەوانیش دەستیان کرد بە بەشداریکردن لە ناشتنی گیانی شادی ئەو خوالیخۆشبووە.

دەنگی فیکە و هۆڕنی ئۆتۆمبێلەکان و زەنگی پاسکیلسوارەکان بەرز بووەوە. عەوامەت و گەورەیی و زۆری بەشداربووەکان گەیشتە ئەوپەڕیەکەی. خوالیخۆشبوو «گوچرمان» ئەوەندە بە شکۆوە بە خاک سپێردرا، لەوانە نییە نسیبی هیچ مرۆڤێکی دی ببێ.

خەتیبەکە لە کۆتایی قسەکانیدا، وازی لە داهێنانە عیلییەکانی ئەو هێنا و ئەو جارە دەربارەی چوونە بەهەشتی ئەوەوە قسەی کرد.

گەنجێک لەبری گەنجەکانی وڵات، وەرزشکارێک بە نوێنەری وەرزشکارانی سەرانسەری وڵات و خانمێک بە نوێنەری هەموو کچان و ژنانی سەرانسەری جیهان، قسەیان کرد و فرمێسکیان ڕشت. بە ڕاستی دیمەنێکی خەمگیناوی بوو. کرێکارێکیش بە هاوڕێیەکی تەنیشتە خۆی دەگوت:

«حەیف کە ئاوا زوو ئەجەلی هات، دەنا تا یەک ساڵی دی، چینی کرێکاران دەیانتوانی بگەنە کورسی و هەقی خۆیان وەربگرن.»



Scanned by TapScanner

زۆربەی ڕێکخراوەکانی گەلان، ولاتان، یەکیەتییەکان، جڤاتەکانی کرێکاران، کۆمەڵە، بنکەی جیاواز جیاواز، تیپ، پارتی سیاسی و بانق بۆ ئەوەی لەیەکتر دوانەکەون، خێرا دەستەگوڵیان هەنارد بوو و نمایندەی خۆیان ڕەوانە کردبوو و بەشداری وتارخوێندنەوەیان کرد. دەستەگوڵێکی زۆر زۆر بەسەر گۆڕی ئەو خوالێخۆشبووە پەخش بووبووەوە. نەمدەتوانی هەموویان بژمێرم.

دوای مەرگی «گوچرمان»، وامان دەزانی ئیتر وێنە و ڕوونکردنەوە دەربارەی تەواو دەبێت، بەڵام دوێنێ لە ڕۆژنامەکان ئەم ئاگادارینامەیەمان بەرچاو کەوت:

**هو الحي الذي لا يموت**

**لە ڕێکەوتی ڕۆژی سێشەممەی هەشتی شەوال، بەرانبەر بە بیستونۆی نیسان، بە تێپەڕبوونی چل ڕۆژ بەسەر کۆچی دوایی خوالێخۆشبوو جەنابی کاک «گوچرمان چین»، باوکی فلان، براژنی فلان و زاوای جەنابی کاک ... فلان... مەجلیسی یادکردنەوەی ئەو خوالێخۆشبووە لە سەعات... تا... و لە ئارامگەکەیەتی و دەکەوێتە... خزم و دۆست و ئاشنایان ئاگادار دەکەینەوە کە بەشداری لەو یادکردنەوەیەدا بکەن و دڵنەوایی نەوەکانی ئەو خوالێخۆشبووە بدەنەوە و گیانی شاد بکەن...»**

نازانم دواجار وێنە و ڕوونکردنەوە دەربارەیان تەواو بوو، یان هێشتا دەیانویست بەردەوام بن...

«نووســتبووم. ئێســتا نازانم، ســەر و دڵم پڕ بوو، یان زۆر خاڵی بوو کە خەونەکەم دەبینی: مرۆڤێکی زۆر گرنگ بووم و چووبوومە واشنتۆن.»

«باشە، لە خەونەکەی بینیت، چییت دەکرد؟»

«بەڵێ، خەونم بینی کە چووبوومە واشـــنتۆن و بە ڕێزەوە پێشـــوازیان لێ کردم. یەکێ لە ئەمریکییەکان بە بۆنەی هاتنی منەوە هاتە پێشەوە، منیش دەستم پێ کرد:

«ئێمە... ئێوە... لە ئێمەوە بۆ ئێوە... لە ئێوەوە بۆ ئێمە... ماڵی ئێمە و ماڵی ئێوە... لە ڕاســتیدا چ ماڵی ئێوە... چ ماڵی ئێمە... خەزێنەیە... بە خاتری ئێمە کەموکوڕی بۆدجە... بە خاتری ئێوە... مرۆڤایەتی... ئێوە و ئێمە... دیموکراتی... ئێمە... ئــازادی... ئێوە... دۆلار. ئێمە هەرگیز... لەگەڵ بوونی دۆلار... بەڵێ... بژی...»

زۆر هەست و سۆزی جووڵاندن. کامێرا کەوتبووە کار و لەپشت سەرمەوە وێنەی خۆم بوو. یەکێ لە کەسـایەتییە گرنگەکانی ئەمریکا، کە بە وتارەکەم زۆر دڵخۆش بوو گوتی:

«بەرز بوو، لە تەواوی مێژووی دیبلۆماســـی، وتارێک بەم شێوە ڕێکە نەبووە. پیرۆزبایت لێ دەکەم.»

دوای ئەوە ڕێڕەویی ســـەربازی دەســـتی پێ کرد. ژمارەی هێزە ناچەکدارەکانی ئەمریکا، وەک ئەو ئاوەی لە لێچ و لێوم دەهاتە خوارێ وا بوو. هەمەجۆرە بۆمبا، بۆمبای ســـەوز و زەرد تێپەڕ دەبوو، هەتا بۆمبای هایدرۆجینی و کۆبالتیش.



Scanned by TapScanner

دوایی جۆرەها ماست و کەرەوز، هەروەها شای جوانی لە پێکەنین و شـــای جوانی یانەی قەڵەوەکان، هەموویان پێ نیشـــان دام. لەو هەرایەدا گوتیان:

«فەرموو، کۆشکی سپی. چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەنووسی بکە.»

چوومە کۆشکی سپی. پەیامنێرەکان دەورەیان دام. لەگەڵ پرسیارا پێچابوومیانەوە. گوتم:

«چەند کەس بە یەک کەس؟ ئەگەر پیاون یەک یەک وەرنە پێشەوە.»

ســەرنووســەرێکی ئەمریکیی کە لە ســیوشــەش ڕۆژنامە ســەرە وتاری دەنووسی لێی پرسیم:

«لە وڵاتەکەتان هەر ســـەرنووســـەرێک، بۆ چەند ڕۆژنامە شـــت دەنووسێ؟»

گوتم:

«لە وڵاتی ئێمە هەر ڕۆژنامەیەک ســـەرنووســـەری تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام هەموویان هەر یەک شت دەنووسن.»

«چۆن دەبێ چەند کەسانێک یەک شت بنووسن؟»

«چونکە ئەو شـتانەی دەینووســن جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەنێواندا نییە، برایەتی و هاوشانییە.»

«لە وڵاتی ئێوەدا دیموکرات هەیە؟»

«کەمە، بەڵام قیتاعاتی تایبەتیش دەمێکە لەکار کەوتووە.»

«ئێوە چۆن لە دیموکراتیەت دەگەن؟»

«دیموکراتی واتا خەڵک، واتا حکومەتی خەڵک، حکومەتی خەڵک بۆ خەڵک، هەق حقوق، ڕاستی و...هتد»



Scanned by TapScanner

نووسەری یەکێ لە رۆژنامە دوو ملیۆن کەسییەکان لێی پرسیم:

«لە ولاتەکەتاندا چ بابەتێک زۆر گرنگی هەیە و سەرنجی خەڵکی بۆ لای خۆی رادەکێشێ.»

«بابەتی گرنگ لە ولاتەکەماندا زۆرە. بە راستی لە هەموویان گرنگتر مەوزوعی «بنکراسی جین مانسفیلد» و «مەمکدانی پشیلەی کیوی»یە. مەوزوعی ئەو جۆرە بنکراسە وا رەگی داکوتاوە، بە جۆرێک وایان لێ هاتووە کە ماوەی ئەوەیان نەبێ بیر لە تەماتە و دیموکراتی بکەنەوە. بە راستی دەمەوێ بڵێم... هەروەها بڕیار وایە تیپی «فەنەر باغچە»ش بچێتە لای تیپی «وەفا»وە. ئەوانەن ئەو بابەتانەی ئەمڕۆ لە ولاتی ئێمەدا زۆر گرنگیان هەیە و هەر لە تەمەنی حەفت ساڵییەوە هەتا پیرەمێردی حەفتا ساڵیش خۆیان پێوە خەریک کردووە. راستییەکەی ئەوانەن. تا لە بیرم نەچووە با ئەوەش بڵێم کە کێشەی «کەشتی عابدین داور»یش زۆر گرنگە.

کەشتییەکەمان دروست کردووە، بەڵام ناتوانێ بە ئاودا بڕوا.»

«بۆچی؟»

«وەڵا هەموو جارێ کە سوار دەبین تا بە ئاودا بڕۆین، یەکێ لە پیاوەکان دەست بە قسان دەکا تا لە قسە دەکەوێ، ئەو کاتەش یا شەو دادێ یان رۆنی ماتۆرەکە دەیبەستێ. ئیتر ئاوایە کە دەچێتە ئاوەوە کار ناکات، بۆیە بڕیارمان دا نیلۆفەری ئاوی لێ ببەستین.»

«باری ئابووری ولاتەکەتان چۆنە؟»

«بەرزە، بەڵام بەداخەوە ئەو رۆژە یەکێ لە وەزیرەکان چووبووە یەکێ لە ناوچە نزیکەکانی شار، دەمی کردبووەوە و نازانم چ شەکرێکی شکاند بوو، ئیدی لەو رۆژەوە لە هەموو ولات نە شەکر و نە چا و نە تەماتە دەستناکەوێ. هەموو رۆژێ لە سەدا سی خەڵک دەنگ بەرزدەکەنەوە بۆ جگەرە و بۆ خواردنەوە. کرێی خانووەکانیش

بەرز بۆتەوە، هەروەها ئاویشیان لێ گرتووینەتەوە، هەروەها عەرزی جەنابتان کەم هەواش گەرم بووە. بەکورتی لە باوکیان بردووین. هەروەها عەرزی جەنابتان کەم لە وڵاتی ئێمەدا جەنگە...»

«جەنگ؟»

«بەڵێ بەڵێ، جەنگ. ئێستا لە وڵاتی ئێمەدا جەنگە. پارێزگارێکمان هەیە - وا نەزانی پارێزگارەکەی ئێمە لەو پارێزگارانە بێ، پارێزگارەکەی ئێمە لە پارێزگارە هەرە باشەکانە، مرۆڤی وا زانا نییە، سنگی وەک قەڵغانە، جا چۆن قەڵغانێک... بەڵێ دەبێ بڵێم کە پارێزگارەکەی ئێمە بە هەموو فکری خۆی چی کردبێ باشە - هەوا گەرم بوو، بڕیاری جەنگی دا لەگەڵ گرانفرۆشەکان و دەستی کرد بە قسەی ئاگرین، بەڵام چۆن قسەیەک، هەر قسەیەکی بۆمبا بارانێک بوو... بەڵێ هەر کە بڕیاری جەنگی دا، گرانفرۆشەکان ناچار جێگاکەی خۆیان چۆڵ کرد و هەرچی تەماتە بیبەری سەوز و خۆخیش هەبوو، لە ترسی ئەو لە بازاڕدا نەیان هێشت.»

چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەنووسییەکە تەواو بوو. یەکێ لە کەسایەتییە خاوەندەستەڵاتەکان لێی پرسیم:

«ئەو شتانەی باستکردن، چ پەیوەندییەکیان بە ئەمریکاوە هەیە؟»

«هۆی دەردەسەرییەکان ئەمانەن... باشە... بەڵێ ئیتر... لە هەقیقەتدا... واتا... لە ڕاستیدا... هەڵبەتە خۆت چاکتر دەیزانی... لە کۆتاییشدا کارێکی دی هەیە... دێتە پێشەوە... لەوانەیە بکەوێتە پێش هەموو کەسێکەوە... بەڵێ... قەڵای دیموکراتی بەڕای من لە «قەڵای دیموکراتی تورکی»ـەوەیە، قەڵاش لە زمانی تورکیدا دوو واتا دەبەخشێ: یەکەمیان قەڵات و دووەمیشیان گۆڵ لە یاری فوتبۆڵ... بەلای منەوە بە هەر جۆرێکی بزانی قەڵا زۆر گرنگە... نابێ قەڵا هەر

ئاوا بە رووکەشانە وەربگیرێ. قەلا پێویستی بە تیر هەیە، پێویستی بە تەور هەیە، پێویستی بە توپ هەیە... یەک توپی نمرەی پێنج...»

«زۆر شتی دی هەبوون دەمویست بیلێم، بەلام نەکرا، چونکە دەبوو بەیانی زوو برۆمە سەر کار. لەبەر ئەوە کاتژمێری سەر مێزەکەم قورمیش کردبوو، بە لێدانی زەنگی کاتژمێرەکە بە خەبەر بوومەوە.»



Scanned by TapScanner

## سەرئەنجامی مێردانی بێهودە

## (فانتازییەک لە خەیرە و عەسکەرییەوە)

ماوەی دوو مانگ لەمەوپێش «پەرویز»ی برادەرم بە هۆی بێهوودەیی خۆیەوە تووشی کارەساتێک بوو، هەتا ئەمڕۆش وا لەنێو نوێندا کەوتووە. ئەوەی من ئاگام لێی بێ، کورتەی مەسەلەکە وا بووە کە «پەرویز» ترۆمپایەکی کڕیوە و هەموو شەوێ چۆتە ماڵی یەکێ لە هاوڕێکانی کە لە شار دوور بووە، بۆ ئەوەی مەشقی لەسەر بکا و خەڵکی بە دەنگی ترۆمپاکە بێزار نەکا. «پەروین»ی هاوسەریی ددان بە جەرگی خۆیا دەنێ و هیچ ناڵێ. بەڵام شەوێکیان «پەرویز» سەعات دوازدەی نیوەشەو دەگەڕێتەوە ماڵەوە، «پەروین»یش تووڕە دەبێ و ترۆمپاکە دەکێشێ بە سەریدا و سەری مێردەکەی دەشکێنێ. کە هاوڕێکەم سەری شکا، ناچار بەو شەوە بە نەخۆشبەری خەستەخانە دەیگەیەنە خەستەخانە.

دوای ڕوودانی ئەم کارەساتە، دوای چەند ڕۆژێک، جا من زانیم و چوومە دیدەنی «پەرویز»ی برادەرم.

لەم ڕووەوە چاوم بە یەکێ لە نووسینەکانی نووسەری بەتوانجی ئەمریکی «جیمس تاربر» کەوت، کە زۆر لەم ڕووداوە دەچێ، وا بۆتان دەنووسمەوە:

«لە ڕابردوویەکی دووردا شێرێک هەبوو، زۆر حەسوودی بە باڵەکانی هەڵۆیەک دەبرد. ڕۆژێک بڕیاری دا خۆی لە هەڵۆیەکە نزیک بکاتەوە. کاتێک لە هەڵۆیەکە نزیک بووەوە پێی گوت:

«دەمەوێ سـەودایەک بکەین، تۆ بـاڵەکـانـت بـدە من و منیش ڕیشەکەی خۆمت دەدەمێ.»

هەڵۆیەکەش پێی گوت:

«برام ئەوە چ قسەیەکە؟ من ئەگەر باڵم نەبێ، چیدی ناتوانم بفڕم.»

«بۆ مەگەر عەیبە؟ منیش نـاتوانم بفڕم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا سەرداری ئاژەڵانی سەر زەویشم. دەزانی بۆچی؟ چونکە ئەو ڕیشەم هەیە!»

«بـاشـــە، کەوایە من هیچ قســـەیەکم نەمـا، بەڵام یەکەمجار تۆ ڕیشەکەی خۆتم بدەرێ.»

شێر وەڵامی دایەوە:

«زۆر باشە، فەرموو برام، خۆت بخەرە پێشەوە.»

کاتێ هەڵۆیەکە چووە بەردەمی شـێرەکە، تاوەکوو ڕیشـەکەی لێ وەربگرێ، شـێر پەنجە گەورەکەی برووسـکە ئاسـا لێ گیرکرد و هاواری لێ بەرز بووەوە:

«زووکە، باڵەکانتم بدەرێ.»

بەم شـێوەیە شـێرەکە باڵەکانی هەڵۆیەکەی دەسـگیر بوو و ڕیشـەکەیشـی پێ نەدا. هەڵۆیەکە بەم کارەی شـێرەکە زۆر غەمگین و ژاکاو و پەست بوو، دواجار بیری لە فێڵێک کردەوە، جا ئیشارەتی بۆ بەردێکی بەرز کرد و بە شێرەکەی گوت:

«من دەتوانم مەرجت لەگەڵدا بکەم کە تۆ نـاتوانی لەسـەر ئەو بەردەی کە وا لەوێ دانراوە، خۆت هەڵبدەی.»

شێر پرسی:

«کێ! من؟»

دوای ئەوە شێرەکە چووە سەر بەردەکە و خۆی هەڵدا، بەڵام ئەو زۆر لەوە قورستر بوو تا بتوانێ بە باڵەکانی هەڵۆیەک بفڕێ و لەوێ تێپەڕێ، چونکە تا ئەو ڕۆژە باڵی نەبووە، بۆیە نەیدەزانی بە چ جۆرێک بفڕێ، لە ئەنجامدا شێر لەسەر بەردەکە کەوتە خوارەوە و مرد. هەڵۆیەکە بە پەلە خۆی گەیاندێ و باڵەکانی لێ سەندەوە، ڕیشەکەی ئەویشی وەرگرت و بە بەر گەردەنیەوە هەڵیواسی. دوای ئەوە بەرەو هێلانەکەی خۆی هەڵفڕی، کە کەوتبووە سەرەوەی قەڵای کێوەکە. لە ڕێگادا بڕیاری دا هەر بۆ گاڵتە تۆزێ هاوسەرەکەی بترسێنێ. کاتێ گەیشتە سەرەوەی قەڵای کێوەکە، خۆی بە ڕیشی شێرەکە داپۆشی، جا سەری لە هێلانەکە بردە ژوورەوە و بە دەنگێکی بەرز و ترسناک نەڕاندی:

«ڕڕڕ...»

ژنەکەی کە هەستی زۆر لاواز بوو. چەکمەجەی مێزەکەی ڕاکێشا و دەمانچەکەی دەرهێنا، وایزانی مێردەکەی شێرە، دوو گوللەی تێ گرت و کوشتی.»

ئەنجام:

«ئەگەر هاوسەرەکەی تۆش هەروا دەمارگیرە، ئەوا بزانە بە چ شێوەیەک دەگەڕێیتەوەماڵەوە. چەکەکانت هەمیشە لە جێگایەکی باشدا بشارەوە، تاوەکوو نەکەوێتە دەست ژنەکەتەوە!»



Scanned by TapScanner

## زەماوەندی دەرەبەگی

تازە کۆلێجی پزیشـــکیم تەواو کردبوو، خۆم بۆ دیداری دەورەی پسپۆڕی ئامادە دەکرد. لە دانیشتنی میوانداریەکەدا، ئاشنایەتیم لەگەڵ «نازێ»دا پەیدا کرد.

هەر لە یەکەم چـاوپێکەوتنەوە وا پەشـــۆکـانـدمی و دڵی بردم. بێگومان «لەیلا و مەجنون» و «ڕۆمیۆ و جوڵیێتیش» عەشـــقەکەیان ئاوا کاریگەر نەبووە! نازێ چ ئاگایی لە من نەبوو، بەڵام هیچ کاممان ئەو غیرەت و ئازایەتییەمان لە خۆماندا بەدی نەدەکرد، تا عەشـــقی خۆمان بۆ یەک دەرببڕین.

شـەوێکیان کە لە کەناردەریا پیاسـەمان دەکرد، دڵم خستە دەریاوە و لە نازێم پرسی:

«تا ئێستا دڵداریت کردووە؟»

بە گرژییەوە گوتی:

«ماوەیەکە چاوەڕێی ئەو پرسیارەم.»

لە مەبەستی نەگەیشتم، گوتم:

«بۆچی؟»

«چونکە زۆربەی کوڕان ســەرەباســی قســەکانیان بەو پرســیارە دەکەنەوە.»

منیش پێکەنیم و گوتم:

«باشە، چ نەنگییەکی تێدایە. شتێکی زۆر ئاساییە.»

نازێ بە خەیاڵدا چوو و وەڵامی نەدامەوە.

دوای ئەوەی چەند سەعاتێکی دی پیاسەمان کرد و قسەی دیمان کرد، بەبێ ئاگای لە پڕا بەبێ ئەم لاو ئەو لا گوتی:

«من تا ئێستا عاشقی کەس نەبوومە.»

ئەو شەوە تا بەیانی لە فکری ئەودا بووم، باشە من بۆچی بەو پرسیارە نازێم نارەحەت کرد و ئەویش دوای ماوەیەک جا وا بە کورت و موختەسەری وەڵامی دامەوە.

گەرچی زۆر بە ڕوون و ئاشکرا گوتی تا ئێستا عاشق نەبووم، بەڵام هەستم کرد درۆی دەکرد، بەلایەنی کەمەوە دووسێ جار عاشقایەتی کردووە و سێچوار جار بردوویانەتە گەشت و چەند پەیمانی داوە و هەڵگەڕاوەتەوە. لەوانەیە ئەویش لەوێ وا تێگەشتبێ، کە من لە ڕابردووی ئەو ئاگادار بم، بۆیە بە پرسیارەکەم نارەحەت بوو.

ئەوەندە گیرۆدەی بووبووم، ئەگەر سێچوار مێردیشی کردبووایە بەلامەوە گرنگ نەبوو.

دیسان شەوێکی دی لە ماڵی دۆستێک میوان بووین، زۆرمان خواردبووەوە، کاتێ لەگەڵ نازێ سەمام دەکرد، هەر لەخۆمەوە گوتم:

«نازێ گیان، ئامادەیت بتکەم بە هاوسەری خۆم؟»

نازێ بە شێوەیەک دایە قاقای پێکەنین، زۆربەی میوانەکان سەیریان دەکردین. وا گێژ بووبووم، گچکەترین شتم نەدەبینی، بەڵام زانیم قسەیەکی خراپم کردووە.

دوای تۆزێ بێدەنگی، گوتم:

«ئەگەر بە قسەکەم نارەحەت بووی، من پەشیمانم.»

بەلام هەمدیسان وەلامی نەدایەوە.

دوای ئەوەی سەمایەکە تەواو بوو، بەرەو بانیژەکە ڕۆیشتین و پشتمان بە دالدەکە دا. دووبارە من سەرەباسم کردەوە:

«بۆچی نارەحەت بووی؟»

نازێ زۆر بە توورەییەوە سەری هێنایە پێشەوە و گوتی:

«تۆ خێزانی من دەناسی؟»

«نا!»

«باوکم دەناسی؟»

«نەخێر!»

پێی سەیر بوو، کە من خاوخێزانی ئەو ناناسم، گوتی:

«چۆن دەبێ؟»

«ئەوە ڕاستییەکەیە. بۆ درۆ بکەم.»

لەم پرسیار و وەلامانە تێگەشتم کە خێزانەکەی یان زۆر هەژار و دەستکورتن، یان خورەوشتیان لاوازە. گوتم:

«نازێ گیان، خێزانەکەتان هەرچییەک بن، هیچ پەیوەندییەکی بە منەوە نییە. خۆ من نامەوێ لەگەل خێزانەکەتاندا زەماوەند بکەم، من تۆم خۆشدەوێ و تۆم دەوێ. گرنگ نییە بۆم کە باوکت گسکەوان بێت یان دەرگاوان، یاخود ئەندامانی خێزانەکەت باش بن یان بەدکار بن، بۆ من هەروەک یەکە.

سەری هێنایە پێشەوە و بە سەرسوورمانەوە گوتی:

«کەواتە تۆ باوکم ناناسی؟»

بە سەرلەقاندن گوتم:



Scanned by TapScanner

«نا! هێشتا لێم نەکۆڵیوەتەوە.»

بەو قسەیەم دڵخۆش بوو گوتی:

«کەوابێ هەر بژی عیشقی ڕاستەقینە!»

ویستم درێژە بە قسەکانمان بدەم، بەڵام ئەو دەستی ڕاکێشام و تا ناوەندی سەر شانۆی سەماکردنەکەی بردم. هەتا نیوەی شەو، بێ ئەوەی قسەیەکی دی لەو بارەیەوە بکەم، سەمامان کرد و مەیمان نۆشت و گۆرانیمان گوت. بەیانی ئەو ڕۆژە کە هۆشم هاتەوە سەرەخۆم، بڕیارم دا، لە خێزانی نازێ بکۆڵمەوە.

کاتێ زانیم باوکی چ کارەیە ، ترس و سامێکی وەهام کەوتە دڵەوە، چی وای نەمابوو دڵم ڕابوەستێ. تێگەشتم ئەو کچە بێچارەیە هەقی بوو بە پێشنیازەکەی من وا بداتە قاقای پێکەنین و گاڵتەم پێ بکا. ئەگەر لە ڕۆژی یەکەمەوە بمزانیایە کچی پیاوێکی وا گرنگ و سەرمایەدارە، چۆن ئەو هەڵەیەم دەکرد! پێشنیازم کرد بیکەمە هاوسەری خۆم. هەزاران گەنجی جوان، پایەدار و خوێندەوار ئارەزووی هاوسەریی ئەو لە کەللەی داون.

بە جارێ ئومێدم لێ بڕا، تێگەشتم کە دەبێ ئەو عەشقە بە سۆز و کاریگەرەش، لەگەڵ خۆمدا ببەمە گۆڕەوە. جا وا داشماننا نازێ منی ویست و خێزانەکەشی لەو بۆیەکبوونەمان قایل کرد، ئەی خەڵکی چی دەڵێن؟ هەموو وا دەزانن من لەبەر خاتری پایەکەی باوکی و سەرمایەکەی ئەو کارە دەکەم.

بڕیارم دا بە هەموو شێوەیەک خۆم لەدەست ئەو بەدبەختییە دەرباز بکەم و چاودێری عیشقی دڵم بکەم و بە سووتانی دڵخۆش بم. بڕیارم دا لەوە بەدواوە گۆشەگیری بۆ خۆم هەڵبژێرم و نەچمە میوانداری و تێدەکۆشم کە جێگەیەک نازێی بچێتێ، پێ لەوێ نەنێم و تا جارێکی دی ڕووبەڕووی نەبمەوە.



Scanned by TapScanner

نازی چەند جار دەینارده دووم که بڕۆمه دیدەنی، هەرچەنده زۆر به حەزرەتی بینینی بووم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لام بۆ نەدەکردەوە.

هەتا له تەواوکردن و بینینی دەورەی پسپۆڕییەکەشدا پاشگەز بوومەوه و بڕیارم دا بچمه سەربازییەکەم. کاتێک خەریک بووم جانتاکەم دەبەستایەوه تا بچمه خزمەتی سەربازییەکەم، دایکم هاته ژوورەوه و گوتی:

«کچێک ئیشی پێته.»

هەر دڵم تەقی و زەندەقم چوو. نەمدەزانی چی بکەم. بەدوای چارەیەکدا دەگەڕام، بەڵام نازێ وەژوورکەوت. به هاتنی کچێکی سەرمایەدار و دەوڵەمەندی وا بۆ ماڵی هەژارێکی وەک من، شەرمەزار بووم و هەوڵم دا زۆر به جدی و ڕەسمی ڕەفتار بکەم، بەڵام نازێ لەبەر سۆز و خرۆشی ئاگای له من بڕا بوو. بەبێ ئەم لاو ئەو لا گوتی:

«بۆچی له دەستم هەڵدێی؟»

دەمم وشک بووبوو، نەمدەزانی چ وەڵامێکی بدەمەوه. زۆر به زەحمەت و لەسەرخۆ و به شێوەیەکی پچڕ پچڕ گوتم:

«نا، بۆچی! بۆچی!»

لەسەر ئەو تاکه کورسییه دارەی لەتەنیشت قەرەوێڵەکەمەوه بوو، دانیشت و گوتی:

«تۆ منت زۆر خۆشدەوێت، هەتا پێشنیاری هاوسەری منت کرد، دوایی چی بوو؟»

دووباره من بێدەنگ بووم. کەفی سەر زمانم له دەمم هاتبووه دەروه و کاکیلەکانم له دەمم کلیل درابوون.

نازێ دووباره بێدەنگیەکەی شکاند و گوتی:

«بیستم گوایە دەتەوێ بچیتە سەربازی، ڕاستە؟»

«بەڵێ، دەڕۆم.»

زۆر بە پەلە گوتی:

«من ئێستا پێشنیاری هاوسەریەتیت دەکەم، ئامادەی لەگەڵ مندا زەماوەند بکەی؟»

وەک ئەوەی چەکوچێکم لە سەرم بدەن، دڵم وا گوشرا بوو کە هەناسەم بۆ نەدەهات. سەرم هەر شۆر کردبووەوە، وەڵامم دایەوە:

«نا، نازێ، نا، ناتوانم!»

کەمێک بێدەنگ بووین. لەژێر چاوەوە سەیریکم کرد، وەک پلنگێک تیری پێ کەوتبێ خۆی پێچابووەوە. بۆ ئەوەی ڕق و قینەکەی نەهێڵم بۆم ڕوونکردەوە و گوتم:

«من نەمدەزانی باوکی تۆ چ کارەیە، بەڵام ئێستاکە تێگەشتم، ناتوانم، نا، ناتوانم!»

نازێ کە بینی دەخواردەوە و هەوڵی دەدا نەگریی، وەڵامی دایەوە:

«ڕاست دەکەی، من ڕۆژانی سەرەتا وامدەزانی تۆ هەر لەبەر خاتری پارە و سەرمایەکەم منت دەوێ و دەمخوازی، بۆیە گاڵتەم پێ کردیت، بەڵام ئێستا تێگەیشتم، کە تۆ منت دەوێ.»

«جا وایە، بەڵام خەڵکی تێناگەن، هەموو وا بیر دەکەنەوە من تەنیا لەبەر سامان و پایەی باوکت تۆ دەخوازم. ئاخر من بەرگەی ئەو قسانە ناگرم.»

نازێ کە نەیدەتوانی گریانەکەی ڕابگرێ، گوتی:



Scanned by TapScanner

«ئەگەر بە ڕاستی منت خۆشدەوێ وەرە بمخوازە. لە دایکم و باوکم و لە هەموو سامانەکەم چاو دەپۆشم و دوای تۆ دەکەوم. هەر کوێیەک تۆ بتەوێ دەڕۆین، هەتا بۆ سەربازیش بێ لەگەڵت دێم.»

دەمزانی کە ئەو قسانە لە ناخی دڵیەوە دەکا، بەڵام ئەی بەیانی لە بووکێنییەکەی چی دەوێ و تاکەی لەسەر ئەو قسە و بڕیارەی خۆی دەمێنێتەوە، نازانم؟ هەر هیچ نەبێ ئەو تەمەنێکی پڕ لە ناز و نیعمەتی بەسەر بردووە و تازە ناتوانێ بەرگەی هەژاری بگرێ و بەو ناکامی و سەختییەوە بژی.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشەوە، نەمتوانی لە بەرانبەر ڕووی پڕ ناسە و میهرەبانی و چاوی پڕ فرمێسکی ئەوەوە خۆم ڕابگرم. ئاخر من لە دڵ و گیانەوە خۆشمدەویست. بەبێ گوێدانە پێشکەوتنی خۆم، دەستەکانیم گرت و گوتم:

«بە گیان خۆشمدەوێیت، ئامادەم تا دەمرم غوڵامی گوارەی گوێت بم.»

بەکورتی، بەبێ ئەوەی کەس ئاگادار بکەینەوە، بڕووسکە ئاسا زەماوەندمان کرد و کەوتینە نەوبووکییەوە.

خوا قبوڵ ناکا نازێ چۆن بەڵێنی پێ دابووم، هەر وا بوو. لەگەڵ فەقیری و نەبوونی من دەگونجا و ژنێکی بێهاوتا و خانومان بوو. بەڵام خۆ دەمی خەڵکی نابەستری! هەر لە بەیانی نەوبووکییەوە، زام و برینی خەڵکی دەستی پێ کرد، بەڵام خەزوورم بە پێچەوانەی خەڵکییەوە مرۆڤێکی دنیادیدە بوو، سارد و گەرمی ڕۆژگاری چەشتبوو. کاتێ تێگەشت من بۆ دەمکوتکردنی خەڵکی زۆرڕەو بە هیچ جۆرێ داوای یارمەتی لەوان ناکەم، زۆری خۆشدەویستم. بەڵام خەسووم لەم کارەم زۆر دڵی ڕەنجا و ئەو کارەمی بە فیز و خۆپەسەندی دەزانی.



Scanned by TapScanner

هەرچەندە ڕۆژی مارەبییەکەی خۆم لە هەمووان شـــاردەوە، تەنیا دوو کەســـی هاوڕێم بۆ شـــاهیدی دەعوەت کرد، بەڵام چی! کاتێ وەژوورکەوتم و دانیشتین، سەر و کەڵلەی وێنەگران و هەواڵدەرەکان پەیدا بوون. کاتێک خەریکی ئیمزاکردنی دەفتەری بڕیارەکەم بووم، فلاشی کامێراکان کەوتبوونە کار و وێنەیەکی زۆری ئێمەیان گرت. کە لە دانیشـــتنەکەش تەواو بووین و هاتینە دەرەوە، کۆمەڵێکی زۆریش لەبەر دەرگای جێگای دانیشـــتنەکەمان بۆ ســـەیرکردنی ئێمە وەســـتا بوون. ئێمەیان بە یەکدی نیشـــان دەدا و شـــتیان بە گوێی یەکدیدا دەچرپاند.

یەکێکیان کە کڵاوێکی کاسـکێتی لەســـەر بوو، لە ناوەڕاســـتی ئەو کۆمەڵە خەڵکەوە، هاتە دەرەوە و پرسی:

«کامە مێردی خاتوو نازێیە؟»

چەند کەسێک بە ئیشارەتی دەست منیان نیشان دا، پیاوە کاسکێت بەسەرەکەش هاتە پێشەوە و کڕنۆشی برد و گوتی:

«قوربان، ئۆتۆمبێل ئامادەیە!»

«ئۆتۆمبێلی چی؟»

«باوکی خاتوو نازێ ناردوویەتی!»

بە نارەحەتییەوە گوتم:

«سوپاستان دەکەین، پێویستمان بە ئۆتۆمبێل نییە!»

دەستی نازێم گرت و بە تەکسییەک ڕۆیشتین. تەماشام کرد چەند کەسێک لەپشت سەرمەوە پسەپسیان دەکرد و ئەو وشانەم بەر گوێ دەکەوت: «مێردی خاتوو نازێ».

لەنێو تەکســـییەکەدا، نازێ بە عیشـــق و نازێکی تایبەتی بووکانەوە گوتی:



Scanned by TapScanner

«ئازیزم، خۆت نارەحەت مەکە! لە شـــارە گەورەکان ئەم قسـانە زۆرە. دەچینە جێگایەک ئیدی کەس نەماننناسـێ و دەردەسـەریمان بۆ دروست نەکا.»

ڕۆژنامەکانی بەیانی، وێنەکانی زەماوەندی ئێمەیان چاپ کردبوو. هەنـدێکیـان داواکـاری و داخوازی سـەیریـان لەژێر وێنەکـانەوە نووسیبوو.

یەکێکیان لەژێر وێنەکەی منەوە نووسیبووی:

«مێردی خاتوو نازێ.»

یەکێکی دیان نووسیبووی:

«مێردی نازێ پزیشکێکی لێهاتووە.»

سێیەمیان نووسیبووی:

«مێردی خاتوو نازێ بە پایە و پیاوەتی خۆی، هێژاییەکی چاکی دا بە خێزانی نازێ!»

چوارەمیان نووسیبووی:

«هیوای سەرکەوتنی مێردی خاتوو نازێ، لە خودا داوا دەکەم!»

چەند ڕۆژێک دوای مانگی هەنگوینی، دایکم گوتی:

«کوڕم فکرم نەدەکردەوە ژنەکەت ئەوەنـدە بـاش بێ، زۆر زۆر هۆگری ماڵی هەژاری ئێمە بوو، بەڵام شتێک هەیە.»

«چییە؟»

«لە گەڕەکەکەمان تا دوێنێش پێیان دەگوتم «داپیرە»، بەڵام ئێستا بە «خەسـووی خاتوو نازێ»وە بانگم دەکەن. هەتا تەرەفرۆشـی

سەرکۆلانەکەش، لیستی حسابەکەمی بە ناوی «خەسوویی خاتوو نازێ»وە تۆمار کردووە.»

تێگەشتم کە دایەم نارەحەتی چییە. گوتم:

«دایە گیان، نارەحەت مەبە. هەموو شتێک بە تێپەڕبوونی کات خۆی لە خۆیەوە نامێنێ.»

ڕۆژی دواتر یەکێ لە دەرگای دا. ژنەکەم چوو تا دەرگاکە بکاتەوە، من هەر لە ژوورەوە گوێم لە قسەکانی ئەو کەسەی بەردەرگا بوو، بیستم:

«مێردی خاتوو نازێ لێرە دادەنیشێ؟»

دەمودەس هاتمە دەرەوە و بەو برادەرەم گوت:

«نەخێر، ئێرە ماڵی کاک «مەتین»ە، ئەمرێکت هەیە؟»

ئەو برادەرەشی کە پاکەتەکەی بە دەستەوە بوو، دەستی درێژ کرد:

«دیاری جەژنی زەماوەندم هێناوە!»

بەکورتی، ڕۆژی چوارپێنج جار لە دەرگای ماڵەوەیان دەدا و هەموویان سۆراخی مێردی خاتوو نازێیان دەکرد. نازێ تێگەیشتبوو من بەم وەزعە زۆر نارەحەت بوومە، جا دڵی دەدامەوە بۆ ئەوەی بتوانم هەرچی زووتره کۆتایی بەم وەزعەم بێنم، بڕیارم دا بڕۆمە سەربازییەکەم.

کاتێ خەریک بوو سواری شەمەندەفەر بم، خانمێکی بە تەمەن هاتە پێشەوە و گوتی:

«ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم، ئەوا تۆ مێردی خاتوو نازێی؟»

«بەڵێ، وایە.»

«پیرۆزبایی زەماوەندکردنتان لێ دەکەم!»

دواجـار ددانـم نـا بە جەرگـی خـۆمەوە و چـوومە خزمەتی سەربازییەکەم، تاوەکوو ئەم قسانە کۆن ببن و بەسەرچن. لە کۆلێجی ئەفســەرییەکە نەک هەر تەنیـا هـاورێکـانم، هەتـا فەرمـاندەی کۆلێجەکەشــمان جاربەجار بە ناوی مێردی خاتوو نازێوە بانگی دەکردم.

خەیاڵتان بۆ ئەوە نەچێ و وا نەزانن مەبەسـتی ئەوان سـووکردنی من بێ و بیانەوێ ئازام بدەن، بەڵکوو بۆ بەرزکردنەوەی کەسـایەتیم ئەو قسانەیان دەکرد.

بۆ نموونە؛ یەکێ لە هـاورێکانم کاتێ بیویســتایە بە یەکێکی دیم بناسێنێ، دەیگوت:

«مێردی خاتوو نازێیە!»

هەموو ئەو برادەرانەی لەگەڵمدا بوون، ڕەوانەی قەزا دوورەکانی شــاریان کردن، بەڵام من لەبەر خاتری ئەوەی مێردی خاتوو نازێ بووم، لە نەخۆشخانەی گەورەی شارەکەی خۆمانیان هێشتمەوە.

لەبەر ئەوەی کە نەمدەویســت لە شــاردا بمێنمەوە، نامەیەکم بۆ خەزوورم نووسـی و تکام لێی کرد پشتگیریم لێ نەکات و ڕێگا بدا لە کوێ پێویستی هەیە بمنێرنە ئەوێ.

بێگومان نووســینی نامەیەکی وا بۆ کەســێکی وەک ئەو ڕاسـت نەبوو، بەڵام خەزوورم نـاڕەحەت نەبوو، بەڵکوو زۆریش بـاسـی خووڕەوشـتی منی کردبوو. وەڵامی دامەوە گوتی کە لە ناردنی من بۆ نەخۆشـخانەی شـار بێئاگایە و بە کەسـیشـی ڕانەسپاردووم! لەگەڵ هەموو ئەمانەشـــدا، منیان لە نەخۆشـــخانەی گەورەی شـار دانا و ڕێگایان نەدا بڕۆمە شارەکانی دی.



Scanned by TapScanner

له نەخۆشـــخانەش هەرهەموویان منیان بە ناوی «مێردی خاتوو نازێ»وە دەناسی. هەروەکوو پێشتر ئەو ڕستەیە کەوتبووە دەمی ئەو خەڵکەی لە نەخۆشـــخانەکادا بوون و هەموویان بە ناوی «مێردی خاتوو نازێ»وە بانگیان دەکردم.

لە هەموو ئەمانەش خراپتر کە بیری لێ بکەنەوە، من ئەو قسـەیەم پێ خۆش بوو، بەڵام هەندێکیان هەتا دەنگیان تێدا بوو بەم ناوەوە بانگیان دەکردم.

پاش تەواوبوونی خزمەتە سـەربازییەکەم، نازێ پێشنیازی کرد بۆ تەواوکردنی دەورەی پسپۆڕی بچمە ئەورووپا، من گوتم:

«نا، ئەگەر بچمە ئەورووپا، خەڵکی ئەو کاتە دەڵێن باوکت یارمەتی داوین، بۆیە من پســـپۆڕیم گەرەک نییە. وەرە بۆ خۆمـان بڕۆینە شارێکی دوور و لە کەنار ئەوێ بژین.»

ژنەکەم قایل بوو، بڕوبوزگوڕەکانمان بەستەوە و بە شـەمەندەفەر چووینە یەکێ لە شارەکانی سەر سنوور، تا دەستی کەسمان نەگاتێ.

کە گەیشتینە ئەو وێستگەیەی مەبەستمان بوو، چەند کەسێک گوڵی زل و گەورەیان هەڵگرتبوو و بە پێشـــوازیمانەوە هاتن. پیاوێکیان کە جلی ڕەشـــی پۆشـــیبوو، بە پێش هەموویان کەوتبوو، لە مەئمووری شەمەندەفەرەکەی پرسی:

«کامە مێردی خاتوو نازێیە؟»

مەئمووری شەمەندەفەرەکە منی پێشان دان. دەستەگوڵەکانیان هێنا پێشـــەوە و پیاوە ڕەشـــپۆشـــەکەش (کە هەڵبەتە دوایی تێگەیشـــتم ســـەرۆکی شـــارەوانی بوو ) بۆ ڕێزلێنانی من ســـەرئەژنۆی ڕەش کردبوو، گوتی:

«یاخوا بەخێر بێی جەنابی دکتۆر! شــارەکەمان زۆر پێویستی بە پزیشکانی وەک ئێوە هەیە.»

خەریکبوو لە ڕقاندا شــێت دەبووم. بە ڕق و بێزارییەوە وەڵامم دایەوە:

«باشــــە هەموو ئەو دکتۆرانەی دێنە ئێرە وا پێشــوازیان لێ دەکەن؟»

ســەرۆکی شــارەوانی و هاوڕێکانی بەو قســەی من زۆر ناڕەحەت بوون، دەی هەقیــان بوو، چونکە ئەگەر منیش مێردی خــاتوو نازێ نەبوومایە هەرگیز نەمدەوێرا قسەیەکی وا لەگەڵ سەرۆکی شارەوانیدا بکەم.

سەرۆکی شارەوانی بێ ئەوەی خۆی تێک بدا، گوتی:

«بەڵێ، تا ئەوەی بۆمان کرابێ کاروباری حەســــانەوەی ئێوەمان جێبەجێ کردووە. ئەگەر پێویســتیشــتان بە شــتێ هەبوو ئەمر کەن، بۆتان ئامادە دەکەین.»

چیدی وەڵامم نەدایەوە و کەوتینە ڕێگا.

بەردەم وێستگەکە زۆر قەرەباڵغ بوو، هەموو لەسەر سەری یەکدی سەریان هەڵدەکێشا و هەوڵیان دەدا چاکتر مێردی خاتوو نازێ ببینن. ناوەکەم لەپێش خۆمەوە گەیشــتبووە شــار و لە هەموو دانیشــتنێکدا داســتانی منیان دەگێڕایەوە. ژنەکەم بە هۆی ئەم کارەســاتەوە، لە من زیاتر ناڕەحەت بووبوو. لەپێناو پاراســتنی ئابڕووی من هەر کارێکی لەدەســت بهاتایە ئەنجامی دەدا و لە هەموو کۆبوونەوەیەکدا چەند جاران ناوەکەی منی دووبارە دەکردەوە، بەڵام ســوودی چی بوو، کەســێ نەبوو بە نــاوی «دکتۆر مەتین»ەوە بانگم بکا. لەبەر ئەوە بڕیارم دا ماوەیەک بڕۆمە ئەورووپا و تا من دەورەی پســپۆڕیەکەم تەواو دەکەم، بە تێپەڕبوونی کاتەکە ئەو کێشــەیەش نامێنێ. بەڵام چ

هەڵەیەکی گەورە بوو! کاتێ گەیشـــتینە پاریس، باڵوێزێکی گەورە، کچەکەی ناردبوو تا پێمان ڕاگەیێنێ کە کاروباری حەسانەوەی ئێمە لە هەموو ڕوویەکەوە جێبەجێ کراوە. شـــەوێکیش هەر بە زۆر، بۆ نانخواردن بانگی کردین و کاتێکیش ویســـتی من بە میوانەکانی دی بناسێنێ، بە ڕێز و فیزێکی زۆرەوە گوتی:

«مێردی خاتوو نازێتان پێ بناسێنم؟»

بەم شـــێوەیە لە پاریســـیش، لە هەموو شـــوێنێ بە ناوی «مێردی خاتوو نازێ»وە ناسرا بووم!

هەتا لە یەکێ لە ڕۆژنامەکانی پاریس، ناوەکەم بەم شـــێوەیە نووسرا بوو: «مسیۆ مێردی مادمو موازێل».

ژنەکەم بەو پەڕی نارەحەتییەوە گوتی:

«مەتین گیان، بڕۆینە ئەمریکا!»

سەیری وەزعەکەم کرد چارە نەبوو، قایل بووم و چووینە ئەمریکا. بەڵام وا نەزانن حەســـامەوە، ئەمریکا ئاســـانە، بەڵام خۆ بچوومایەتە بۆشاییئاسمانیش، لەم ناوە ڕزگارم نەدەبوو.

لەو کاتەدا ژنەکەم زا و کوڕێکمان بوو. ئیدی لە بەختەوەری زیاتر هیچی دیمـان نەبوو، تەنیـا ئەم نـاوە «مێردی خـاتوو نـازێ» نەبێ شیرینی ژیانی لێ تاڵ کردبووین. بەڵام ئەوان هەر سووربوون لەسەر ئەوەی من بە ناوی خاتوونەکەمەوە بناسێنن.

بە خۆمم گوت:

«ئەگەر بتوانم کارێکی گەورە و قارەمانانە ئەنجام بدەم و ناو و شوهرەتم بگاتە گوێی هەموویان، ئەوا لەم بەدبەختییە ڕزگارم دەبێ.

بێگومان گەیشـتنە پایەیەکی ئاوها، ئەوەندە ئاسـان نەبوو، بەڵام بە هەر هەوڵ و تێکۆشـانێک بوو، بە ئارەزووی خۆم گەیشـتم و توانیم

کورسی مامۆستایەتی لە یەکێ لە کۆلێجە گەورەکانی ئەمریکا بەدەست بێنم و تیایدا کار بکەم.

ڕۆژێک کە بە بۆنەی سەرکەوتنەکانی منەوە، ئاهەنگێکی گەورە بە ئامادەبوونی مامۆستایان و کەسایەتییە هەڵکەوتووەکانی زانست و ڕۆژنامەنووسەکان ساز کرابوو، وەزیری زانیاریی منی بە ناوی «پرۆفیسۆر مەتین مێردی خاتوو نازێ»وە بە هەمووان ناساند.

ڕۆژنامەکانیش «مێردی میس نازێ»یان نووسیبوو. بەکورتییەکەی زۆربەیان پێیان دەگوتم: «نازیز هابەند» یان «پرۆفیسۆر نازێ».

لەو هێنومنهێنەدا بوو، لەلایەن وڵاتی کۆنگۆوە داوا کرابوو کە چەند دکتۆرێک بنێردرێ بۆ ئەوێ.

ژنەکەم گوتی:

«ئازیزم چیتر حەسامەوە، وەرە با بچینە کۆنگۆ.»

هەر بۆ ئەوەی لە ناوی «مێردی خاتوو نازێ» ڕزگارم بێ، ئامادە بووم هەتا تەوەرەی باکووریش بوایە بچووبمایە، بەڵام کاتێ لە فڕۆکە دابەزین، وەزیری تەندروستی کۆنگۆ کە بۆ پێشوازی ئێمە ئامادا بووبوو، بە خانمەکەمی گوت:

«خاتوو نازێ، بەخێر بێیت بۆ وڵاتەکەمان!»

دوایش بە ڕێزەوە بە منی گوت:

«پرۆفیسۆر نازێ، بەخێر بێی. ئومێدەوارم ژیانێکی خۆش لە وڵاتەکەمان بەسەر بەریت.»

•

بە بیستنی ئەو ڕستەیە چی وای نەمابوو دڵم ڕابوەستێ. قۆڵی ژنەکەم گرت و بە زۆر تا پێش ئۆتۆمبێلەکە چووم. بە یەکەمین فڕۆکە لە کۆنگۆ گەڕامەوە.



Scanned by TapScanner

ژنەکەم گوتی:

«ساڵەهایە لە وڵاتەکەمان چووینەتە دەرەوە، ئێستا بە تێپەڕبوونی کات هەموو شـــتێک گۆڕاوە. ئەگەر حەز دەکەی با بۆ هەمان جێگا بگەڕێینەوە.»

گەڕاینەوە تورکیا. لە یەکێ لە کۆبوونەوە نیشـــتیمانییەکانی، کە بە بۆنەی گەڕانەوەی ئێمە بەرپا بووبوو، یەکێ لەپشـــت ســـەرمەوە بوو، منی بە ئەوانی دی ناساند:

«مەگەر نایناسنەوە؟ مێردی خاتوو نازێیە!»

ئیتر خەریک بوو بە ڕوویدا بتەقمەوە! بەڵام چارە نەبوو. ژن و منداڵم هەبوو.

لە وڵاتی ئێمەدا، هەموو شـــتێک بە گوێرەی ســـامان و دارایی کەســـەکانەوە هەڵدەســـەنگێندرا. منیش بۆ ڕزگاربوون لەم ناوە نەفرەتییە، بڕیارم دا پارە کۆ بکەمەوە. هەڵبەتە هەمووتان دەزانن کە لە وڵاتی ئێمەدا ئەگەر یەکێ خاوەنی چەند سیفاتێک بێت، ئەوا زۆر بە ئاسانی دەوڵەمەند دەبێ. منیش دەوڵەمەند بوونەکەم زۆر بە ئاسانتر لە بوونە پرۆفیسۆرییەکەم بەدەست هێنا.

زۆربەی دەلاڵەکانی شار بۆ من ئیشیان دەکرد، بە شێوەیەک کە لە هەر کوێیەک نەخۆشـــێکی دەوڵەمەنـد هەبووایە، دەمودەس بۆ نەخۆشـــخانەکەی منیان دەنارد. لە ماوەی ســـاڵێکدا دوو ئاپارتمانی گەورە و ئۆتۆمبێلێکی گرانبەهام کڕی و بڕە پارەیەکی چاکیشـــم لە بانقەکان پاشەکەوت کرد.

دەمویست نەخۆشـخانەیەکی حازریش دروست بکەم، بەڵام قسەی خەڵکی دەهاتە گوێمەوە:



Scanned by TapScanner

«باشیشـه، پیاو کە مێردی خاتوو نازێ بێ، هەموو ئیشێکی بۆ دەکرێ.»

ناکەسانە بە چانە پرۆفیسۆرییەکەی منیان بە هۆی نازێوە دەزانی، سامانەکەی منیان بە ماڵی ئەو دادەنا. بەکورتییەکەی، هەموو شتێکی من لەنێو ناونیشانی خێزانەکەی ئەودا بزر بووبوو.

ڕۆژێکیان لەسـەر جادە پیاسـەم دەکرد، دوو کەس چەند هەنگاوێ لەپێش منەوە دەڕۆیشتن، دەربارەی من قسەیان دەکرد:

«تخواکەی برۆ بۆ لای مێردی خاتوو نازێ، بە یەک جار منی چاک کردەوە.»

بیرم کردەوە ئەگەر ماوەیەک لە ژنەکەم جیا ببمەوە، ئەو ناو و ناوەدەنگییەش نـامێنێ. لەگەڵ هەموو ئەمـانەشـــدا ژنەکەم زۆر خۆشـدەویسـت، بەهانەیەکم بۆ دروسـت کرد و بە تەنیا چوومەوە پاریس. بە پێچەوانەوە ئارەزووی جاری پێشـوومەوە، لەگەڵ چەندین ژن دۆسـتایەتیم دروسـت کرد، بەڵام هیچ کامێکیان لەمانە دەردی منیان دەرمان نەکرد و ناوی نەفرەتی «مێردی خاتوو نازێ»یان لە کۆڵ نەکردمەوە.

گەڕامەوە ئەستەمبوڵ و داوام لە ژنەکەم کرد کە هەر بە یەکجاریی لە یەک جیاببینەوە. نازێ ژنێکی زۆر باش بوو. دەسـتی کردە ملمو گریا، بێ ئەوەی نارەزایەتی پیشان بدا، گوتی:

«نازیزم تۆ هەرچییەکت بوێ، من لەبەر دەستتدام. من تا ئاخیریی عومرم بە چاوەڕوانی گەڕانەوەی تووە دادەنیشم.»

بە چاوی پڕ فرمێسکەوە، دەفتەری تەڵاقەکەی ئیمزا کرد.

وامدەزانی ئیتر کارەکە تەواو دەبێ و لەو بەدبەختییە ڕزگارم دەبێ، بەڵام خراپتر بوو.



Scanned by TapScanner

ئەمجارەیان ڕۆژنامەکان دەستیان بە هەراوهۆریا کرد کە مێردی خاتوو نازێ لە نازێ جیا بووەوە!

شەش ساڵ بە تەنیا مامەوە. لەو ماوەیەشدا هەموو پێیان دەگوتم «کۆنە مێردی خاتوو نازێ»!

لەگەڵ هەموو ئەمانەشەوە شێتانە نازێم خۆشدەویست، بیرم لەوە دەکردەوە کە ئەگەر ژنێکی دی بێنم لەم ناوە نەفرەتییە ڕزگارم دەبێ. ئەمجارەیان لەگەڵ کچی دەرگاوانی ئاپارتمانەکەم، کە ناوی «فاتێ» بوو زەماوەندم کرد. دەمزانی ئیتر کەس بە ناوی «مێردی فاتێ»وە بانگم ناکا.

بەڵام بۆچوونی ئەم کارەشم تەواو دەرنەچوو. هەموویان دەیانگوت:

«تەماشاکە، مێردی خاتوو نازێ لەگەڵ کێ زەماوەندی کردووە!»

ژیانم لێ بووبوە دۆزەخ. هەرچییەکم دەکرد نەمدەتوانی لە «مێردی خاتوو نازێ»وە خۆم ڕزگار بکەم. چوومە لای نازێ و تکام لێ کرد کە با بۆ خۆی شوو بە پیاوێکی دی بکا، بەلکوو بشێ لە ناوی مێردی نازێوە ڕزگارم بێ. نازێ زۆر گریا و زاری کرد، ئامادە نەبوو بە هیچ جۆرێ لە پاش من لەگەڵ کەسێکی دی پەیمان ببەستێ. بەڵام لەبەر دڵی من بەم ئەشکەنجەیەش قایل بوو.

ئەگەرچی ئەم نازناوە نەفرەتییە بە مێردە تازەکەی نازێوە نووسا و گەورە و گچکە پێیان دەگوت «مێردی خاتوو نازێ»، بەڵام منی بێچارە دووبارە نەحەسامەوە و نازناوی «مێردی یەکەمی خاتوو نازێ»یان بەسەردا سەپاندم!

بیستنی مەرگی نازێ زۆر کاری تێ کردم. دەمزانی ئەو بێچارەیە بۆ ڕزگاربوونی من خۆی کوشتووە. بەڵام حەیف، کە مەرگی ئەویش منی لەو نەگبەتییە ڕزگار نەکرد. ئێستا وا دوای سێ ساڵیش بەسەر

تێپەڕبوونی مەرگی نـازێوە، هەمـدیســـان خەڵکی دەڵێن: «مێردە بێچارەکەی نازێ!» ئێسـتا هەقە کە خۆم بکوژم، بەڵێ هەقمە، کەس لە کوشتنی من تاوانبار نییە. ماڵئاوا ئەی دونیای جوان! ماڵ... ئا... وا...

لەو ڕۆژوەی کە دەمویست خۆم بکوژم، ئەوا هەژدە ساڵی تەواوە بەســەر دەچێ. دوێنێ لە ئەمریکاوە «ئینسـکلۆیا»یەکی پزیشـکم پێ گەیشـــتووە. لە جێگای داهێنانەکانەوە، باســـی منی کردبوو و منی بە ناوی «پرۆفیسۆر نازێ»وە بە خەڵکی ناساند بوو.

بە خوێنـدنەوەی ئەم نـاوە بە جـارێ لەشـــم داهێنرا. ڕووداوە ترســـناکەکانی ئەو ڕۆژانەم دەهـاتەوە پێش چاو، خێرا خێرا حەبی خەوم دەخوارد و ئەو نامەیەم دەنووســـی. لە کۆتایی نامەکەدا وردە وردە حـاڵیشـــم تێک دەچوو، چاوەکانم قورس دەبوون، ژوورەکە لەپێش چـاوم تـاریـک بوو، وەک ئەوەی بڵێی هەورێکی ڕەش لە ژوورەکەمدایە. تارمایی ژنێک هاتە پێش چاوم.

ئەو ژنە نازێ بوو، هاتە پێشمەوە، بە گرژییەوە گوتی:

«ئازیزم، خۆکوشتن تۆ ڕزگار ناکات.»

«بۆچی؟»

«بۆ ئەمەشیان بەیانی دووبارە ڕۆژنامەکان دەنووسنەوە «مێردی نازێ، ئەو بێچارەیەی نەیتوانی بەبێ ئەو بژی و خۆی کوشت!»

دیتم ڕاســـت دەکا، بەڵام زۆر درەنگ بوو، حەبەکان خەریک بوو کاری خۆیان دەکرد. گوتم:

«نازێ گیان، هەقی خۆتە، بەڵام وا دەبینی زۆر درەنگە، ناتوانم لەم خەوە قورسەدا بێدار ببمەوە.»

«هەوڵدە، ئەگەر بتەوێ دەتوانی.»

دوایی دەستەکانی بە ڕوومدا کردەوە و گوتی:



Scanned by TapScanner

«وەرە ئازیزم، وەرە باوەشمەوە تا ڕزگارت بکەم.»

بە زۆر لە جێگاکەم قیت بوومەوە و بۆ لای چووم، هەرچەندە من بەرەو ڕووی ئەو دەچووم ئەو زیاتر دەکشـایەوە دواوە. بەم لاو بەو لادا دەهاتم، دەستم بۆ دۆلابە بچووکەکەی کتێبەکان برد و لێوارەکەیم گرت. لە یادمە کە تەپەم لێوە هات و کەوتمە سـەر زەوییەکە و دۆلابەکەشم بەسەردا کەوت. فاتێی ژنیشم لەگەڵ دەنگ و هاوارەکەدا خۆی گەیانـدە ژوورەوە، کە چـاوی بەو حـاڵەم کەوت، بردمیە نەخۆشخانە. لە نەخۆشخانە دوای ئەوەی گەدەیان شوشتم، منیان لە مردنێکی حەتمی ڕزگار کرد. ڕاسـتییەکەی نازێ بوو منی لە مەرگ ڕزگار کرد. ئیدی ئێسـتا بە ناوەکەی ئەوەوە نارەحەت نابم و لە هەر شوێنێکدا ناوی «پرۆفیسۆر نازێ» دەبیستم، بزەم دێتێ.

## دەست بە قسەکردن

ڕێگەم بدەن با جاریَ «سەعید ئاغا» بە خزمەتتان بناسێنم. ئەگەر بمانەوێ کەسێکی بێ بۆ و بێ نیشانە لە ژیاندا نیشان بدەین، ئەوا سەعید ئاغا باشترین نموونەی ئەو کەسانەیە. سەعید ئاغا خەمی نە لە ڕۆژی شادومانی نە لە ڕۆژی پەرێشانی نەخواردووە.

هەتا ئەگەر ڕۆژێ لێی بپرسی: «سەعید ئاغا، لەم وڵاتەدا چەند ئەپارتمان هەیە؟»، ئەوا وەڵامتان ناداتەوە، هەر تەنیا شانی بەرز دەکاتەوە و لچی خواروخێچ دەکاتەوە.

سەعید ئاغا پیاوێکی زۆر سەنگین و بەئەدەبە. هەرچەندە دە ساڵ لە من گەورەترە، بەڵام لە ڕەفتارکردنیدا هەمووان وا دەزانن باوکی منە!

سەعید ئاغا زۆر کەمدوە و تا لە کاتێکدا زۆر پێویست نەبێ قسە ناکا؛ دەم لێک ناکاتەوە.

سەعید ئاغا لەو ویلایەتەی لە باوکییەوە بۆی بەجێماوە، کەوتۆتە دەرەوەی شار. لەگەڵ ژنەکەی و دوو کچەکەیدا ژیان بەسەر دەبا.

سەعید ئاغا ئومێدەوارە کە زاوایەکی چاکی بۆ پەیدا بێ. هەرچەندە لایەکی ویلایەتەکەی چۆڵە، بەڵام بە کرێی نادا و چاوەڕێیە هەرچی زووترە داواکارێکی کچەکەی بێت و ئەو بەشە چۆڵەی ماوەتەوە بیدانە ئەو.

هەموو ڕۆژێ من و سەعید ئاغا لە شەمەندەفەر یەکدیمان دەبینی. ئەگەر لە شەمەندەفەر یەکدیمان نەبینیایە ئەوا لە سەدا سەد لە کەشتی شار کە ئێمەی دەبردە لای کارگێڕییەکەمان یەکدیمان هەر دەبینی.



Scanned by TapScanner

من به هۆی ئەوەی نەخۆشـییەکی قوورس یەخەی گرتبووم، پانزە ڕۆژ لەنێو نوێندا کەوتبووم، لەبەر ئەوە ئاگام لە سەعید ئاغا نەمابوو.

دوای چاکبوونەوەم لە نەخۆشــییەکە، یەکەم ڕۆژ کە چوومەوە کارگێڕییەکەمان ســەعید ئاغام لە شــەمەندەفەر بینی. کاتێ لە شــەمەنـدەفەر دابەزین و بەرەو ئەو کەشــتییەی دەیبردینەوە دەڕۆیشــتین، یەکێک لە هاوڕێیانی کارگێڕیەکەمان ڕووی لە ســەعید ئاغا کرد و پرسی:

«سەعید ئاغا چۆنی؟»

ســەعید ئاغا بەبێ ئەوەی وەڵامی بداتەوە لە ڕۆیشــتنەکەی خۆی بەردەوام بوو.

کاتێ گەیشتینە بەندەرەکە، یەکێ لە برادەرەکانی سەعید ئاغا، لێمان نزیک بووەوە و دوای سەلامکردن، پرسی:

«سەعید ئاغا هەوا چۆنە!»

بەبێ ئەوەی هیچ بڵێ، بە پێچەوانەی ئێمە دەســتی کرد بە ڕاکردن. لە ڕووی سەعید ئاغا ورد بوومەوە بە تەواوی ڕەنگی وای لێ هاتبوو: چۆن گەچ لە کاتێکا هەندێ ئاوی بەسـەردا دەکەیت شـین هەڵدەگەڕێ، ئەویش وای لێ هاتبوو!

دوای پرسیارەکەی ئەو دۆستەی سەعید ئاغا، دەنگێکی دی لەپشت سەرمانەوە گوتی:

«سەعید ئاغا هەوا چۆنە؟»

«سەعید ئاغا دڵتەنگ مەبە، بڵێ بزانم هەوا چۆنە؟»

ســەعید ئاغا بەو پرســیارانە نارەحەت بووبوو، لەگەڵ ئەوەشــەوە هیچ بە ڕووی خۆیدا نەدەهێنا و هەڵویســتێکی وای نیشــان دەدا، کە



Scanned by TapScanner

گرنگی بە قسەی دۆستەکانی نادا. لەژێر سالۆنی ئەو کەشتییەی چاوەڕێمان دەکرد، یەکێ لە دۆستەکانی سەعید ئاغا گوتی:

«سەعید ئاغا سلاموعلیکم.»

من ئەو پیاوەم هەر نەدەناسی، پیرێکی زۆر کەلگەت بوو، کە تا ئەو ڕۆژەش من لە کارگێڕیەکەی خۆمان چاوم پێی نەکەوتبوو.

سەعید ئاغا ڕووی تێ کرد و گوتی:

«سەلام قوربان.»

«سەعید ئاغا چۆنی؟»

«الحمد الله خراب نیم.»

«خوا هەر ساغ و سەلامەتت کا. ڕاستییەکەی هەر نەتفەرموو هەوا چۆنە؟»

سەعید ئاغا وەک چۆن تیرێک لە چلەی کەوان بێتە دەرەوە، وا لە جێگاکەی خۆی قیت بووەوە و کڵاوەکەی هەڵگرت و چووە دەرەوە. بێگومان منیش نەمتوانی دۆستی بیست ساڵەم بە تەنیا جێ بهێڵم و بەدوای ئەودا چوومە دەرەوە. سەعید ئاغا چووە لای تەختەی دانیشتنی کەشتییەکە و منیش دوای کەمێک کە ئەو دانیشت بێ ئەوەی هیچ پرسیارێکی لێ بکەم چووم لە تەنیشتیدا دانیشتم.

من تێگیشتبووم، کە شتێک سەعید ئاغای پەست کردووە، بەڵام نەمدەوێرا هۆی ئەو نارەحەتییەی لێ بپرسم و دۆستەکەم زیاتر تووڕە بکەم.

هەتا هاتنی ئەو کەشتییەی ئێمە دەمانویستن، من و سەعید ئاغا کڕ و بێدەنگ بووین و قسەمان نەکرد. کاتێ لە کەشتییەکە دابەزین، دیسان هاوڕێیانی کارگێڕیمان لەگەڵ سلاموعلیک لە سەعید ئاغایان دەپرسی:



Scanned by TapScanner

«سەعید ئاغا هەوا چۆنە؟»

ئەمجارەیان من تووڕە بووم و ویستم لەو شتە بەشداری بکەم، بەڵام چونکە هیچ ئاگادارییەکم لە سەرتای مەسەلەکە نەبوو، نەمویرا هیچ قسەیەک بکەم. بەڵام لە دڵەوەش ڕازی نەبووم ، ئەم خەڵکە ئەو بەزمە بەو پیاوە سەنگین و بەئەدەبە بکەن.

کاتێ سواری پاس بووین، چیتر توانام نەما و پرسیم:

«سەعید ئاغا، کارەساتێک هەیە لەم نێوەندەدا و من نەمزانیبێ؟ بۆچی هەموویان دەربارەی هەوا، پرسیار لە تۆ دەکەن؟»

بە سەرسووڕمانەوە، سەرتاپا سەیرێکی کردم و پرسی:

«بەڕاستیتە لەم بارەیەوە هیچ نازانی!»

«نا، هیچ ئاگام لێی نییە.»

«زۆر باشە، کاتێک عەسر کارەکەمان تەواو بوو و سواری کەشتی بووین، هەموو شتێکت بۆ دەگێڕمەوە.»

ئەو ڕۆژە تا عەسر هەموو هۆش و خەیاڵم لەلای سەعید ئاغا بوو. بە جۆرێک کە دیار بوو لە ماوەی ئەو پانزە ڕۆژەی من نەخۆش کەوتبووم، کارەساتێک بەسەر ئەو پیاوە بەئەدەبەدا هاتبوو و من لێی بێئاگا بوومە. هەمان ڕۆژ بۆ عەسر لە بەندەری کەشتییەکە یەکدیمان بینیەوە.

سەعید ئاغا داوای کرد کە بەو کەشتییە نەڕۆینەوە و چاوەڕێی کەشتییەکەی دوای ئەوە بکەین.

تێگەیشتم کە بۆچی سەعید ئاغا نایەوێ لەگەڵ ئەو کەشتییە بڕواتەوە، چونکە هاوڕێکانی تری کارگێڕیەکەمان، سواری ئەو کەشتییە بووبوون و نەیدەویست ببێتە مایەی گاڵتەجاڕی ئەوان. لەسەر قسەی ئەو چاوەڕێی کەشتی دواترمان کرد.



Scanned by TapScanner

سەعید ئاغا لای فرۆشیارەکە یەک کیلۆونیو ماسی ئازادی کڕی. دوای ماوەیەکی دیش لە بەندەر چاوەڕیمان کرد و جا سواری کەشتی سەعات هەشت و دە دەقە بووین و بەرەو ماڵ کەوتینە ڕێ.

تەڕی لەشی ماسییەکان ڕووی پاکەتەکەی تەڕ کردبوو، لەوانەبوو ئەگەر چەند دەقەیەکی دی وا بمابووایەوە، ئەوا پاکەتەکە دەدڕا و ماسییەکان دەکەوتنە خوارەوە.

سەعید ئاغا چاوی لێ بوو. توند توند دەمی ماسییەکانی بەستەوە و نەیهێشت بکەونە خوارەوە. من و سەعید ئاغا بە جووتە، لەسەر کورسی کەشتییەکە دانیشتین، سەعید ئاغا گوتی:

«جا تۆ ئێستا هیچ ئاگات لە مەسەلەکە نییە؟»

لەو کاتەدا پیاوێکی دی، کە ئەویش هەر لە دۆستانی کارگێڕیمان بوو، گوتی:

«سەعید ئاغا هەوا چۆنە؟»

سەعید ئاغا بێ ئەوەی هیچ وەڵامێکی بداتەوە، لە جێگاکەی خۆی هەڵسایەوە و بەرەو ساڵۆنی کەشتییەکە ڕۆیشت. دووبارە من بە دوایەوە چوومەوە ساڵۆنەکە.

کاتێ لەگەڵ سەعید ئاغا لە ساڵۆنەکە پیاسەمان دەکرد، سەعید ئاغا گوتی:

«دۆستی ئازیزم، زۆر وریای خۆتبە، ئەگەر یەکێ پرسیاری هەوا و ئەو جۆرە شتانەی کرد، تۆ بۆ خۆت خێرا ڕاکە، ئەگەر ناچاریش بووی و نەتتوانی هەڵبێی هیچ مەڵێ، چونکە ئەو جۆرە کەسانە بە پرسیارکردنی هەوا دەست پێ دەکەن، تا کار دەگاتە ئەوەی ئاگات لە خۆت نامێنێ و تووشی مەترسییەکت دەکەن.



Scanned by TapScanner

چونکە دوای پرســـیارکردنی هەوا، جا مەوزووعی ئاو دەکاتەوە ماوەیەک باسـی ئاو و هەواش دەکا، ئەوجا قسـە دێنێتە سـەر خاک و زەمین. ئیتر تۆش بێ ئەوەی ئاگات لە خۆت بمێنێ، دەبینی وا دەسـتت بە باس و قرەوگاڵە کردووە.

نزیکەی دە ڕۆژ لەمەوپێش، سـوواری شـەمەنـدەفەر بووم و لەتەنیشـت پیاوێکەوە دانیشـتم. دووسـێ دەقە بێدەنگ بووین، تا ئەو پیاوە گوتی:

«هەوایەکەی چەند ناخۆشە!»

تۆ خۆت باش دەزانی من ئەو جۆرە کەسـانەم خۆشـناوێن، بۆیە وەڵامیم نەدایەوە.

پاش چەند دەقەیەک دووبارە پرسییەوە:

«قوربان، هەواکەی ناخۆش نییە؟»

سـەیرم کرد ئەگەر وەڵامی نەدەمەوە، لەوانەیە وا بزانێ لەبەر بێئەدەبییە، بۆیە گوتم:

«بەڵێ.»

باوڕ بکە جگە لەو وشەیە وشەیەکی دیم لە دەم دەرنەچوو.

کابرا گوتی:

«وەک ئەوە وایە کە ئەمساڵ باران نەیەوێ بباریێ.»

بۆ ئەوەی لە کورتیدا بیبڕینەوە وەڵامم نەدایەوە.

«قوربان، بەڕای تۆ ئەمساڵ باران ناباریێ؟»

بە گیانی منداڵەکانم جگە لە وشەی «بەڵێ» زیاتر، هیچ شتێکی دیم بەرانبەر ئەو پرسیارەی نەگوت.



Scanned by TapScanner

ئاخر نەمدەتوانی لە کاتێکا ئەو دەیگوت: «وەک ئەوە وایە ئەمساڵ باران نەیەوێ بباریٚ.»، بمگوتایە: «نەخێر ئەمساڵ باران دەبارێ.»

دەبوایە چەند سـەعاتێک مشـتومڕی لەگەڵدا بکەم. منیش ئامادە نەبووم ئەم جۆرە گفتوگۆیە لەگەڵ ئەو پیاوەدا بکەم.

بەڵام ئەو کابرایە سەرلەنوێ گوتی:

«کاکە تۆ نازانی خەڵکی بەبێ ئاو دەکەونە چ بارێکی خراپەوە؟»

«بەڵێ.»

«ئەگەر باران نەبارێ گرانی دەکەوێتە وڵاتەوە، هەرچەندە ک بیسـتبووشم کێڵگە گەورەکانی گەنم لە «ئانادولو» لەبەر بێئاوی لەناوچووبوون.»

هەر وەڵامم نەدایەوە.

«ئەی قوربان وا نییە؟»

«بەڵێ بە هەمان شێوە کە تۆ دەفەرمووی.»

«ئەو کاتە ناچار دەبین دووبارە پێویسـتی خۆمان لە گەنمدا، لە دەرەوە مسۆگەر بکەین.»

کە سەیری کرد وەڵامی نادەمەوە، گوتی:

«ئەی وا نییە قوربان! ئەی ئەو کاتە ناچار نابین گەنم لە دەرەوە بێنین؟»

«بەڵێ.»

ئەم حکومەتەی ئێمە حکومەت نییە. ئەگەر دەوڵەت و ڕێکخراوەکانی نەتوانن نانمان مسۆگەر بکا، بە چ دەردێ دەچین!»



Scanned by TapScanner

دیتم کابرا هێواش هێواش مەوزووعی هەوا بە جۆری حکومەت، دەوڵەت و میللەت دەبەستێتەوە. ئەشی باوەڕم پێ نەکەن کە ئەو کابرایە چۆن لە ئاو و هەواوە دەستی پێ کرد و دوایی کەوتە ڕەخنەگرتن لە وڵات.

«ئایا بەڕای تۆش وا نایێت، کە دەوڵەت بە چاکی ناتوانی ئیدارەی وڵات بەڕێوە ببات؟»

کە سەیرم کرد قسەکانی دوایی لەبارەی دەوڵەت و میللەتە، هەتا لە گوتنی بەڵێ و نەخێریشی کردبووم و هیچم نەدەگوت. نازانم چۆن وا لە ئاو و هەواوە هاتە سەر مەسەلەیەکی گشتی و هێرشبردن بۆ سەر دەوڵەت. هەڵسام چوومە قوژبنێکی فارگۆنەکە، بەڵام کابرا وەل نەبوو، لە کۆڵم نەبووەوە. هاتەوە بەردەمم و سوقورمەیەکی خێواندە بچووکت و پرسی:

«ئەی مەگەر وا نییە؟»

«بەڵێ قوربان، وایە!»

باوڕکە ئەگەر نەمگوتایە وایە، ئێستا بە سوقرمان لاپاڵێکی هورد کردبووم.

«ڕۆژبەڕۆژ ئازووقە و پێویستییەکانی ژیانمان گران دەبێ و وەزعی ئەو میللەتەش بەرەو خراپی دەچێ و لە دواییا چۆنیان بوێ وا دەکەن.»

بێگومان دەمتوانی بڵێم نەخێر وا نییە، لە وڵاتەکەمان جگە لەوەی شتگران نەبووە، بەڵکوو ڕۆژبەڕۆژ پێت و بەرەکەتی زیاتر لە پێشوو بەرچاو دەکەوت! بەڵام چونکە حەزم نەدەکرد قسەی لەگەڵ بکەم، هەروا بە وشەی «بەڵێ» دەمبڕاندەوە.

«ئەو میللەتە بێچارەیە دەبێ چ بکا؟»



Scanned by TapScanner

وەلامم نەدایەوە.

«ئەی وا نییە قوربان؟»

«بەڵێ، وایە.»

بێگومان ئەو بەڵێیەش دوای ئەوەی مستێکی قایمی لە چاکەتەکەم دەدا، ئەوجا بە سەرزمانمدا دەهات. لە تەواوی ئەو ماوەیە بێئارام و چاوەڕێی گەیشتنی شوێنەکەم بووم و بە خۆمم دەگوت: «دواجار کە دابەزیم لەدەستی ڕزگارم دەبێ.»

کابرا هێواش ئیشەکەی گەورەتر دەکرد و دوای هەر گوتارێکیشی لە منی دەپرسی:

«وا نییە؟»

منیش لە ترسی ئەوەی مست و سوقورمەی نەخۆم، پشتگیریم لە قسەکانی دەکرد و بە ڕاستم دادەنان. بە شێوەیەک لە پاڵ پەنجەرەکەی پەستا بووم، بیرم دەکردەوە و دەمگوت: «ئێستا لە پەنجەرەی شەمەندەفەرەکەوە فڕێم دەداتە خوارەوە.»

ئەو کابرایە کە بە هیچ جۆرێ نەمدەناسی، ئەمجارە بە لێدانی مستی دوودەستە و سوقورمەی دۆستانە گیرکردن لە ڕانم. پرسی:

«وا نییە قوربان؟»

منیش دوای ئەوە دەستم بە ڕانمدا دەهێنا، بۆ دامرکاندنەوەی دەردەکەی ئەو دەمگوت:

«بەڵێ قوربان، بەم جۆرەیە کە فەرمووت.»

ئەگەر لەسەر ئەو کارەشی بەردەوام بوایە هەر قایل بووم، بەڵام دوای چەند چرکەیەک وەک لقە دارێک دەیتەکاندم و داوای لێ دەکردم دان بە قسەکانیدا بنێم. ئەگەر لەسەر زەویش درێژی کردبمایە و بە



Scanned by TapScanner

کوتکان لێی دابامایە، زۆر پێم خۆشتر بوو لەوەی کە هەر جارەی بە جۆری ئازارم بدا.

بەکورتییەکەی، لە شەق، مست، پێلاقە، سوقورمانە و جنێودان بە دایک و خوشکەکانم ڕزگارم بوو و گەیشتمە جێ. کاتێ لە شەمەندەفەرەکە دابەزیم، لە ترسی ئەوەی نەوەکوو دیسان تووشی بیمەوە سەرم شۆڕ کردەوە و بەرەو بەندەر کەوتمە ڕێ.

لەناو قەرەباڵغی خەڵکیدا، کابرا لەپێش چاومەوە بزر بوو. لە بیرمە هێشتا لە دووەمین پێپلیکەکانی کەشتییەکە سەر نەکەوتبووم کە سێ جار دەستێک بەر شانم کەوت. تەماشام کرد پۆلیس ڕووبەڕووم وەستاوە.

«تکایە چەند دەقەیەک بۆ پۆلیسخانە لەگەڵماندا تەشریف بێنە.»

بە بیستنی ناوی پۆلیسخانە ڕەنگم تێکچوو. چونکە تۆ خۆت باش دەزانی، من لە هەموو ژیانمدا پۆلیسخانەم نەدیتبوو، بەڵام چیم پێ دەکرا، ناچار بەدوای پۆلیسەکان کەوتم بۆ پۆلیسخانە.

کاتێ چووینە ژووری دارۆغا، ئەو پیاوەی لەسەر پا وەستابوو ناسیمەوە، بە تایبەتی دوو کەسیش لە گەشتکەرانی نێو فارگۆنەکەمان لەوێ بوون، هەر زۆرم پێ سەیر بوو.

بە خۆمم گوت:

«حەتمەن ئەو دوو گەشتکەرە دڵیان بە حاڵی من سووتاوە و شکایەتیان لەو کابرایە کردووە.»

بۆیە بە دارۆغام گوت:

«قوربان، ئەگەر خەڵک شکایەتیان لەم پیاوە کردووە، ئەوا من هیچ گازەندەیەکم لێی نییە.»

دارۆغا گوتی:



Scanned by TapScanner

«بەڵام هیچ کەسـێ شـکایەتی لەم پیاوە نەکردووە، ئەمان شکایەتیان لە تۆ کردوە.»

جێگای باوەڕ نەبوو، کە مرۆڤێک هەر بە گوتنی قسـەی هیچی یەکێکی دی بڵێ «بەڵێ» و مست و پێلاقەش بخوا و جا کۆمەڵێک بێن شکایەتیشی لێ بکەن.

ئەو کابرایەی کە شکایەتی لێم کردبوو، گوتی:

«قوربان، ئەم دوو کەسـە شـاهێدن کە شـت نەماوە ئەم کابرایە نەیگوتبێ.»

ئەو کاتە تەواوی قسەکانی خستە پاڵ من و یەک یەک دەیگێڕانەوە.

بە نارەحەتییەوە گوتم:

«بەڵام قوربان، من ئەم شتانەم نەگوتووە. سـوێند دەخۆم هەموو ئەم قسانە ئەم پیاوە خۆی کردوونی.»

هەردوو شاهێدەکە گوتیان:

«راسـتە هەموو ئەم قسـانە ئەم پیاوە گوتوونی، بەڵام کە لە قسـەکانی دەبووەوە، ئەم پیاوەش بە گوتنی «بەڵێ» قسـەکانی ئەوی پەسەند دەکرد.»

کابرای شکایەتکەریش گوتی:

«من وام دەگوت بۆ ئەوەی بزانم ئەم پیاوە دەڵێ چی؟»

بەم شێوەیە بە تاوانی گوتنی «بەڵێ»، من تاوانبار کرام.»

سـەعید ئاغا خەریکی چاککردنی پاکەتە ماسـییەکان بوو. بە نارەحەتییەوە پرسیم:

«باشە دوایی چی بوو؟»

«هیچ، دوایی پێیان درکاندم و ڕەوانەی دادسەرایان کردم و ئێستا بریار وایە، بە هۆی ئەو تاوانەوە لە یەکێ لە دادگاکان داوەری بکریم.»

«بەڵام نەتگوت، ئەو پیاوە بۆ شکایەتی لە تۆ کردبوو؟»

«بە ڕێکەوت کاتێ لە پۆلیسخانە هاتینە دەرەوە، هۆی ئەو کارەیم لێ پرسی و ئەویش پێی گوتم: «تۆ کە دەتگوت «بەڵێ»، ڕوون بوو کە لە ناخی دڵەوە نەتدەگوت، منیش ترسام نەوەکوو شکایەتم لێ بکەی و تووشی کێشەم بکەی، بۆیە دەسپێشخەریم کرد و پێش ئەوەی تۆ شکایەت لە من بکەی، من شکایەتم لە تۆ کرد!». پێم گوت: «باشە کە ئاوا ترسنۆکی، ئەو هەموو هاتوهاوارەت لە چی بوو؟». گوتی: «چی بکەم قوربان. خۆم پێ ڕاناگیرێ. تۆ خۆت باش دەزانی خەڵکی ئەم وڵاتە دەیانەوێ ئەوەی لە دەروونیانە هەڵیڕێژنە دەرەوە، بەڵام لەبەر دوو هۆ ناتوانن ئەم کارە بکەن: یەکێکیان ئەوەیە کە کەسێ نادۆزنەوە تا باسی دەردەدڵی خۆیان لەلا بکەن، ئەوەی دیشیان ئەوەیە هەر کەسێ نەتوانێ لە خێری ژن و منداڵەکانی خۆی، شوێنێکی دەستکەوێ سەری پێدا بکا و دەردیدڵی خۆی تیادا باس بکا، ئەوا لەباری خراپی وڵاتەکەمان گازندە و گلەیی دەکا. جا لەو کاتانەدا خەڵک ناچار دەبن بە ئاو و هەواوە دەست پێ بکەن و دوایی بێنە سەر بنچینەی ئەو مەسەلەیەی کە خۆیان دەیانەوێ.».»

سەعید ئاغا ئاهێکی هەڵکێشا و گوتی:

«جا با ئەوە ڕاسپاردەی من بێ، هەر کاتێ بینیت کەسێ سەرتای باسەکەی بە ئاو و هەوا کردەوە، ئەوا یەکسەر ڕاکە. چونکە ئەگەر هەڵنەیێ، من ئاسا تووشی بەدبەختی دەبیت.»

پاش تۆزێ پێکەنین، گوتم:

«باشە سەعید ئاغا، ئێستا بفەرموو بزانم هەوا چۆنە؟»



Scanned by TapScanner

سەعید ئاغا بە توورەییەوە پاکەتە ماسییەکانی قایم کوتایە سەر و میشـکم. لەو کاتەدا، دنیام لەبەر چاو لێڵ و تاریک بوو. کاتێ هاتمەوە هۆشخۆم و جلەکانم پاک کردەوە، تەماشام کرد سەعید ئاغا ماوەیەک لەپێش من ڕۆیشتووە و خۆی گەیاندۆتە بەندەر...



Scanned by TapScanner

# نوێژ

سەیرترین ئاهەنگی ناشتنی جەنازەی دونیا، لە کارخانەکەی ئێمەدا کرا: «کارخانەی شاکر بەگ.»

شـــاکر بەگ پیاوێکی ئیشـــکەر و بەنرخە، بەڵام ئەو بێچارەیە چی بکات، لەکاتێکدا لە وڵاتێکی پێشـکەوتوودا نەهاتووەتە دنیاوە. ئەگەر لە یەکێ لە وڵاتەکانی ئەوروپا یـان ئەمریکـادا لەدایک ببوایە، ئەوا لە وڵاتەکەی خۆیەوە ســـەرداری تەواوی وڵاتانی دەکرد، یان هەر هیچ نەبێ وڵاتەکانی دراوســـێیانی دەهێنایە ژێر خزمەتی خۆیەوە. ئاوا پیـاوێکی بەقیمەتە، بەڵام ئەو بێچـارەیەی چ بکـا کە خەڵکی وڵاتێکی بچووکە و تازە لە گەشەکردندایە...

لە کارگەکەماندا بە ڕاســـپاردە، کرێکار، چاودێر و نۆکەرەوە لە بیســـت کەس زیاتر دەبووین، هەموومان ســـەرمان خســـتبووە ســـەر کارەکەمان و خۆمان بە کارەکانی خۆمانەوە خەریک کردبوو. نازانم لە کوێوە یەکێکمـان بە نـاوی «وەســـتا نووری»یەوە لێ پەیدا بوو، هـاتنی ئەو بۆ کـارخـانەکەمـان بووە کۆســـپێک لەبەردەم هێمنی و ئاسایشی کارخانەکەمان.

یەکەمین یان دووەمین هەفتەی دەســـت بە کارکردنی بوو، لەنێوان هەموویاندا هاواری کرد:

«کرێی کرێکاران کەمە!»

دەستی کرد بە هاندانی کرێکاران. لە خوا شـاراوە نییە، لە ئێوەش شـاراوە نەبێ، لە کارگەکەدا وەســـتایەکی دەســـترەنگینمان هەبوو، بە

ناوی «وەستا فەخری»، ماوەی بیست ساڵ دەبوو کاری تیادا دەکرد و ئێسکی خۆی تیادا ورد کردبوو. نووری بە گوێدا داو و گوتی:

«دادی ببینە، ئەگەر بە یەکجاری دەموپلت ببەستی ئەوجا باشە، خوا سەرۆک بپارێزێ ئەو کارخانەیەی کردەوە و ئێمەی گەیاندە نان و ئاوی خۆمان، ئاوا بۆ خۆمان و کارێکی کەممان دەکرد و پێنجشەش لیرەیەکمان دەسگیر دەبوو و خەرجی منداڵکانی پێ دەردەچوو. ئێستا ئەگەر کەموکورییەکانی چاک بکردایانیە، هەر باشتر بوو! ئەگەر لای خۆمانی پێ چاک بکرابووایە، ئەوا پەنجا وەستای دیش چاویان لەو دەکرد و لە شوێنی خۆیانەوە کاری چاکتریان ڕادەپەڕاند... وا نەزانن وەستا نووری لەو پیاوە گێل و هەڵخەڵەتاوانەبێ.»

لەبان سەری وەستا نوورییەوە هاواری دەکرد:

«بڕۆ بابە، مەگەر لە وڵات یاسا نییە!»

بە خوا ئەگەر شاکر بەگ گوێی لێ دەبوو، یەخەی دەگرت و بە یەک شەقازللە دەری دەکردە دەرەوە. وەستا نووری بەرە بەرە دەمارگیرتر دەبوو؛ ئەمجارەیان بە گوتنی «بۆچی دەستکرێی زیادەی کار نادەن.»، ئاژاوەیەکی دی خستە نێو کارخانەوە.

هەرچەندیی ئامۆژگاریان دەکرد نەدەچووە ئەقڵیەوە و لەم گوێی دەچوو، لەوی دیان دەردەچووە دەرەوە. بەکورتییەکەی، بە ماوەیەکی کەم پشێویی و ئاژاوەیەکی ئەوتۆی نایەوە کە ئەو سەری دیار نەبوو...

بێگومان ئەو قسانە دەگەیشتنەوە بەر گوێی شاکر بەگ، بەڵام بۆچی قسەی نەدەکرد؛ تێنەدەگەیشتین. ئەم جارەیان وەستا نووری قسەیەکی تازەی بۆ دروستکردین: «کارخانە دەبێ شۆربا بداتە کرێکاران!»، ئەمە چ قسەیەکە، کاکم شۆربای دەوێ! ئەگەر شۆربامان بدەنێ، بەیانیش دەڵێن ژنێکیشمان بدەنێ. ئەگەرچی ئێمە ئەم قسانەمان

نەدەگەیاندە بەرگوێی سەرۆک، بەڵام ئەویش زۆر بێئاگا نەبوو؛ هەموو ڕۆژێ دەدوازدە جار پشکنەرەکانی کار، سەریاندەدا و ئەو قسانەشیان دەگەیاندە لای خاوەنکار، بەڵام دڵۆڤانی خاوەنکار ڕێگەی نەدەدا ئەو جۆرە پیاوە نارەحەتکەرانە دەر بکا؛ بێگومان دیاریش بوو ئەرباب زیاتر لەبەر خاتری ئەوە دەری نەدەکرد کە وەستا نووری ژن و منداڵەکانی برسی دەبن و دوایی بە سووچی ئەوی دەزانن. وەستا نووری بە هۆی دڵناسکی ئەرباب زیاتر بێباکتر بوو، ئەمجارەیان گوتی:

«لە کارگەکاندا، بە چاکی لەسەر ڕێوشوێنی تەندروستی ناڕۆن!»

خودایا، ئەو کوڕە چاکە شێت بووە، ئاخر کامە مرۆڤی ئاقڵ بە دەستی خۆی، سەری خۆی لە قوڕێ ڕاکردییە. بڵێ ئاخر هەی بێئەقڵ ئەگەر لێرانە دەرت بکەن، جێگای چاکترت دەست دەکەوێ؟ دەبێ هەر بڕۆیتە ئەو چایخانانە. کەسێ نییە بڵێ بابە ئەمە چایخانەیە یان میوانخانەی توریستییە...

زۆربەمان ئاگادارمانکردەوە: «مەکە، قسە مەکە.»، ئیدی هەموومان ماندوو بووبووین.

لە کوورەکە دەهاتە دەرەوە و بەسەرماندا هاواری دەکرد:

«مەگەر لەم وڵاتە یاسا نییە؟»

باشە کاکە، ئەوا دامانناوا یاساش هەیە، بەڵام بە ئێمە چی؟ تازە وا گیراوین، کێ ئەتوانێ جیکە بکا؟ تۆ بۆچی خۆت لەت دەکەی؟

ئیدی ئێمە بیرمان لەوە نەدەکردەوە کە بۆچی شاکر بەگ لە بەرانبەر نووریدا، خۆی پێشان نادا و دەری ناکا.

ڕاستە وەستا نووری پیاوێکی بەدکار و نارەحەتکەر بوو، بەڵام لە سەرووی ئەمانەشەوە پیاوێکی بە سەلیقەش بوو.



Scanned by TapScanner

هیچ ئیشـــێکی له دەســـت قوتار نەدەبوو. خاوەنکاریش هەر لەبەر ئەو شتانە دەری نەدەکرد.

بە ڕاستی وەستا نووری بە تەواوی مانای وەستایەتییەوە، وەستا بوو.

هەر کاتێ زۆپاهەڵمییەکان لە کار بکەوتنایە، دەمودەس چاکی دەکردنەوە. دەزگای مشـــاربڕەکە خراپ دەبوو، هەر چەند چاوت لێک بدابوایە، دەیخســـتەوە کار. کارە «ئەلەتریکییەکان»ی ئەنجام دەدا. لە دەزگاکانی پاڵاوتن سەری دەردەچوو. نازانم ئەمە چۆن لە زگی دایکیا جێگـــای بووەتەوە! یەکێ لە دەزگـــاکـــان لە کـــار کەوتبوو، هەرچی ئەندازیار هەبوو دەهاتن و دەچوون، تەنانەت نەیاندەتوانی بزانن هەر عەیبەکەشی چییە. تەنانەت شـــارەزای پسـپۆڕیشـیان لە ئەڵمانییاوە بۆ هێنا، لە چاکردنەوەکەیدا ســـەری دەرنەدەکرد، بەڵام کاتێ وەســـتا نووری بینی، گوتی:

«یەک دەقە هێواش کەن...»

جلەکانی داکەند و چووە ژێر دەزگاکە، پاش ســـەعاتێک وای چاک کردەوە کە لە جاران باشـتر کاری دەکرد. جا ســەیر لەوەدا بوو کە لە چاکردنەوەی ماتۆڕەکاندا، داوای شـتی یەدەگیشـی نەدەکرد. دەندانەی چەرخەکان یەکێکیان کەمی بکردایە؛ بزمـارێکی بچووکی لەبەر ئەوی دیـان دەبەســـت و بە تـاڵە دەزوویەکەوە دەیپێچـایەوە؛ بۆ تـاڵە دەزووەکەش، تاڵە دەزوویەکی دۆخینەکەی ڕادەکێشـا؛ لە بەیانییەوە تا ئەگەر دەســـتی بکردایە پەلە دارێکەوە، ئەوەندە بەتوانا بوو، مەکینەیەکی فڕۆکەی بۆ دروست دەکردی.

ڕۆژێکیان کۆمەڵێ کرێکار، بە دەورمدا کۆبوونەوە:



Scanned by TapScanner

«بەدەست ئەو سەگبابەوە گیانمان گەیشتۆتە سەر لێومان، بچینە لای کێ شکایەت بکەین؟»

چووینە لای خاوەنکارەکەمان، چەند ڕۆژێک خۆی لێ شاردینەوە و دوایی گازیکردینە لای خۆی... ئیدی کاک نووری وەک ئاگری لێ هاتبوو، تەڕ و وشکی بەیەکەوە دەسووتاند، خاوەنکاریش بەدەست نوورییەوە هاوای گەیشتبووە بەری ئاسمان؛ کەچی قایلیش نەبوو دەریکا.

لەپڕا ئەو کارەساتە ڕوویدا: نزیکەی سەعات یەکی دوانیوەڕۆ بوو، دەنگی تەقینەوەیەک بەرز بووەوە، هەموو لە جێگای خۆمان قیتبووینەوە. شووشەکانی کارگە زرینگوهۆڕیان بوو، جا دەشکان و دەپرژانە سەر زەوی، بە هاوارکردن هاتینە دەرەوە:

«چییە... بابە چی بووە؟»

سەیرمان کرد لە شوێنی کوورەی کارخانەکە، دووکەڵێکی ڕەش لە تەنوورەکەوە بەرەو ئاسمان دەکشێ و دەنگی تەقە تەقی تەقینەوەکەش، دەگەیشتە بەر گوێ.

«ئەی هاوار، خاوەنکار ئاگادار بکەنەوە... خاوەنکار ئاگادار بکەنەوە.»

پاش ماوەیەک دووکەڵ، گەرد و خۆڵەکە نیشتەوە. تەماشای کوورەمان کرد، لە جێی هەڵمەکە بە هیچ شێوەیەک پاشماوەی هیچ شتێکی لێ بەجێ نەماوە، ئەوەی هەبووە، بووەتە تەپوتۆز و چووەتە هەواوەوە. کە خاوەنکار گەیشتە ئەوێ، بە هەردوو دەستان قژی خۆی دەرنییەوە:

«هەی داد... هەی هاوار... بەدبەخت بووم، بێچارە بووم.»

جا لەو وەختەدا یەکسەر نووریی بیر کەوتەوە. بە هەردوو دەستان لە سەری خۆی دەدا و دەیگوت:

«کوا نووری؟ وەستا نووری لە کوێیە؟ زووکەن، نووری بدۆزنەوە و بیهێنن.»

بە ئاخ و ئەفسووسەوە چووەوە ژوورەکەی خۆی.

وەستا نووری بە دووسێ ڕۆژان، کوورە و زۆپابوخارییەکانی چاککردنەوە و خستنییەوە کار، دەنا دەبووایە چەند مانگێک کارخانە ڕابوەستێت. مەگەر هەر لە دەستوپلی نووری بوەشێتەوە و بتوانێ ئەو دەزگا پەرتوبڵاوانە لە کەمترین ماوە و بەبێ کەلوپەلی پێویست بخاتەوە کار.

برۆ ئێرە وەستا نووری نەبوو، برۆ ئەوێ وەستا نووری نەبوو؛ چووینە ماڵەکەی؛ نەبوو، چووینە قاوەخانە، نەبوو، نەبوو و نەبوو... وەستا فەخری گوتی:

«ئاخر ئەو بێشەرەفە چی لێ هات، بووە باڵندە و فڕی؟»

جۆشکارەکەمان وەڵامی دایەوە:

«بەڵێ، فڕی.»

«چۆن فڕی؟»

«وەڵاهی نەمبینی بفڕێ. بەڵام بەو حسابە بێ کە پارچە قازانی کوورەکە فڕیوەتە ئاسمان، ئەوا وەستا نووریش لەگەڵی فڕیوەتە ئاسمان. قازانەکە خراپ بووبوو، منیش نووریم بانگ کرد تا چاکی بکاتەوە. جلەکانی داکەندن و خۆی چووە لای کوورەکە و منیشی نارد کە بچم دریلەکەی بۆ بهێنم و خەبەری ئەندازیارەکەش بدەم. هەتا من چووم، ئەم کارەساتە ڕووی دا. ئەگەر ئێمەیش لە ژوورەوە بووینایە، ئەوا ئێستە ئێمەش فڕی بووین، بەشکووم ڕزگاری بووبێ.»

بەو ئومێدەوە تا عەسـریش لێی گەڕاین، هەر نەماندۆزییەوە. چووینەوە لای خاوەنکار:

«وەستا نووری بە خۆتان خۆش...»

کە ئەوەی بیست دڵخۆش و ئاسوودە بوو و باوێشکێکی دا:

«ئاهـ... سـوپاس بۆ خوا، قازان تەقی نەتەقی بە جەهەنەم! لە مەترسـییەکی گەورە ڕزگارم بوو، دەتوانم دووبارە کوورە و قازان دروسـت بکەمەوە، بەڵام ڕزگاربوون لە دەسـت نووری سـەری هەموویەتی...»

دوایی ڕووی کردە ئێمە:

«نەکەن بە کەسی بڵێن ها... نێوان خۆمان بێ...»

وەستا فەخری گوتی:

«هەموو کارێک بەرژەوەندیی خۆی تیایە. سوپاس بۆ خوا بە خێر کۆچی دوایی کرد.»

«کەس گومانی لە خێر و چاکەی ئەو نییە، بەڵام بە کەسانی...»

بۆ بەیانی خاوەنکار دەمی کردەوە کە:

«بێنن، لاشـەکەی نووریم پیشـان بدەن، دەبێ ئاهەنگی ناشـتنی بۆ بکەین.»

پۆلیس لە لایەکەوە و ئێمە لە لایەکەوە لێی دەگەڕاین، بەڵام نەمانبینییەوە و نەمانبینییەوە. خاوەنکار دەیگوت! دەستێکی... پێیەکی... هەرچییەکتـانی بەرچـاو کەوت بیهێنن. هەفتەیەکی تەواو گەڕاین، نەک هەر دەسـت و پێی هاتا پاشـماوەی ئەنگوسـتی بچووکیشـمان نەدۆزیەوە. ئەرباب دەیگوت:

«بابە ئاخر خۆ ئەو سەگبابە باڵندە نەبوو بفڕێتە ئاسمان، دەبێ شتێکی هەر بەجێ مابێ، هەرچییەکی بەجێ ماوە بیهێنن!»

خۆ بە زۆر نییە... نەبوو و نەبوو. بە وەستا فەخریم گوت:

«باشە ئەرباب ئەوەندە شەیدای چاو و برۆی نووری نەبوو، تازە لەپاش چی داوای لەش و بەدەنی نووری دەکا؟»

«ئەوەش مەسەلەیەکی دیـیە، شـاکر بەگ پیاوێکی «شوێنەوارناس»ــە و دەیەوێ بە ئەندامەکانی لەشی کرێکارێکی ئاهەنگێک سـاز بدا، تاوەکوو لە تەواوی داسـتانەکاندا بگێردرێتەوە. دەیەوێ بیسەلمێنێ، کە چەندە لەگەڵ کرێکارەکانی پەیوەندیان هەیە و سـەرنجی خەڵکی پێ ڕاکێشـێ، تاوەکوو پێشـانی خەڵکی بدا، پەیوەندیەکەیان بەم سـادەییەوە کە ئەوان بیری لێ دەکەنەوە، وا نییە...»

ئەرباب بە هەمووانی ڕاگەیاندبوو کە:

«ئەگەر هەر کەسێ بتوانێ بەقەد دەنکە جۆیەک لە لەشی نووری بدۆزێتەوە، هەزار لیرە پاداشت وەردەگرێ.»

بە ڕێکەوت هەمان ڕۆژ دۆزیانەوە، بەڵام چییان دۆزیەوە، شـەرمەکەم لە ڕووتانەوە بیڵێم، ئیتر... نووری لەنێوان دوو بەردان گیری کردبوو؛ کە دۆزیانەوە سەرمان سووڕما بوو، لەشی ئەوە ئەو نییە؛ بە چیڕا دیارە؟ دەبێ لەشی یەکێکی دی نەبێ؛ ئەستغفرەڵا ئەوە... خۆ لە ئاسـمان نەکەوتوتەوە. لەشـی وەسـتا نوورییە، هەونییە... مەسەلەیەک بوو کەس لە ژنەکەی چاکتر پێی چارەسەر نەدەکرا.

بەڵام ژنەکەی گوتی:

«دڵم بەرگەی ئەوە ناگرێ تەماشای بکەم.»

دوایی دکتۆر بڕیاری لەسەر دا و بەگوێرەی یاسا، مردنی نووری ڕاگەیاندرا. تەنیا ئێمە و چەند کەسێک ئاگاداری مەسەلەکە بووین.

ئەرباب گوتی:

«نابێ ئەو نهێنییە ئاشکرا ببێ؛ هەمووتان لە یەکیەتی کرێکاران بڵێن: هەموو لاشەکەی لەنێو تابووتەکەدایە؛ هەندێ بەردیش بڕێژنە ناو تابووتەکەوە، بۆ ئەوەی سەرنجی خەڵکی ڕابکێشی.»

یەکەمجار مردووەکەمان شۆرد و دوایی خستمانە ناو تابووتەکەوە؛ هەرچی کرێکاری کارخانە هەبوو بەدوای جەنازەکەیدا دەڕۆیشتن؛ هەموو لە حەوشی مزگەوت کۆ بووبوونەوە. قەرەباڵغییەکی سەیر بوو.

پیاوە کەڵە زلەکان - هەواڵدەرەکانی ڕۆژنامەکان - هەموو پشکنەرانی کار ئامادە بوون و ئەربابیش فرمێسک بە هەردوو چاویدا هاتبووە خوارێ. پاش ئەوەی نوێژی مردوو تەواو بوو و دۆعا خوێندنیش تەواو بوو، پێشنوێژەکە لە ئەربابی پرسی:

«خوالێخۆشبوو چ کەسێکتانە؟»

ئەرباب خۆی پێ ڕانەگیرا و ڕووی لە تابووتەکە کرد و دەستی بە گریان کردەوە و دەیگوت:

«ئۆهـ... برام نووری؛ ڕۆیشتی و منت بە تەنیا بەجێ هێشت؛ بەبێ تۆ قوڕی کوێ بکەم بە سەرما. ئۆهـ تابووتەکەی بکەنەوە با بۆ دواجار براکەم ماچ کەم!»

زۆر سەیر بوو! ئەرباب دەیویست چی ماچ بکا؟

ئەرباب لە خۆی دەدا و دەیگوت:

«نا، نابێ، دەبێ ماچی کەم... ئێستا مادام ڕێگام نادەن، هەر بهێڵن تەنیا ئەو ڕووخسارەی کە وەک مانگ وایە ببینم.»

باشـــە ئەگەر ئەو وەختە بچووبایە ســـەیری بکردایە زیانی چی هەبوو؟ بەلام چی! ئەمنیش لەو وەختە وەک ئەرباب بێئەقڵ بووم و بە هۆی سـۆز و خرۆشـەوە لە بیرم چووبووەوە چیان لە ناو تابووتەکەی داناوە...

جەنازەکەمان بردە گۆڕستان و خستمانە گۆڕەوە. دیسان ئەرباب لە خۆی دەدا و دەیگوت:

«نووری! تۆ چاکترین دۆســتی من بووی، تۆ تەکیەگای من بووی، تۆشم لەدەست چوو، تۆ چالاکترین و بەهۆشترین وەستای کاری من بووی، تا قیامەت لە بیرت ناکەم، تۆ لەنێو دلما جێگای خۆت هەیە... دلسۆزییەکانی تۆ. زۆر کارکردنی تۆ – وا خەریکە بۆ قسەیەکت شێت دەبم!»

ســەیریکی وەســتا فەخریم کرد، ســەیر دەکەم ئەویش وا دەگریە. گوتم:

«وەستا. ئەوە ئەرباب لە بیری چووە چی لەنێو تابووتەکە بوو؟»

«لە بیری نەچووە.»

«ئەی ئەگەر لە بیری نەچووبێ، ئەو قسانە بۆ دەکا؟ هەم خراپیشە و هەم گوناحیشــە، بەوەی کە پیاو چۆن لەســەر تابووت ئەو قسانە دەکا؟»

«تو بۆ تێناگەیی، هەندی کات بەرژەوەندی کار وا دەخوازێ.»

«ئەی تو بۆچی دەگری؟»

«بەم قسە بە سۆزانەی ئەرباب، خۆ دلم بەرد نییە خۆی ڕاگری.»

ڕێوڕەسمی ناشتنەکەی تەواو بوو و لە گۆڕســتان گەڕاینەوە. یەکێ لە کرێکارەکان گوتی:



Scanned by TapScanner

«ئەگەر بۆ منیش هەمان ڕێوڕەسمی بگری، ئەوا ئامادەم بمرم.»

یەکێکی دیان گوتی:

«ئەرباب ئەگەر بە قوربانیشی بین، هێشتا کەمە!»

«گیانم بە فیدای بێ...»

کە گەیشـــتینەوە کارخانەکە، ئەرباب یەکســـەر لە ژوورەکەیەوە بە گوێیدا چپاندین:

«سوپاس بۆ خوا، لە بەڵای نووریش بە ئاسانی ڕزگارمان بوو.»

ئەرباب پیاوێکی ئیشـــکەر و بەنرخە، بەڵام بێچارەیەی چ بکا، کە لە وڵاتێکی پێشکەوتوودا نەهاتۆتە دنیاوە.

# نهێنییەکانی دەوڵەتم قووت دا

ئەو ڕۆژە لە ماڵ سـابوون و پەنیر و هەندێ شـتی دیان پێ ڕاسـپاردبووم تا بیکرم. لە بازاڕی وردەواڵە فرۆشـەکاندا سـابوونم کڕی و پەنیریشم لە بازاڕی ماسی فرۆشەکاندا کڕی. لە بازاڕی میوە فرۆشەکانیش، کیلۆیەک ترێشم کڕی و هێنامەوە ماڵەوە. شەو ژنەکەم لێی پرسیم:

«ئازیزم، هیچ کاغەزێکت نییە، وا نییە؟»

«ئافرەت، ئەوە کەی پرسیارە، کەی شتی وا هەیە؟»

«ئەی کەوایە بۆچی لە سابوونەکانت وەرنەپێچا؟»

دەمودەس دوو قاڵبە سـابوونەکەیان لەپێش دانام. جا لە ڕوویەکی قاڵبە سـابوونەکانەوە ڕیزێ نووسـین بە چاپ نووسـرا بوو: «لا اله الا الله!».

«ئەوە چییە، بە چاپ لە ڕوویەکی سابوونەکان دەنووسن؟»

بیرم کردەوە حەتمەن دەبێ کارگەکانی سـابوون، شـتێکی تازەیان لەسـەر سـابوونەکان نووسـیبێ. هەوڵمدا بیخوێنمەوە، بەڵام لە ڕووی سـابوونەکان ورد بوومەوە، ڕاپۆرتی پەیوەند بە نهێنییەکانی دەوڵەتم بینی.

بەم جۆرە نووسرابوو:

«بابەتەکە لە ئاسـا بەدەر نهێنییە... هی ئەوە نییە مەزەندەی لێ بکەین.»



Scanned by TapScanner

ئەو پرســـیارانە پەیوەندیان بە ســـەرژمێرییەوە هەبوو، هەروا ڕاپۆرتەکانی تایبەت بە دەرهێنان بەم شـــێوەیەی خوارەوە تیایدا نووسرابوو:

«لەبەر نهێنی مەسەلەکە، هێما بۆ پیتەکان دابنێن.»

ترس و سـامێکی زۆر باڵی بەسـەر هەموو ماڵەکەماندا کێشـا. بێ ئەوەی خۆمـان داوامـان کردبێ، کۆمەڵێ لە نهێنییەکانی دەوڵەتمان دەسـتکەوت. هەموو لە یەکدیمان دەپرسـی: «جا ئێسـتا چی بکەین، قوڕی کوێ بکەین بە سەرماندا».

یەکێک لە منداڵەکان کە قاڵبە پەنیرەکانی بە دایکی نیشـــان دەدا، پرسی:

«سەیرە، ئەدی ئەوەیان چییە؟»

بە هەمان شـێوە، لەسـەر قاڵبە پەنیرەکەش، نووسـینی بەرەواژ بەرچاو دەکەوت. سـەرەڕای ئەوەش کە لە سـەرەوە چەند ڕستەیەک نووسرابوو و وێنەی دوو پەڵە مانگی ڕەنگ قورمزیشی لەسەر نەخشا بوو.

ئەو نووسینانە لەوانەی جاری پێشووش، گرنگتر بوون! هەموومان سەرمان سووڕما بوو، لە جێگەی خۆمان وشک بووبووین. گوتم:

«هەی داد... ئەی هاوار!»

«پەڵە مانگەکان» وەک ئەوەی ژێرپیالەیەک بکەی بە دوو پارچەوە وابوو. گوتم:

«لێمان ڕوون و ئاشکرا بێ، نەخشەیەکی ترسناکیان بۆ کێشاوین، ئەم قاڵبە پەنیر و سـابوونانە، دەبێ هەر ئێسـتا هەتا کەس پەی پێ نەبردووە، گوڕ بە گوڕی بکەین.»

ژنەکەم گوتی:

«دەبێ فڕێیان بدەینە کۆڵان»

«نا، نابێ، ئەگەر لەو کاتە بیبینیان؟»

«دەیدەمە زبڵڕێژەکە.»

«مەگەر شێت بووی؟ دوایە یەخەی تۆ دەگرن!»

سەرتان نەئێشێنم، دواجار بڕیارمان دا بیخۆین، دوو قاڵب پەنیرەکانمان دەمودەس خوارد، واتا نهێنی دەوڵەتمان قووت دا.

لەو کاتەدا منالە گچکەکانیش یەکێکیان لەلای پەنجەرەکەوە وەستا بوو و وریا بوو نەوەک یەکێ ئاگای لێ بێ.

بەداخەوە، چتان لێ بشارمەوە، نەمانتوانی سابوونەکان بخۆین.

چارەمان بۆ ئەوەش دۆزییەوە کە ژنەکەم نیوەشەو جلەکانمان بشوا، نیوەشەو ژنەکەم دەستی بە جلشوشتن کرد، دەمودەس هەرچی جلی پیس و خاوێنمان هەبوو هەمووی شوشت و سابوونەکانی تەواو کرد...

ئۆهـ ئۆهـ تازە هەناسەیەکی بە ئیسراحەتمان هەڵکێشابوو.

دیسان قرە و کالە بەرز بووەوە.

«ئەمانە چین؟»

شانسەکەی ئێمە دووبارە بەدبەختی ڕووی تێ کردینەوە، ئەو کاغەزەی میوەفرۆشەکە لەگەڵ ترێیەکە پێچابوویەوە، ئەویش نهێنیەکانی دەوڵەتی تیادا نووسرابوو.

ئیدی وەک ڕۆژ لێمان ڕوون بوو کە ئەو کارە نەخشەیەکیان بۆ کێشاوە و هەمووشمان لە مەترسی داین. هەموومان لە ماڵەوە وەک داربی دەلەرزاین. ئەو منالە فەقیرانە خەو لە چاویان ڕەوەی بووەوە و ژنەکەشم زەق زەق تەماشای دەکرم.



Scanned by TapScanner

ئەو کاغەزەشمان لە ئاگردانەکەدا سووتاند، بۆ ئەوەی کەس بۆنی مەوزووعەکە نەکا و ئاگای لێ نەبێ، خۆڵەمێشەکەیشمان لە کوڵانا بە بادا کرد.

هەموو هۆشمان هاتەوە سەرخۆ و دڵخۆش بووین. تازە ئەگەر ماڵەکەشمان بگەڕێن، بچووکترین سەنەدی نهێنییەکانی دەوڵەتیان چنگ ناکەوێ. هەناسەیەکی بە ئیسراحەتمان هەڵکێشا. ئەمجارەیان ژنەکەم پرسی:

«باشە ئەگەر ئێستا بمانبەنە دەزگای بروسکە و تیشکی ئێکسمان لێ بدەن، تەماشاکەن چمان لێ دەکەن؟»

«بۆ؟»

«چونکە ئەو کاتە دەزانن پەنیرەکانمان خواردوە و نووسینەکانی سەر پەنیرەکەش لە گەدەماندا دەخوێنەوە!»

بە بیستنی ئەو قسەیە منداڵەکان لە شوێنی خۆیاندا وشک بوونەوە، ژنەکەشم لە ترسان هێزی لەبەر بڕابوو. بە تەواوی وەک شێتەکانمان لێ هاتبوو، حەپەسا بووین. لەم کارانە سەرمان دەر نەدەکرد. دواجار بڕیارمان دا کە هەر یەکەی دوو پەرداخ خوێی میوەی ئینگلیزی بخۆینەوە.

داوای لێبووردن دەکەم، پێش ئەوەی خوێی میوەکە کارم تێ بکا، دەزانن سەرکەوتنێکی وامان بەدەست هێنا هەتا ئاخیری عومرمان لەو مەترسییە ڕزگارمان بوو تکایە بپورن، جارێکی دیان تەماشای کاغەزێکم کرد، گومان لە چی دەکەن و چیم بینیبێ؟

ڕاپۆرتی پسپۆرە ئەمریکاییەکان نییە دەربارەی بیرەنەوتەکانی تورکیا؟

ئیدی دوای ئەوە هیچی دیم لە بیردا نەماوە، جا کە لە کۆڵان رادەکەم، شەوانە هەموو دراوسێکانمان لە خەو بێدار دەبنەوە و هاوار دەکەن: «های شێت» و پاشان یەخەم دەگرن.

ئەدی هەقم نییە بترسێم؟ ئەمە بوو نهێنییەکانی دەوڵەت، سەرباری وێنەی دوو پەڵە مانگی ڕەنگ قورمزیش...



Scanned by TapScanner

## ئەی ئەمەیان کوێندەرییە؟

ئەگەر منیش نەناسن، دەبێ لە نووسینەکانمەوە تێگەیشتبن کە منداڵی کامە گەڕەکم. ئێمە منداڵی «قاسم پاشا»ین.[1]

ئەو چیرۆکەی کە دەمەوێ بۆتانی بگێڕمەوە، هی ئەو ڕۆژگارەیە کە من شاگردی ئاسنگەری بووم. بە پارەی ئەو وەختە، هەفتەی سێ لیرە و نیوم کرێ بوو. سێ لیرە و نیوی ئەو وەختە پارەیەکی زۆر بوو، بە یەک لیرە خۆمان مەست دەکرد. ئەی کوا ئەو وەختە؟

چایخانەکەی «جمهوریت» نێو جادەکەی «بێگ ئۆغلوو». ئەو وەختە ئێمە لە خانوویەکی کۆنی «جالیزەکان» دادەنیشتین...

خاوەن خانووەکە دەربەستی پارەکەی ئێمە نەبوو، دوو نهۆم بوو، پێنج ژووری تیا بوو، پێنج خێزان تیایدا دەژیاین. هەر ژوورێکت بکردایەتەوە، پڕ بوو لە شت، جێگای هیچ نەدەبوویەوە.

هەر لەو خانووەشدا بوو، بۆ یەکەم جار چاوم بە کچێک کەوت و دڵم گرتی. ئەگەر بڵێم شانزە ساڵ بوو، هێشتا شتێکیشم زیاد گوتووە، هێشتا شانزە ساڵی تەواویش نەدەبوو. ئەو لە کارگەی «دروستکردنی قوتوی مقەوا» ئیشی دەکرد. کاری ئەو ئەوە بوو کە مقەواکان دەق بکات و بیانبەستێت. قوتوی مقەوای دروست دەکرد. هەفتەی دوو لیرە و نیوی کرێ وەردەگرت؛ ناویشی «زبێدە» بوو.

ئێستاشی لەگەڵدا بێ، من تا ئێستا لێوی وەک لێوی زبێدەم نەدیبوو.

---

[1] قاسم پاشا: گەڕەکێکی نەخوێندەوار و نەزانی ئەستەمبوڵە.



Scanned by TapScanner

لێوەکانی لەو لێوانە بوو، ئەگەر چاویان ببەستامایەوە و بیانخستمایەتە نێوان کۆمەڵی ژن، هەزاریش بوونایە، یەکەیەکی لێوەکانیانم ماچکردنایە، ئەوا لەنێوان هەر هەموویاندا زبێدەم رادەکێشا دەرەوە. لێوەکانی زبێدە بۆنی شوکولاتەی دەدا، ئێستا «چۆنە؟» پێتان دەڵێم:

لەو رۆژگارە ئەم سووراو و سپیاوەی کە پێی دەڵێن بۆدرە و ماتیک، نەبوو، ئەگەر هەشبوایە، ئەوا لە گەڕەکەکەی ئێمە هەر ناویشمان نەبیستبوو.

زبێدە کاغەزە رەنگاورەنگەکانی لە دەوری شوکولاتەکان دەپێچا و کۆی دەکردەوە و لە لێوی خۆی هەڵدەسوو. لێوەکانی وەک گوڵی هەناری لێ دەهات، بەڵام کێ ئیشی بە رەنگەکەی هەبوو، مەسەلەکە تامەکەی بوو، کە شایەنی پیاهەڵدان بوو...

ئەم زبێدەیە، لە نهۆمی خوارەوە و لە ژوورەکەی بەرانبەر نیشتەجێ بوو، خۆی، باوکی، نەنەی، خوشکی و کاکی بوون. بەڵێ، رێک پێنج کەس بوون.

رۆژگاری بەسەر چوو، کرێی خانووەکەیان زۆر گران بوو، ژوورێکی هەرزانتریان لە گەڕەکێکی دی دەسکەوت و لە دراوسێیەتی ئێمە باریان کرد. منیش لەو کاتە بەدواوە چەند پشت گوێی خۆمم بینی بێ، هەر ئەوەندەش زبێدەم بینیەوە.

رۆیشت و رۆیشت، بەڵام مەزەی ئەو لێوانەی هێشتاکە لەژێر ددانمدا ماوە.

دوای زبێدە، هیچ ژنێکی دیم نەبینیەوە لێوەکانی وەک لێوەکانی زبێدە لەگەڵ لێوەکانمدا جووت بێ، کە لێوەکانی دەخستە سەر لێوەکانم، هەوا لەنێو درزەکاندا نەدەهاتە دەرەوە...



Scanned by TapScanner

ئۆهــــ ببورن، بیرم کەوتەوە. تەنیا ژنێکی دیم دەسـگیر بوو کە لێوەکانی بە تەواوی وەک لێوەکانی زبێدە وا بوو. ئێستا پێتان دەڵێم:

لە هەموو ژیانمدا، تەنیا یەکجار توانیومە لە دواکەوتنی گشـت خێزانە دەرەبەگەکان، کە بە زارەوەی ئەوان «چینی بەرز»ی پێ دەڵێن کەلک وەرگرم.

چ نەشمیل بوون، یەک لەیەک چاکتر بوون، ئەگەر کاری ئاسنگەریم بەجێ نەهێشـــتایە، لەوانە بوو منیش ئێســــتا لەو چینە بوومایە. خوا دەیزانێ!

زۆر لە برادەرەکان کە لەگەڵ من ئاســـنگەر بوون، ئێســـتا جگە لەوەی ئەشراف و بەگزادەن، ئۆتۆمبێل و خانووی خۆیان هەیە و جگە لە بـاخ و بـاخـات و پـارە و پـایەیێکی چـاکیشـــیـان هەیە، هیچ کەموکورتییەکیان نییە. ئەی من چیم لەوان کەمتر بوو؟

یەکێ لە دراوســـێکانمان چووە کەوڵی باوکمەوە و لێی هەڵســـاوە سەر پێیان و گوتی دەبێ بینێرنە قوتابخانە. دەیگوت:

«حەیفە ئەم منداڵە... ئەم منداڵە بە جەوهەرە، ئەگەر بخوێنێ دەبێتە شتێک!»

حەز دەکەم ئێســـتـا ئەو برادەرە ببینمەوە... ئەگەر دەمبینیەوە دەبوایە وای قووت بـدەم، بۆ ئەوەی هەتـا دنیا دنیـایە بەو قســـە بێفەڕانەی کەسی دی نەگرێ. هەرچییەکم بەسەردا هاتووە، لە سایەی سەری جیرانەکانمانەوە بووە. مەبەستم ئەوە نییە بڵێم خۆشم بێتاوانم، تووش بوونم بەو گونـاحە لە گەردەنی خۆمە، چونکە نەمگوتبوو دەرۆم ئەم فەلســـەفەیە دەخوێنم "هەر خۆم بووم لەنێو ســـەد و بیستوچوار هەزار پێغەمبەر جەرجیسم هەڵبژارد" فەلسەفەیەکە لە نان و ئاویش چاکترە...

له چایخانەکان کارم دەکرد. لەم بازرگانیخانە و لەو بازرگانیخانان میوانداریم کرد، ماوەیەکیش لە پۆستەخانەی ڕاخراو، کاری قەلەم جاف و پاندان فرۆشیم کرد. سەرتان نەیەشێنم بە هەر شێوەیەک ئێوە بڵێن کردم. هەر فرتوفێلێک هەبوو کردم و دوایەکەش پاش بیستوپێنج ساڵ، گوتم «زەرەر هەر لە نیوەی بگەڕێتەوە، هەر باشە.» و گەڕامەوە سەر کاری بەرایم. دووبارە بوومەوە شاگردی ئاسنگەریی.

کاری ئەوسای ئێمە، چاکردنەوەی «شوفاژ سانترال» بوو، کە یەکێک بوو لە ویلایەتە گەورەکانی کەناردەریا. لەوێ یانەیەکی شەوانەی چینی بەرزی لێ بوو.

هەر شەوەی ژوانگەی بەیەک گەیشتنی کۆمەڵی ژن و پیاو بوو.

ئێمە پێنج کرێکار بووین. بە ڕۆژ لە ویلایەتەکە ئیشمان دەکرد و شەوانیش لە باخەکان و لەژێر کابینە بەرزەکانەوە لێی دەخەوتین.

من لە سەردەمی منداڵیمدا، زۆر ناوی ئەو چینە بەرزەم بیستبوو، زۆر حەزم دەکرد بیانبینم و بزانم چ جۆرە پیاوێکن، بەڵام ڕێک نەکەوتبوو. هەتا زۆر جار لەپێش خۆمەوە بە شتی سەیروسەمەرەم دەهاتنە بەرچاو و وەک شتێکی ئاسایی بیرم لێ نەدەکردنەوە. بیرم دەکردەوە لەوانەیە کەسانی ئەو چینە. دوو جووت چاو و دوو دەم و سێ گوێچکەیان هەبێ.

ئێستا وا هەڵیکم بۆ ڕێکەوت تا بیانناسم.

شەوانە کاتێ دەستمان لە کار دەکێشایەوە، خۆم پاک و خاوێن دەکردەوە و جلی نوێم دەپۆشی و دوور دەڕۆیشتم و دەچوومە کەناردەریا تا گیرۆدە نەبم، جا ئەم کەنارەم دەپێوا.

خەڵکێکی غەریب و عەنتیکە بوون، کە بەیەک دەگەیشتین هەواڵی یەکدیان دەپرسی، خۆیان بەیەکتر دەناساند، قسە و پێکەنین و هیچ



Scanned by TapScanner

شتێکیان لە ئادەمیزاد نەدەچوو. وەک ئەوەی بۆ کاری سـخوری چووبمە نێوانیان هەوای خۆم کرد.

لەوێ زۆر شتم بینی، زۆر شتم بیست، بەڵام لەو هەمووە یەکێکتان بۆ دەگێڕمەوە:

ئەوانە چ ژن و چ پیاویان کاتێ ڕووبەڕووی یەک دەبوونەوە، زۆر لەگەڵ یەک قسـەی خۆش و شـیرینیان دەکرد، جارێ ئەم بۆ ئەوی دەبرِی و دەیدووری، جارێ ئەو بۆ ئەم... بەڵام هەرچی کاری خراپ و بێجێ هەبوو، نەدەما لەژێرەوە بۆ یەکدی هەڵنەبەستن. ئەم بۆ ئەوی لێ دەدا و ئەو بۆ ئەم... جیاوازیان نەدەکرد، چ ژن و چ پیاویان کە دەگەیشتنە یەک قسەکانیان بەم جۆرە بوو:

«جانتاکەت زۆر نازدارە! کوێندەرییە؟»

«هی پاریسە.»

«پێڵاوەکانت زۆر بە ڕەونەقە! کوێندەرین؟»

«هی لەندەنە.»

من یەکەمجار تێنەدەگەیشـتم کە هی پاریسـە و هی لەندەنە یانی چی. من چ بزانم جا، ئەو خەڵکە پێڵاو و جلەکانیان لەم لا و لەو لای دونیادا دەکڕن.

هەر کە بەیەک دەگەیشتن دەستیان پێ دەکرد:

«بۆینباخەکەت زۆر سپۆرتە! کوێندەرییە؟»

«هی کەراچییە»

بە ڕاستی کراسەکەت کەشخەیە، کوێندەرییە؟»

«هی ڕۆمە.»

ئەم پرسـیار و وەڵامانە وەک قسـەیەکی ڕەمزیی ئەو چینە بوون. وەک ئەوە وا بوو، کە بیـانەوێ ئەگەر غەریبەیەکیـان بکەوێتە نێوان گرفتاری بکەن.

لەنێو هەموو ئەو ژنانەی کە - بە زاراوەی خۆیان - سوسیتەیان پێ دەوتن، دەمم لە «ویدا» گیر بوو. بەڵام تاوانی من نەبوو، بەختەکەم وا بوو، مەگەر نا من سـەگی کوێندەرم تا فیکر لە ژنێکی ئەو چینە بکەمەوە.

شـەوێکیان کاتی دانیشـتنی شـەوانەی یانەکە بوو، هەوا گەرم بوو، هەموو لە باخەکە دانیشـتبوون. منیش لەو کوڵێت و کەلاوە و کەندال هەڵدێرانە دەسـووڕامەوە و سـەیری ئەو بندار و بارانەم دەکرد، تا بتوانم شارەزایی تەواو دەربارەی ئەم چینە پەیدا بکەم.

زۆر شـتم بە چاوی خۆم بینی، لەژێر هەر درەختێک و لەنێو هەر کابینەیەک دەنگی ناڵە و هێنکە هێنکی ژنانی ئەم چینەم دەبیست.

دوای نیوەشـەو، دنیا تاریک بوو بەرەو دەریا دەڕۆیشـتم، گوێم لە قرەوگـاڵەی خێزانێک بوو، ژنە و مێردە حەفتوهەشـتیـان بوو. لە دەنگیانرا ناسیانم. ویدا و مێردەکەی بوون. مێردەکەی دەیگوت:

«تۆ بەو کارەت تەواوی ڕێز و پایەیی بازرگانی منت خسـتە ژێر پرسـیارەوە. من کە قسـە ناکەم، هەر کارێ دەیکەی بیکە، بەڵام هەر هیچ نەبێ لەگەڵ کەسـێ کە شـتێکی لە باردا بێت، یان لەگەڵ کوڕە خاسەیەکدا. تۆ خۆت باش دەزانی ئێستا هەر هیچ نەبێ ملیۆنێک لیرەم لە گەڕە، جا تۆش دەڕۆی لەگەڵ کابرایەک کە تازە دەستی داوەتە کار و هەرهەموو سـەرمایەکەشـی لە سـێ سـەد و بیسـت هەزار لیرە تێناپەڕێ ڕادەبوێرێ. بە ڕاستی کارێکی زۆر ناشرینت کردووە.»

ویدا ئاهێکی هەڵکێشا و گوتی:



Scanned by TapScanner

«باشـــە گوناحی من چییە؟ هەموو ئەو گوناحانە بە گەردەنی ئەو بیشەرەفەی دێت کە دەڵێ خاوەنی پێنج ملیۆن لیرەم.»

«ئاه... دەبینی ویدا گیان؟ دەبینی ئەم خەڵکە چ سەگبابن؟ دەبینی بۆ ئەوەی ژنی خەڵکی لە خشـــتە بەرن چ درۆیەکی گەورەی بۆ دەکەن؟»

ویدا بە پاکییەوە وەڵامی دایەوە:

«ئیســتا خۆیشــی هیچ، منی بە کابرایەکی دی ناســاند کە ئەویش هەر برادەری بوو، دەیگوت ئەو پیاوە نزیکەی دە ملیۆن لیرەی هەیە.»

دوای تۆزێ بێدەنگی، ویدا بەردەوام بوو:

«ئیســـتا باش بوو هەر زووتر پێت گوتم، ئەگەر نا خودا دەزانێ چەند جاری دیش کڵاوی لەسەر دەنام.»

مێردی ویدا گوتی:

«من یەکجار یەکێک ببینم دەزانم چ کارەیە، هەر لە یەکەمجاریش کە ئەو سەگبابەم بینی، زانیم چ توخمێکی حەرامزادەیە...»

ویدا قسەی مێردەکەی بڕی و گوتی:

«زۆر بێشـــەرەف بوو، بەڵام بە گیانی تۆ لە ســـێچوار جار زیاتر کڵاوی لەسەر نەناوم.»

مێردەکەی گوتی:

«ئەزیزم، ئێستا ئەوە ڕابوورد، نامەوێ خۆت نارەحەت بکەی. باس لەسەر جارێک و دوو جار و سێ جاریش نییە. باس لەسەر بنچینەی مەســـەلەکەیە. ئەگەر لە بازاڕدا بڵاو ببێتەوە کە تۆ لەگەڵ کەســێکدا ڕاتبواردووە ســـەرمایەکەی زۆر لە من کەمترە، وا دەزانن من بەرەو شـــکستی دەڕۆم، پایەی بازرگانیم دێتە خوارەوە، لە بانق بایەخم



Scanned by TapScanner

نامێنێ. ئێستا تێگەیشتی کە گلەیی من لەسەر چەند جاران نییە، بنچینەی مەسەلەکەیە کە منی نارەحەت دەکا.»

ئەمجارە ویدا بە گژ مێردەکەیدا چوو و گوتی:

«ڕاستییەکەی هەمووی سووچی تۆیە!»

«بۆچی؟»

«باشە مەگەر من بەری دەستی خۆم بۆن کردبێ یان عیلمی غەیبم هەیە، تا بزانم سەرمایەی ئەم چەندە و سەرمایەی ئەو چەندە، خێر دەبوایە تۆ پێم بڵێی.»

«هەقتە گیانەکەم، منیش بێتاوان نیم، سەیرکە، ئێستا پێت دەڵێم...»

مێردی ویدا باری دارایی یەکە بەیەکەی ئەو پیاوانەی کە هاموشۆی ئەو یانەیەیان دەکرد و بە ویدای گوت. دواجاریش ویدای ڕاسپارد ڕوو لە ڕابواردنی کاک «فەنەرچیان زادە» بکا.

گوتی:

«سەیرکە ویدا گیان، «فەنەرچیان زادە» وەزعی لە هەموویان باشترە، ئەوەندە سامانی هەیە کە ئەگەر بیەوێ دەتوانێ ئەو یانەیە هەرهەمووی تێکرا بکڕێ.»

«ئاخر من نایناسم.»

«هەر هەڵێک ڕێک بکەوێ من پێت نیشان دەدەم، دەبێ هەوەسی لەگەڵ بکەی، تا دەتوانی لەگەڵیدا گەرم بە.»

دوای تۆزێ بێدەنگی گوتی:

«ئێستا ئەو هەڵەیەی کردت دەبێ بە لاوەی نێیت، ئێستا بڕۆ سالۆنەکە، لەسەر مێزی پۆکەر دانیشە. بێگومان دەبێ یارییەکی گەورە ساز بدەی، دەبێ بەلایەنی کەمەوە دە هەزار لیرە ببەیتەوە،



Scanned by TapScanner

دوایی هەڵسەوە دەست بکە بە خەندە و قسە و سەماکردن. وا مەزانە ئەو ئاوە هەر تکاوەتە سـەر ئەم ئاوە، تەنیا بەم شـێوەیە دەتوانی پروپاگەندەی شکستی من بە درۆ بخەیتەوە، تێگەیشتی یان نا؟»

ویدا گوتی:

«زۆر باشە گیانەکەم، دڵت رەحەت بێ...»

ویدا و مێردەکەی لێک جودا بوونەوە. کاتێ ویدا بە تەنیا بوو، دەیویست بەرەو ساڵۆنەکە بڕوات، لەپشت درەختەکانەوە هاوارم کرد و لەبەردەمی قیت بوومەوە.

ویدا ترسا و گوتی:

«ئاهـ...»

«ترسای؟»

«بەڵێ، زۆر ترسام.»

«زۆر بە داخەوەم کە بوومە هۆی ترساندنت، دەبێ بمبوری، بەڵام هەر چۆنێک بێ لەگەڵ ئەوەشـەوە شـانازی بەوەوە دەکەم کە لەگەڵ جوانترین ژنی ئەسـتەمبوڵدا ئاشـنایی پەیدا دەکەم، بە راسـتی زۆر دڵخۆشم.»

چاک شارەزای ئەو چینە بەرزە بووبووم. دەبوایە لە کاتی ناسینی ژنێک بە پەخشی قژی، رێکی لووتی، رێکی بەژن و باڵایدا هەڵبدەم.

منیش وەسفێکی تەواوم بۆ ویدا کرد.

بە گوێرەی دابونەریتی چینی بۆرژوا، باسـکردن و پیاهەڵدانی جوانی ژنەکانیان لە رووی مێردەکانیانەوە شتێکی چاکە، چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی ژنەکانیان جوانییەکەیان بە رووی مێردەکانیاندا بدەنەوە

و مێردەکانیشــیان لەلای خەڵکی بە جوانی ژنەکانیانەوە خۆیان هەڵکێشن.

بەڵێ، بە ویدام گوت:

«شــانازی بەوەوە دەکەم کە لەگەڵ جوانترین ژنی ئەســتەمبوڵدا ئاشنایی پەیدا دەکەم. بە ڕاستی زۆر دڵخۆشم.»

ویدا گوتی:

«هەڵتبژارد...»

«خانم، ئەوە هەقیقەتە، کەس ناتوانێ نکووڵی لێ بکا، لە جوانیدا وێنەت کەمە، هەمووی... ببوورە لە بیرم چوو خۆمت پێ بناســێنم، بەندە فەنەرچیان زادە»

ویدا گوتی:

«پێ خۆشحاڵم، زۆر باسی چاکەی تۆم بیستووە.»

«بایەکی قایمی دێت...»

«ڕاستییەکەی هەوای مانگی، منیش لەم هەوایە بێزارم.»

«ســەلیقەمان یەکە، بێگومان دڵیشــمان هەر یەکە. ئومێدەوارم زۆر زوو ببینە هاوڕێی گیانی بەگیانی.»

زۆر دەمێکە بیرم لەوە کردبووەوە کە ببینە هــاوڕێیەکی گیــانی بەگیانی، دوای ئەوەی بیست دەقە لە ژووری «ویدا» بووین.

بۆ ئەوەی وا تێنەگات من غەریبەم، بە زمــانی چینی بۆرژواکان دەستم بە قسان کرد:

«خاتوو ویدا، جانتاکەت زۆر جوانە، کوێندەرییە؟»

«هی پاریسە.»



Scanned by TapScanner

ویدا جانتاکەی خستە سەر مێزەکە.

«خاتوو ویدا، شاڵەکەت زۆر زۆر سپۆرتە، کوێندەرییە؟»

«لەندەنییە.»

ویدا شاڵەکەی فڕێ دایە سوچێکەوە.

«ویدا گیان، جلەکانت زۆر ناسکە، کوێندەرییە؟»

«هی بەرلینە!»

ویدا جلەکانیشی داکەند.

«ویدا گیان، بە ڕاستی پێڵاوەکانت شەنگە، کوێندەرییە؟»

«هی مەدریدە!»

ویدا گیان پێڵاوەکانیشی داکەند!

«ئازیزم، بنکراسەکەت بە ڕاستی چروپرە، کوێندەرییە؟»

«هی بەیرووتە»

بنکراسەکەیشیم لەبەر کردەوە!

«گیانە، ئەو گورەوییانە کوێندەرین؟»

«ئەوانەم بەیرووتین.»

گورەوییەکانیشی داکەند.

«ویدا گیان، مەمکدانەکەت کوێندەرییە؟»

«هی بەرلینە.»

«ویدا گیان، ئەم سوخمەیەت زۆر قەشەنگە، کوێندەرییە؟»

«هی ڕۆمە.»



Scanned by TapScanner

که لێوەکانم خستە سەر لێوەکانی دڵم حەسایەوە، لەو لێوانە بوو
که ناسیبووم. گوتم:

«هەقە تۆش وەک من بەو ڕێگەیەدا نەڕۆی کە من تۆم تیادا ناسی،
پێم بڵێ بزانم ئەو لێوانە هی قاسم پاشا نین؟»

بە گوێیدا چپاندم:

«من تۆم ناسییەوە، منداڵی یەک گەڕەکین!»

«بە ڕاستی لەم ماچانە دەستناکەوێ، بە خوای هەزار جاریش
بڵێی، ئەو لێوانە هەر هی قاسم پاشان.»

دوای چەندەها ساڵ زبێدەی قاسم پاشام بە ناوی ویداوە، لە
چینێکی بەرز بەدەست کەوتەوە و پێی گەیشتمەوە.

## ئۆها ئۆها...

هەندێ جار مرۆڤ ئەوەندە نامەی بۆ دێ، تەنانەت ماوەی خوێندنەوەی ڕۆژنامەیەکیشی نامێنێ. ئەوەندەش میوان و ناسیاوی بێزارکەر دێن، تا کورسییەکانیش لەبار یەک دەبەنە دەرێ.

ئەو جۆرە دڵخۆشییانە لەم ڕۆژانەدا کەم نین...

بەڵام هەر کاتێک ناوم لە لاپەڕەی ڕۆژنامەکان بزر دەبێ، ئیدی میوانەکانیش دەرناکەون. وەک بڵێی هەر ئەوان نەبوون لە ماڵەکەمدا دەچەمانەوە سەر قومپانی قۆندەرەکەم. یەکێ بۆ کاری بەرژەوەندی خۆی دەهات، یەکێکی دی داوای قەرزی دەکرد، یەکێکی دیان دەیویست من واستەیەکی بۆ بکەم و کارێکی بۆ بدۆزمەوە. ئاخ ئەگەر هەر ئەو ڕۆژانە داواکاریەکانیانم ڕەت بکردایەتەوە، ئێستا بۆ خۆم زۆر حەساوەتر بووم.

چارەنووسی نووسەر بە شێوەیەکی گشتی سەیرە، تا ناوی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بەدەر کەوێ، لەنێو خەڵکیدا ناوبانگ بۆ خۆی پەیدا دەکا و هەموو بە زیرەک و زانای دادەنێن. جا دەبێ ئەو پارەیان بە قەرز پێ بدا و یارمەتیان بدات و کاریشیان بۆ بدۆزێتەوە. بەڵام هەر کاتێ لە چاپ دوور کەوتەوە، مەسەلەکە بە تەواوی پێچەوانە دەبێتەوە. خەڵکی هەمووی لێی دوور دەکەونەوە، نەوەک داوای شتێکیان لێ بکا! بێ ئەوەی پێشوویان لە بیر مابێ. کاتێک لە زیندان ئازاد بووم، جا بە تەواوی شارەزای بەختی خۆم بووم. زۆر شارەزایی ئەو شتانەم. ئەمە جاری یەکەمم نییە...

ئێستا گوێ بگرن، بزانن لەو چەند ڕۆژەی دوایی چ بەڵایەکم بەسەردا هات:



Scanned by TapScanner

ڕۆژێکیان سەیرانکەرەکان بەسەر هەورازی «بابالی» بەسەر دەکەوتن. جاران بە سەرکەوتنی ئەو هەورازە، ئەوەندە سەخت نەبوو. ئەم ڕێگایە ساڵ بەساڵ سەختر و ناهەموارتر دەبێ. هەندێ جار بیر دەکەمەوە، نەکەی... بەلکوو... نا، ناتوانی مەگەر نا، بابالی بە گوێرەی من، دیوارێکی نامومکینە. بەڵێ، چوومە سەرەوە و لە پڕان لەناو ئەو ئاپۆرەیە کۆنەدا دۆستێکی خۆمم بینی. لە یادمە: ئەو هەمیشە خۆی ڕەپێش دەکرد و خۆی وا نیشان دەدا کە منی زۆر خۆشدەوێت. لە هەر شوێنێ تووشی یەک ببووینایە، دەستی بەرز دەکردەوە و دەستی دەکرد بە «ئۆها ئۆها!» و منی لە باوەش دەکرد و ماچی دەکردم.

گەر ڕاستیتان بوێ، من بە پێچەوانەی ئەو کەسانەم کە ئەوەندە حەز بە سۆز و خرۆشانی گیانی دەکەن. بە ڕای من دڵی ئەم جۆرە کەسانە داخراوە، بەڵام هەرچییەک بێ، بە خۆڕەپێشکردنی دۆستەکانی خۆم باوەڕ دەکەم و وەک ئەوان بە خۆشەویستی و سۆزەوە وەڵامیان دەدەمەوە.

بەهەرحاڵ، لە بەرانبەر چایخانەی «مەسرەت پۆلیس» دەستی بەرز کردەوە و لەنێوان پیادەکاندا کە دەستەیەکیان سەرکەوتبوون و دەستەیەکیشیان لە خوارەوە مابوونەوە، بووە هەراوهۆریا. لەنێو ئەو ئاپۆرەیەی خەلکی بزر بووم. لەو کاتەدا برادەرەکەمم بینی. ماوەیەکی زۆر بوو یەکترمان نەبینی بوو. بێگومان منیش چاوەڕوانی سۆز و خرۆشان و شادی ئەو بووم. بۆ ئەوەی منیش خۆشەویستی خۆمی پێ نیشان بدەم، هەر لە دوورەوە دەستم بەرز کردەوە و دەستم کرد بە گوتنی «ئۆها ئۆها...» و بەرەو ڕووی چووم.

ئەلبەتە ئەویش منی بینی بوو، بەڵام بە هیچ شێوەیەک بە ڕووی خۆیدا نەهێنا و ڕووی خۆی وەرگێڕا و بە شەقاوی گەورە و خێرا خێرا، بە تەنیشتمدا ڕەت بوو. هەر سەریشی بەرز نەکردەوە، وەک ئەوەی بڵێی کە منی هەر نەبینیوە و نامناسی.

نازانم بڵێم چی بەسەردا هێنام... لە ناوەندی کۆڵاندا، بە گاڵتە و پێکەنینەوە مامەوە.

جا بزانن بە چ دەردێکی بردم. پۆلیس ئەو قەرەباڵغییە گەورەی، لە چوار لاوە پەرت دەکرد. خەڵکیش بە هەڵیان دەزانی و هەڵدەهاتن. لەنێوان ئەو خەڵکەدا خۆم سەیر دەهاتە بەرچاو، وا وەستاوم و بە دوو دەستی واڵاوە، «ئۆهـا ئۆهـا...» دەکەم.

لە شوێنێکی وادا مێشکی ئادەمیزاد بە خێرایی کار دەکا. خەیاڵەکان برووسکە ئاسا لە جێگاکان دەدەن: ئێرە باباڵییە. کارگێڕیەکەمان هەر لەم ناوەدا بوو. چەندین کەس لێرە دەناسم.

وایان بە خەیاڵدا دەهات کە من شێت بوومە. خۆزگە تووشی یەکێ لە ناسیاوەکانم دەبووم و لە باوەشم دەگرت، بەڵام کەسم نەدۆزییەوە.

لەو کاتەدا پۆلیس دەستی هەرشەقاند و ڕۆیشتن دەستی پێ کردەوە. من بە تەواوی ئاگام لە خۆم بڕا بوو. ئاخر ئادەمی ئاسایی هیچ کاتێ بە «ئۆهـا ئۆهـا...» گوتن، بەرەو پاس ڕۆیشتووە! هەر هیچ لە جێگای خۆم نەجووڵامەوە و لە ناوەندی کۆڵاندا ڕاوەستام. ئاخێر کەس لە پیادەکان بووە برادەرم، خانمێکی پەنجاوپێنج بۆ شەست ساڵانی زۆر قەڵەو بوو. ناوەکەیم لە بیر نەماوە، بەڵام دەمزانی لە جێگایەکدا بینیومە.

منیش بە خۆشحاڵییەوە دەستم بە «ئۆهـا ئۆهـا...» گوتن کرد و لەنێوان ئۆتۆمبێل و پاسەکاندا کە بە خێرایی ڕەت دەبوون، بەرەو ڕووی چووم و بە توندی لە باوەشم گرت. هێشتا دەنگی نەفرەتی «ئۆهـا ئۆهـا...» لە گەروومەوە دەهاتە دەرەوە. یەکێ لە شۆفێرەکان لە جامەکەوە سەرێکی هێنا دەرەوە و لچی خوار کردەوە، بەڵام من هەر سەیریشم نەکرد.

پۆلیس لێمان نزیک بووەوە:

«کاکە بڕۆنە سەر شۆستەکە!»

لەو کاتەدا بیرم کەوتەوە کە ئەو خانمە چەند ســـاڵ لەمەوپێش، کارەکەری ماڵی برادەرێکم بوو. لە کاتێکدا ئەو ئاگای لە خۆی برا بوو، دەستم گوشی و گوتم:

«خواحافیز!»

جا بە خێرایی ڕەت بووم و شـــەرمەزار بووم. با ئەویش شـتێکی بیرنەکەوێتەوە.

# ژنەکەت ماچ بکە

باشترین سەرگەرمییەک کە بتوانم بۆ ئەو پیاوانەی ژنیان هێناوە پێشنیاز بکەم، ماچکردنی ژنەکانیانە. ئەو سەرگەرمییەش چاکییەکەی لەوە دایە: یەک پارەتان بە خۆڕایی ناڕوا، دوو پایەیی ئاشتی و کامەرانی لە ماڵەکەتان پتەوتر دەبێ.

ئەلبەتە ماچ زۆری هەیە، بەڵام ئەوەی ئێمە لێرەدا دەمانەوێ بیخەینە ڕوو «ماچی بەیانی»یانە کە ئەویش لە دوو شێوەدا خۆی دەنوێنێ: «ماچی سەلام» و «ماچی خواحافیزی». لە کاتێکادا کە ئەگەر «ماچی خواحافیزی»تان هەڵبژارد، ئەوا دەبێ ئەم ماچە لە کاتێکادا بکرێ کە ژنەکانتان بە خۆیان و بە کڵاو و جانتاکانیانەوە لەبەر دەرگا وەستا بن و چاوەڕوانتان بن تا هەردووکتان بگەنە یەکدی و بتانەوێ بچنە دەرەوە، جا بۆ ماوەی چەند چرکەیەک لێوتان بخەنە سەر لێویان و بە توندی لێویان بگوشن. بە شێوەیەک هێڵێکی وا بکێشن تا گۆنایان درێژ ببێتەوە، بۆ ئەوەی هەر کەسێ بینی یەکسەر بزانێ چەندە بە توندی گوشیوتانە. بەڵام ئەگەر «ماچی سەلام»تان هەڵبژارد، ئەوا دەبێ لە کاتێکدا بێ کە لە خەو هەڵدەستنەوە و بەدوای ژنەکانتاندا دەگەڕێن، تا بزانن لە حەمامە، یان لەبەردەم مێزتەوالێتە، یان لە ژووری دانیشتنە یان لە چێشتخانەیە، جا بڕۆن و لەپاش بەیانی باشکردن، ماچیان بکەن.

لە ماڵەکەی ئێمەدا، هەردوو جۆرە ماچەکە بەردەوامە. ئێستا ئەگەر هەندێ جار «ماچی سەلام» زیاتر دووبارە ببێتەوە، هی ئەوەیە کە ئێمە کۆمەڵێ سەعاتمان لە ماڵەوە هەیە و هەمووشیان یەک نین و هەر یەکەیان بە جۆرێ کاتەکە پێشان دەدا.



Scanned by TapScanner

بۆ ئەوەی چاکتر لە مەبەستەکەم بگەن، هەر بۆ نموونە مەسەلەی ئەمڕۆ بەیانیتان بۆ باس دەکەم:

بە هۆی قسەکردنی «ماریان»ی خێزانم لە خەو بێدار بوومەوە. بەڵام ئەو قسانە هیچ پەیوەندییەکیان بە منەوە نەبوو. هیچ قسەیەک نییە لە دونیادا پەیوەندی بە منەوە هەبێ. تەنیا ئەوەی پەیوەندی بە منەوە هەیە ئەوەیە شەو و ڕۆژ لە هەشت سەعات کەمتر نەنووم. بەڵام بە داخەوە ئەمجارەیان نەمتوانی هەشت سەعاتەکە بخەوم، چونکە دوای سەعات سێ و نیوی شەو خەوتبووم و دەبووایە سەعات حەفت و نیوی بەیانی لە خەودا هەڵسم.

دیسان بە هۆی دەنگە دەنگەوە، زووتر خەبەرم بووەوە. ئەو دەنگە دەنگە زۆر پەیوەندی بە منەوە هەبوو:

«خێراکە، هەڵسەوە، تێناگەی؟ لە فەرمانگە دواکەوتووی. ئەرێ بە خەبەری؟»

کەمێ بێدەنگ بوو، جا گوتی:

«کەوابێ هەڵسەوە.»

هەڵنەسامەوە، تا «ماریان» دەستی خستە سەر سەرم و گوتی:

«چاوەکانت بکەرەوە!»

چاویکم کردەوە و بە لا چاویکەوە سەیریکم کرد، بۆ ئەوەی دڵنیایی بکەمەوە کە بە خەبەرم:

«دە زووکە، لەنێو نوێنەکەت وەرە دەرەوە! ئەگەر نا لە کاتی خۆیدا بە فەرمانگە ڕاناگەیت!»

«جارێ دەقەیەکی دی، خۆ هێشتا زەنگی سەعاتەکە لێی نەداوە.»

دووباره چاوێکم کردەوە و سەیرێکی سەعاتی سەر مێزەکەم کرد، تا بزانم چی دەڵێ. ئەشێ جارێ دەقەیەکی تریشم مابێ. ئەڵبەتە هێشتا بە بەریەوە ماوە. تازە سـەعات چوار و دوازدە دەقە پیشـان دەدات. دووباره سـەرم کردەوە سـەر بالیفەکەم و لیفەکەم بەسـەر خۆمدا دایەوە. چوار و دوازدە دەقە! چوار و دوازدە دەقە!

برووسکە ئاسا لەنێو نوێنەکەدا ڕاپەڕیمە دەرەوە و بە گفتوگۆیەکی ژن و مێردانە لە ماریانم پرسی:

«سەعاتەکە بۆ وەستاوە؟ بۆچی دوێ شەو بیرت نەخستمەوە کە سەعاتەکە قورمیش بکەم.»

«من کە پێم گوتی، دەبا بۆ خۆت هەڵسابایتەوە!»

دوایی بە خێرایی ماچم کرد:

«بەیانیت باش!»

پاشـان بە خێرایی بێجامەکەم لە پێ کردەوە و کراسـەکەم لەبەر کرد:

«گۆرەوییەکانم لە کوێن؟ لە فەرمانگە دوا دەکەوم! گۆرەوییەکانم بۆ بدۆزەوە. گوێت لێ نییە؟»

بەڵام ماریان گوێی پێ نەدا، چونکە لە ژوورەوە چووبووە دەرەوە و چووبوە حەمام. هاوارم کرد:

«گۆرەوییی!»

بروبوزگۆرەکانی نێو چەکمەجەی دۆلابەکەم هەڵرشـت. جووتێ گۆرەوی نوێم دۆزییەوە. لنگێکیانم لە پێ کرد. بۆم تەنگ بوو. بەڵام هەرچۆنێک بوو لە پێم کرد! هەرچەند هەڵمدەکێشـا هەر دەهاتە خوارەوە! نەعلەت لە کارگەکانی دروسـتکردنی گۆرەوی، چ دەبوو ئەگەر گۆرەوییەکانیان بە داروە کردبایە، یان هەر هیچ نەبێ قالبی

گورەوی ژمارە حەوتیان لە جێگەی ژمارە یازدە لێ بدابوایە! غارمدا بۆ حەمام:

«بەیانیت باش!»

بە خێرای ماچێکم لە گوناى ماریان دزی (بۆنی سابوونی لێ دەهات).

«ئەم گورەویانە چۆتە ئاوەوە، جووتە گورەوییەکی دی لە کوێ بێنم؟ بۆ لاڵ بوویت؟ زووکە، یارمەتیم بدە! من دەبێ سەعات هەشت و نیو لە فەرمانگە ئامادە بم.»

گورەوییەکانی لە دەست وەرگرتم و گوتی:

«با بۆ کورە گچکەکەمان «بنی» بێ.»

پاشان سەیرێکی سەعاتەکەی کرد، کە لەژێر ئاوێنەی حەمامەکە دانابوو. جا گوتی:

«ئەوە چیتە؟ تۆ هێشتا کاتت زۆرە! تازە سەعات حەفت و بیستودوو دەقەیە.»

هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا و لەژێر لێوانەوە دەمگوتەوە:

«حەفت و بیستودوو دەقە... حەفت و بیستودوو دەقە...»

ئیدی گورەوی بەلامەوە گرنگییەکی ئەوتۆی نەبوو. هێشتا یەک دنیا وەختم مابوو. دووبارە هەنگر بەرەو قەرەوێڵەکە چووم. من چیم داوە لەوەی خاوەنکارخانەکانی گورەوی، گورەوی ژمارە حەوت بە ژمارە یازدە دەفرۆشن، یان کارخانەکانیان دادەخەن. پێویستیم بە گورەوی نییە. هەتا هەشت دەقەی دی پێویستم بە هیچ نییە.

«چییە، ئەوە دیسان چوویتەوە نێو نوێنەکە؟»



Scanned by TapScanner

ئەم قسانە پەیوەندییان بە منەوە نەبوو، نا، ئەم قسانە هەتا هەشت دەقەی دی هیچ پەیوەندییەکیان بە منەوە نەبوو. کەوابێ هیچ قسـان ناکەم.

«خێراکە، هەڵسەوە!»

من لە بیرم چووبوو کە سـەعاتەکەم ڕۆژی لە دە هەتا دوازدە دەقە لەپاش دەدا. ڕۆژی یەکشـەممە هەندێ خوێیاوکی چووبووە ناو. بۆیە لەو ڕۆژە بەدواوە بە چاکی ئیشی نەدەکرد.

وەک مشک لەنێو نوێنەکە ڕاپەڕیمەوە دەرەوە و ماریانم ماچ کرد:

«بەیانیت باش.»

پاشان بە پەلە کراس و بێجامەکەم لەبەر کردەوە.

ماریان گوتی:

«پێم نالێی ئەوە چی دەکەی؟»

«چی دەکەم؟ جلەکانم لەبەر دەکەم. هەمووی خەتای ئەم سـەعاتە نەفرەتییەی تۆیە.»

بە پەلە بێجامەکەم داکەند و کراس و پانتۆڵەکەم کردە بەرم.

چەند دەقەیەکی گرانبەهای بەدەسـتەوە مابوو. قۆپچەکانی سـەر دەستی! ئەی قۆپچەکانی سەر دەستی کوان؟

لەسـەر مێزی تەنیشـت قەرەوێڵەکەم نەبوو. لە چەکمەجەکەش نەبوو. ئەم لا نەبوو، ئەو لا نەبوو. لەژێر تەختەکەش نییە!

هاوارم کرد:

«کوا قۆپچەکانی سەر دەستم؟»

«کێ تا ئێستا کراسێکی بینیوە بەخۆی قۆپچەی پێوە بێ، قۆپچەی سەر دەستیشی تێ خستووە؟»

ڕامکرد بۆ حەمام و فلچەی ڕیشتاشین بێنم، بەڵام قوتووی مەعجوونەکە بەتاڵ بووبوو. هەرچەند دەمگوشی هیچی لێ نەدەهاتە دەرەوە. چەند جنێوێکی تەڕم بۆ خاوەنکارخانەکانی مەعجوونی ڕیش ڕەوانە کرد. من تێناگەم خاوەنکارخانەکانی مەعجوون، چۆن دەتوانن وا قوتووەکانی مەعجوون پڕ بکەن و چەند دەقەیەک بۆ پیاو بگێڕنەوە، لەوەی خۆی بە سابوونی دیەوە خەریک بکات. بەتاڵ بووبوو.

«سابوون... کوا سابوون؟ لە کوێیە! «ماریان»!»

«ماریان» ئاگای لێ نەبوو.

«ماریاننن!»

ئەو هەرگیز گوێی بەم قسانە نەدەدا.

بەرەو دەرگای حەمامەکە ڕامکرد، پێم لەسەر سابوونەکە هەڵخزی. سابوونەکە بە ڕاڕەوەکەدا ڕۆیشت و بە دیوارەکە کەوت و بە پێپلیکەکاندا غلۆر بووەوە خوارەوە. خۆشم تەپەم لێوەهات و کەوتمە سەر عەرزەکە و خۆم لەپشت حەمامەکە بینییەوە.

لە کاتێکدا سەرم زۆر ژانی دەکرد، هەڵسامەوە تا بەدوای سابونەکەدا ڕابکەم، بەڵام لە پەیژەی دووەم دیسان پێم هەڵخلیسکایەوە، وەک ئەوەی یەکێ لەسەر بەفر بخزێ، یەکسەر گەیشتمە خوارەوەی پێپلیکەکان. ئەو کاتە زێڕینەی بەدەستەوە مابوو، دەبوایە بە خێرایی کارەکانم ئەنجام بدەم!

«ماریان» حەپەسابوو. گوتی:

«ئای خودایە! وامزانی کیسەیەک پەتاتە بوو لە پەیژەکانەوە کەوتە خوارەوە!»

ئاخر كيسه پەتاتە قيت دەبێتەوە! سەيرێكی چاوە خومارەكانی «ماريان»م كرد و لە خۆم نزيک كردەوە و «ماچی سەلام»م لە گۆنای سەند.

«ئازيزم، بەيانيت باش!»

«ئاوا! جا ئەوە جاری چوارەمە. پياوەكە، تۆزێ ئاگات لە خۆت بێ!»

لەپڕا چاوم بە سەعاتی سەر ديواری ڕاڕەوەكە كەوت، حەوت و هەژدە دەقە. حەوت و هەژدە دەقەی پيشان دەدا؟

من هێشتا يەک دونيا كاتم ماوە. لەم ڕۆژانەدا پياو زۆر ئيشی بە كات دەبێ. دوانزە دەقە هەر زۆر زۆرە، دياربيەكی ئاسمانييە. ئەگەر ئەم دوانزە دەقەيە پێشكەشی ئێوە بكرێ، چی دەكەن؟ كەوتمە بيری ئەوەی كە دووبارە بڕۆمەوە سەر قەرەوێڵەكەم. تۆزێ وەستام و هەوڵمدا وەک كەسانێكی خەوخۆش، خۆم ئەم ديو و ئەو ديو بكەم. چاوەكانم نوقاند. بەلام بە هيچ جۆرێ خەوم نەدەهات... ڕۆژنامە!

«بەڵێ، من هێشتا وەختێكی زۆرم ماوە، با ڕۆژنامەی بەيانی بخوێنمەوە.»

هاتم لەسەر قادرمەكان دانيشتم و ڕۆژنامەی «ماوەی پێكەنين»م هەڵدەدايەوە. هەڵبەتە وەک خاوەنكارێک، خۆشترين بەشەكانيم دەخوێندەوە...

«ها، چييە؟ ئەوە بۆ لێرە دانيشتووی؟»

«چی دەڵێی؟»

بە خێرايی لەسەر قادرمەكاندا قيت بوومەوە. «ماريان» بە تێڕوانينێكی ژنانەوە لێم ورد بوەوە.

«چييە؟ ئەوە لە بيرم چووە «ماچی سەلام» لە لێوانت بستێنم؟»

«ماریان» زۆر دڵگیر بوو. بۆ ئەوەی نەوەکوو لە بیرم چووبێ، بە پەلە ماچم کرد.

«بەیانیت باش!»

«بیر لەوە ناکەیتەوە سەعات چەندە؟»

«ســـەعات حەوت و هەژدە دەقە بوو. یانی ئێســـتا... حەوت و بیستوسێ دەقەیە، بەڵام...»

«دە دەقەی دیکەشی بخە سەر!»

«مەبەستت چییە؟»

«ئاخر دوێنێ ئەم سەعاتە وەستا بوو و منیش لەسەر سەعاتەکەی خۆم دامنایەوە...»

بە سێ هەنگاوی خێرا لە پێپلیکەکان هاتمە خوارەوە، بە فلچە کەمێ مەعجوونی ددانم لەســـەر و ڕووم هەڵســـوی و دەســـتم کرد بە ڕیشتاشین. لەو کاتەدا خوێن لە هەموو لایەکەوە فرکەی دەکرد. لەبەر خۆشمەوە دەمگوت:

«تازە بە فەرمانگە ڕاناگەم! تازە ناگەمەجێ!»

دوای ئەوەی چەند مەتر کاغەزم پارچە پارچە کرد و لە ســـەر و ڕووی خۆم دەچەسپاند بۆ وەستانی خوێنەکە، پاشان بە دوو هەنگاو لە پێپلیکەکان هاتمەوە خوارەوە و چوومە چێشـــتخانەکە. چەند پیاڵەچایەکی گەرمم فرکرد، دەمم ئاگری تێبەر بوو، لە گەرمیان تا بنمیچی چێشـــتخانەکە لە خۆم هەڵدا. چایەکە لە دەمم وەک ئافوورە فرکەی کرد و هاتەوە دەرەوە. «ماریان» لە ترســـان بە غاردان هاتە لام و پرسی:

«ئەوە چیتە؟»



Scanned by TapScanner

«ئەم چایە نەفرەتییە هەموو دەمی سوتاندم! زووکە، ژەمی بەیانی کوا؟ تازە من بە فەرمانگە ڕاناگەم.»

لەو کاتەدا چاوم بە سەعاتی چێشتخانەکە کەوت، حەوت و بیستوهەشت دەقە! حەفت و بیستوهەشت دەقەی پیشان دەدا!

«ئەم سەعاتە بە تەواوی ئیش دەکا؟»

«بە زۆری، ئا.»

بە دەستێک بازووی «ماریان»م گرت و دەستەکەی دیم خستە سەر قرتقرتۆکی:

«دەتوانی سوێند بخۆی کە ئەم سەعاتە تەواوە؟»

«ماریان» سوێندی خوارد و من بەرەڵام کرد. من هێشتا یەک سەدە کاتم ماوە، پێم گوت:

«چەند هێلکەیەکم بۆ بکەرە ڕۆنەوە، پەرداخی شیری گەرمیشم بۆ بێنە. زۆر هەست بە برسییەتی دەکەم.»

پاشان ڕۆژنامەی «ماوەی پێکەنین»م لە گیرفانم دەرهێنا و جگەرەیەکیشم داگیرساند و لەنێو کورسییەکاندا نقوم بووم. «ماریان» چەند هێلکە و ماسییەکی بۆ لە ڕۆن کردم و منیش بە خۆشحاڵییەوە گوتم:

«ماچەکەت وەرگرت، ئەگەر وەرتنەگرتووە، وەرە، وەریگرە و بڕۆ!»

«ئەڵبەتە تۆ دەبوایە دەمێک بووایە، هەردوو لات لەبەر چاو بگرتایە.»

«ئەوە تۆ باسی چی دەکەیت؟»



Scanned by TapScanner

«مەبەستم ئەوەیە کە بە ڕاستی من ناتوانم سوێند بخۆم کە ئەم سەعاتە زۆر تەواوە. ئەشێ دووسێ دەقەش لەپێش بێ یا لەپاش بێ. تۆ خۆت دەزانی زۆربەی سەعاتی چێشتخانەکان چۆن چۆنی کار دەکەن.»

بە خێرایی خۆم گەیاندە ژووری دانیشتن، جا تەلەفۆنەکەم هەلگرت و ژمارەی سەعاتم وەرگرت:

«سەعات هەشت و چوار دەقەیە، سەعات هەشت و چوار دەقەیە...»

وەک گولله بەرەو ڕاڕەوەکە ڕامکرد، کڵاو و پاڵتۆکەم لە شوێنی جلەکان هەڵگرت و بە شوێن چاویلکەکەمدا بە قادرمەکاندا بەسەرکەوتمەوە. دەبێ بە هەر جۆرێک بێ خۆم بگەیەنمە فەرمانگە. چۆن دەبێ پیاو یەکەم ڕۆژ دوای زیادکردنی مانگەکەی، درەنگ بگاتە فەرمانگە. هەرچەند لە چاویلکەکەم گەڕام نەمدیتەوە و نەمدیتەوە. دواجار وازم لە چاویلکەکەم هێنا و بە چاوی بەستراوەوە، بە سێ شەقاوی گەورە لە پێپلیکەکان خۆم هەڵدایە خوارەوە. لە خوارەوەی پێپلیکەکان بە قایم خۆم بە بنیدا دا، کە هێلکە و ڕۆنی نیوەڕۆی بە دەستەوە بوو و دەیبردە ژووری خواردن. خۆمان پێک دادا. ئەو شەش جاران بە دەوری خۆیدا خولایەوە و گێژ بوو. مەقریەکەی کە ماسی و هێلکەکانی تێدا لە ڕۆن کردبوو، لە دەست ڕژایە سەر یەکێ لە پەردە سپییەکانەوە. بە پەلە جانتاکەم هەڵگرت و هەر ئەو کاتە بە ڕاکردن لە ماڵ چوومە دەرەوە. زۆر ئاساییە «ماچی خواحافیزی»شم لە رووومەتی کرد. پاشان بەنێو گوڵزارەکاندا بۆ بەردەم باخەکە غارم دەدا، ڕێک خۆم لە باوەشی کاک «لارمن»ی دراوسێمان بینیەوە.

ئەو لە کاتێکدا زمانی گیرا بوو، بە دوو چاوی زەقەوە ئیشارەتی بۆ لای ماڵەکەی ئێمەوە دەکرد و دەیگوت:

«من... من بە ڕاستی لەلام سەیرە، تۆ بۆچی پۆستەچییەکە ماچ دەکەی؟»



Scanned by TapScanner

## خنکاو

بێ ئەوەی یەک تۆز زێدەڕەوی بکەم، یان بێ ئەوەی هیچ لە ڕاستی بابەتەکە بگۆڕم، کارەساتی خنکانی یەکێ لەو هاولاتیانەی کە لە هاوینی ئەمساڵ هاتبووە کەناردەریا، بۆتان دەگێڕمەوە.

ئەلبەتە بە نیشاندانی لیستی حساباتی چێشتخانەکانی کەناردەریا، گیانی دەرنەچووبوو، بەڵام بە هۆی ئەوەی لە کەناردەریا هێنابوویانە دەرەوە، کۆمەڵە خەڵکێکی زۆر لە دەوری کۆ بووبوونەوە. ئافرەتێکیان کە بە چاکی ڕووی ئەو کەسەی لێوە دیار نەبوو کە هێنابوویانەوە دەرەوە، نەوەک لەدەستی بچێ و نەیبینێ، لەگەڵ وتنی ئەم ڕستەیە پاڵی بە خەڵکەکەوە دەنا و خۆی ڕەپێش دەکرد:

«بابە گیان، تۆزێ لەو بێچارەیە بکشێنەوە.»

کچێکی گەنج کە بە هۆی سۆز و خرۆشانێکی زۆرەوە، بەبێ مایۆ لە کابینەکەوە هاتە دەرەوە و هاواری دایکی کرد:

«ئای دایە، دایە گیان، وا دیارە یەکێک خنکاوە.»

لەو کاتەدا منداڵەکان دەستیان دەکوتا و هەموو بە یەک دەنگەوە دەیانگوت:

«خنکا، ئای خنکا. نقوم بوو، ئای نقوم بوو! خنکا!»

ئافرەتێکی گەنجیان کە ئاوێکی زۆری بە مایۆکەیەوە دەتکایەوە، خۆی کرد بە قەرەباڵغییەکەدا و خۆی گەیاندە سەر لاشەی خنکاوەکە کە لەبەردەم مەلەوانەکانی کەناردا درێژ کرابوو. ئافرەتەکە قژی خۆی دەرنییەوە و دەیگوت:



Scanned by TapScanner

«حەمید گیان، هەڵسەوە. حەمید گیان، بە تەنیا جێم نەهێڵی.»

لەو کاتەدا پیاوێکی قەڵەوی کورتەباڵای سەر کەچەڵ، ژنەی قیت کردەوە و گوتی:

«هەڵسەوە، من لێرەم.»

«ئازیزم تۆ لێرەی، جا چۆن باوەڕکەم تۆ نەمردووی؟»

پاشان ئافرەتە گەنجەکە دەستی خستە نێو دەستی ئەو پیاوە کەچەڵەی کە گوایا مێردی بوو. پیاوە کورتەباڵا سەر کەچەڵەکە، لەگەڵ خۆی بردیە چێشتخانەی پلاژەکە و لەلای چەند خانمێکی دی کە لەوێ بوون دایینیشاند. یەکێ لە خانمەکان لە ئافرەتە گەنجەکەی پرسی:

«جا تخوا بڵێ ئەو پیاوە کوێی لە حەمید دەچێ؟ کاک حەمید باڵای کورتە و ورگی گەورەیە و سەری کەچەڵە، ئەو پیاوە کە لەگەڵتە و قژی لوول و ڕەشە و لاوازە، ئاخر چییان پێک دەچێ و چی وای لێ کردی وا بە هەڵەدا بچییت و بە حەمیدی بچوێنی؟»

«من دەمزانی ئەوە حەمید نییە، بەڵام گاڵتەم کرد، بۆ ئەوەی حەمید تێبگات کە من چەندە ئەوم خۆشدەوێ.»

ئەو خەڵکە زۆرەی لە دەوریدا کۆ بووبوونەوە بیر و ڕای جۆراوجۆریان هەبوو.

«با بیبەینە لای دکتۆر.»

«ئێرە دکتۆری لێ نییە؟»

«ئەمە چۆن پلاژێکە؟ کوا نەخۆشبەری ئەم پلاژە؟»

«کوا بزانم هەر بە ڕاستی مردووە؟»

«زۆر دەمێکە.»

«پاڵ بە سنگییەوە بنێن و دەستەکانی ببەستنەوە.»



Scanned by TapScanner

«تەلەفۆن بۆ مەخفەری پۆلیس بکەن.»

«مەخفەری پۆلیس پەیوەندی بەم کارەوە نییە، خۆ جینایەت نییە.»

«هەر ئێستا تەلەفۆن بۆ یەکێ لە نەخۆشخانەکان بکەن.»

«سەراوژێری بکەنەوە و رووی لە خوارەوە بکەن.»

«دەستەکانی تەکان پێ مەدەن، خراپتر دەبێ.»

لەو کاتەدا خاوەنپلاژەکە بە پەشـــۆکاوییەوە خۆی گەیاندە لای خنکاوەکە و گوتی:

«ئەو «خەلیل ئاغا» بێشـــەرەفە لە کوێیە؟ بە ناخێرییەوە من بۆ رزگارکردنی خنکاوان ئەوم گرتووە، ئێســـتاش ئەو گۆڕبەگۆڕ دیار نییە، مەگەر لە کوێیە!»

بێگومان خەڵکی لەناو کابینەکانەوە بە ســـەر و لەشـــی رووتەوە، دەیانبینی و دەیانگوت:

«ترپەی دڵی وەرگرن.»

«دڵی لێدەدا؟»

مردووەکە رووی شـــین هەڵگەڕا بوو، ژنێکیش لەگەڵ منداڵەکەی خۆی قسەی دەکرد:

«دەبینی، ئەوها پێت دەڵێم بە تەنیا مەڕۆرە نێو دەریا؟ زمانم لاڵ بێ، ئەگەر تۆش وەک ئەمەت لێ بێ؟»

کارەکەرانی پلاژەکە بە هەر جۆرێک بوو هەڵیان گرت و بردیانە نێو کابینەیەکەوە.

خەڵکی لە دەرەوەی کابینەی گەشـتکەرانی دەریا، وەک کۆبوونەوە هەر جارەی پێنج بۆ شـەش کەس لێی کۆدەبوونەوە و سـەریان دەکرد بەو کابینەیەی ئەوی لێ بوو و قسەیان لەبارەوە دەکرد.



Scanned by TapScanner

«خوا لێی خۆشبێ، دەڵێن دوو سەعاتی ڕەبەق لەژێر ئاودا ماوەتەوە.»

«بابە گیان، ئاخر ئادەمیزاد چۆن دەتوانێ دوو سەعات لەژێر ئاو بمێنێتەوە؟»

«لەوانەیە بە خۆی خۆی کوشتبێ.»

«باوەڕ ناکەم، چ ڕووی لەوە ناچێ بە خۆی خۆی کوشتبێ.»

«جا لە ڕووییەوە دەرناکەوێ، بەڵام باوەڕ بکە وایە، چونکە ئێمە دراوسێیەکمان هەیە کە...»

«خوا بە قیسمەتی هیچ کەسی نەکا.»

«هەقی خۆی بوو کە مرد، ئاخر کەسێ نەبوو پێی بڵێ کە تۆ مەلەوانی نازانی، بۆچی خۆت هەڵدەدەیتە ناو دەریا. باش بوو کە مرد.»

«دەبیبڕەوە.»

«برادەرەکانی دەڵێن کە مەلەوانێکی چاپووک بووە.»

«دەڵێن دوای ئەوەی چۆتە نێو حەوانچەوە، ئیدی نەهاتۆتە دەرەوە.»

«دەڵێن سەرخۆش بووە.»

«ئەگەر سەرخۆش بووبێ، مردن هەقی خۆیەتی.»

«ئەشێ تووشی سەکتە قەلبی بووبێ؟»

«باوەڕ ناکەم، یەکێ لەم ساڵ و تەمەنە وا لە پڕ دڵی وەستابێ.»

دکتۆر و پۆلیس پێکەوە گەیشتنە پلاژەکە. چوار ئافرەت لەسەر چەوەکە ڕاکشابوون و قسەیان دەکرد:

«ئەگەر دەتبینی نەتدەتوانی چاوی تێ ببڕی، ئای چ بە ژن و بالا و ڕوویەکی جوانی هەبوو.»

«دوو چاوی سەوزی جوانی هەبوون.»

«تۆ بۆ براژانگەکانی نالێی؟»

«بەستەزمان...»

«ددانەکانی وەک سەدەف وا بوون.»

«ئەگەر مرۆڤ دەزانی چۆن دەمرێ...»

«ئەو کابرا بەستەزمانە، وا دیار بووکە لە بەیانی زووەوە خنکاوە.»

کاتێک کە من پلاژەکەم بەجێ هێشت، دنیا تاریک داهاتبوو. هێشتا خەڵکی دەربارەی چاو، برۆ، لووت، پێڵووەکانی، ڕەنگی پێستی، جوانی دەم و چاوی و ئەندامی ڕێکی ئەوەوە قسەیان دەکرد!



Scanned by TapScanner

# سەعات فرۆشی

«ئێستا یانی هەرچی بەدبەختی دونیا هەیە، ڕوویان لە تۆ کردووە؟»

«بەڵێ، بەڵام باوەڕت هەبێ، هیچ کاتێکیش بە خۆم نەمویستووە و بەدوایدا نەگەڕاوم!»

ئەو ڕۆژە بەیانی زوو بە نیازی فرۆشتنی سەعاتەکەم لە ماڵ هاتمە دەرەوە. نازانم ئێوەش وەک من بە هۆی دەستکورتی و هەژارییەوە، ئەو شتانەی کە هەتانە لە کاتی تەنگانەدا دەیفرۆشن، وەک من پەرێشانی و خەفەت ڕووتان تێ دەکا یان نا؟

من وام، کە بمەوێ یەکێ لە پێداویستییەکانی خۆم بفرۆشم بۆ خەرجی ماڵ و منداڵەکانم، ئەوا دوای هەست بە پەرێشانییەکی زۆر دەکەم، چونکە کە پێویستم بە شتەکە دەبێ، جا نرخی دەزانم و لە کاتێکی ئاسایدا بە بێنرخم وەرگرتبوو.

ئەو ڕۆژەش سەعاتێکی دەستم ئەوەندە لەلا سەنگین و بەنرخ بوو، وامدەزانی ئەگەر چەند دەقەیەک لە دەستم نەبێ دەستم شکاوە.

شەوی پێشوو لەگەڵ ئەو میوانانەی هاتبوونە میوانداریمان تا درەنگانێکی شەو، دەربارەی باری جوگرافیا و ئابووری تورکیاوە و باری هاولاتیان و جۆری یارمەتیدانیان، بە دوور و درێژی لێوەی دواین.

میوانەکان چەند دەقەیەکی دیش دانیشتن، جا زیاتر دەچوونە نێو مەوزووعەوە و باسی شتی بەرزتریان دەهێنایە گۆڕێ.



Scanned by TapScanner

دوایی وەک هۆزە کێوییەکان، گوریان کردە خوانی نانەکەو کەوتنە پیاهەڵدانی دەست و کابانی ژنەکەم و لە چاونوقانێکدا هەرچیان بەبەر چنگی کەوت خواردیان. جار جار منیشیان ڕادەکێشایە نێو مەوزووعەوە و دەربارەی کارتێکردنی ئەدەبیات لەسەر میللەتی تورکیا، ماوەیەک قسەم بۆ دەکردن!

ئەو ڕۆ سبەینێ، سەیرم کرد منداڵەکان نیوەڕۆ هیچ نییە بیخۆن، بۆیە بڕیارم دا بچم سەعاتەکەم بفرۆشم.

ئەڵبەتە ئەم مەوزووعە لە دوێنێشەوەوە دوای نانخواردنەکە هەستم پێی کرد، بەڵام لە ڕووم نەهات لەپێش میوانەکان سەعاتەکەم بفرۆشم.

بە تایبەتی قسەکانی یەکێ لە برادەرە بیرکاریزانەکەمان، لەو بڕیارەم ساردی کردمەوە. دۆستە بیرکاریزانەکەمان دەیگوت:

«تەنیا ئێوە نین کە ئەمڕۆ گاڵتە بە بیرکاری بکەن، بەڵکوو زۆربەی هاوڵاتییەکانمان باوەڕیان بە بیرکاری نییە. بەڵام دەبێ چاک بزانن کە بنچینەی پایەداری ڕاستەقینەی هەر میللەت و وڵاتێک پەیوەندی تەواوی بە زانستی بیرکارییەوە هەیە.

ئەڵبەتە منیش بە سروشتی ئەم خەڵکە پێکەنیم، بەڵام پێکەنینەکەی من نە بۆ بیرکاری بوو، نە بۆ ئەو هەقیقەتە تاڵانەی میللەت و وڵاتەکەمان بوو، بەڵکوو پێکەنینەکەی من بۆ ژیانی تاڵی خۆم بوو. بێ ئەوەی خەڵکی ئاگایان لە من بێ کە من نامەوێ بۆ نانی ژن و منداڵەکانم ڕوو لە خەڵکی بنێم و شەرمەزار ببم. بە جۆرێ ئاگام لە خۆم بڕابوو کە کەوتبوومە خەیاڵی داهاتووی بابردەڵەم و دوایی دەنگێک بە ئاگای هێنامەوە:

«حەسەن ئاغا، بۆ قسە ناکەی؟ ئێوە لەم بارەیەوە ڕاتان چییە؟»

«هەقی ئێوەیە و من لە سەدا سەد لەگەڵ قسەکانی ئێوە دام.»

دوای گوتنی ئەم قســـەیە، پێکەکـانیـانم بۆ پڕکردن و دامە دەستیانەوە.

بیرم دەکردەوە ئەو شتانەی باسیان لێوە دەکەم، بەڵگەیەکی چاکە بۆ فرۆشتنی سەعاتەکەم.

بەیانی کە لە ماڵ چوومە دەرەوە، یەکەمجار سواری پاس بووم و دوایی سواری کەشتی بووم. دوای دابەزین لە کەشتی، ماوەیەکیش بە پیادە ڕۆیشتم و بە خۆمم دەگوت:

«باشە من ئەم سەعاتە چۆن بفرۆشم و بە کێی بفرۆشم؟»

نابێ بە یەکێ لە خزم و دۆستـانەکانی بفرۆشـم، چونکە بەڕای من کەسیەتی هەر مرۆڤێکی بیەوێ شتێ بفرۆشێ، ئەگەر ئەو شتە زێڕ، پەموو، پارچە و شـتی دی بێ، ئەوا هیچ لە کەســیەتی ئەو ناهێنێتە خوارەوە.

من ئەگەر سەعاتەکەم بە یەکێ لە دۆست و ناسیاوەکانم بفرۆشم، پایەیی کەسیەتی من دێتە خوارەوە و دوای ئەوە دۆست و ئاشنایانم سەر بە ماڵەکەمدا ناکەنەوە.

بێ ئەوەی ڕابوەسـتم، بە یەکێ لە شـەقامە قەرەباڵغەکانی شـاردا بەرەو ژوور بوومەوە. لە هەمووی خراپتر ئەوەبوو ســـەعـاتەکەی دەستم ئەوەند قورس بووبوو کە وا بیرم دەکردەوە دوای ساتێکی کە قۆڵم لە بنرا دەردەهێنێ.

پاش ئەوەی ماوەیەک ڕۆیشـتم بڕیارم دا کە ســەرێک لە بازاڕی کۆنەفرۆشەکان بدەم.

لە کاتێکدا لەبەر ژانی قاچم خۆم لەســـەر پێیان ڕانەدەگرت، خۆم کرد بە بازاڕی کۆنەفرۆشـەکان و پاش ئەوەی دە بۆ پازدە جاران لەم ســەر چوومە ئەو سـەر، چاوم بە ڕایەخی کابرایەکی وردەواڵەفرۆش



Scanned by TapScanner

کەوت، کە چەندین کۆنەسەعات و قاپوقاچاغی کۆن و کەونەلۆکسی لەپێشە خۆی دانابوو. دەمودەس سەعاتەکەم لە دەست کردەوە و دەستم درێژ کرد و پرسیم:

«ئەمە دەکڕی؟»

کابرای وردەواڵەفرۆش دوای ماوەیەک کە سەعاتەکەمی هەڵگێڕ و وەرگێڕ کرد، بە یەک قسە بەبێ ئەم لاو ئەو لا، پرسی:

«باشە چەند باییە؟»

هەرچەند دوو ساڵ لەمەوپێش بە دوو سەد و پەنجا لیرەم کڕی بوو، بەڵام دەنگی زبری فرۆشیارەکە وا خراپ کاری تێ کردم، گوتم:

«پەنجا لیرە.»

کابرای ورەدەواڵەفرۆش بزەیەکی بلحی کەوتە سەر لێوە ڕەش و پیسەکانی و گوتی:

«بیست لیرەت بدەمێ؟»

دەمودەس سەعاتەکەمی بدەمێ و بیست لیرەکەی لێ وەرگرم، هەستم بە قورسایی دەستێ کرد کە کەوتە سەر شانم، کە ڕووم وەرگێڕا ڕووبەڕووی یەکێ لە میوانەکانی دوێشەو بوومەوە.

بە بینینی زۆر نارەحەت بووم، بەڵام چارە نەبوو.

«سەلام قوربان.»

«سەلام گیانەکەم، خەریکی چی؟»

کابرای وردەواڵەفرۆش گوتی:

«ئەوە لەبەر خۆتان کە سەعاتەکەی بیست لیرەش ناهێنێ، بەڵام چ دەکەی هەندێ جار پیاو دەبێ وەزعی فرۆشیاریش لەبەرچاو بگرێ و یارمەتی بدا!»

بە نارەحەتییەوە گوتم:

«بەڵام من مەبەستم فرۆشتنی نەبوو، هەرگیز ئەم سەعاتە فرۆشتنی لەسەر نییە.»

کابرا گوتی:

«ئاخر کوڕی چاک، ئەگەر دڵت نایێ بیفرۆشی، بۆچی وەختەکەمان لێ دەکوژی؟ مەگەر گاڵتەمان پێ دەکەی؟»

بەبێ ئەوەی گوێ بە قسەکانی ئەو بدەم، لەگەڵ برادەرەکەم کەوتینە ڕێ. بۆ ئەوەی ئەو برادەرەم دڵخۆش بکەم، گوتم:

«لێرەوە تێپەڕیم ئەم سەعاتەم لە فرۆشیارەکە بە پەنجا لیرە کڕی، گوتم بزانم کڵاویان لەسەر ناوم یان نا. بۆیە وەک فرۆشیارێک پیشانی ئەو کابرایەم دا، ئەویش وایدەزانی من بە ڕاستی سەعات فرۆشم، وازی لێ نەدەهێنام!»

برادەرەکەم بەبێ ئەوەی هیچ گرنگییەک بەم بابەتە بدات، گوتی:

«بە ڕاستی زۆر چێژم لە قسەکانی دوێشەو بینی. ئەگەر شەوێکی دیش دیسان ئاوا کۆببینەوە، زۆر باشە.»

«بە ڕاستی ئەم جۆرە دانیشتنانە پێویستە.»

کاتێ لێی جودا بوومەوە، بە خەفەتەوە سواری پاس بووم. یەکێ پرسی:

«قوربان، سەعات چەندە؟»

«قوربان گیان، شەش و چارەکە.»

«ئەگەر وا بێ، سەعاتەکەت تەواو نییە.»



Scanned by TapScanner

به ناڕەحەتییەوە جاریکی دیش سـەیری سـەعاتەکەم کردەوە و سـەیرم کرد هەقیەتی، چونکە سـەعاتەکەم بە تەواوی شـەش و هەژدە دەقەی پیشان دەدا.

«هەقی خۆتە کاکە گیان، سەعات شەش و هەژدە دەقەیە.»

«دیسان تەواو نییە.»

بێ ئەوەی وەڵامی ئەو کابرا کەتە و ڕێکپۆشـە بدەمەوە، ڕووی خۆم لێ وەرگێڕا. بەڵام کابرا لە کۆڵم نەبووەوە.

«ببوورە قوربان، کاتێ لێم پرسـی سـەعات چەندە، سـەیرم کرد سەعاتەکەت تەواو نییە.»

خۆم پێ ڕانەگیرا و گوتم:

«تەواو نییە با تەواو نەبێ، کاکە ئەم مەوزووعە چ پەیوەندییەکی بە تۆوە هەیە؟»

«ئەوە چ قسەکردنێکە، منیش هاوڵاتییەکی ئێوەم.»

کابرا وەک بڵێی بەڕێوەبەری گشـتی بێ، یان وەزیرێک بێ و فەرمان بەسەر کارگێڕێکدا بکا، بەم شێوەیە گوتی:

«من خۆم سـەعاتم هەیە، بەڵام بۆیە لێم پرسـی، تا پەی بە گرنگی کات ببەیت و سـەیری سـەعاتەکەت بکەیت. ئاخر کەسێ نییە بڵێ کاکە ئێسـتا سـەعات شـەش و هەژدە دەقە نییە، حەوت دەقەی لەگەڵ سەعاتی خەڵکی جیاوازە. هەر ئێستا سەعاتەکەت لەسەر سەعاتەکەی من چاک بکەرەوە.»

وەڵامی قسەکانیم نەدایەوە. بە ناڕەحەتییەوە گوتی:

«کاکە سەعاتەکەت ڕاست کەرەوە، حەوت دەقە لەپاشە.»

«کاکە خۆم حەزدەکەم حەوت دەقە لەپاش بێ.»



Scanned by TapScanner

«نابێ، بە خوا نابێ.»

بۆ ئەوەی لە دەستی ڕزگارم بێ چەند هەنگاوێک چوومە پێشەوە، بەڵام کابرا وەل نەبوو و هاواری دەکرد:

«دەتەوێ بۆ کوێ هەڵبێیت؟ هەر ئێستا سەعاتەکەت ڕاست کەرەوە، دەنا وازت لێ ناهێنم.»

«ڕاستی ناکەمەوە. ئاخر چ پەیوەندییەکی بە تووە هەیە کە سەعاتی من تەواو بێ یان نا؟»

«قوربان، من هاوڵاتییەکی ئێوەم، قازانجەکەی هەر بۆ خۆتانە ئەگەر ئێستا لەم وێستگەیە سەعاتەکەتان چاک بکەنەوە.»

پاسەکە لە یەکێ لە وێستگەکاندا وەستا. کابرا لەو پیاوەی تازە سواری پاسەکە بوو پرسی:

«قوربان، سەعات چەندە؟»

«شەش و نیوە.»

کابرا لە گەشتکەرێکی دی پرسی:

«باشە قوربان، لای تۆ سەعات چەندە؟»

«شەش و نیوە و دوو دەقەش لای داوە؟»

«هی هەردووکتان هەڵەیە، تکایە هەر ئێستا سەعاتەکانتان ڕاست بکەنەوە. ئێستا سەعات حەوت و بیستوچوار دەقەیە.»

دوای ماوەیەک کابرا سەیری سەعاتی خانمێکیشی کرد و گوتی:

«خانمی خۆشەویست، تکایە تۆش سەعاتەکەت ڕاست کەوە، وا دیارە هی تۆش پازدە دەقە لەپاشە.»

بە دەنگێکی نابەدڵەوە لە منی پرسییەوە:

«سەعاتەکەت ڕاست کردەوە؟»

«قوربان، تکات لێ دەکەم، لەوە زیاتر نارەحەتم مەکە. خۆ من چ خراپەیەکم بەرانبەر نەکردووی، تۆ پرسیاری سەعاتت لێ کردم، منیش وەڵامم دایەوە.»

«تکایە، چاکی کەرەوە.»

«چاکی ناکەمەوە.»

«من هاوڵاتییەکی ئێوەم. زووتر سەعاتەکەتان چاک بکەنەوە.»

«کوڕی چاک، ئاخر هاوڵاتی کێیە، بۆ مەگەر ئێمە گەڕیدەین؟»

«من ئێشم ئەوەیە سەعاتی ناتەواوی هاوڵاتییەکانم ڕاست بکەمەوە. باوەڕکە هەمووی ئەو سەعاتانەیە بوونەتە هۆی ئەوەی نەتوانین بگەین بە پایەی وڵاتە پێشکەوتووەکان. دەست بە بووژانەوەیەکی گشتی بکەین و وڵاتەکەمان لەم بەدبەختی و فەلاکەتە ڕزگار بکەین.»

پاشان داوای یارمەتی لە شۆفێرەکە کرد و پرسی:

«سەعات چەندە؟»

«سەعاتم نییە!»

کابرا بە نارەحەتییەوە گوتی:

«چۆن دەبێ سەعاتت نەبێ و گرنگی بە کات نەدەی؟ پیاوی بێسەعات یانی هیچ!»

«کاکە وا گەرم مەبە، ئەگەر ڕاست دەکەی بێنە پارەم بدەرێ تا بیکڕم و ببمە خاوەنسەعات.»

خانمێک بە نارەحەتییەوە گوتی:



Scanned by TapScanner

«جا کێ دەڵی سەعاتی تۆ تەواوە، بۆچی تۆ سەعاتەکەت لەسەر سەعاتەکانی ئێمە ڕاست ناکەیتەوە؟ ئەشێ هی تۆ هەڵەبێ؟»

کابرا بە بیستنی ئەم قسەیە سەعاتەکەی دەستی لە دەست کردەوە و سەعاتێکی بڕکی لە گیرفانە جلیقەکەی دەرهێنا و سەعاتی نێو ئەمگوستیلەکەی لە پەنجەی کردەوە، لە کاتێکا هەموویانی بە خانمەکە پیشان دەدا، خانمەکە گوتی:

«وا دیارە ئەم برادەرە شێتە.»

یەکێکی دی لە گەشتگەرەکان گوتی:

«ڕاست دەکەی خانم، وا دیارە ئەم کابرایە شێتە، چونکە سەعاتێکیان هەشت و پێنجی نیشان دەدا.»

کابرا لە کاتێکا سەیری ئەو سەعاتەیانی دەکرد، گوتی:

«ئای بێشەرەفانە، وا دیارە لە چاپخانەکە دەستیان لێ داوە.»

بۆ ئەوەی هەرچی زووتر لە شەڕ پێ فرۆشتنی ئەو کابرایە ڕزگارم بێ، دوو وێستگە زووتر لە وێستگەکەی خۆم دابەزیم.

ئەو بۆ ئەوەی بیرم بخاتەوە، هاواری کرد:

«لە بیرت نەچێ، سەعاتەکەت حەوت دەقە ببەرە پێشەوە.»

ماندوو و مردوو گەیشتمە ماڵ. ژنەکەم بۆ ئەوەی بیرم بخاتەوە پرسی:

«ئەی کوا ماسی؟ ئەی بڕیار نەبوو ماسیمان بۆ بکڕی؟»

من کە نەمتوانی بوو سەعاتەکەم بفرۆشم و بە پارەکەی ماسی بکڕم، ناچار درۆیەکم بۆ دروست کرد و وەک ئەوەی ماسی کڕینم هەر لە بیر نەمابێ گوتم:

«ڕاست دەکەی ئازیزم، بەڵام لە بیرم چوو.»

«چی؟ چۆن لە بیرت چوو، مرۆڤ چۆن لە بیری دەچی ماسی بکرێ!»

«باشە مادام باوەڕ ناکەی، من بکوڵێنە، ئەگینا چیدیمان نییە بیکەی بە چێشت و دەرخواردی میوانەکانی بدەی؟»

ئەو شەوە دووبارە لەگەڵ برادەران دەربارەی زۆر مەسەلەی پەیوەند بە تورکیا ڕا و قسە و باسمان خستە ڕوو. کە هاتینە سەر بەراوردکردنی تورکیا لەگەڵ میللەتە پێشکەوتووەکانیدا، گوتم:

«گەورەترین جیاوازی نێوان میللەتی ئێمە و میللەتانی پێشکەوتوو ئەوەیە کە ئەوان گرنگی بە کات دەدەن و ئێمە گرنگی پێ نادەین.»

یەکێ لە دۆستەکانم پشتگیری قسەکانی منی کرد و گوتی:

«میللەتی ئێمە گرنگییەکی ئەوتۆ بە دە دەقە و بیست دەقە و هەتا یەک سەعاتیش نادەن، هەتا بەوەش قایل نابن. هەڵبەتە هەندێکتان بەم قسەیەم پێدەکەنن، بەڵام ئەمە ڕاستییەکە ناتوانین نکووڵی لێ بکەین.»

سەیرێکی سەعاتەکەی منی کرد و لێمی پرسی:

«قوربان، سەعات چەندە؟»

«بە داخەوە ئەوەی من وەک ئەوەی بڵێی خەوتبێ!»

## پاش ئامۆژگارییان لە گوێ نەگرت

گوتی:

«حەزناکەم کارەساتێک لە ماڵەکەماندا ڕوو بدا و لە چوار دیواری خانووەکەمان بڕواتە دەرەوە و بگاتە بەر گوێی خەڵکی.»

پاشان ڕووی لە کوڕە گچکەکەی کرد کە خەریکی نووسینەوەی ڕاهێنانەکانی بوو و گوتی:

«تێگەیشتی چیم گوت!»

«بەڵێ بابە گیان، تێگەیشتم.»

دوای هەفتەیەک، نامەیەکی بە ئیمزای بەڕێوەبەری قوتابخانەی کوڕەکەیەوە بە دەست گەیشت. بەڕێوەبەری قوتابخانەکە لە نارەزاییەتەکانی خۆیدا دەریخستبوو کە کوڕەکەی ئەو، لە قوتابخانەدا دەستی داوەتە دزی و شەڕکردن.

پاش خوێندنەوەی نامەکە داوای لە کوڕە گەورەکەی، کچەکەی، خەسووی و هەتا ژنەکەشی کرد کە لە مەوزووعی دزینی کوڕەکەیان کڕ بن و لای کەس نەیدرکێنن. تا ئەو ڕۆژە کوڕە گچکەکەیان بۆ پاراستنی شەرەفی خێزانەکەیان دزییە بچووکەکانی مەودای ماڵەکەیان زیاتر نەدەچووە دەرەوە و تەنیا ئەوە نەبێ کە گیرفانی ئەو میوانانە دەگەڕا کە دەچوونە ماڵەکەیانەوە. باوکیان لە ترسی ڕیسوا بوون، هەموو جارێ ڕووی لە ئەندامانی خێزانەکەی دەکرد و دەیگوت:

«وریا بن، کەس نەیبیستێتەوە، دەنا شەرەفی چەند ساڵەمان دەچێ.»



Scanned by TapScanner

هەر بۆ بەرگریکردن لە ڕیسـوا بوون، لە کاتێکدا خانمی تاکە گوارەیەکی لە ماڵەوە بزر بووبوو، باوکیان بە نارەحەتییەوە گوتی:

«ئامادەم دوو ئەوەندەی قیمەتی ڕاسـتەقینەی خۆیت بۆ ببژێرم، بەڵام دڵنیام تا ئێستا لە ماڵی من شتێکی وا نەبووە و ناشبێ. حەتمەن گوارەکەتان لە جێگایەکی دی ون کردووە.»

هەتا ڕۆژێکیان دایکیان کوڕە گچکەکەیانی ڕاکێشایە سوچێکەوە و داوای لێ کرد تا دان بە درۆیەکانیدا بنێ.

باوکیان دەمودەس گەیشتە سەریان و دوای داخستنی پەنجەرەکان، گوتی:

«بەڵام ئازیزم، وریابە، کەس نەیبیستێ، ئەگینا ئابڕوومان دەچێ.»

کاتێ باوکیان زانی کوڕە گەورەکەیان جگەرە دەکێشێ و جار جار «هێرۆئین»یش بە کاردێنێ، بە ڕووی خۆیدا نەهێناو تەنیا بە دانیشـتنێکی خێزانەکەیان کۆتایی پێ هێنا. لە دانیشـتنەکەدا باوکیان ڕووی لە هەموویان کرد و گوتی:

«تکا لە هەمووتان دەکەم ئەو مەوزووعە لای خەڵکی نەکەنەوە و نەهێڵن نهێنییەکانی خێزانەکەمان لەنێوان چوار دیواری ماڵەکەمانەوە بڕواتە دەرەوە.»

دوای ماوەیەک هەردوو کوڕەکەی شـەوانە درەنگ دەگەڕانەوە ماڵەوە و پاش چەند ڕۆژێکی دی، ئیدی هەر لە دەرەوە دەمانەوە و نەدەهاتنەوە.

دایکیان ویستی نارەزایەتی خۆی پیشـان بدا، بەڵام باوکیان داوای لێ کرد بێدەنگ بێ و گوتی:

«وریابە، دراوسێکانمان نەیبیستن، دەنا ئابڕوومان دەچێ.»

یەکەمجار کوڕە گەورەکەیان و دوایش کوڕە گچکەکەیان، ئیتر هەر نەدەهاتنەوەماڵەوە.

باوکیان بۆ دڵدانەوەی دایکی منداڵەکان پێی گوت کە ئەو مەوزووعە بێزاری نەکا و هەر چەند پێیان دەکرێ زیاتر هەوڵ بدەن تا خەڵکی بەم مەوزووعە نەزانن. پاش چەند هەفتەیەک کوڕە گەورەکەیان بە تاوانی هەڵگرتنی ماددەی سەرخۆشکەر گیرا و خرایە زیندانەوە.

باوکیان لە میانەی دانیشـــتنێکی خێزانەکەیان داوای لێ کردن کە شتێک ڕێکخەن تا کەس بۆنی ئەو مەوزووعە نەکا. دایکیان گوتی:

«ئەگەر بپرسن کوا کوڕە گەورەکەت، من بڵێم چی؟»

«زۆر ئاســـانە بڵێ ســـەفەری کردووە. بڵێ بۆ ســـەفەر چۆتە ئەورووپا.»

کوڕە گچکەکەشـــیان بە تـاوانی دزی گیرا و خرایە زیندانەوە. باوکیان لە دانیشتنێکی خێزانەکەیدا گوتی:

«تکا لە هەمووتان دەکەم کارێکی وا بکەن کەس نەیبیســـتێتەوە ئەگینا لەم گەڕەکە ڕیســـوا دەبین. ئەگەر لێیان پرســـین کوا کوڕە گچکەکەتـان، بڵێن لە فەرمـانگەیەکدا دامەزراوە، فەرمـانگەکەشـیان ناردووەتە یەکێ لە مەڵبەندەکانەوە. ئینشـــائەڵا باش لە قســـەکانم تێگەیشتوون؟»

دوای ئەوەی کوڕە گەورەکەیـان ڕەوانەی ئەورووپا کرد و کوڕە گچکەکەشیان لەپێناوی خزمەتکردنی زیاتری کۆمەڵ، ڕەوانەی مەڵبەندە جیا جیاکانی وڵات کرد.

لە هەمان کاتدا کچەکەیان ڕۆژبەڕۆژ ســـکی گەورەتر دەبوو و دەهاتە پێشەوە، باوکیان دانیشتنێکی ڕێکخست و گوتی:



Scanned by TapScanner

«داواتان لێ دەکەم زۆر چاودێری ڕووداوەکانی نێو ماڵەکەمان بکەن و هەر بۆ ئابڕوونەچوونی خێزانەکەمان، کارێکی وا بکەن کەس شتێ نەبیستێتەوە.»

باوکیان بە سەرفکردنی پارەیەکی زۆر و بە هۆی «کورتاژ»، سکی دەرپەڕیوی کچەکەی گەڕاندەوە دۆخی جارانی. ئەو هەڵسان و دابەزینە چەند جارێک دووبارە بووەوە. پاشان کچەکەیان شەوان تۆزێ درەنگ دەگەڕایەوە ماڵەوە، تا وای لێ هات دوای ماوەیەک هەر نەدەهاتەوە.

ڕۆژێکیان دوو کەسی غەریبە هاتنە لای باوکی و گوتیان:

«خانمتان دوێنێشەو لە قومار سێ هەزار لیرەی دۆڕاندوە، دەبێ ئێوە بیبژێرن.»

باوکی گوتی:

«ڕازیمە، من پیاوێکی بەشەرفم، بەیانی پارەکەتان دەدەمێ.»

باوکی هەر ئەو ڕۆژە عەسر چەند مێز و بەڕە و مافووری ماڵەکەیانی فرۆشت و بەرلەوەی داواکارەکان بێنەوە سۆراغی پارەکەیان، ئەو پارەکەی کردە دەستیانەوە و لە دانیشتنێکی خێزانەکەیدا گوتی:

«وەکوو هەمووتان دەزانن، هەتا ئاژەڵیش شتە پیسەکانی خۆی دادەپۆشێ. ئێمە ئەگەر نەتوانین ئەو کارەساتانەی بەسەرماندا دێ دایپۆشین، دەبێ زۆر هیچوپوچ بین. ئەوە بۆ جاری چەندەمینە داواتان لێ دەکەمەوە، هەوڵدەن نهێنییەکانی خێزانەکەمان لە چوار دیواری ماڵەکەمانەوە نەچێتە دەرەوە، بۆ هەتا هەتایە لەنێوان ئەم چوار دیوارە با نەچێتە دەرەوە.»



Scanned by TapScanner

پاش چەند ڕۆژێکی دی، داروغای گەڕەک خەبەری دایە کە خەسووەکەیان لە ماڵێکدا گرتووە کە شوێنی فەسادە.

باوکیان لە کاتێکدا هەوڵی دەدا کە کەسی ئەم مەوزووعە نەبیستێتەوە، کەچی ڕۆژنامەیەکیان هەواڵی گیرانی خەسووەکەی پێ گەیشتبوو و لە لاپەڕەی یەکەمی خۆیدا چاپی کردبوو. بۆ ئەوەی بتوانێ بەرگری لە ڕێز و ڕیسوا نەبوونیان بکات، نەیکرێ. دوای ئەم کارەساتە دانیشتنێکی گشتی و گەورەی بۆ خێزانەکەیان ساز دا و تیایدا گوتی:

«خوا لەناوتان ببات، کە ئاوا منتان بێشەرەف و ڕیسوا کرد. تکاتان لێ دەکەم، هەر کارێ کە دەتانەوێ بیکەن، بەڵام هەوڵ بدەن بۆ داپۆشینی شتەکە لە چوار دیواری ماڵەکەمانەوە نەچێتە دەرەوە. خەلکی ولاتەکەمان چ ئیشان نییە مەوزووعێکی بچووک لە مێشێکەوە دەکەن بە گامێشێک.»

دایکیان گوتی:

«بەڵام ئەم خانووە بۆ پاراستنی نهێنییەکانی خێزانێکی وەک ئێمە بچووکە، ئەگەر حەز دەکەی خەلکی نهێنییەکانی ژیانی ئێمە نەبیستن خانوویەکی گەورەتر بگرە.»

«قایلم و ئامادەم بۆ پاراستنی شەرەف و ناموسم، خانوویەکی بەقەد باغێکتان بۆ بگرم.»

باوکیان بینایەکی چوار نهۆمی بە کرێ گرت. لەژێر زەمینەکەوە کوڕە گەورەکەیان خەریکی کڕین و فرۆشتنی «هێرۆئین» بوو، کوڕە گچکەکەشیان لە نهۆمی یەکەمدا خەریکی چاپکردنی پارەی کاغەز و دۆلار بوو، خەسووەکەشی نهۆمی دووەمی کردبووە خانەی فەسادە، کچەکەشی لە نهۆمی سێیەمدا خەریکی فرۆشتنی جنسی خۆی بوو بە دەلالەکانی ئەڤین و عیشق، دواجار لە نهۆمی چوارەمیشیان ژنەکەی

خەریکی سەرپەرشتی و بەڕێوەبردنی قومارێکی گەورەی دەکرد و کردبوویە قومارخانە.

باوکیان بۆ پاراستنی شەرەفی خێزانەکەی، هەر لە هاتوچووندا بوو و لەسەر ئەو ژیانە بە شەرەفەی خۆی بەردەوام بوو.

هەر کە لە نهۆمی یەکەم شتێکی ببیستایە، بە هەشتاوی خۆی دەگەیاندێ و هاواری دەکرد:

«وریا بن، گوێیان لێ نەبێت.»

هەر کاتێکیش گوێی لە دەنگی مەکینەی چاپی پارەی کاغەز بوایە، بە خێرایی خۆی دەگەیاندە لای کوڕە گچکەکەی، کە لە نهۆمی دووەم بوو. هاواری دەکرد:

«وریابە، کەس گوێی لێ نەبێت.»

دواجار هەر کاتێک خەسووەکەی لەگەڵ کڕیارەکانی، یان کچەکەی لەگەڵ کڕیارەکانی، یان ژنەکەی لەگەڵ قوماربازەکان قرەوگاڵەیان بکەوتایە نێوانەوە، بە پەلە خۆی دەگەیاندە ئەو نهۆمەی قرەوگاڵەکەی تێدا دروست بووبوو، جا داوای لێ دەکرد کڕ و بێدەنگ بن. جا دەیگوت:

«وریا بن، کەس گوێی لێ نەبێ.»

بەڵام دوێنێشەو پۆلیس ڕژانە ئەم ناوە و دەوری ماڵەکەیان گرت و جگە لە باوکە بە شەرەفەکەیان، ئەوانی دیان هەموو گرتن.

ئەندامانی خێزانەکەی تکایان دەکرد و دەپاڕانەوە و دەیانگوت:

«بۆ هەر شوێنێک بڵێن ئامادەین، بەڵام تکاتان لێ دەکەین، کارێکی وا بکەن باوکمان نەیبیستێتەوە.»

لەو کاتەدا باوکیان لە خەو ڕاپەڕی و هاواری کرد:

«لێگەڕێن با بیبیستنەوە. حەزدەکەم بیبیستنەوە. بەیانی خانوویەکی گەورەترتان بۆ دەگرم!»

# به شەرتی چەقۆ

باوکم زللەیەکی قایمی خێوانده بناگوێم و دایکیشم زللەیەکی قایمتری خێوانده بناگوێکەی دیم. جا هەردووکیان هاواریان کرد:

«دەڵێی نامەوی بخوێنم، ها؟»

مامۆستاکەشمان زللەی سێیەمی خێواندمێ و فڕێی دامە سەر پێڵاوەکەی.

باوکم گوتی:

«کوڕم، سەیری برا گەورەکەت بکە کە سێ ساڵ لە تۆ گەورەترە و دەرزەکانی خۆی نەخوێند، هەقی وایە بۆ تۆ ببێتە ئاوێنەی عیبرەت. ئەگەر بیخوێندایە ئێستا حاڵی وا نەدەبوو. فەقیرەی هەموو ڕۆژێ سبەینان سەعات چوار لە خەو هەڵدەستێ و دەچێتە مەیدان. لەبەر ئەوەش زوو دەچێ کە هەرچییەکی هەرزانی دەستکەوت یەکسەر بیکرێ. بەڵام هیچ دڵم پێی ناسووتێ. یەکێ گوێ بە قسەی دایک و باوکی خۆی نەدا، ئەوە سزاکەیەتی.

کە لە تەمەنی تۆدا بوو زۆر ئامۆژگاریمان کرد. پێمان گوت بۆ خۆی پیاو بێ و بخوێنێ. پێمان گوت ئەگەر بخوێنێ دەتوانێ باشترین کچی وڵات بێنێ. چاکترین عاشقایەتی ئەم وڵاتە بکا. نازدارترین ئۆتومبێل بکڕێ و ببێتە خاوەنی بەرزترین خانوو، سەر بە هەموو لایەکدا بکەی پارەیەکی زۆرت دەستکەوێ، بەڵام نەچووە گوێیەوە و نەچوو. ئەویش وەک ئێستای تۆ لێمان هەڵسایەوە سەر پێیان و گوێی ناخوێنم و ناخوێنم. بەڵام لە تۆم دەوێ بۆ خۆت بخوێنی و ببیە پیاوێکی گەورە!»



Scanned by TapScanner

بە هەر گیانکێشانێک بوو، بەردەوام بوومەوە.

باوکم پرسی:

«باشە ئینشائەڵا لەمەودوا دەخوێنی؟»

وەڵامم نەدایەوە.

«چی؟»

دیسان وەڵامم نەدایەوە.

جارێکی دیش شەق و مست و پێلاقەم خوارد.

باوکم گوتی:

«کورم لە تۆم دەوێ فیکر و هۆشـــت بێنیتەوە کەللەت و بۆ خۆت بخوێنی.

سەیری برا گەورەکەت بکە، لە چ مەرگەساتێکدا دەژی. خۆ ڕاستە چەند ڕۆژێکە عەرەبانەیەکی کڕیوە و وەک فرۆشـــیارەگەڕۆکەکان دەگەڕێ، بەڵام ئاخیر و ئاقیبەتی ئەم کارە چییە؟

ئەم کارانە نە خانەنشینی تیایە و نە دڵنیابوون. کاکت ئەگەر ئەمڕۆ ئیش بکا زۆری دەســـتدەکەوێ، بەڵام ئەگەر بەیانی کار نەکا هیچی دەستناکەوێ. یانی دەمەوێ بڵێم هیچ شتێکی دەستناکەوێ.

تازە ناچارییە، پیاو کە پێنج بۆ شـــەش برادەری قرتقرتۆکی بگرن چی پێ دەکرێ. تۆ خۆت باش دەزانی کە فرۆشـــیارەگەڕۆکەکانی وڵاتەکەمان چ نرخێکیان نییە.

باوەڕکە ئەو کـاکەی تۆ کە بیری لێ دەکەیتەوە وەک دێو وایە، کاتێ ببینێ پاســـەوانێک وا لە جادە لە یەکێ دەگەڕێت، چ کون نامێنێ خۆی تێ کوتێ و خۆی لێ بشـارێتەوە. تۆ دەبێ ببیتە پیاوێکی گەورە. پیاوێکی زۆر گەورە. تۆ دەبێ بۆینباخ ببەستی. دەبێ ئوتووی پانتۆڵت



Scanned by TapScanner

گوێ بیرێت! تۆ دەبێ چەند خزمەتکار و شـــۆفێر لەبەردەم دەرگای ژوورەکەت بوەستن.

هۆش و بیرت بێنەوە سەرە خۆت، دڵنیام سەردەکەویت.»

بە هەر بەدبەختی و دەردەسەرییەک بوو دیبلۆمم وەرگرت.

باوکم گوتی:

«باشە ئینشائەڵا لە دوای ئەمەشەوە دەخوێنی؟»

وەڵامم نەدایەوە.

«وەڵامم بدەرەوە، دەنا بە مست و پێلاقان دەکەومە گیانتەوە.»

«حەز دەکەم لەگەڵ ئەوەشـــەوە وەرەقەی دیبلۆمم وەرگرتووە، لە مەیدان شووتی بفرۆشم.»

«لێت دەدەم ها...»

«بەڵام بابە گیان، تۆ سەیری کاکم بکە.»

«ڕاستە کاکت خاوەنی کۆگایەکە، بەڵام بە چ دەردێک چووە؟

خاوەنکۆگا نە مانگانەی خانەنشـــینی هەیە و نە داهاتوویەکی ئەوتۆی هەیە پیاو بە هیچی دابنێ. ئەگەر ئەمڕۆ کاکت نەخۆش کەوێ و نەتوانێ ئیش بکا، ئەوا مەرگی حەتمییە. بەڵام تۆ نابێ وەک ئەو بیت. تۆ دەبێ بۆینباخ ببەســـتی. پانتۆڵەکەت ئوتوو کرابێ. لە هەمووشـــیان گرنگتر تۆ دەبێ شـــۆفێر و خزمەتکارێکی زۆر لەبەر دەرگای ژوورەکەت وەستابێ.»

«زۆر چاکە، کەواتە ئەو کاتە دەتوانم کەبابخانەیەک بکەمەوە.»

«هەرچی کەباب و کەبابچی هەیە، خەریکی کاری ناشـــرین و بێجێن. ئازیزەکەم، چەرخی ئێمە چەرخی کەباب نییە، دەوروزەمەنی ئێمە دەوری وەدەست هێنانی زانیارییە.»



Scanned by TapScanner

«زۆر چاکە، بەڵام ئێوە بفەرموون، لە پاشان لە کوێ بخوێنم؟»

«ئەی زانکۆکانیان بۆچی کردۆتەوە؟»

«باشــە، ئێســتا مادام ســوورن لەســەر ئەوەی بچمە زانکۆ، دەبێ بچمە بەشی پزیشکی، یان ئەندازیاری؟»

باوکم بە خۆشحاڵییەوە گوتی:

«کوڕم ئەگەر بە گوێی باوکی خۆت دەکەی ببە بە دکتۆر. چونکە ئەگەر ئاوی ڕوونیش بدەیتە خەڵکی، بۆ خۆت نانت دەکەوێتە نێو ڕۆنەوە.

جا کە بووی بە دکتۆر، پارە وەک بارانی بەهار بەســەر ماڵەکەتدا دەباری. جا ئەو کاتە کاکت بە هەردوو دەستان لەسەری خۆی دەدا و دەڵێ: «ئاخر بۆچی منیش نەمخوێند و وا بەدبەخت بووم!».»

ناوی خۆم بۆ زانکۆ نووسی و لەگەڵ ئەوەشەوە دڵنیا بووم کە لە بیرکاری و فیزیا و کیمیا بە چاکی وەڵامم داوەتەوە و حەتمەن یان لە کۆلێجی ئەندازیاری، یان لە کۆلێجی پزیشکی وەردەگیرێم.

لە کۆمپیتەر دەرچوو کە من تەنیا دەتوانم لە بەشــی زمان یان لە بەشی مێژوو بخوێنم.

بە نارەحەتییەوە بە باوکم گوت:

«بابە گیان، ڕەحمەت لە مردوو وازبێنە، با ببینە شووتی فرۆش.»

«کوڕە شــیرینەکەم، هەڵە مەکە. شــانس یەکجار ڕوو لە مرۆڤ دەکا، زمان و مێژووش دوو بەشــی خراپ نین. زمان دەزانی زمانە، مێژوو دەزانی مێژووە.»

«باوکە گیان، ئێستا مادام حەزناکەی کوڕەکەت ببێتە شووتیفرۆش، ئەوا ڕێگام بدە با کەبابخانەیەک بکەمەوە.»



Scanned by TapScanner

«نامەوێ چیدی گوێم لەم قســــە هیچانە بێ، ئەگەر جارێکی دی گوێم لەم قسانە بێ، نەک هەر خۆم بە دایکیشت دەڵێم دارکاریت بکا.»

ناچار لە کۆلێج ناوی خۆمم نووســــی و دەســـتم بە خوێندن کرد. هەموو ڕۆژێ باوکم ســـتایشـــی ســـەرکەوتنەکانی منی دەکرد و بە شێوەیەک دەیگوت:

«باش ســەیری ژیانی کاکت بکە. تەماشــاکە بە چ دەردەســەرییەک نان پەیدا دەکا. ئەمڕۆ لەبەر دەرەنگ گەیشــتنی خەیار لە نیوەشــەوەوە هەڵدەستێتەوە، بەیانی بە هۆی زوو گەیشتنی تەماتە و ڕۆژێکی دی بە هۆی درەنگ گەیشتنی باینجان خەوی لێ حەرام دەبێ. تازە بیستوومە وا لەنێو خەڵکی ســــەری دەرهێناوە و دەســــتی کردووە بە کڕین و فرۆشتنی خەیار.

هەر کە دەچمە لای، یان باســی دەرەنگ گەیشــتنی لۆرییەکان دەکا، یان باســــی خراپییان دەکا. بەڵام تۆ نابێ وەک ئەو بییت، چونکە کارەکەی ئەو نە مانگانەی خانەنشینی هەیە و نە ئەو داهاتووەی هەیە کە بیری لێ دەکەیتەوە. تۆ دەبێ بۆینباخ ببەســـتی و ئوتووی پانتۆڵت وەک شمشێر وابێ و باقوبریقی لە چاوان بدا.

دەبێ خزمەتکارەکانت لە بەردەمتا دەســـتەوئەژنۆ بوەســـتن، بەبێ چەند و چۆنی فەرمانەکانت بەجێ بگەیێنن. ئای کە تۆ چەندە کوڕێکی چاک و بەوەفایت. زۆر حەزم دەکرد کە ئەو ڕۆژەی کە کولێجم تەواو کرد، ئێوەش لەوێ بوونایە و بە چاوی خۆتان بتان دیتبایە کە باوکم بە چ شـــێوەیەک پێشـــوازی لێ کردم، کە هیچ پاشـــایەک دەرهەق پاشـایەکی دی نەیکردووە. جا ئەو پێشـوازیەش بەبێ مۆسـیقا و ئەم جۆرە شـــتانە نەبوو. باوکم گوتی "پیرۆزبایت لێ دەکەم، ئێســـتا تێگەیشتی کە قسـەکانی من هەمووی ڕاسـت بوون؟ من هەقم بەسـەر تۆوە هەیە." گوتم: «چ هەقێک باوکە گیـان؟» گوتی "هەقی ئەوەی کە تۆم کردە پیاو."»

«بابە گیان، جا ئێستا ڕێگا دەدەی شووتی بفرۆشم؟»

«وا دیارە کە قسەکانی سەردەمی منداڵیت هێشتا لە بیر نەچووە؟»

«تۆ سـەیری کاکت بکە، ڕاسـتە ئەو لەگەڵ کچێکی دەوڵەمەند زەماوەندی کردووە، بەڵام ئاخیر و ئاقیبەتی ئەم کارە چییە؟

تۆ سەیری پێنج دانە دوکانەکەی مەکە، چونکە ئەو بێجگە لە خەیار، کولەکە، باینجان و تەماتە زیاتر هیچ شـتێکی دی بە خەیاڵدا نایێت. لە هەمووشیان گرنگتر ئیشەکەی ئەو نە مانگانەی خانەنشینی هەیە و نە دڵنیا بوون. ئەمرۆ کە نەخۆش بکەوێ بەیانی ژیان و سـامانەکەی لە کیس دەچێ. ئوتووی پانتۆڵ و بۆینباخ ئەمانەش هەر هیچ...»

ڕۆژان، هەفتە، هەتا چەند مانگێک تێپەڕی. پارەمان لە باوکمان وەردەگرت. جار جاریش دەچوومە موغازەکەی کاکم و هەرچەندە ئەو لە ئاییندەدا لە مانگانەی خانەنشـینی بێبەش بوو، بەڵام داوام لێ دەکرد جل و پێڵاو و گۆرەویم بۆ بکڕێ.

کاکیشم دەستی ڕەت نەدەکردەوە و هەرچییەکم بویستایە، یەکسەر بۆی ئامادە دەکردم.

پێنج سـاڵ وا بەسـەر چوو. تا ڕۆژێکیان ڕێگایان پێ دام کە لە قوتابخانەیەکی ناوەندی بە سـیفەتی مامۆسـتای جوگرافیا و مێژوو دابمەزریم.

کە باوکم بینی گوتی:

«زۆر چاک بوو. ئەم کارە هەم مانگانەی خانەنشـینی هەیە و هەم ئاییندەیەکی ڕووناکیشـی هەیە. خوا نەخواسـتە ئەگەر چەند ڕۆژێکیش نەخۆش بکەوی، دەتوانی بە هۆی مانگانەکەتەوە بە هەر جۆرێک کە خۆت دڵت دەخوازی، لە ماڵی خۆت بحەسـێیتەوە. هەڵبەتە خۆت باش

دەزانی کە فەڕاشەکانی قوتابخانەش هەموو کات لەبەر دەستتدا دەبن!»

«بەڵام باوکە گیان، مانگانەکەی...»

«بۆ مانگانەکەش ئێستا لە پێنج سەد لیرە زیاتر نییە، هەر بە حسێب نایێ. هیچ دوور مەبینە بەیانی بە جێبەجێکردنی پلەی دووەمی یاسایی نوێی کرێکاران، مانگانەکەت چوارپێنج ئەوەندە زیاد بکا»

«بەڵام ئەدی ئەو کیژەی دەیەوێ ببێتە هاوسەری من.»

«گیانەکەم، نارەحەت مەبە، ئەوەش دەبێ.»

بۆ خوازبێنی، چەند کچێکمان نارد. باوکی کچی یەکەمیان گوتبووی:

«من لە دانی کچەکەم چ قسەم نییە، بەڵام لەوە دەترسم خواردن و خۆراکی باشی نەدەنێ، چونکە کچەکەم زۆر حەز لە خواردن و خۆراک دەکا.»

دووەمیشیان گوتبووی:

«کچەکەم لەوانە نییە کە مانگێک بتوانی چاوەڕوانی شتێ بکا.»

سێیەمیان گوتبووی:

«دەبێ پێنج سەد لیرە تەنیا بۆ خەرجی سووراو و سپیاوی کچەکەم بێ.»

بە باوکمم گوت:

«ئەی کوا ئەو مژدانەی کە تۆ بە منت دەدان!»

«گیانەکەم، نارەحەت مەبە. لەجیاتی هەموو ئەمانە، کارەکەت مانگانەی خانەنشینی و داهاتوویێکی هەیە.»



Scanned by TapScanner

«بەلام بابە گیان، ئێمە وا دەمرین.»

«ئەزیزم، بۆینباخ و ئوتووی پانتۆلەکەت لە بیر نەچێ.»

«بەلام کاکم؟»

«تۆ چاو لە کاکت مەکە، ئەو بێجگە لە ئۆتۆمبێل، خانوو، موغازە، خزمەتکار و چێشتلێنەر زیاتر، یەک شتی دی چییە نییەتی.»

«ئەو شتەی دی چییە؟»

«لە بری هەموو ئەمانە، مانگانەی خانەنشینی نییە.»

بۆ بەیانی چوومە لای براکەم و بە یارمەتی ئەو دوو لۆری شووتی چاکمان لەبەردەم یەکێ لە موغازەکانی دانا. لەجیاتی بۆینباخ، بەروانکەکەم لە مل کرد و دەستم کرد بە هاوار کردن:

«شـووتی بە شـەرتی سـووری. کاکە بە شـەرتی چەقۆی دەدەم. گەیشتووەکان هی خۆتان و نەگەیشتووەکان ماڵی ئێمەیە...»

سوپاس بۆ خوا لەو ڕۆژە بەدواوە، باری ژیانم ڕۆژبەڕۆژ چاکترە.

ئێسـتا هەرچەندە بۆینباخ نابەسـتم، دوو دانە موغازەم هەیە. هەرچەندە پانتۆلی ئوتووکراوم نییە، بەرانبەر بەوە پارەیەکی زۆرم لە بانق هەیە. دواجار لەگەل ئەوەی خزمەتکار و شـۆفێرم نییە، چوار بۆ پێنج دوکانی بە کریم هەیە. بژی ئەو شووتی گیانەی کە من بە شەرتی چەقۆ بە خەلکی خوای دەدەم!



Scanned by TapScanner

## دەرکەوت کابرا دەمناسێت

دابەزین لە سەیارەکە... ملی ڕێی لای مەتینی هاوڕێمم گرت... هەوا لە گەرما بۆقی کردبوو... میناش زۆر شـــلۆق بوو... خۆمان خزاندە گۆشـــەیەکەوە، پشـــتمان بە پشـــتی بێشـــەیەکەوە نابوو، هەر دەتگوت بێشەی ئاژەڵە دڕندەکانە بە ئومێدەی بتوانین سواری کەشتی بین..

یەکێک لە دواوە پاڵێکی پێوە نام.. لەنێوان من و مەتینیشدا ڕاوەستا. دواتر یەکێکی دیکە هات و پاڵی بە کابراوە نا و کەوتە نێوانمان... دوو کەس کەوتنە نێوان من و هـاوڕێکەم... تـا ژمـارەکە زۆرتر دەبوو، مەودای ئێمەیش دەکشا..

بە هاوڕێکەمم گوت:

لەناو کەشتییەکەدا یەکدی دەبینینەوە...

هاوڕێکەم لە دوورەوە هاواری کرد:

- تۆ نەخۆشـی.. بۆ بەپێوە ڕاوەسـتاوی؟ شـوێنێک بدۆزەوە و دانیشە.

بەردەوام پاڵیان پێوە دەنام. چیدی مەتینم لەبەرچاوان ون بوو. مەتینی هاوڕێم قیراندی:

دەستێکی بینی، لەناو خەڵکەکەوە هەڵبڕابوو:

- لەناو کەشتییەکەدا یەکتری دەبینینەوە...

دەرگاکە کرایەوە، لە پشـتەوە پاڵێکیان بەرەو لای کەشـتییەکە پێوە نام کە هێزەکەی یەکسـان بوو بە هێزی هەزار ئەسـپ. لە سـالۆنێکی گەورەی پلە یەکدا خۆم بینییەوە. خێرا لەســـەر کورسـییەکی بەتاڵ دانیشـتم. چەند چرکەیەکی نەبرد شـوێنەکە پتر لە هەزار کەسی تێ خزا.



Scanned by TapScanner

لەو دەوروبەرە مەتینی برادەرم نابینمەوە؛ زۆر ناشارام بووم. هەستم بە سەرەگێژەیەک دەکرد... دنیام لەبەرچاو دەسورایەوە.

دوو کەســم لە پەنا دانیشــتبوون، یەکیان ســەرتاس بوو، چاویلکەیەکی لە چاو کردبوو، لە تەمەندا نزیکی خۆم بوو؛ بەلام ئەوی دیکەیان دەگەیشتە سی.. سی و دوو ساڵێک.. دەنگێکی گڕی پێوە بوو، کە دەدوا، بم.. بم ..بم لە زاری دەردەچوو. هێندە کەتە بوو، کابرای ســەرتاس یەکێک لە ڕۆژنامەکانی ئێمەی بە دەســتەوە بوو، واتە ئەو ڕۆژنامەیەی کە خۆم کارم لێ دەکرد. ڕێک خستیە سەر ئەو گۆشەیەی کە من کاری تێدا دەکەم... بە کابرای دەنگ گڕی وت:

مامە.. ئەم کابرایە چی نوسیوە؟

بە هەندێک شــت دلخۆش و بە هەندێکیش دلتەنگ بووم.. ڕووم وەرچەرخاندە لای ڕوبارەکە تا نەناســرێمەوە.. لەوانەیشــە درکیان کردبم!

شان و مل پانەکە وتی:

- ئەوە نوسەرەکە...نوسەری خوێری.

ئەگەر ئێوە لە شوێنێکی ئاوەهادا لە جێگەی من بان، چیتان دەکرد؟ سوکایەتییەکەم قەبوڵ کرد وەک ئەوەی هەر نەمبیســتبێت. خۆم لێ کردن بە کەرەی شــەربەت. بە درێژایی ئەو ڕێگایە هەر بە تەوســەوە قسەیان دەکرد.. ئەو ملپانە ورگنە دەنگ دەمپەرە وتی:

- بەڵێ ئەوە نوســەرەکە... نوســینی قەشــەنگی هەن... بەلام فایدەی چییە کە کابرایەکی لاتە و دوو فلس ناژێ..

دەبوو یان بینەقاقایان بگرم و یەکەم دەردوو ڕەوانەی دۆزەخیان بکەم، یاخوود ســەر شــۆڕ کەم و، ئەو ناوە جێبێلم... بەلام بزووتن نەستەم بوو، یەک تێرژانێک بوو کەس بەکەسەوە نەبوو... بەدزییەوە بە خۆمم گوت:

بەو پێیەی ئەوان نامناســن... با بۆ خۆیان هەر لەبارەمەوە بڵێن. پێویستە مرۆڤ تەماشای مەبەستی قسەکەر بکات... چەندجار خۆیشم

ئەو شـــتەم لێ قەوماوە... لەبارەی خەڵکی دیکەوە دواوم... ئیدی خۆم لێ کردنە کەڕ..

سەرتاس دەیگوت:

- دەیناسیت؟

دەنگ دەمپەر وتی:

- چۆن نایناسم؟ بێگومان دەیناسم...

بەوردی سرنجی دەموچاویم دا.. خۆ ئەوە لە کۆنە ناسراو دەچێت.. بەڵام تەمەنی منداڵ دیارە...

- ئەیناسم... بەخودا ئەیناسم...

ئەو سەرتاسە وتی:

- بەڵێ... هەر کاتێ شتەکانیم دەخوێندەوە، هەستم دەکرد ئەوە ناسراوە... ئەڵلا ئەڵلا...

لەوانەیە هەر بەڕاسـتی بمناسـن و ئەوانیش خۆیان لە گێلی دابێت کە ئاوا قســە ئەکەن...ئەوەیش مـانـاکەی ئەوەیە: ســەرەنجام پۆلیسخانەیە.

شان و مل پان وتی:

- لە ڕووی نوســینەوە، جوان ئەنوســێت... کەس نکوڵی لەوە ناکات... بەڵام کێ کردی بە پیاو؟

- ئای چاوەکەم تویش..

- ئەوە خراپترین شـت بوو لەژیانمدا کردبێتم... باوکی ماسیگر بوو، کاتێ منداڵ بوو، لە ئاوایییەکەی ئێمە بوون.

- کەچەڵە وتی:

- خەڵکی شاری قۆنیا نییە؟

- بەڵێ.. باوکی ماســیگر بوو... بەو پێیەی ڕووبار لە شـاری قۆنیادا نەبوو، باوکی کاری ماسی وشککراوەی دەکرد...

هەموو ئەوانەی لە چواردەوری ئەو دوانەدا بوون، بە وردییەوە گوێیـان بۆ گرتبوون.. منیش لەملاوە ئـارەقە بە نـاوچـاومـدا دەهـاتە

خواری... ئای ئەگەر مەتینی برادەرم بهاتایە و لەگەڵی بچووما یەتە شوێنێکی دیکەوە...

- پۆلی یەکمان پێکەوە خوێند.. پێمان دەگوت (بای بریک).

کابرا قسەی دەکرد و جوان دانی بە وشەکاندا دەنا...بەڵام من... تەنها یەکجاریش ڕێم نەکەوتبوویە شاری قونیا... کەچەڵەکە وتی:

- ئەوە ناوی ڕاستەقینەی خۆی نییە...

ئەوی دیکەیان بەبێ شەرم وتی:

- ناوی دورموش بوو، بچوکی چواردە برا بوو.

ئەو برادەرە لە مێشکی خۆیەوە چیرۆکی بەرهەم دەهێنا...

- ئەو کاتەی گشتیان مردن.. ناویان لێنا دورموش.. بۆ ئەوەی بە سەقامگیری بمێنێتەوە؛ ئەو کاتەی لە خوێندنگە بوو، هەمیشە کوتەک و لێدانی بەدەست منداڵەکانی دیکەوە دەخوارد، تەنها من لەسەرم دەکردەوە...

- ئەو جارەیان، هەرگیز بیرم ناچێت، لە تاقیکردنەوەدا یارمەتییەکی دام... لەوساوە من قەرزاری ئەوم...

- بەهۆی تاوانێکەوە لە قوتابخانە وەدەریان نا... کاتێکی زۆر تێپەڕی و ڕۆژێکیان لە کوێرە کۆڵانێکی بای ئۆغلوی ئەستەنبول پێیدا هەڵتەقیم... دیتم هاوار دەکات: حوت... حوت... خەریکی فرۆشتنی گۆشتی حوت بوو. لێم پرسی ئەوە چ بارودۆخێکە تێی کەوتوویت؟ وتی: ئای براکەم... هەر مەپرسە.. هەڵمگرت و بردمە گەرماو.. جوان خوساندم... نەگبەتە دەتگوت پەتاتەی قوڕاوییە، هەرچییەکم دەکرد لەناو هەڵنەدەکێشرا... زەوی ئەو حەمامە گەورەیەی لە چلک ڕەش کرد... هەندێک جلی خۆیشم دایە. جلەکانی خۆی بەتەنها کەلکی سوتانیان پێوە مابوو...سەد لیرەیشم بە دەستی خستە گیرفانییەوە. ئینجا پێم وت:

- هەرکات پێویستت بە شتێک بوو بگەڕێوە لام. زمانم مار بیگەستایە و ئەو قسەیەم نەکردبا... وەک دەڵێن: بنیادەم زمانی



Scanned by TapScanner

بوەستێت، سەریشی سلامەتە... هەموو سبەینانێک وەک چەتە دەیدا بەسەرمدا... پارەی لێ داوا دەکردم...

- ئامادەبووان پتر دەحەپەسان.. تا خەڵکەکە زیاتریان سەرنج دەدا، تونی دەمی گەرمتر دەبوو، دەماری لاملی مۆرتر دەبوویەوە و بلندتر قسەی دەکرد. کەچەی قەپلاخ[2] بەسەر لێی پرسی:

- ئێ باشە پارەی بۆ چی دەویست؟

- مەگەر قومارباز تێرخواردنی بۆ هەیە؟

- ئێ ئێ... کەواتە خەریکی قوماریش دەبوو؟

- ئۆۆۆو... جارێکیان سێ شەوانەڕۆژ لەسەر مێزەکە نەبزوا.. جارێکیان کراسەکەی بەری باوکی دۆڕاند.. باوکیشی لەماڵی وەدەرنا.. دەم لە پووش خل خل هاتەوە بۆلای من.. دەلالایەوە: "ئەممان کاکەگیان... دەستم بە بەرپشتوێنت..." منیش دوو مشتم حەواڵە کرد و دەمیم سوێر کرد.. نەیشمهێشت یەک دەقە لە ماڵەکەمدا سەقامگیر بێت...

- ئەی ئەو دەستانەت دەخۆم.. بەساقەی دەستت بم.. بە کام دەستت لێتدا بینە با ماچیکەم؟

هەر لە پەسا ژمارەی گوێگران زیادی دەکرد... خۆیان دەسوی لە یەکدی تا کەمێک لە قسەکەر نزیک ببنەوە و گوێیان لێی بێت.. گشت گیانیان کردبوو بە گوێ، هەیانبوو ئەیویست خێمە لەناو دەمی کابرادا هەڵبدات هێندە بەتاسەوە گوێیان دەگرت.

- ئێ ئێ ئەی دواتر؟

- ئێ چیدی نەمهێشت پێ بخاتەوە ئەودیوی دەرگاکەمان.

کابرایەکی تێکسمراو لەناو ئامادەبوواندا فلتەفلتێکی کرد و وتی:

[2] - قەپلاخ: کلاوی پێستین.



Scanned by TapScanner

- ڕاست دەكات... منیش شێوەی دەكەم... ناسیمەوە... هەر ئەوە بوو كە جارێكیان شــەرواڵەكەی دۆڕاند..تەنانەت جارێكیان لەلای ئێمە گەیاندیانە حاڵی مردن هێندەیان كوتا.

- بۆچییان كوتا؟

- وەڵا وتیان دەستی بۆ ژنێك بردووە... شتێك لەو بابەتە...

ڕەشتاڵەیەك لەناو ئامادەبوانەوە كە دیار بوو لە زووەوە قسەكەی دەجوێتەوە.. وتی:

- ئەو كابرایە تا فەلاقە نەخوات، شـــەوان خەوی لێ ناكەوێت... من كە زیانم بۆ مێروولەیەكیش نییە، تا ئێســـتا ســـێجار میرازم گرتووە[٢]... كاكە ئەمە توشـــی دەردی هەڵزنان بووە... شـــەوانە بە عەموود و درەخت و شـــتدا هەڵدەزنێت و تەماشـــای ماڵی ئەو خەڵكە ئەكا.. خوایە پەنام هەر پەنای تۆیە... بەڕاســـتی نەخۆشـــییەكی عەیبە (بەتەوسەوە).

مانگەشـــەوێك...خەریكبووم لە ژووری نوســـتنەكە خۆم دەگۆڕی، تەماشـــای پەنجەرەم كرد، چیم بینی؟ كابرایەكم بینی بەســـەر دار هەنجیرەكەوە... هەرام كرد بۆلای پەنجەرەكە و گرتم و بـــاشـــم تێسـرەواند.. بە باشـــترین شـێوە سـزای خۆی وەرگرت. لەبەردەممدا كڕنۆشـــی بردبوو دەیگوت: (تۆبە ....م خوارد براكەم)، منیش بەرەڵام كرد، كەچی بۆ شەوی داهاتوو سەیرەكەم هاتووەتەوە.

یەكێك لە ئامادەبووان پرسی:

---

[٢]- میرازگرتن: جۆرێكە لە لێدان و فەلاقە... بەخوا ئەوەندە فلتەفلت بكەیت دیم و میرازێكی دیكەت دەگرم.

- ئایا تەنها بوویت لە ژووری نوستنەکەدا؟

کابرا پاش کەمێک لە تێڕامان:

- ب..بەڵێ هەر خۆم تەنهــا بووم... ژنەکەم و منـداڵەکـان چووبوون بۆ ماڵی باوکی لە (فالنجیا). پڕ بە دڵ حەزم دەکرد مستێ بماڵم بە لاچاویدا، بەڵام مەسەلە تەنها لەوێدا کۆتای نەدەهات.. دەبوایە بجەنگم تا من بمرم یاخوود ئەوان.. ئەگەر لە ژیانیاندا یەکجاریان دیتبـام، هەقی خۆیـان بوو، منیش متەقم نەدەکرد، بەڵام ئەم گشـتە هەتەران پەتەران و دەمەڵبەستانە ناکرێ بنیام لێیان بێدەنگ بێت.

گەنجێک وتی:

- بەڵام نوسینەکانی زۆر سەرسوڕهێنەرن..

دراوسێکەی وتی:

- جا کوڕم بەکەڵکی دوو فلس نایەت.. ئەگەر نوسـەر ڕەوشتی نەبێت چ سوود؟! پێویستە نوسەر لە هەمووان ئاکاربەرزتر بێت.

پیرێکی کەنەفتی سیس، بەحاڵ لەسەر لا دەردەکەوت وتی:

- زۆر بەداخەوە...ئەوە من بووم ئەوم کردە ڕۆژنـامەوان و بەســەر هەمووناندا بلندم کرد.. من یەکەم کەس بووم فێرە قەڵەمگرتنم کرد.

- کەواتە تۆ دەیناسیت؟

- بێگومان... ئەی لە بەیانییەوە قســـە بۆ دیوار ئەکەم ئەڵێم من فێرە نوســـینم کرد.. ئەو دەمەی لە شـــاری بلاجیک نوســـینگەی ڕۆژنامەوانیم هەبوو، جاحێڵێکی تازە ســـمێڵ بۆزکردوو هاتە لام و وتی: (خاڵۆ گیان دەمەوێت کار بکەم!). تفم لە شـــەیتان کرد و وتم وەرە... شـــەرت بێت بتکەمە ڕۆژنامەوانێکی بەتوانا تا لەوێوە قوتی خۆت پەیدا بکەیت... شەڵلا ئەستۆم ورد بووبا و ئەو کارەم نەکردبا.

- ئێستا تێگەیشتم.. کەواتە لە هەوەڵدا لای تۆ لە بلاجیک کاری کردووە ئەوجا هاتوتە لای ئێمە.

هێزی بیســـتنی لەوە زیاترم تێدا نەمابوو.. تاکە چارەســـەریش ئەوەبوو هەڵێم.. وام بە چاک زانی لێیان گەڕێم بە دڵی خۆیان بفلتێنن..

بیرم دەهاتەوە کە چەند جارێک بەلای بلاجیکدا بە شـــەمەنەفەر تێپەڕیبووم، بەڵام ئەی ڕۆژنامەی چی و تەرەماشی چی؟! هەستامەوە ســەر پێ، یەکســەر یەکێکیان لە شــوێنەکەمدا ڕۆنیشــت. دەمویســت هەنگاو هەڵێنم، بەڵام نەمــدەتوانی تــاقە هەنگــاوێکیش هەڵێنم.. من نەخۆش بووم... هێزم لەبەر بڕابوو.. ئەو قەڵەبالغییە زۆرەیش بواری قنگخوراندێکی بۆ کەس نەهێشــتبوویەوە.. لەناو ئەو چەقە و هەرایەدا چیم کردبا؟ هەر لەوێ وەک دار سەوز بووم.

ئەوەی کە وتمان دەنگی زۆر بەرزبوو چەشنی دەمپەر، خەریکبوو ترش و خوێی بە قسانەوە دەکرد بۆ حەشاماتەکە و دەیوت:
ئەگەر ئەزانن جارێکیان لە قەحـــ..خانەیەکدا چۆن دەستگیر کراوە و دواتر بە بێ دەرپێ لەدەســـتی پۆلیس هەڵاتووە و بەو ناوبازارەدا تێی قوچاندووە.. یەکێکی دیکەیش باســـی ئەو کتێبە بێرەوشـــتیانەی دەکردم کە بەدزییەوە چاپیان دەکەم.

لەم ڕێگەیەیشەوە ئاکاری گەنجان شەڕ دەکەم.. دەیگوت چەندینجار ڕووبەڕوو قســـەم لەگەڵی کردووە و ئامۆژگاریم کردووە کە کابرا بۆ ئەم کارانە دەکەیت؟ بەڵام چ ســـوودا! دیوار گوێی هەیە ئەو نییەتی. ئیدی دوای ئەوە قســـەم لەگەڵی نەکردووەتەوە و لە هاوڕێیەتیم دەرم کردووە. وتیشـــی جارێکیان دەوڵەت پارەی پێداوم کە بچم و دژی ئۆپۆزسیۆن شت بنووسم.



Scanned by TapScanner

تۆ بڵێیت ئەو قسانەیان ڕاست بن؟

کێ ناڵێ من کەســێکی فرەئامادە نیم؟ لە یەک کاتدا لە چەندین شــوێن بتوانم هەبم و خۆم ئاگاداری خۆم نەبووبێتم.. خۆیشم لە سەرکێشیەکانی خۆم، سەرم ماسا بوو. هەرچی چروکی و پیسی ئەم دنیایەیە، سڕییان بە عەباکەی مندا.. ئەم خەڵکەی بە حەیاتم یەکجاریش نەمبینیبوون و ئەوانیش تەنهـا لەڕێگەی پەرتووکەکـانمەوە منیان دیتبوو، گشــتیان کاتی خۆی ئامۆژگارییان کردبووم و منیش چونکە بەگوێی ئەوانم نەکردبوو، غەزەبی ئاســمانم بەســەردا باریبوو.. لەوانەیە باســی یەکێکی دیکە بکەن... بەخوا ئەو کەســە من نیم.. بە قورئان.

بۆیە پرسیم لەو کابرایەی باسی ئامۆژگاری و شتەکانی دەکرد: ئەوە باسی کێ دەکەن بێزەحمەت؟

- ئاماژەیەکی بۆ گۆشــەی ڕۆژنامەکە کرد و ناومی بەتەواوی هێنا.
- ئەوەتا.. تۆیش ئەیناسیت؟
- وتم دەیناسم..
- تەماشــاکەن.. تەماشـــا... ئەم برادەرەیش دەیناســێت.. ئەم بەڕێزەیش دەیناسێت..

هەموان بەلای مندا سەریان چەرخاند:

- ئێ پێمان بڵێ سەگبابێکی چۆنە؟
- وەڵا کابرایەکی باش نییە.

ویســتم لەوێ دوورکەومەوە، ڕێک لەو دەمەدا مەتینی برادەرم بانگی کردم...

- بەڕێز........ بەڕێز........... بێگومان ناوی بردم..

- ئەگەر دەمگوت ئەفەندم... ئەوا یەکسەرە گشتیان دەیانناسیم... هەموو ئەوانەیشی دەمیان پێدا سریبووم تەریق دەبوونەوە، بۆیە خۆم کردەوە بە کەڕەی شـــەربەت... بڕیارمدا لەجێی خۆم نەبزووم و ئەو بارانی تانەوتەشـــەرە هەر بەردەوام بەســـەرمدا بباریت. بۆیە متەقم لەخۆم بڕیبوو.

مەتینی هاوەڵم هەر لە پەسا بانگی دەکرد:

- بەڕێز..... بەڕێز.........

هیچ ئاوڕم لێ نەدەدەیاوە.. لەخودام داوابوو کەشتییەکە خێرا بگاتە (قازی کۆی) تـا ڕزگـارم بێـت لـەم قورەی بۆم گێراوەتەوە و ئینجا بەدرێژیش بۆ مەتینم بگێڕایەتەوە...بەڵام مەتین ئەوەنـدەی بـانـگ کردبوم و وەڵامـم نەدابوویەوە، تینـی بۆ هـاتبوو، دری دا بە ئامادەبووەکان و خۆی لێ نزیک کردمەوە:

- ئەوە کابرا بۆ وەڵامم نادەیتەوە؟ دوو ســـەعاتە قورگم دڕا هێندەم بانگ کردیت؟

- چیتان دەوێت بەڕێزەکەم؟

- تخوا گیلەگیل...

- فەرموو بەڕێزەکەم... شـــێوەتان ئەکەم... دەبێت لە شـــوێنێک ئێوەم بینیبێت؟

- کورە تۆزێک لەمەوبەر پێکەوە سواری کەشتییەکە نەبووین؟

هەموو ئەوانەی بارانی ڕەحمەتیان بەســـەرمدا باراندبوو، واقیان وڕمابوو، تەماشایان دەکردین

- لاژە لاژ...

- هاوڕێکەم ئێمە لە ســـینەما پێکەوە نەهاتینە دەرێ و نەخۆش کەوتیت و یارمەتیم دایت بۆ ئەوەی سواری سەیارەکە بێت؟

- تۆ هەڵە تێگەیشتوویت چاوەکەم.



Scanned by TapScanner

- بەو خوایە شــێت ئەبم... تۆ فلانەکەس نیت کە لە ڕۆژنامەی فلانیدا کار دەکەیت و ناوت ........یە؟

- نەخێر...

- هێی....

- تکات لێدەکەم کاک .......!

ڕوانیمە ئەو زرت و زەلامانەی کە لەبارەمەوە قســەی خراپ نەما نەیکەن و پرسیم:

- بێزەحمەت خۆشەویستان... کەس لە ئێوە من دەناسێت؟ ئایا من ئەو کەسەم کە لەبارەیەوە دەدوان؟

ئەو جوانخاسە ناوچاو تاڵەیان وتی:

- ئەستەغفیروڵڵا.. تۆی چی.

دەنگ دەمپەر وتی:

- چ پەیوەنـدییەکی بە تۆوە هەیە؟ ئەو کـابرایەکی چەقی بێگۆشتی درێژە...

نەخێر تەنانەت هیچتان لەیەک ناکات..

- بینیت؟ هەڵە بوویت کاکی خۆم...

ناوچەوانی مەتینی برادەرم شــین و مۆر هەڵگەڕا و تفێکی کردە بەرپێم و ئەوێی بەجێهێشت.

پاپۆڕەکە نزیکی شــوێنی مەبەســت بوویەوە.. هێشــتایش دەنگ دەمپەر خەریکە باسی من بۆ ناخودا دەکات.[٤]

لەو ڕۆژە بەدواوە مەتین برادەرایەتی لێ هەڵپەساردووم و بە هیچ شێوەیەک نەمتوانیوە تێی بگەیەنم کە ئەو ڕۆژە چی قەومابوو.

---

[٤] - ناخودا: لێخوڕی کەشتی. شۆفێری کەشتی.

# پاڵەوانی ئازادی

برای بەڕێزم... سەید نورەددین ئەفەندی

نامەکەتانم پێ گەیشت... ئای چەندە دڵخۆشی کردم... پتریش دڵخۆش بووم کاتێک یادی نامەکانی دیکەت خستمەوە کە بۆت ناردبووم... نازانم ڕادەی دڵخۆشیمت بەچی بۆ بپێوم.

برام... نورەددین ئەفەندی... ئێوە لە نامەکەتاندا نوسیوتانە و دەڵێن: کاری قاوەخانە... دەرگاوان... و خزمەتکاری ئەگەر هەیە؟!.

ئەوەم پێ دەڵێیت و دەپرسیت:

برای شیرینم... نورەددین ئەفەندی... سەرباری ئەوەی کاری قاوەچێتی و دەرگاوانی و خزمەتکاریی ئەستەمە پەیدابوونی، بەڵام ئێستا پێویستییەکی زۆر کەوتووەتە کاری ڕۆژنامەوانی و نوسین لە گۆڤارەکاندا. بۆیە لێرەوە پێت ڕادەگەیەنم کارێکی شیاوت بۆ وەچنگ دەخەم. ئەگەریش پرسیتان لە هۆکارەکەی؟ ئەوە من خۆم بۆ خۆم، ڕۆژگارێکی ناخۆشم لەوێ بەڕێ کرد... نەیشمتوانی کارێکی شیاو بدۆزمەوە تا ساڵی پار... خۆیشت دەزانیت خوێندنم لە پۆلی سێ دا واز لێهێنا. ئاواییەکەیشم بەجێ هێشت پاش ئەوەی حەمزە ئاغا کچەکەی خۆی نەدامێ، بەناز گیان.

بۆ ئەوەیشی وەفاداربم بەرانبەر نیشتمان، چووم و خزمەتی سەربازیم تەواو کرد... بە ئەمانەت و ئیخلاسەوە...چەندین کاری جوانم ئەنجام دا... بەو بۆنەیەوە پلەم بۆ عەریف بەرز کرایەوە... بەڵام دواتر مافیان خواردم و نەیانکردمە چاویش (نەقیب).. هەر لەوساوە ئەو داخە بەری بینی گرتووم. هەر لەو ڕۆژەیشەوە خوێنی ئۆپۆزسیۆن لە دەمارەکانمدا دێت و دەچێت، بەڵام بە داخێکی



Scanned by TapScanner

ســـەختەوە، لەو کـاتەوە تـا ئێســـتـا، نەمتوانیوە ئەو هەستی ئۆپۆزسیۆنبوونە بۆ کەس باس بکەم و داخی دڵم هەڵرێژم.

برای شـــیرینم... نورەددین ئەفەندی: ئەو کاتەی کە لە ســـەربازی بوومەوە و هـاتمە ئێرە، مـاوەیەکم لەگەڵ لاوانی ئێرە بەســـەر برد. کابرایەک پێی دەگوترا (عەبدوڵلا تەباخ).. ماوەیەک لای ئەو کارم کرد. کاتی قاپ و قاچاخ شوشتن، هەندێکم لەدەست بەر بوویەوە و ورد و خـاش بوون. عەبدوڵلا تەبـاخ داوای پـارەی قـاپە شـــکاوەکانی لێ کردمەوە، ناچار ماوەیەک بەبێ پارە کارم بۆ کرد تا پارەکەم بژارد. پاش بژاردن، پێم گوت چیدی لای تۆ کار ناکەم. لێمدا و ڕۆیشتم.

پاشـتر چوومە یەکێک لە قاوەخانەکان. مەبەسـتم بوو دوو قروش خڕ کەمەوە و پیشـــەی دەرگاوانی لە یەکێک بکرمەوە. بەڵام داوای نرخێکی خەیاڵیيان کرد. ئیدی بۆم دەرکەوت ئەگەر ســـەد ســـاڵ قاوەچێتی بکەم ناتوانم ئەوە بەدەست بێنم کە دەمەوێت.

ئینجا دواتر... برای شـــیرینم، نورەدین گیان... برادەرێک پێی وتم: ئەوە ئەنجومەنێک هەیە، پێویسـتیان بە کەسـێکە، ئەگەر پێت خۆشـە، دەتبەم بۆ لایـان. لەبەر ئەوەی من لەژیـانمـدا ئەنجومەنم نەدیتبوو، حەزی فزولی ڕاپێچی کردم و چووم....پاش قســـەوباس، لەســـەر چل لیرە بۆ هەفتەیەک ڕێککەوتین... دەبوایە کـاغەزەکـان بگوازینەوە بۆ چاپخـانە... ئەو زەوی دیوارانەیش پـاقژ بکرێنەوە... ئیدی بەرید و شتێکیش ئەگەر هەبووبا، دەبوایە بیبەم.

کارەکەم زۆر لەبەردڵان بوو، ئەو موچەیەی وەرم دەگرت، بەسم نەبوو، بۆیە پێویست بو موچەکەم بۆ زیاد بکەن...

لەو مـاوەیەدا بەڕێوەبەری نوســـراوەکـانیـان کردە بەندینخانە. پێویســـت بوو بەڕێوەبەرێکی نوێ بدۆزنەوە.. کارەکەیان دەسـپاردە هەرکەس، دەیگوت: من کاری وا ناکەم، پەنا دەگرم بە خوا لەم کارە. ئەوانەیشـــی کە دەیانوت باشـــە دەیکەین، داوای مارەیی دایکیانیان



Scanned by TapScanner

دەکرد لەبەرانبەر موچەی مانگانەدا، بۆیە شـوێنەکە هەر بە بەتاڵی مایەوە.

برای شـیرینم... نورەددین ئەفەندی...تۆ لە چۆنیەتی ئەم کـارە نازانیت... مەبسـتم بەڕێوەبەرێتی نوسـراوەکانە لە ئەنجومەنەکەدا. موچەکەت وەر دەگریت بەبێ ئەوەی دەسـت وەردەیتە هیچ کارێک. تەنها دەنوویت... یان لەسـەر پشـت، شـان یاخوود بە دەمدا بۆی دەنویت چەقلاوژوور. دواتر دەچیتە بەندینخانە...ئەوە سـروشـتی هەموو کارێکە... کە نۆرەی چوونە بەندینخانە هات، خۆیان تڕ و تفاقت بۆ دەپێچنەوە. هیچ شتێکی ئەستەمی دیکە لەگۆڕێدا نییە...

لەو دەمەی ئەنـدامـان بۆ بەڕێوەبەرێکی نوێ دەگەڕان.. پێم گوتن: من بەڕێزەکـانم... زۆر مەمنونتـانم... خودا لێتـانی بەزیـاد بکـات... ئەو موچەیەی بە منی دەدەن بەشـی پێخۆرم ناکات.. ئێوە ئەگەر کوڵبەرێک بگرن بەتەنها بۆ گواسـتنەوەی کاغەزەکانتان، دەبێت لە موچەکەی من پتری بدەنێ... هەر بەو بۆنەیەوە داوای زیادکردنی موچەکەم دەکەم...

کـاتێک ئەم قسـەیەم کرد برای شـیرینم نورەددین ئەفەندی... یەکسـەر یەکێک لە ئەندامانی ئەنجوومەن قیراندی بەسـەرمدا و وتی: من گیان گەیشـتووەتە کونەلووتم لەتاو گەڕان بەدوای بەڕێوەبەرێکدا، تۆیش باسی چی دەکەیت؟ دەی فەرموو لێرە بڕۆ.

کاتێک خەریک بووم لەوێ دەڕۆیشـتم، یەکێکی دیکە لە برادەران کە پشـکێکی ئەنجوومەنەکەیش هی خۆی بوو، بە دەسـت ئاماژەی بۆ کردم کە ڕاوەسـتم... بزەیەکی بۆ کردم و وتی: دەتەوێ موچەکەت زیـاد بکەین؟ ئێ ئەگەر دەبیتە بەڕێوەبەر، ئەوا موچەکەت چەنـد بەرانبەر دەبێتەوە، ئایا دەتەوێت ببیتە بەڕێوەبەر؟

وتم: پشـت بە خودا هەموو کـارێک دەکەم. پتر لە دوو مـانگ بەڕێوەباریەتیم کرد... پاشـی دوو مانگ، ڕۆژێکیان خۆم کرد بەناو ئەنجوومەندا، دیتم برادەران هەموویان دەڵێیت ترشـاویان خواردووە، مڕ و مۆچ.. دۆڕاو... وتیان:



Scanned by TapScanner

شکاتمان لە دادگا لێ کراوە... منیش پێم گوتن: هیچ خەمتان نەبێت، بۆخۆم تێر دەنووم لە بەندینخانە... دەنووم تا کاتەکەم تەواو دەبێت.

یەکێکیان هەڵیدایەو وتی: ئەی باشە بەڕێوەبەرێکی دیکە لە ئاسمان پەیدا بکەین.؟ ئێمە خەمی ئەوەمانە، چ کارمان بەتۆ هەیە دەچیت بەندینخانە یا ناچیت!

ئەنجوومەنەکە چوار بەڕێوەبەری هەبوو، بەنۆرە دەچوونە بەندیخانە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێستا هەرچواریان دەستبەسەرن و منیش بەم ڕۆژانە تەشریفم دەچێتە لای ئەوان، ئەوا کەس نامێنێت کاری نوسراو و شتەکانیان بۆ ڕاپەڕێنێت.

لە سەرەتادا تکایان لێ کرد ببمە جێگری گشتیی، یەکێک لە برادەران وتی: ها بیگرە ئەوەی بیتاقەی بەڕێوەبەری کاروباری نوسراوەکان تا کەس گومانت لەمەڕ جێگرایەتییەکە لێ نەکات. کراسێکی نوێیان بۆ دووریبووم...

هەوڵبار بووم لە ژیانمدا چاویلکەی پەتداری گەورە لەچاو بکەم.

هەر بەڕاستی بوومە بەڕێوەبەری کاروباری نوسراوەکان. خاوەنی یەکەمی ئەنجومەنەکە لەو کاتەی بەرەو دادگا دەچووین گوتی: لەگەڵ دادوەر یان جێگری گشتیدا بە زمانێکی پاراو بدوێ تا وای تێبگەن هەر بەڕاست بەڕێوەبەریت.

چاویلکەم لەچاو کرد، ئەوەی کە نیشانەی بەڕێوەبەر بوو، لەخۆم هەڵواسی، ئەوجا چوومە ژووری. بە زووبانێکی ڕەوان قسەم کرد، هەموو سەریان لێم سورمابوو، کابرایەکی لێبوو دەیگووت: چەندین ساڵە من کار دەکەم لێرە، بەڕێوەبەری وەها بەسام و هەیبەتم نەبینیوە...منیش پێم گوت: خودا بەرەکەت بخاتە تەمەنتەوە بەڕێوەکەم... ئەو چاکەیە لە خۆتانەوەیە.

ئەو ماوەیەی دەچوومە داداگا... ئای نورەددینی برام، خۆزگە لەوێ دەبوویت.. دادگات دەبینی... زیاتر لە هەزار کەس دانیشتوون گوێ لە قسەی من بگرن.. ڕۆژنامەوانەکانیش هەموو ئامادە بوون.

بەردەوام وێنە دەگیرام، کاتێک ئەو هەمووە ئامادەبووەم بینی، خوای گەورە هێزی پێ بەخشیم... دەستم کردە وتاردان: (پێویستمان بە ئازادی چاپەمەنییە جەنابی حاکم)... تۆبە... دادوەرەکان دەستیان دایە شین و گریان.. دواتر بۆیان گێڕامەوە کە پتر لە دوو سەعات قسەم کردووە... ڕۆژی دواتریش ڕۆژنامەکان بە قسەکانم ڕازێنرابوونەوە... وشە بە وشە چیم گوتبوو نوسیبوویانەوە... هەر قسەیەک کە کردبووم بیست لێکدانەوەی بۆ کرابوو.

کاتێک دوبارە چوومەوە بۆ دادگا، تێکڕا بە چەپڵەڕێزان بەخێراتنیان کردم... بڕوا بکە بۆم باس ناکرێت... لەبەردەم دادگا دەستم کردە قسە وەک ئەوەی چل ساڵە بەڕێوەبەرم.. کاتێکیش چوومە ساڵۆنەکە، خەڵکەکە زۆر بە پێزەوە بەپیرمەوە هاتن... هەڵیان گرتم و لە قەلادۆشکانیان هاویشتم.. دوو سەعات من لەم سەرشان بۆ ئەو سەر شان، بە هوتافی بژی دیموکراتییەوە بەردەوامبوون. لە کۆتاییدا تکام کرد:

هاونیشتمانییە بەڕێزەکان... دامگرن... زۆرم برسی بوو، ئەوان هەر هاواریان دەکرد (پاڵەوانی ئازادی) و هیچ قسەیەکی دیکە.

لەبەر ئەوەی خەریک بوو پاڵەوانی ئازادی بچێتە بەندیخانە، بەشداری دانیشتنی چوارەمی دادگایشم کرد...

بەڵێ برای گەورەم، نورەددین ئەفەندی... کاتێکیش لە بەندیخانە هاتمە دەرێ، تەندروستیم زۆر ساغ و ساغڵەم بوو بەهۆی ئەو گشتە خواردنە خۆشەی کە خواردبووم.

هەموو ڕۆژنامەکان دەهاتنە دیدارم، بۆ هەرکوێ دەچووم خەڵکی دەستیان بەسنگەوە دەگرت بۆم. هاواریان دەکرد و هوتافی ئازادییان دەکێشا.

بەڵێ ئێستا من بوومەتە بەڕێوەبەری نوسـراوەکان بە جوانترین... دووجاران چوومەتە بەندینخانە... لەگەڵ ئەوەیشـی کە ئێسـتا نورەی من نییە و برادەرێکی دیکەیان پەیدا کردووە، بەلام هەمیشـە حازرم و ئەگەر ئەو چوویە بەندینخانە، واتە کە سەرەکەی نزیک بویەوە، ئەوسا منیش دەڕۆمەوە سەر کورسی بەڕێوەبەرایەتی.

ئەوەیە پیشـە... پیشـەی بەڕێوەبەری کاروباری نوسـراوەکان... پیشەیەکی زۆر هەستیارە... تەنها شایەنی پیاوانی گەورەیە... پێویستە شێوازی موناقەشە و جوابەجەنگی فێر ببیت. پێویستە پۆشاکی شیک و جوان بپۆشـیت... دەبێت چاویلکەیەکیش لەچاو بکەیت... هەمیشـە لەگەڵ کەسانی کیبار و پلەبەرزتردا قسە بکەیت...

شەوی ڕابردوو لە داوەتێکی ماڵی والی بووم.. سەرەتا لە دانیشی سـەرۆک پارتەکاندا بەشـداریم کرد و دواتر چووبووم بۆماڵی والی. لەم داوەت بۆ ئەو داوەت دەچم... بەحاڵ فریای ماڵە خۆمان دەکەوم. بەهۆی ئەم گشـتە هاموشـۆیەوە، ئاسـتی ڕۆشـنبیری منیش چووەتە سـەرێ وەک لە نامەکەیشـدا دەیبینیت، هەرچەندە ڕێگەم نادەن شت بنوسـم.. بەلام من دەچم و لە ڕۆژنامە بالاکاندا شـت دەنوسـم... ئەوەیشـت پێ بلێم کە فێری نوسـین بووم بە ئـامێری نوسین(طابعة)...ئەم نامەیەم بەوە بۆ نوسیویت، چۆنە بەلاتەوە؟

برای شـیرینم سـەید نورەددین ئەفەندی... لە نامەکەتدا دەڵێیت: سـەیرە چۆن لەو دەوروبەرە کارێک وەگیر ناکەوێت! وەک قاوەچێتی .. دەرگاوان یان پاسـەوانی... من ئامادە نیم کارێکی وەهات بۆ بدۆزمەوە، ئەو جۆرە کارانە سـەختن... بەلام ئێسـتا لەوێ ئەوان



Scanned by TapScanner

پێویستییەکی زۆریان بە یەکێک هەیە بیکەنە بەڕێوەبەری کاروباری نوسراوەکان.

ئێستا یاسایەکی نوێیش لەبارەی بەڕێوەبەری کاروباری نوسراوەکانەوە دەرچووە، پێویستە بەڕێوەبەر هەلگری بڕوانامەی ناوەندی بێت... بەلام بۆ من ئەو یاسایە کار ناکات چونکە بەر لە دەرچوونی ئەم یاسایە. کاتێک هاتیت بۆ ئێرە، دەتوانین لە یەکێک لە ڕۆژنامەکاندا کارێکت بۆ بدۆزینەوە. قسەم لە هەموو شوێنێک دەڕوات، بەنیازیشم لە هەلبژاردنی داهاتوودا خۆم بەربژێر بکەم و دەبمە کەسێکی گەورە، کاتێکیش بوومە کەسێکی گەورە، دەگەڕێمەوە بۆ ئاوایی و ماڵەکەی حەمزە ئەفەندی بەسەریدا ئەڕمێنم.

## هەر چرکە و لەدایکبوونێک

لە کۆتا ڕۆژی گەشتەکەیدا بوو... سەردانی زۆرێک لە کارگە و کارخانەکانی کرد.

– ئەم کارخانەیە ساڵانە ئەوەندە تەن لە فلانە ماددە ڕەنیو دێنێت.

– ئەفەندم... ئەم کارگەیەیش لە خولەکێکدا ئەوەندە پارچە لەو کوتاڵە بەرهەم دێنێت.

– ئەم کارگەیەی دیکەیش لە تاقە سەعاتێکدا ئەوەندە و ئەوەندە لەو ماددەیە لە قاڵب دەنێت.

لەو ڕۆژەی قەرار بوو وڵات بەجێ بهێڵێت... بەڵێن وابوو ئۆتومبیلە تایبەتەکەی بەناو ئاپۆرەی خەڵکەکەدا لە شەقامی سەرەکییەوە تێپەڕێ... ئەو عەشاماتەی دەتبینین، هەموو پۆل پۆل و تاقم تاقم هاتبوونە خواحافیزی و لە خودایان گەرەک بوو هەرنا، چاوێکیان بەو ئەفەندییە بکەوێ و ئەگەریش خودا ئەو چاکەیەی لەگەڵ کردبان، بیانتوانیایە دەستێک بە ماشێنەکەیدا بێنن وەک تەبەرک و دەرمانی دەردان... پۆلیس... جەندرمە هەموو بۆ ئاسایشی ڕێگە خۆیان چەکدار کردبوو.

خەریکبوو دەمژمێر ببێتە یازدە... هیچ سەیارەیەک لە شەقامەکەدا دەر نەکەوت... سەرباری ئەوەی هەر لە بولێلی بەیانەوە بۆ هیچ سەیارەیەک نەبوو بەو شەقامەدا ڕاگوزەرێ. وەک پێشینان دەیانگوت، مەنعەتەجەوول ڕاگەیەنرابوو، ئا ئا مەنعەتەجەوول. پۆلیسەکان بە پۆشاکی پۆلیسی وەک یەکەوە ڕیزیان بەستبوو، هەندێک نمایشی جوان و سەرنجڕاکێشیان ئەنجام دەدا. ئامێرە موزیکییە مسەکانیان



Scanned by TapScanner

دەژەند  کە ئاوی چاویان دەبرد کاتێک تیشـــکی خۆر لێی دەدان و دەبریسکانەوە...

لەپاش ســـرود و مارش، خوێندکارانی قوتابخانە لەســـەر لێوی شـــەقامە بە هەندێک لافیتە و نوســـراوەوە، ڕیز کرابوون. منداڵان لەخۆشـــییـــان خەنی بووبوون کە ئەمڕۆ خوێنـــدنگە نییە و، وانە ناخوێندرێت. ئەڵلا کە خۆشە.

ئاپۆرە تا دەهات چڕتر دەبوویەوە، ڕیز لەپشتی ڕیزەوە دەوەستان لەسەر نوکی پەنجە. خۆ ئەگەر پۆلیس نەبایە، سـەر شـەقامەکەیش پڕ دەبوو. تاو نا تاوێک پۆلیســەکان بە پاڵ جەماوەرەکەیان بۆ دواوە پاڵ دەنا تا شـــەقامەکە کراوە بێت... لەناکاو ســـەیارەک لە پشـــتیانەوە دەرکەوت... تەکســـییەکی کۆن کۆن بوو، یەکێ ســـەری لە جامەکەوە دەرێنابوو، کاکە بوارمان بدەن دەرچین... وەهای دەشـــیڕاند، دەتگوت لە بەحردا نغرۆ بووە. دەیگووت:

- بەڕێزەکانم منداڵبوونە، وا منداڵەکە خەریکە دائەکەوێت.. بێڵن دەرچین... تو گیانی خۆتان لاچن.

هەرکەس ئەم قسانەی بۆ ئەوەی پێش خۆی پاتە دەکردەوە:

- ڕێگەکە بکەنەوە

- دەڵێن منداڵبوونە... ولادەیە....

- هـاونیشـــتمـانییەکـان ئەو خـانمە ژان گرتوویەتی.. ڕێگەکە ئاوەلاکەن.

ترۆمبێل لەناوەڕاســـتی خەڵکەکەدا قووت چوو... چەندێ هەوڵی ئەوە درا دەرچەیەک بدۆزرێتەوە، چەندین شـــەپۆلی لەدوای یەک بە خەڵکەکە کرا، بەڵام لە کۆتایدا گەیشـــتە پشـــتێنەی پۆلیســەکان و بوار نەما.

بەڕێوەبەری پۆلیســـەکان بە تووڕەییەوە خۆی نزیک کردەوە لە شۆفێری تەکسییەکە و شیراندی بەسەریدا:

- بۆ دواوە... دەی دەی...



Scanned by TapScanner

ئەو جوانخاسەی سەری لە شوشەی سەیارەکەوە دەریّنابوو، وتی:

- گەورەم منداڵبوونە منداڵبوون.

بەڕێوەبەر کە ئارەقەی بە لاچانگدا وەک بەلوعە دەهاتە خوارێ، وتی:

- ئی چییە با مناڵبوون بێت...

- ئاخر دەچینە نەخۆشخانە...

- ناتوانن لێرەوە بڕۆن.. گشت ڕێچکەکان گیراون... دەی بکشێوە.. بکشێوە زووتر.

شۆفێر هەڵیدایە:

- کورە.. گشت ڕێچکەکان قەپاتن، بێڵە لێرەوە بگەینی بەر لە داکەوتنی مەتولکە.

ماشێن لەناو ئاپۆرەکەدا وەختبوو دیار نەمێنێت... نە دەیتوانی بۆ پێشەوە و نە بۆ پاشەوە تەکان بخوات. بەڕێوەبەر بە پیاوەکەی وت:

- ئێستا بەتەواوی کاتی خۆیەتی.

پیاوەکەی سەری لە شوشەکەوە دەریّنابوو وتی:

- پۆزش... ناتوانین بکشێینەوە.. کاکی خۆم من لەکوێ بزانم ئەمڕۆ کەسی گرینگ بێرەدا تێپەڕ دەبێت!

قیژەی ژنەی بێچارە ڕۆژەڕێیەک دەڕۆیشت. قیژەکانی بەسەر هەموو مارش و هوتافەکاندا سەر دەکەوت. دەستی بە کوشنی سەیارەکەوە گرتبوو، پەستانی دەخستە سەر خۆی و دەیقیژاند.

یەکێک لە کارمەندانی بنکەی پۆلیس، ڕەپ ڕاوەستابوو، دیمەنێکی بزێوی هەبوو، لەوەی تەنیشتی پرسی:

- کێ دێت؟

برادەرەکەی بە تەوسەوە وتی:

- دیارە تۆ تەماشای گۆڤار و ڕۆژنامەکان ناکەیت، نازانیت کێ دێت و کێ دەچێت؟



Scanned by TapScanner

- من نازانم ئێواره چیم خواردووه، ئێستا بزانم کێ دێت و کێ دەچێ؟! ...وەڵڵا ڕاســـت دەکەیت... ئەم بەیانییە بێ قاوەڵتی لەماڵەوە دەرچووم.. خودا لێی بەزیاد بێت ئەوەندە سەردانیکەر زۆر بوون....

- خۆشە... چیمان دەوێت لەوە زیاتر... با بێن و نیشتمانەکەمان ببینن... ناومان بڵاو دەبێتەوە لەو وڵات و شتانەی دیکەدا...

- ئایا ئەوەی دێت گەشتیارە؟

- نەخێر ... بەڵام دەکرێـت لەوان هەژمـار بکرێـت...کـاتێک گەڕایەوە بۆ وڵاتەکەی، باسـی ئەو شـتانە دەکات کە بینیویەتی... باس بۆ ئەم و ئەو دەکات... ئەو کاتەیش لە گشـــت لایەکەوە گەشـــتیار ڕوومان تێدەکات.

- ئەوە تۆ ســـاغیـت؟ ئەم کـابرایە چ پەیوەنـدیەکی بە گەشــــتوگـوزارەوە هەیە؟ ئەوە پەیـوەنـدی بە پەیـوەنـدیـیە دیبلۆماسییەکانەوە هەیە.

- بێگومان..

- باشە ئێستا ئەو کابرایەی کە دێت کێیە؟

- بەرپرسێکی گرانقەدرە.

- ئەوە وتت بەرپرس؟

- ئەوەی پێش ئەمیش هەر پێی دەگوترا بەرپرس؟

- ئەوانە هەموویان بەرپرسـن... هەر ئەوەندەی بێگانە بن، ئیدی بەرپرسن. بەڵێ. بەلای ئەمانەوە ئەوەیشی ناوی موحەممەد و ئەحمەد بێت بەرپرسە.

- واتە ئەمەی کە دێت لە کام نەتەوەیە؟

- ئەگەر تەماشـای ئەو پارچە قوماشـە بکەیت کە پیتی عەرەبی لێ نوسراوە، یەکسەر دەزانیت لە ئوممەتی ئیسلامە.

- ئەوە چی دەڵێیت براکەم؟ بۆ بێگانەکانیش ئوممەتی ئیسـلامیان تێدایە؟



Scanned by TapScanner

- بێگومان شتی وا دەبێت... ئەمانە بێگانەن... ڕۆژێک دۆستن و ڕۆژێکیش دوژمن.

بنیامی نێو سەیارەکە قیراندی:

- هۆ مەردمینە ئەو ڕێگەیەمان بۆ چۆڵکەن تا بڕۆین.

ژنەی دووگیان توندێ لێوی گەستبوو تا ئامادەبووان هنکەهنکی نەبیستن!

یەکێک لەوانەی لە نزیکی سەیارەکەوە بوون وتی:

- ئەگەر من لەجێگەی تۆ دەبووم...

- ئێ چیت دەکرد؟

- خودا بمانپارێزێت لە کەوتنە دۆخی وەهاوە...

یەکێک لە ئەندامانی پۆلیس وتی:

- ئەو ژنە وست بکە.

کابرا لە سەیارە وەدەر کەوت و وتی:

- گیژە... خەریکە منداڵی دەبێت. دری دایە ڕێگەکە تا گەیشتە لای بەڕێوەبەر... ئینجا پێی وت:

- گەورەم ڕات چییە ئەگەر لێرەوە تێپەڕین؟ خێزانەکەم وا منداڵی دەبێت.. گەورەم...

- ئایا ڕێگەی دیکە هەیە؟

- هەموو ڕێگەکان گیراون.. نایشتوانین پاشەوپاش بگەڕێینەوە. بە دوو چرکە لێرە دەربازمان دەبێت....

- تکات لێدەکەم گەورەم بێڵە بڕۆین.

- ئەترسم ئەمە بێتە دەرچەیەک و گشت سەیارەکان لێرەوە بۆی دەرچن.

- یەک چرکە...

- خۆشەویستەکەم تۆ لە قسە تێناگەیت؟ لەوانەیە سەیارەی دیکەیشتان پێوە بلکێت.

- گەورەم وا خەریکە منداڵەکە سەر دەردێنێ... وەزعی ژنەکەم پڕپۆڵە.

- چاوەکەم من چیبکەم... با منداڵبوونیش بێت، ناکرێت.

کاتێک کابرا لای بەڕێوەبەرەکەی جێهێشـــت... بەڕێوەبەر هەندێک شتی تێکەڵ و پێکەڵی وتن.

دەمژمێر ١٢ نزیک بوویەوە و پۆلیسـەکان کەمە کەمە بێحەوسـەلە دەبوون، بە قاچی چەپ، قاچی ڕاستیان دەخوراند. تاوێک لەسەر قاچی ڕاست و تاوێکیش لەسـەر چەپ دەوەسـتان تا کەمێک پشوو بدەن. ڕیزەکەیان ئەو تۆکمەییەی پێشووی نەما. بەڕێوەبەر پێی وتن:

ڕێک و پێک ڕاوەستن و پاڵ بدەین بە یەکەوە.

یەکێکیان وتی:

- پێویستە چەند سەعات ئێمە پارێزگاری لە ڕیزەکانمان بکەین. ئێمە لەبەیانییەوە وەکو پەیکەر لێرەدا ڕاگیراوین.

- ئایا دەتەوێت ئاوا بمانبینن کاتێک لێرەوە تێپەڕ دەبن؟

- خۆ چوونە نێو ڕیزەوە وەک چوونە یاریگای تۆپانێ نییە... کاتێک سەیارەکان دەرکەوتن، دەچینەوە ڕیزەکانمان.

- بەڕێوەبەر قیراندی:

- ئا...ئا...ئا... بڕۆنەوە ڕیزەکانتان... وتیشی:

- کەمێک ئاوت لێوە نزیکە؟

دراوسێکەی وتی:

- نەخێر ئاو هەر لە بەلۆعەکەوە براوە

- خۆ خەریکە لەتینوان کوێرایم دادێ.

- منیش...

- یەکێک لە حەسـحەسـەکان هاتە نزیکمانەوە، کەچی بەرپرسەکەی هاواری لێ کردا!

- ڕیزەکانتان مەشـێوێنن... ئەوە کەمێک ئاوتان لا دەست ناکەوێت؟



Scanned by TapScanner

یەک کەس متەقی نەکرد.

ژنەی دووگیان...کاتێک ژان نەدەما، بێدەنگ دەبوو، کاتێکیش ژان دەستی پێ دەکردەوە، لەسەر کەللەی سەر دەیقیژاند. لە کۆتاییدا پیاوەکەی لێی توورە بوو لەکاتێکدا لەناو ئارەقەی خۆیدا خووسابوو، پێیشی وت:

- وسبە نەگبەتی خوا... لەبەردەم ئەم عالەمەدا ئابرووت بردین.

کاتێک سەعات بوو بە نزیکەی یەک... کچۆلەیەکی خوێندکار لە ماموستاکەی نزیک بوویەوە و لێی پرسی:

مامۆستا... مامۆستا... ئەفەندم..

مامۆستا بە نێوچەوانێکی مڕ و مۆچی ئارەقاوییەوە وتی:

- چیت گەرەکە؟

کچی چکۆلە سەبرۆکە بە مامۆستای گوت:

- دەمەوێت بچمە ئەدەبخانە!

- نابێت.

کچەی بەستەزمان بێدەنگ بوو، ئینجا سەبرۆکە وتیەوە:

- دەمەوێت بچمە ئاودەستخانە مامۆستا.

- ئێستا میوانەکان دێن ئازیزەکەم.

- دەمەوێت بچمە ئەدەبخانە.

- پێت دەڵێم شتی وا نییە.. خۆت توند هەڵبگوشە

- ناتوانم مامۆستا... بەحاڵ خۆم بەند کردووە.

- ئێستا دەگەن

- حالم پڕپۆلە مامۆستا

خوێندکارێکی دیکە دەیگوت:

- منیش دەمەوێت چۆڕێک میز بکەم مامۆستا.

مامۆستاکە بە هاوڕێ مامۆستاکەی خۆی گوت:

- وەللا خۆیشم خالم خراپە.

- کابرای ناو سەیارە وتی:



Scanned by TapScanner

- چی دەبێت ئەگەر ئێمە بە دوو چرکە لێرەوە تێپەر بوباین
جوانخاسێک کە لە نزیکی سەیارەکەیەوە وەستابوو وتی:
- ئەگەر من لەجێگای تۆ دەبووم
- کابرا گڕی تێبەر بوو، وتی:
- براله دوو ســـەعاتە لەپەنا منیت و هەر خۆت دەخۆیتەوە...
باشە چی بکەم؟ پەروانەیەک لە قنگم ببەستم و بفرم؟
- دەهۆلکوت دەهۆلەکەی نـابوویە کۆلی برادەرەکەی و بەدەم
باوێشکەوە دەیپرسی:
- پێم نالێیت سەعات چەنە؟
- یەک چارەکی دیکە دەبێتە دووی نیوەڕۆ.
- برادەری دەهۆل لەکۆل هەر خەریکی ئارەقەسڕین بوو، وتی:
ئەم بەرپرسە بۆ ئەوە باشە کەولی بکەی.
دانەیەکی دیکە پرسی:
چییە دەنگوباس؟
- بیرم دێت... جاری پێشـوویش کە تەشـریفی هێنا، من وەخت
بوو لەبرسان بتلێمەوە!
دیسانەوە قیژەی ژنە بەرز بوویەوە. کاتێک جەماوەرەکە ویستیان
گوێ لە تیپی موزیک بگرن، بەڕێوەبەر پێی وتن:
- هاونیشتمانیانی خۆشەویست... تکایە کارێک مەکەن بە توندی
لەگەڵتاندا بجولێمەوە و غازی فرمێسکرێژ بەکار بهێنم... ناچاری کاری
وەهام مەکەن تکایە.
- وا هاتن...
- وا هاتن...
خوێندکارە داماوەکە زەوییەکەی کردبوویە قوڕ و بە هەردوو
قاچیدا میز جۆگەلەی بەستبوو، وتی:
- وای هات... منیش کردم... بەدەم گریانەوە.



Scanned by TapScanner

- ماشینەکان هاتن و کابرا دابەزی و دەسە و دایرەکەیشی بەدوایدا. مارش و تیپی موزیک دەسبەکار بوون.

- تانتیری... تانتیری... تام... تاریتا... تام

- تیپی موزیک مارشێکیان دەژەنی کە دەتگوت هی سەد و پەنجا ساڵ لەمەوبەری دەسپێکی جەنگە...

یەکێک لە ئامادەبووان تێی خوڕی و وتی:

- دڵم پڕ دەبێت.

یەکێکی دیکە وتی:

- مووەکانی جەستەم گشتیان ڕەپ بوون. موچرکم بە گیاندا دێت.

- بەڵام قیژەی ژنەکە بەسەر هەموو دەنگەکانی دیکەدا زاڵ بووبوو،

کابرایەکی نزیک سەیارەکە وتی:

- ئای ئەگەر من لەجێگەی تۆ دەبووم...؟

پیاوی ژنەکە تووڕە بوو، وتی:

- چیت دەکرد؟ ئادەی بڵێ؟

- ئەگەر بیلێم، جێبەجێی دەکەیت؟

- بەڵێ.. چی بڵێیت دەیکەم

- چاوەکەم... خێزانەکەت دابەزێنە و لەگەڵی بڕۆ

ئەو منداڵە دەست بە ئاڵایانە نابینیت؟ ئاڵایەک بۆ خۆت و دانەیەکیش بۆ نەکەت بێنە، ئاڵا بەرزکەنەوە با بشەکێتەوە... پێنج منداڵیش بخەرە پێشتەوە... وەک ئەوەی مامۆستا بن... هاوار بکەن (بژی... بژی) تۆیش هەروا هاوار بکە... ئەگەر گەیشتنە شەقامەکەی ئەوبەر، مانای وایە بەسەلامەتی دەرچوون.

- ئەوە شتێکی پەسەندە؟

- تۆ ئەزموونی بکە براکەم.



Scanned by TapScanner

ئەم بەرپرسەیش وەک گشت بەرپرسەکانی دیکە، کاتێک گوێی لە چەپڵەڕێزان دەبوو، زەردەخەی دەکرد.. لەگەڵ ئەم هوتاف و بژی و بژییەدا، خەڵکەکە سپێران بە پۆلیسەکانەوە.

کابرا ژنەکەی لە سەیارەکە داگرت... ژانی منداڵبوون کەمتر بوویەوە... هەر لەو کاتەدا بەرپرسەکە دەستی بەسەری ئەو منداڵەدا دەهێنا کە ژێری خۆی کردبوویە قوڕاو.

کچەکە بە قیژەوە دەیگوت:

- مامۆستا... بەڵام مامۆستا لەتاو هات و هاواری ئەو خەڵکە، گوێی لە هیچ نەبوو...لەم کاتەدا کابرا و ژنەی دووگیان پێنج منداڵی تشتوکەیان وەبەر خۆ نابوو، هوتافی (بژی بژی)یان دەگوتەوە... لەم سەر و بەرەدا بوو، ژان ژنەی گرتەوە... پیاوەکە و منداڵەکان گەیشتنە ناوەڕاستی مەیدانەکەو ژنە بەتەنها لەناوەڕاستدا مایەوە. کاتێک کابرا ژنەکەی بینی لەسەر زەوییەکەدا کەوتبوو، زۆر تووڕە بوو... وتی:

- تفوو... لەبەرچاوی ئەو عالەمەدا ئابرووت ڕشتین.

کابرای بەرپرس لەپەنا ژنەکە ڕاوەستا... یەکێک لە ئەندامانی تیپی مۆزیک وتی:

- گەورەم... دانیشتوانی وڵاتەکەمان بەشێوەیەکی زۆر نامەعقول زیاد دەکات. لە هەر دەقەیەکدا یەکێک لەدایک دەبێت... ویستمان ئاگادارت بکەینەوە لەو زیادبوونە نائاساییەی وڵاتەکەمان. بەڵێ قوربان.

## راست.... چەپ

کاغەز و قەڵەمێک بگرن بەدەستتانەوە و ئەوەی پێتان دەڵێم بینوسن. بەر لە هەموو شتێک دوو هێڵی تەریب بکێشن بە درێژایی رووپەڕەکە... ئەمە رێگای سەرەکی ئەستەنبوڵە، شەقامی ئازادی. ئەم شارێیە سی لقی لی دەبێتەوە کە شەقامە سەرەکییەکە دەبڕێت... بەشێوەیەکی ستونی... ئەمەیش ناوی شەقامەکانە: یاندم، زارتەبان و هایفرووم.

ئەو شەقامانەیشی کە دەکەونە بەرانبەری ئەمانەوە بریتین لە: حاجی زۆرفەدین، شەقامی مەقام یان گۆڕی داخراو و شەقامی ئاشتی.

ئێستایش دۆخی تۆپۆگرافی هەر شەش شەقامەکەت بۆ باس دەکەم:

بەو پێیەی کە ئەم شەقامانە هەموویان دەکەونە بەرانبەری دەریاکەوە، ئەوا هەرکەس بە ئاڕاستەی پێچەوانەی دەریاوە پێیاندا بگەڕێت، ئەوا هەناسەی سوار دەبێت و هیلاک دەبێت بەهۆی هەورازەکەیەوە. بەڵام ئەگەر بە ئاڕاستەی دەریاکە بێت، ئەوا لێژە و خێرا دەتوانێت بەبێ هەناسەسواربوون بگەڕێیت. ناوچەی یەکتربڕی لێژایی و هەورازەکە بریتییە لە شەقامی ئازادی.

کەس هەیە بە بینینی ئەو گشتە گوڵ و گوڵزارەی ئەستەنبول دڵی خۆش نەبێت؟ بێگومان نییە. بەڵام دڵخۆشیی ئێمە لە هی خەڵکی زیاترە لەبەر ئەوەی مامم ماوەی دوو ساڵە لەوێ وەک وەبەرهێنەر

کار دەکات. پێشتر زۆر کەیفی بە جادە دروستکردن نەدەهات. ئەویش بەهۆی کێشەیەکەوە کە توشی بوو و کەوتە دادگا و ماوەیەک لە کارەکەی دوور کەوتەوە. مامم چوو بوو بۆلای حیزبەکەی و وتبووی: ئەوە من چەندین ساڵە خزمەتی ئەم حیزبە دەکەم، ئێستایش نۆرەی ئێوە سوپاسی چاکەم بدەنەوە.

پێیان وتبوو: برۆ ببە بە وەبەرهێنەری ڕێگاوبان. ئەویش وەڵامی دابوونەوە: خۆ من پارەم نییە.

پێیان وتبوو: ئەم کارە دەسمایەی ناوێت، بۆیەیش پێمان وتیت ببە بە وەبەرهێنەری ڕێگاوبان.

مامم وتبووی: شتی وا چۆن دەبێت؟

وتبوویان: کە دەستبەکار بوویت، تێدەگەیت کارەکان چۆن دەڕۆنە پێشی. ئێمەیش هەر بەبێ دەسمایە ئەم کارە دەکەین. هەرکات داوای پارەیان لێکردیت، ئەوا سەنەدێکیان بدەرێ و بڵێ ئەمە وەک پارە بقەبڵێنن.

مامم بوو بە وەبەرهێنەر. بەو پێیەیشی زۆری خۆش دەویستم، پێی وتم:

- تۆ قەت نابی بە مرۆڤ، وەرە و لەگەڵم ببە بە بریکاری ڕێگەوبان.

- داواکارییەکەی مامم پەسەند کرد، پێی وتم: سبەی دەست بە کار دەکەین.

سبەی بەیانی زوو فلانە ڕێگا فراوان دەکەن، ئێمەیش بۆ سبەی بەیانی سواری سەیارەی کرێ بووین و بۆی دەرچووین. چەند ئۆتۆمبێلێکی دیکەیشمان لەگەڵ هاتن. سەیارەکەی ئێمە لەدوای دواوە دەڕۆیشت و کرێیش بوو، بەڵام سەیارەکانی دیکە تایبەت بوون.



Scanned by TapScanner

شوفێرەکەی ئێمە ماوە نا ماوەیەک دەیویست پێشی ئۆتۆمبێلە تایبەتەکان بکەوێت، کەچی مامم تورە دەبوو دەیگوت:

دەڵێن یەکێک لە وەبەرهێنەرە زەبەلاحەکان لەو سەیارەی پێشماندایە، ڕیزی سەیارەکان بەپێی گەورە و بچوکی وەبەرهێنانەکان ڕێک خرابوو.

بەردەوام بووین لە ڕۆیشتن تا گەیشتینە شەقامی ئازادی، ئەوەی تۆزێک لەمەوبەر باسم کرد بۆتان. سەیارەکانی سەرەتا وەستان، بۆیە پێویست بوو لەسەر ئەوانی دیکەیش ڕاوەستن. هەموو پیادە بوون، ئێمەیش وەک ئەو عالەمە. هەموومان لەدەوری سەرنشینەکانی سەیارەی یەکەم کۆبووینەوە. ڕەشەبایەکی بەهێز هەڵی کردبوو، پێویست بوو هەموومان دەستێکمان بگرین بە کڵاوەکانمانەوە تا هەوا نەیبا، یەکێک لە ئامادەبووان ویستی قسە بکات، لەبەر ڕێزی ئامادەبووان دەستی لابرد بە کڵاوەکەیەوە، کەچی ڕەشەبا کڵاوەکەی برد بۆ دووری دوور. یەک یەک کڵاوەکان چوونە حەوا، هەندێکیان توانییان بەر لە دوورکەوتنەوەی کڵاوەکانیان، بیانگرنەوە و گێل گێلی بەدوای کڵاوەکاندا دەڕۆیشتن.

تەنها یەک کەس توانی لەکاتی قسەکردندا دەستی بە کڵاوەکەیەوە لا نەبات. وا دەردەکەوت کە ئەو لە هەموان بەتەمەنتر بوو، لە هەموانیش بەئەزموونتر. هەموومان دەمانویست لەو نزیکبینەوە.

خەلکەکە هەموو تەماشای شەقامە یەکتربڕەکەی ئازادییان دەکرد. هەندێکیان سەریان دەلەقاند و بە ددانەکانیان جیڕەجیڕیان دەکرد. جیڕ جیڕ جیڕ.

وای لەو گشتە شپرزییە... ئەوە چییە بۆ خاتری خودا.

گەورە تەماشای بچوک و بچوکیش تەماشای گەورەی دەکرد؛

ئای لەو جادەیە چەندە بە ئیهمالی چاک کراوە...

- ع شپرزییەک جا!

- هەمووان لەلای خۆیانەوە قسەیان دەکرد و کۆمەڵێک قسەیان دووپاتە دەکردەوە:

- ئەم شپرزییە چییە بەڕێزم؟

- شپرزییەکی بێسنوورە بەڕاستی.

- خودا دەزانێت، لەوانەیە سەد ساڵی ڕەبەق بێت یەک خاکەناز و زەنگن لێرەدا بەکار نەهێنرابن.

یەکێک لە ئامادەبووانی نزیکی من وتی:

ئەی خوایە... هیچ لە کار نازانن.

پێم گوت:

- ئەوە یەکەمجارتە بێیتە ئێرە؟

وتی: نەخێر... بەیانی و ئێوارە بێرەدا تێپەر دەبم... ماڵمان لە کۆتایی ئەم شەقامەوەیە.

- وا قسە دەکەیت وەک ئەوەی یەکەمجارت بێت ئێرە ببینیت.

هەر لەو کات و ساتەدا، ئەو کابرایەیەی لە کاتی قسەکردنەکەدا دەستی بە کڵاوەکەیەوە لا نەبردبوو، هەروا چپەچپێکی لەگەڵ ماممدا کرد. کاتێک مامم ویستی شتێکی پێ بڵێت، ئەو وەک ڕێز، دەستی بە کڵاوەکەیەوە لا برد، کڵاویش مۆڵەتی نەدا و بەرەو ئاسمان باڵی گرتەوە. مامم دوودڵ مایەوە کە قسەکە بۆ کابرا تەواو بکات یان بەشوێن کڵاوەکەیدا ڕا بکات. هەر لەو کاتەی لە دوودڵیدا بیری دەکردەوە، ئەم قسانەی بەبێ ویستی خۆی لێ دەردەچوو:

- بەڵێ گەورەم... بیگرە هێو... قسەکانت دروستن گەورەم... خێراکە خێرا...

کاتێک تەماشایەکی منی کرد، تێگەیشتم چی لە قوڵایی دەروونیدا تێپەڕ دەبێت، ئەو ویستبووی هەم وەڵامی کابرا بداتەوە و هەمیش قسە لەگەڵ مندا بکات. بەوی دەگوت: بەڵێ گەورەم... بە منیشی دەگوت: بیگرە هێو.

رام کرد بەشـــوێن کڵاوەکەی ماممدا، دیتم کەوتووەتە ژێر تایەی ترامواکەوە.

لەوێ ئەو کابرایەیشم دیت کە دەستی بە کڵاوەکەیەوە لا نەدەبرد بە یەک باوەش کاغەز و فایلەوە و، لە چواردەوریدا ژاوەژاوێکی زۆر بوو. وام هەســـت دەکرد ئەندازیار بێت. نەیدەتوانی جوان لاپەڕەکان ئەمدیودیو بکات بەهۆی بەهێزی ڕەشەباکەوە. وتیشی:

- کارەکە ڕوونە.

بەردێکی گرت بەدەستەوە و بەرەو شەقامێک لە شەش شەقامەکە هاویشتی و وتی: ئەویا ئەویا.

ئاستی شەقامەکە نزم دەکرێتەوە تا شوێنی ئەو بەردە.

کڵاوەکەشی بە دەستی چەپ گرتبوو، ئەو دەستەی بەردەکەی پێ هاویشـــت، لەگەڵ بەردەکەدا کڵاوەکەیشـــی هاویشـــت. کڵاو چوو بە حەوادا، بەو پێیەیش ئاڕاســـتەی هەواکە ڕووەو دەریا و شـــەقامی ئاشـــتی بوو، کڵاوەکە ئەلفاتیحە. کابرا هەندێک جووڵەی ســـەیر و ســـەمەرەی دەکرد دەتگوت پاڵەوانێکی بەناوبانگ یان فڕۆکەوانە. ئێمەیش چەشنی یاریزانی تۆپی پێ چۆن خۆی بەرز دەکاتەوە بۆ تۆپ تا بە ســـەری لێیدا ئاوامان دەکرد. ئەو کڵاوە دەتگوت گاڵتەمان لەگەڵ دەکات، ســـوک ســـوک دەهاتە خوارێ. ئێمەیش هێواش هێواش لێی نزیک دەبووینەوە، کەچی بەر لەوەی بەر زەوییەکە بکەوێت، دیسانەوە دەفڕییەوە. وابزانم پەنجەیەکیانم بەر کڵاوەکە کەوت، بەڵام یەکێک لە پیاوەکان لە بەخیلیدا پاڵێکی پێوە نام و خستمیە سەر زەوییەکە. شەرت بێت نەهێڵین لەدەستمان دەرچێت ئەگەر ببێتە ئەسپی عەرەبییش. پاش ڕاکردنێکی چەندســـەد مەتری، یەکێکمان توانی دەســـتبەســـەری بکات بەڵام یەکێک لەو نالەبارانە ویســـتی لە چنگی دەربێنێتەوە. کەچی کڵاو درا و هەرکامیان یەکی لەتێکی کڵاوەکەیان بەرکەوت...هەڵیان گرت د

هێنایانەوە و دایانەوە دەسـتی خاوەنەکەی. خاوەن کڵاو زۆر توورە بوو تەماشایەکی شەقامەکەی کرد و وتی:

- شەقامی ئاشتیش دەبێت بەرز بکرێتەوە.

ئەگەر ئەم شەقامە هێندە لێژ نەبوایە، ئەوا گرتنەوەی کڵاوەکە زۆر ئاسان دەبوو. پێویستە ڕێک بخرێت تا لە داهاتوودا کڵاوی ئاسان تێدا بگیردرێتەوە.

دواتر هەموان سـواری سـەیارەکانیان بوون و ئەوێیان جێهێشت. ئێوارە درەنگانێ، مامم بە تووڕەییەوە وتی:

- تۆ دەڵێیت گۆڵچییەکی بەهێزم و تۆپم لەدەسـت دەرناچێت. ئەمڕۆ نەمتوانی کڵاوێکیش بگریتەوە.

سـبەینێی ئەو ڕۆژە ڕوومان کردە شـەقامی هایفرۆم... ئەوەی دەبوایە کەمێک ئاسـتەکەی نزم بکرایەتەوە. ژمارەیەکی زۆریش لە وەبەرهێنەران هـاتبوون. لەوێ بۆیە کێشـە لەنێوان وەبەرهێنەر و ئەندازیارەکاندا لەسـەر شـوێنی داکەوتنی بەردەکە؛ هەرکەس دەستی بۆ شـوێنێکی جیاواز درێژ دەکرد. یەکێکیان ئاماژەی بۆ درەختێک کرد کە ٤ یان ٥ کیلۆمەتر دوور بوو، وتی:

- جوان بیرم دێت ڕێک بەردەکە لێرەدا دای بە زەویدا.

ئامادەبووان نکۆڵییان دەکرد و دەیانگوت:

- ئەوە خۆ فیشـەکیش ناگاتە ئەوێ.. تۆ ئاگات لە خۆتە ئێمە باسی چ بابەتێک دەکەین؟

- ئەو تەقاندوویەتی ئەو. دۆخەکە لە هاوێژەرێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێت. ئێستا ئێوە دەڵێن چی؟ یەعنی کەس نییە بتوانێت بەرد بگەیەنێتە ئەوێ؟

- ئەگەر بیویسـتایە، لەوە زیاتریش دەڕۆیشـت، بەلام خۆی ئەویای پێ باش بوو، بۆیە هاوێشتییە ئەوێ.

مامم وتی:



Scanned by TapScanner

- ئەوەندە لەسەر شتێکی بێمانا قسە مەکەن، ئەوەتا، ئەوە بەردەکەیە.

بەردەکە نیوەی بە دەرەوە بوو، نیوەیشی لەناو خاکدا بوو، وتیان بە مامم:

- دەی ئادەی هەڵیگرە!

کاتێک مامم نەیتوانی بەرد دەربێنێت، وتی:

- کەس ناتوانێت ئەو بەردە دەربێنێت، ئەوەندە بەهێز هاوێژراوە، نیوەی چەقیوە بە زەویدا. یەکێکی دیکە وتی:

- ئەوەتا، ئەوە بەردەکەیە.

هەرکەس بەردێکی دۆزیبوویەوە بەڵام نەک لەسەر زانیاری، بەڵکو لەخۆیانەوە. پاش موناقەشەیەکی دوور و درێژ، تێگەیشتن کە دەبێت تا چەندە شەقامەکە نزم بکەنەوە. دەبوایە شەقامی ئاشتیش هێندە بەرز بکەنەوە تا بگاتەوە ئاستی شەقامی ئازادی.

خۆی لە بنەرەتدا وەبەرهێنانەکە بەم شێوەیە ئەنجام درابوو: وەبەرهێنەری یەکەم بە قازانجی ١٠٠ هەزار لیرە فرۆشتبووی بە وەبەرهێنەرێکی دیکە، ئەوەیش بە سوودی ٧٠ هەزار لیرە فرۆشتبوویەوە بە یەکێکی دیکە و ئەوا بیگرە تا خوا حەز بکا و ئینجا لە کۆتاییدا کەوتبوویە دەستی مامم. ئەویش دە هەزار لیرەیان دابە وەک قازانج و لێی دەرچێت. پێیان وتبوو: خۆ تۆ هیچ پارەیەکت نییە تا هەستێت بەم کارە، وەرە و پێمانی بفرۆشە... دواتر وتیان وەرە بیست هەزار لیرەت دەدەینێ.

لەبەر ئەوەی مامم زۆری حەز لە پارە و پول بوو، وتی: (بۆ هاوبەشێک دەگەڕێم تا قازانجی زۆرتر بکەم) هاوبەشێکی پەیدا کرد تا یارمەتی بدات لە ڕووی مادییەوە.

وەک ئەوەی پێیان گوتبووین دەستمان بە کار کرد. شەقامەکەمان نزم کردەوە نزیکەی دوو مەتر. شەقانی ئاشتیشمان بەرز کردەوە سێ مەتر. بەم شێوەیەش ئەو دوو شەقامە و شەقامی ئازادیمان



Scanned by TapScanner

هاوئاســـت کرد. بەڵام کاتێک لە کار بووینەوە، بینیمان شـــەقامی هایازنای مەترێک لەچاو شـــەقامی ئازادیدا دابەزیوە. بەڵام ئەمجارەیان ترۆمبیلەکان دەیانتوانی ڕاســـتەوخۆ بە شـــەقامەکەدا تێپەڕن و بگەنە شەقامی ئازادی.

لەو کاتەی کە کارمان دەکرد بۆ کەمکردنەوەی جیاوازی نێوان شـەقامەکان، شـەقامی هایازنای و ئاشـتی تا لەگەڵ شـەقامی ئازادیدا یەک بگرنەوە. هاوکات وەبەرهێنەرەکانی دیکە لە شەقامەکانی ئەوبەردا کاریان دەکرد. شـــەقامی زاربەتان ڕێک بەرانبەری شـــەقامی مەقامی داخراو بوو. شـــەقامی پەشـــیمانیش بەرانبەری شـــەقامی حاجی زورفەددین بوو.

وەبەرهێنەرەکەی دیکە بەتەواوەتی پێچەوانەی کـارەکەی ئێمەی دەکرد. شـــەقامی زاربەتـان زۆر لە شـــەقامی ئازادی بەرزتر بوو، شـــەقامی مەقامی داخراویش نزمتر بوو لە شـــەقامی ئازادی. ئێمە بەرزی دەکەینەوە و ئەوان نزمی دەکەنەوە... دەتگوت چـاڵاومـان بۆ باراناو دروســـت کردووە. پوختەی قســـان ئەوەیە: کەســێک کە لە شەقامی ئازادییەوە دەهات، نەیدەتوانی بەلای چەپ یان ڕاستدا بڕوات، هیچ بوارێکی بۆ نەدەمایەوە.

پاش ئەوەی لێکۆڵینەوەیـان بۆ دۆخەکە کرد و گەیشـــتنە بڕیار، پوختەی بڕیارەکەیـان ئەوەبوو کە هەنـدێک لە شـــەقامەکان بەرز بکەنەوە دیسـانەوە و هەندێکیشـیان نزم. دیسـانەوە تەندەریان دابەش کردەوە و بوویەوە نسـیبی یەکێک لە وەبەرهێنەرەکان. پاش سـودێکی چەندسـەد هەزار لیرەیی، گەیشـتەوە نۆرەی مامم و دیسـانەوە پێیان وت:

ها بگرە سی هەزار لیرە و لێی دەرچۆ... بەڵام مامم ... پاش ئەوەی تـامی قـازانـجی وەبەرهـێـنـان چووبوویە بـن دانـی، هەرگیـز نەیدەفرۆشـــتەوە. ماوەیەک بەپێی ئەو ئەندازە ئەندازیارییانە کارمان کرد. شـەقامە نزمەکانمان بەرز کردنەوە. کۆتای کار بەم چەشـنەی لێ

هات: شـەقامی ئازادی لەو ناوەڕاسـتەدا قنج وەسـتابوو و، شـەقامی ئاشتی و هەیازنای نزم ببوونەوە.

مامم گوتی:

- باشـترین شـتێک کە کردبێتم ئەوەیە: من مەترێکیش زیاتر لە ئەندازەکانم لە شەقامی ئاشتی هێناوەتە خوارێ تا زووتر کارەکە بدات بە دەسـتەوە، ئەگەر وام نەکردایە، شـەقامی ئازادی وەک منارەی مزگەوتی لێ دەهات و ئەوی دیکەیشیان دەبوویە بیر.

شـەقامی مەقامیش بەتەواوەتی داخرا و هیچ شـوێنەوارێکی لێ بەجێ نەما. شەقامی یانەدەمیش زۆر زۆر لێژ کەوت. بەڵام لێژییەکەی پێچەوانەی جاران بوو. ئەمجارەیان سەری ئەملای لێژ بوو.

پاش ئەوە: بڕیارێکی نوێ دەرچوو کە گوایە دەبێت شـەقامەکان بخرێنەوە سەر دۆخی جارانیان... وەک ئەوەی زوو زوو... مامم لە پێنجەمین زیادکردندا دیسـانەوە بۆی دەرچوویەوە. پاش دوو مانگ لە کارکردن ئابەم شـێوەیەی لێهاتەوە: شـەقامی هایازنای زۆر بەرز بوویەوە، شەقامی ئاشتیش نزم نزم بوویەوە بە چەشنێک کاتێک مرۆ بەناویدا دەچوو، دەترسا لەوەی لە شـەقامەکەی سـەرەوە شتێک بەر بێتەوە بەر تەوقە سـەری بکەوێت. هەرچی بەر ببوایەتەوە، ئەوەندە تاودانی زۆر دەبوو -بەهۆی بەرزییەکەوە- دەیکوشت.

دوو شـەقامی دیکەیان، هێندە چاڵ کران گەیشـتن بە ئاو. خەڵکی ئەوبەری شەقامەکە بە بەلەمی بچکۆلە یان بە دەستگرتن بە حەبلەوە وەک سکە دەچوونە ئەوبەر بۆماڵەکانی خۆیان.

بەهۆی ئەم چاڵاوانەوە، بۆ یەکجار لە مێژووی شاری ئەستەنبولدا کێشەی ئاوی خواردنەوە چارەسەر بوو.

بەڵام شەقامی مەقام بووبوویە هاوینەهەوارێکی دڵڕفێن. دەیانگوت ئەمریکییەکان هاتوون وتوویانە چەندە دەڵێن پارەتان دەدەینێ با لەوێدا ئوتێلێک بۆ خۆمان بنیات بنێین.

# هاونیشتمانیانی بەڕێز

خزمەتکارەکە بۆ کاروبار ڕاپەڕاندن، ڕووی کردە چێشتخانەکە. خاوەن ماڵیش بە چاوێک تەماشای ئاوێنە دەکات و زوڵفی شانە دەکات. بەوی دیکەیشیان سرنجی خستووەتە سەر خزمەتکار بزانێت چلۆن کار دەکات؟

لەناکاو، لەو کاتەی خاتوون سەرقاڵی ئارایش بوو، گرمە و نیرەیەکی گەورەی چەشنی تەقینەوە لە ژوورەکەی پیاوی خاوەن ماڵ هات. ژنە دوو قاچی دیکەیشی قەرز کرد و خۆی گەیاندە بەردەم دەرکەی ژوورەکە و بە هەردوو چەپۆک دەیکوتا بە دەرگادا، بەڕێزەکەم... بەڕێزەکەم... بەڕێزەکەم.

کەس نەیزانی چی لە ماڵەکەدا قەوماوە. تەنانەت پیاوانی پۆلیسخانەیش سەریان لەو کارە دەرنەدەچوو کە هەر دەتگوت فیلمێکی پۆلیسییە.

خەلکی دەیانپرسی: ئەوە یەکێک لەو ژوورەدا خۆکوژیی کردووە؟ ئایا کەسێک هەڵی کوتاوەتە سەر یەکێک و ویستوویەتی بیکوژێت؟ کێ نالێ ئەوەی لە ژوورەکەدایە شێت و بێئەقڵ و شت نییە؟ لە ڕاستیدا هیچ ئەنجامێک وەچنگ نەخرا.

خاوەن ماڵەکە کابرایەکی سیاسەتوان بوو. نەریتی خۆی بوو ماوە نا ماوەیەک بەناو جەماوەردا بگەڕێت و پێڕەوی حیزبەکەی بڵاو بکاتەوە. مەیدانی شارەکە جمەی دەهات لە شاند و باڵوێز و بەربژێری پارت و حیزبەکانی دیکە. دەتەوێت بزانیت مەیدانەکە چۆنە؟ کورەی هەنگ بێنە پێش چاوت.



Scanned by TapScanner

کابرا خۆی گەیاندە ستەیجەکە و دەستی کردە وتارخوێندنەوە بۆ ئاپۆرەکە:

ئەی هاونیشتمانیانی بەڕێز!

وا خەریکە ئەم نیشتمانە شیرینەمان ڕۆژ بەڕۆژ خەڵکی پیس و بۆگەنی تێدا پەیدا دەبێت.

ئەی هاونیشتمانیانی خۆشەویست!

ئەو پۆشاک و بەرگانەی ئەو تاقمە لەبەری دەکەن، شێوازە و ڕەونەقی شارەکەمانی شێواندووە. زیانێکی گەورەیان لە سیاسەتی گەشتوگوزارمان داوە. ئێمە بە دەست و قاچ خەریکی پترکردنی سەردانیکەرانین بۆ نیشتمانەکەمان، بەڵام ئەگەر یەکێک لە گەشتیاران یەکێک لەمانە ببینێت، یەکەم شت کە دەیکات ئەوەیە ئێرە جێ دەهێڵێت. بێگومان لە دەرەوەیش هەر هێندە بەسە یەکێک لە گەشتیارەکان دەهۆڵمان بۆ بکێنێت، ئیدی کەس ڕوو لەم نیشتمانە ناکات.

ئەی هاووڵاتیانی بەڕێز!

دەمەوێت ئەوەیش بڵێم: ئەو بۆنە ناخۆشانەی لەو تاقمە دەردەچن، مرۆڤ بە بۆن دەخات، تەنانەت ئەگەر لەو کاتانەیش بەلایاندا تێپەڕ دەبێت، بە دەستت لوتت بگریت، هێشتا بۆنەکە لە مێشکتدا بۆ ماوەی یەک مانگ دەمێنێتەوە.

ئەی هاونیشتمانیانی خۆشەویست!

ئەو قەڵەباڵغییە لەم شارەدا، ژیانی تەواو سەخت کردووە. ئەو کەسانە تەنها ئەوانەن کە لە لادێوە هاتوون و ماڵ و لادێ و منداڵیان بەجێ هێشتووە بە بێ هیچ هەستێکی بەرپرسیارانە.

پۆل پۆل بەرەو شار خلۆر دەبنەوە. بپرسن بزانن هۆکاری ئەم گشتە پاڵپاڵێنە لەسەرتان چییە؟ شوێن بۆ نەخۆشەکانی ئێوە نەماوە،



Scanned by TapScanner

قاپ و دەوری هەر ناکرِدرێ لە بازاڕ، میوە بەشی ئێوە نەماوە. ئەوان گشت و زەوی و زاری خۆیان جێهێشتووە و هاتوون وەک سون و کوللە بەربوونەتە ئەم شارە.

هاونیشتمانیانی بە ئەمەک!

بێگومان بن کە ئێمە ئەوپەڕی تەقالای خۆمان دەکەین تا پێش بەم کۆچە بگرین. پێویســـتە خەڵکی لە لادێکانی خۆیاندا بمێننەوە. وەک باپیرانی ئێمە وتوویانە: بەرد لەجێی خۆی سەنگینە. ئەوەی ماڵی نییە، مەگەر بچێتە کونە مشـــکەوە. بێگومان بن لەوەی پێش بەم نەهامەتییە دەگرین. ئەو ڕێوشوێنانەیش کە بەنیازین بیگرینە بەر، ئەمانەن: پۆلیس لە گشـت ویستگەی شـەمەندەفەر و پاپۆڕ و ماشـێنەکان دەدانەێین بزانین کێ دەیەوێت کۆچ بکات؟ باجێکی قورس و گرانیان لەســـەر دادەنێین کە نەتوانن بیدەن و چەنـدین بـاجی دیکەی ســـەختی کەمەرشکێن.

بۆ ڕۆژی پاشتر، هەر ئەم سیاسەتوانە، چوویە یەکێک لە ناحیەکان و خەڵکانی لادێنشینی بەم چەشنە دواند:

هۆ هاونیشتمانییە هەرە خۆشەویستەکان:

بەر لە هەمووشتێک ئەمەوێت ئەوەتان پێ بڵێم کە متمانەی ئێمە بە ئێوە، لە متمانەمان بە چینەکانی دیکەی کۆمەڵگە زۆر زۆرترە، چونکە ئێوە سێ لەسـەر چواری دانیشتوان پێکدەهێنن. بەڵێ ئەی گوندنشینە خۆشـەویسـتەکان. بەڵێنتان پێ دەدەین لەمڕۆ بەدواوە، ئێوە پشتگوێ ناخرێن وەک ئەوەی جاران خرابوون. بەڵێ! وەک پەندە باوەکە دەڵێت: گوندنشینان گەورەی ئێمەن. ئەم پەندە بە مانای ووشە ڕاستە.

ئەی گوندنشینە بەئەمەکەکان:

من له ئێوەم، باوکم و باوکی باوکیشم هەر خەڵکی گوند بوون و لەوێ گەورە بوون. پێتان دەڵێم: هەندێک لە خەڵکی شار وایان نیازە ڕێتان لێ بگرن بچنە شار، ئەو داماوانە هیچ لە مێژوو و جوگرافیا و زانست و تەکنەلۆژیا نازانن.

هاونیشتمانییە بەڕێزەکان!

کۆچکردن لە لادێوە بۆ شار یارمەتیدەرێکی گەورەی وڵاتەکەمان دەبێت لە ڕووی گەشەسەندن و بەرەوپێشچوونەوە. هەر ئەوەبوو لە سەدەی شازدەهەم لە بەریتانیادا ڕوویدا.

بۆ ڕۆژی دواتر، جەناب لەبەردەم بازرگانەکاندا بەم چەشنە دووا:

ئەی هاونیشتمانییە بەڕێزەکان، برا شیرینەکانم: وەک لای خۆیشتان ئاشکرایە، دابینکردنی خۆشگوزەرانی ئەرکی سەرشانی گشت لایەکمانە؛ ئەوەیش سەر ناگرێت مەگەر بە هێنانە ناوەوەی عوملەی زەبەلاح بۆ ناو وڵاتەکەمان. ئەمەیش دیسانەوە ناکرێت مەگەر تەنها لە ڕێگەی زیادکردنی ڕێژەی هەناردەکردنەوە.

هاونیشتمانییە بەڕێزەکان: زیادکردنی هەناردە و کەمکردنەوەی هاوردە کارێکی زۆر گرنگە بۆ بەرەوپێشبردنی ئابوری وڵات. هاوردەکردن واتە بەخشینی عوملەی قورس بە وڵاتان. ئەگەر کاری وەهایشمان کرد، ئەوە گرێ و گوتاڵی زۆر دەکەوێتە ناو داهاتی وڵاتەوە و بەهای پارەکەمان کەم دەبێتەوە کە ئەوەیش لە بەڵا هەرە گەورەکانە.

دانیشتوانە بەڕێزەکان و برا خۆشەویستەکانم: هیچ گرفتێکمان توش نابێت ئەگەر لە دەرەوە قاوە هاوردە نەکەین... نایشمرین لە کاتی نەبوونی قاوەدا. دنیایش کاول نابێت ئەگەر سەیارە نەکڕین؛ دەیشتوانی لەجێگەی زەنگوڵەی کارەبایی دەرگا، تەقولبابی دەستی

بەکار بهێنین. یان بەردی خۆمان لەبری سیفۆنی ئیتالی. ئەوەی ئێستا لە بازنەی پێویستیاتە بەرزکردنەوەی دراوی خۆمانە لەرێگەی هەناردەکردنەوە.

پاشان ئەی دانیشتوانی خۆشەویست....

***

ئەو برالەمان، ڕۆژی دواتر چوویە لای بازرگانەکانی هاوردە و ئینجا وتی:

ئەی چاوی چاوەکانم، بازرگانە خۆشەویستەکانی ئەم نیشتمانە: ئەوەی پایەکانی دەوڵەت جێگیر و قایم دەکات ئەوەیە: خۆشگوزەرانی ئابوری فەراهەم بکەین بۆ هاونیشتمانییان. ئەگەر کێشە بکەوێتە نرخی ئابوری هەر وڵاتێکەوە و هەندێک شتیش لەچاو ئەوانی دیکەدا پتر داوا بکرێن، ئەو کاتە کێشەکان پتر قوڵ دەبنەوە و هاونیشتمانیانمان لێ زیز دەبێت و ئەوکات خۆیشمان بێزار دەبین.

پشتبەست بەم قسانە: پێویستە سولفە و قەرزی باش بە هاوردەکاران بدەین و، پشتیان بگرین. دەبێت خۆشگوزەرانی فەراهەم بکەین. کەمیی پێداویستی دەبێتە هۆی گەرمکردنی بازاڕی ڕەش. خۆیشتان دەزانن ئەمە هۆکاری یەکەمی گرانییە لە وڵاتدا. ئەمەیش دەرگا بۆ کاری قاچاخ دەخاتە سەر پێ و ئەخلاقی میللەت شەر دەکات. هەر بۆیە ئەی هاونیشتمانیانی بەئەدەب: پێویستە برەو بە هاوردەکردن بدرێت. هەندێک هەن دەڵێن: دەبێت هاوردە ڕاوەستێنرێت و کار بکرێت بۆ بەرزکردنەوەی نرخی دراوی خۆمان لەڕێگەی هەناردەکردنەوە. ئەوەی ئەو قسەیە دەکات، کەسێکی نەفامە و هیچ فری بە بازرگانی و ئابورییەوە نییە.

ئەگەر ئێمە کالای خەلکی دیکە نەکرین، ئەوان چۆن کالا لە ئێمە دەکرن؟ نەخێر نایکڕن. ئێمە سەیارە و قاوە و سیفۆن لەوان دەکرین

تـا ئەوانیش فســـتەق و بەڕو و حەلزۆن لە ئێمە بکڕن. بەڵێ هاونیشتمانییە خۆشەویستەکان.. گوڵێکم بدەرێ تا گوڵێکت بدەمێ.

***

لە ڕۆژی دواتردا بابای سیاســەتوان ملی نا بۆ ئەوەی ئەندامانی ژووری بازرگانی بدوێنێت:

هاونیشــتمانییە بەئەمەکەکان: هیچ وڵاتێک ناناســرێت مەگەر لەڕێگەی بـازرگـانییەوە. هەســـت دەکەم تـاقمێک هەن، دەبەنگ و هیچنەزان، دەیانەوێت باج لەســـەر کاڵا هاوردەکان چەندقات بکەن. باشـە لەبەر چی؟ دەڵێن لەبەر پارێزگاری لە پیشـەسازی خۆماڵی و یاساکانی چاودێری پیشەسازی...

ئەی هاونیشــــتمانییە خۆشـــەویســـتەکان: هەندێک دەڵێن کاتێک چاودێری و کێبرکێ نەما لە هەر ســیســـتەمێکدا، ئەوا پێشــکەوتن و گەشەیش لەگەڵیدا نامێنێــت. ئەوە قسەیەکی بێمانایە. پێویستە گومرگ لابەرین و هاوردە بێسـانسـۆر بکرێت. پێویســتە باجی ســەر گومرگ لابەرین و هاوردەکردن پەرە پێ بدەین.

پاشان قسەی بۆ هەندێک کرێکار کرد و وتی:

برا کرێکارە خۆشەویستەکانم... دەستی ماندووبوونتان دەگووشم... بەر لە هەمووشتێک، گەرەکە باس لە هەڵەیەکی زەقی ئەم نیشتمانەمان بکەین، ئەم نیشــتمانە پڕ لە دەغڵ و دانە، ڕاســتە نیشـتمانێکی بەپیتە، بەڵام ئەوان دەیـانەوێـت بڕەوی زیـاتر بە کشـــتوکـاڵ بـدەن وەک پیشـــەســـازی، دەڵێن کشـــتوکاڵ لەپێش هەمووشـــتێکەوە، تەنانەت پیشـەسازییش، ئەو خەڵکە بەتەمای کەتنێکی وان... براینە! ئەگەر ئێمە



Scanned by TapScanner

پیشەسازیمان وەستاند، ئەی چی لەو گشتە کرێکارە بکەین؟ چارەنووسیان چی دەبێت؟ کرێکاران بڕبڕەی پشتی ئەم سەرزەمینەن... زوبانی نەیاران بە ئاراستەی بڕبڕەی ئەم نیشتمانە درێژ بووە و هەڕەشەیان لێ دەکات. ئایا دەکرێت کشتوکاڵ و پیشەسازی شان بەشانی یەکدی باڵا بکەن؟ کەی کشتوکاڵ توانیویەتی شان لە شانی پیشەسازی بدات؟

*** ***

درەنگتر کەوتە ئاخاوتن بۆ لیژنەی خوێندنی باڵا و خوێندکار و گەنجان و فەرمووی:

ئەی هاونیشتمانییە خۆشەویستەکانی ئەم خاکە، خۆتان دەزانن کە لە دەستوری تورکیادا زۆر بە ڕاشکاوی وتراوە:

ئێمە دەوڵەتێکی عیلمانین، جیاوازی دەکەین لەنێوان ئەوەی بۆ دینە و ئەوەیشی بۆ دنیایە. بەپێی ئەم بەندەی دەستوریش ئێمە لەسەر عیلمانیبوونی وڵاتمان جەخت دەکەینەوە. هاونیشتمانییە بەقەدر و قیمەتەکان، ئێمە بە هیچ کلۆجێک ڕێگە نادەین وڵاتەکەمان ببێتەوە بە لانکەی کۆنەپەرستیی. بەڵێ ئێمە بە شۆڕش سەلماندمان کە عیلمانین.

*** ***

لە بەردەم حوجرە و دەرسخانەیەکدا هاتە گۆ و وتی:

هۆ هاووڵاتییە خۆشەویستەکان! هەندێک لەو دەبەنگانە وا دەزانن کە عەلمانیەت دژی دینە، ئەوەی ئەو قسەیەی کرد، فڕی بە دنیوە نییە و هێنی خۆی و گێزەر لەیەک ناکاتەوە. بەڵێ ئێمە ..... و عیلمانییەکان و.....

ئەوجا خۆی گەیاندە لای سەندیکای کرێچییان و وتی:



Scanned by TapScanner

هاونیشتمانییە قەدرگرانەکان... لە هەرە سەختترین گرفتەکانی ئەم وڵاتەمان کێشەی نیشتەجێبوونە. کار دەکەین بۆ نەهێشتنی هەیمەنەی خاوەن موڵک... ئای لەو خاوەن باڵەخانە بێویژدانانە... دوو هۆدە و هەیوانێک دەدەن بەو مەردمە ڕەشـــوڕووتە مانگی بە ٦٠٠ لیرە. کام دوو هۆدەیەیش، خۆر هەر نایانگرێ و بۆنی کولانەی پەلەور دەدەن. تەنانەت مەڕ و ماڵاتیش لەو ماڵانەدا ئیدارە ناکەن.

ئەوە ئەستەمە ئەی هاونیشـتمانییە خۆشـەویسـتەکان... لە وڵاتە پێشـکەوتووەکاندا کرێی خانوو لە (١٠%)ی موچەی کرێچی تێپەڕ ناکات. ئەگەر کابرا پێویست بکات ٦٠٠ لیرە بدات، ئەوا دەبێت موچەی مانگانەکەی ٦٠٠٠ لیرە بێت. لەبەر بێئەخلاقی خاوەن موڵکەکان، لاوە دلگەرمەکانمان ناتوانن هاوسـەرگیری بکەن. هەولیان داوە داوە لە هوتێل و خەوخانەکاندا بەتەنها بژین و لەوێیش توشـی هەزار گیر و گرفت دێن... ئەو داماوانە ئا لەوێوە دەبنە کەسانی پێشینەدار لەکاتێکدا بێتاوان دەسوتێن. زۆر بێزارم لەو حاڵ و باڵەی تێی کەوتوون. هەوالی زۆرمان لەو بارەیەوە پێ دەگەنەوە. پێویسـتە متمانەمان پێ بکەن کە ئێمە دەتوانین ئەو دۆخە ناهەموارە هەموار بکەینەوە و سـنورێک بۆ پەلکێشی خاوەن موڵک دادەنێین.

** ***

هەر ئەو ڕۆژە دەمی زەردەپەڕ، لەگەڵ یەکێتی خاوەن موڵکان کۆ بوویەوە... پێی وتن:

ئەی هاونیشتمانییە خۆشەویستەکان... مزگێنی و نوقڵانەم پێیە... لە نزیکترین بەرواردا لە ستەمی کرێچی قوتارتان دەبێت. ئێستا لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا کرێ لەسەدا هەزار و پێنسەد زیادی کردووە. ئەو بڕەی ڕابردوو کە دیاری کردابوو، ئەوە سـتەمێکی گەورە بوو لە ئێوەی بەشخوراو... ئەوە هیچ ئەقڵ و لۆژیکێک پەسەندی ناکات. کاری گرینگی ئێمە ئەوەیە ئەو بێویژدانییە لە وڵاتـدا نەهێڵین... برادەرانی



Scanned by TapScanner

هاونیشـــتمانم... کۆنە کارمەندێکی خانەنشـــینکراو، لەتاو نەبوونی و چارەســـەریی، خۆی و مـــاڵ و منـداڵی دەترنجێنێتە ھۆدەیەک و ھۆدەکەی دیکەی ماڵەکەی دەداتە کرێ، کەچی ھەر ھێشـــتا ناتوانێت پارەی باجی دەوڵەت بدات.

بۆ ڕۆژی دواتر لە مەیدانی یەکێک لە شـــارەکاندا کە حیزبەکەی ئەوێ دۆڕا بوو، دەستی کردە وڕە وڕ:

ئەی هـاونیشـــتمـانییە بەڕێزەکـان: ئێمە ھیچ لارییەکمـان نییە لە یەکسانکردنی حیزبەکاندا. ئێمە ڕێز لە ڕای پێچەوانە دەگرین و لەسەر دوو گلێنەی چـاومـانی دەنێین. ئەنـدامـانی پـارتەکـانی دیکە برا و هاونیشـــتمانی ئێمەن. خۆشـــەویســـت و ئازیزمانن. ڕۆحمانن... ھیچ ناکۆکییەکمان لەگەڵیان نییە، مەگەر ناکۆکی دیدگا و بۆچوون.

ئەی هاووڵاتییە ئازیزەکان: پێویســـتە دەســـت لەنێو دەســـت، شـان بنێینە ژێر باری بەرپرســـیارەتی، مشـــوری چارەســـەرکردنی گشـت کێشـــەکانی ئەم ســـەرزەمینەی خۆمان -تورکیا- بخۆین چونکە ئەوە ئەمانەتە و بە ئەستۆمانەوەیە.

*** ***

لە شوێنێکی دیکە کە حیزبەکەی خۆی براوە بوو بوو، گوتبووی:

ئەی هاونیشـــتمانییە بەئەمەکەکان... با ئەو پۆخڵەواتانە بزانن.. ئەو دۆڕاوانە... ئەو گومڕایـانە... خیـانەتکـار و پیس بە جوانبینانە بزانن! ھەرچەندە ھەوڵی نانەوەی بشـــێوی و ئاژاوەیان دا لە وڵاتدا، کەچی ئێمە لە کەمینـدا بووین لێیـان، بەڵێ ئەی هـاونیشـــتمـانییە خۆشەویستەکان...

** ***

Scanned by TapScanner

بابای سیاسەتوانمان پاش گەشتە پازدە ڕۆژییەکەی گەڕایەوە شار. ڕاستەوخۆ ملی ڕێیماڵی خۆشەویستەکەی (سونا)ی گرتە بەر. ئەوەی کە زۆر غیرەی لە ژنی ئەم کابرایە دەکرد. من دەڵێم سەد، تۆ بڵێ هەزارجار تکا و لاڵەی لێ کردبوو کە لە ژنەکەی جیا ببێتەوە و ئەم مارە بکات، بەڵام سیاسەتوان بەم چەشنە وەڵامی دەدایەوە:

(هاونیشتمانییە خۆشەویستەکان... سونا... سونا... سونا... گوێم لێگرە سوناکەم... سونوتەکەم... ڕۆحەکەم گوێم لێگرە.... گەردەنم ئازاد نەبێت ئەگەر بێجگە لەتۆ کەسم خۆش بوێت. ئیشەڵلا ڕۆژێک دێت هەر لە پەنات بم. باڵت بۆ ڕادەخەم سوسوەکەم... ئەو کاتەی ئەوم هێنا، گێلۆکە بووم...جحێل بووم، بۆ ژن کەفم دەکرد... تۆم خۆش دەوێت سوسوەکەم... ئەگەر منداڵەکانم نەدەبوون، ئەو ژنەم لەخۆم حەرام دەکرد... هاونیشتمانییە خۆشەویستەکان.).

بۆ ڕۆژی دواتریش ئاغامان گەڕایەوە لانەی خۆیان. بۆ لای ژنەکەی خۆی. هەر کە ژنە زانی کە پیاوەکەی کاری قاچاخی دەکات (دۆستی هەیە) نەڕاندی بەسەریدا و گردییە دەمەدەمێ لەگەڵیدا، بەڵام ئاغای سیاسەتوان وتی:

- هاونیشتمانییانی خۆشەویست ... من

ژنەکەی سەری سورما و وتی:

- چیتە؟ پیاوەکە چ مەرگتە؟

- ئەی خێزانە خوێنشیرینەکەم، هەورەبروسکە بمسوتێنی ئەگەر بێجگە لە تۆ کەسم هەبێت... خودا نەمگەیەنێتە سبەی و بمرم ئەگەر درۆت لەگەڵ بکەم.. ئەی هاونیشتمانییە خۆشەویستەکان.

- ئەوە چیتە، ئەم هاونیشتمانیی و شتانەت لە چییە؟

- هیچ نەبوو، خەیاڵێک بوو، هات و چوو، هەڵەی سەر زار بوو، هاوسەری شیرینم، تۆ پشتێنەی ئەم خێزانەیت... بەڕێزەکان... بڕوام پێ بکە خۆشەویستەکەم.... من هیچ... هاونیشتمانییە بەڕێزەکان.



Scanned by TapScanner

***

سیاسەتوان چوویە ھۆدەی نوستنەکەی و ڕوانییە ئاوێنەکە و ڕوخساری خۆی، سەرسام بوو بەو ڕوخسارە.. ئەو ڕوخسارە... ڕوخسار ئەی ھاونیشتمانییە بەڕێزەکان.

دەنگێکی زۆر بڵند لە ئەنجامی وردبوونی ئاوێنەکەوە ھات... ژنی خاوەن ماڵ دوو قاچی ھەبوو، دوانی دیکەیشی بۆ قەرز کرد و خۆی گەیاندێ، بە ھەردوو چەپۆک دەرگای دەکوتی، پیاوەکە، پیاوەکە، پیاوەکە، ھیچ... دەرگا کلیل درابوو.

ئەوەندەیان زانی لەبەردەم دەرگاکەدا لە پشتەوە تەپەیەک ھات و دەنگێکیش:

- ھاونیش... ھاونیش.... ھاو.... ھاونیش...تمانە...

*** *** ***



Scanned by TapScanner

- ڕەحیم ئەفەندی، شەش کوپ قاوە بێنە ...

- فەرمانتە بەگم.

فەخریە، کە تاکە فەرمانبەرە لەو ژوورە گەورەیەدا گوتی:

- من قاوەم ناوێ بەگم .

ئەو پیاوەی لەپشـــت مێزە گەورەکەی نزیک دیواری لای ڕاســـت دانیشتبوو گوتی:

– ئەستەمە... دەبێ بیخۆیەوە. هەموو ڕۆژێک لەلایەن منەوە سێ کوپ چا یاخود قاوە بۆ ئێوەیە، ئەگەر چا یان قاوەتان پێخۆش نیە دەتوانن داوای دۆلدرمە بکەن.

فەخریە کە دوومانگ بەسەر دامەزراندنەکەیدا تێپەڕیبوو گوتی:

مادام وایە دۆلدرمە باشترە.

پیاوە پیرە عەینەک لەچاوەکە گوتی:

- پێنج کوپ قاوە و، دۆلدرمەیەک بێنە ڕەحیم ئەفەندی .

- فەرمانتە بەگم.

هەموان لەو فەرمانگەیەدا پیاوە پیرەکەیان بە بەگ بانگ دەکرد، هەر لە بەڕێوەبەرەوە هەتا فەراشی بەردەرگاکە، بەگ گوتی:



Scanned by TapScanner

- دوازده ڕۆژی ماوە گەنجەکان، تەنیا دوازده.

لەبەردەم هەریەک لە دیوارەکانی ژووره گەورەکەدا دوو مێز هەبوون.

بەگیش سەرۆکی ئەو شەش فەرمانبەرەی پشت مێزەکانی ئەو ژوره بوو.

دەنگی دەرگاکە هات. ئافرەتێک هاتە ژورەوە چەن کاغەزێکی پێبوو. بەگ بەبێباکی سەیرێکی وەرەقەکانی کرد و گوتی :

- بڕۆ بۆ مێزی بەرانبەر ..

ئافرەتەکە ڕۆشت بۆلای یاریدەدەری بەگ، سائیم ئەفەندی ..

- بەگ گوتی: ئیشەڵا لەکات و ڕۆژی خۆیدا تەواو دەبن.

فەرمانبەرێکی گەنج کە پرچە درێژەکەی بەزەیت چەورکردبوو، پرسیاریکرد :

- چەند ساڵە ئێوه خزمەتی دەوڵەت دەکەن بەگم؟

- ١٧ی ئابی داهاتوو سوێند بەخوا خزمەتەکەم دەبێتە ٣٧ساڵ .

ئافرەتەکە وەرەقەکانی ئیمزاکراو چوه دەرەوە. بەگیش هەر خەریکی باسەکەبوو:

- من تەمەنم ٢١ ساڵ بوو، چوومە خزمەتی سوپا، سەرەتا پالێورام بۆ فەرمانبەری دیوان، بەشی دووەم لە فەرمانگەی سەرپەرشتیکردنی خۆراک. لە کۆتایی جەنگیشدا بەهۆی پلە بەرزکردنەوە ئەرکەکەم گواستەوە بۆ وەزارەتی جەنگی.



Scanned by TapScanner

قاوەکە هات، بەگ جگەرەیەکی داگیرساند و یەک مژی مەحکەمی خێواندێ و، قومی دەدا لە کوپە شینە گەورە و قاوەکەی بەلەزەتەوە هەڵ دەلوشی. کوپی فەرمانبەرەکانی دیکە هەمویان سپی و بچوک بوون، بەڵام کوپەکەی بەگ شین بوو، بەئاوی ئاڵتون وێنەی گوڵی ڕەنگاو ڕەنگی لەسەر کێشرابوو. خۆی لە ماڵەوە هێنابوی، دابوی بەخزمەتکارەکە، ڕەحیم ئەفەندی. پێش ئەوەی قاوەکە ببات بۆ دەمی، لێوی ئەڵەگوشت و بە دەنگێکی بەرز قومی لە قاوەکە دەدا .

فەرمانبەرە لاوە جوانخاسەکە گوتی:

- ئەوکاتەی تۆ دامەزراوی من هێشتا لەدایک نەبوو بووم.

پیرەکە پێکەنی و گوتی:

- تەنیا تۆ نا، تەنانەت باوکیشت لە دایک نەبوو بوو.

فەخرییە لێی پرسی:

- بۆچی هەتا ئێستە خانەنشین نەبویت ئەی بەگ؟

- چونکە لە تۆمارگە خزمەتی ١١ساڵیان بۆ حیساب نەکردوم کچم، دەریان کردم لەکار، لەبەر ئەوە خزمەتی ئەو ١١ساڵەم بەفیڕۆچوو. بۆیە ئێستە سەرلەنوێ ٢٨ساڵیتر تەواو دەکەم .

یاریدەدەرەکەی گوتی :

- ٩ ساڵ ماوە بۆ خانەنشینبونی من.

- تۆش خانەنشین دەبیت ئیشەڵا... هەموتان ڕزگارتان دەبێت. ئای هەر لەسەر زمان ئاسانە ئینسان بڵێ ٣٧ساڵ. ئەوە تەمەنێکی تەواوە... .دوای ئەوە بەردەوام بوو:



Scanned by TapScanner

- ئەمە ئامۆژگاری باوکانەیە بۆ ئێوە، ئاگاداربن هەرگیز منداڵەکانتان مەکەن بە فەرمانبەر، بابین بە شوفێر، سەرتاش ... هەرچی بێت با پیشەیەک فێربن، گرنگ ئەوەیە دەستی خۆیان زنجیرنەکەن بە بازنەی ئاڵتونی فەرمانبەریی.

لەو رۆژەوە بەگ دەستی هیچ ئیشێکی نەدەگرت، دوازدە رۆژیتر خانەنشین دەبوو، توشی خەم و بێتاقەتی بوو بوو بەدەست ئەو وەرەقانەی لەسەر مێزەکەی بوون. لە دەست سەردانکەر و ئیمزاکردن و مۆرکردن دۆسییە دوبارەکان تاقەتی هیچی نەمابوو. بەسەری ئاماژەی بۆ ئەو دوو پیاوە کرد کە دەهاتنە ژورەوە بەرەو مێزەکەی بەرانبەری.

- وەرن ئەی (دوازدە رۆژەکە) وەرن. ئەم رۆژانە بەخێرایی تێناپەڕن، وا هەست دەکەم ئەم (١٢)رۆژە لەو (٣٧) ساڵە درێژ ترە کە تەواوم کردوە .بەڕێز سەفی، کە هەتا ئەوکاتە قسەی نەکرد بوو، پیاوێک بوو بەلایەنی کەمەوە سێ رۆژ بوو سەرو ڕیشی چاک نەکرد بوو، چاکەتەکەی لابرد و گوتی :

- تۆ ڕاهاتویت لەگەڵ ئیشکردندا؛ دوای ئەوەی خانەنشین دەبی چیدەکەی؟ وەک ئەوانیتر دەبێ لەماڵەوە دایکوتی، بەخوا هەست بە دڵتەنگی دەکەیت.

- ئەوە تۆ چی دەڵێی سەفی ئەفەندی؟ ٣٩ ساڵە من لەم ژورەدام. بەیانیان ماڵم بەجێهێشتووە و ئێوارە گەڕاومەتەوە، لە سەر ئەومێز و کورسییە بووم. ئەگەر ژیانی فەرمانبەر بە میلی کاژمێری مارکەی (کاسیو) بچوێنیت ئەوە لە ماوەی ئەو ٣٩ ساڵەدا چەندین جار لە ئیش کەوتبوو .

- باشە بەگ تۆ کە خانەنشین بویت چی دەکەی لە ماڵەوە؟



Scanned by TapScanner

- من چیدەکەم؟ بڵێ جا چی ناکەی؟ بەیانیان زوو وەک هەمیشە هەڵدەستم، دەڵێم بیسمیلا و دەست دەکەم بەکار لە باخچەکەی ماڵەوەدا. بەرەنگاری لەگەڵ خاکدا، ژیانی مرۆڤ لە سەرەوە بۆ خوارەوە دەگۆڕێ. مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی گەنجی. لە لایەک کاڵەک و لە لایەکی تر فاسۆلیا و باینجان و بیبەر دەچێنم. هەریەکەیان بەپێی وەرزی خۆیان، وە لە پێشەکیی ماڵەکەشدا گوڵ دەچێنم؛ حەوزێکیش دروست دەکەم. ماسی سوری تێدەکەم. دەچمە ئاشخانەکە و هەر خواردنێک حەزم لێبێ ئامادەی دەکەم: مەحشی، شیرینی... هەروەها حەزم لە بازرگانیە، ئینجا ئەساسی ناوماڵ هەموی دەگۆڕم. ئای کەی ئەم چەن ڕۆژە بڕۆن و خانەنشین بم؟..

ماوەی شەش مانگ دەربارەی هەستەکانی قسەی کرد. لەگەڵ نزیکبوونەوەی خانەنشینبونەکەیدا قسەکردنەکانیشی زیاتر دەبوو. قسەکانی تەواو نەدەبوو هەتا کاتی ئێوارە و کۆتایی دەوام.

لە ڕۆژی دواتردا لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا هات، سڵاوی لەهاوڕێکانی کرد و دانیشت و دەستی کردەوە بەقسەکردن لەسەر خۆی:

- خوا ڕزگارتان بکات، یازدە ڕۆژم ماوە، ئادەی ڕەحیم ئەفەندی شەش کوپ قاوە بۆ هاوڕێکانم ئامادە بکە.

دیسان فەخریە داوای دۆڵدرمەی کرد. دەستیکردەوە بەقسە دەربارەی ئەوکارانەی دوای خانەنشینبونەکەی ئەیانکات. بەردەوام بوو لە قسەکردن هەتا ئێوارە، سێ جار داوای قاوەیکرد بۆ هاوڕێکانی: کەس نەیدەتوانی ڕێژەی دڵخۆشیەکەی پێوانە بکات. بەڵام وا هەستی دەکرد ئەو چەن ڕۆژەی ماویەتی ٢٠ ساڵە.



Scanned by TapScanner

لەڕۆژی دواتردا بەگ گوتی:

- سوپاس بۆ خوا تەنیا ١٠ ڕۆژم ماوە. ڕۆژی یەکشەممەش پشووە ...لە بەیانی ڕۆژی دووشەممە یەکەم کاریک کردی بانگی ڕەحیم ئەفەندی کرد:

- کورەکەم ڕەحیم ٥ کوپ قاوە بینە، بزانە خاتوو فەخریەش چی داوا دەکات.

سەیرێکی کارمەندەکانی کرد و گوتی :

- ڕۆژی دوشەممەی داهاتوو کوتا ڕۆژی من دەبێت لەگەڵتانا ڕۆڵەکانم. تەنیا هەشت ڕۆژ ماوە، یەکشەممەش حیساب نیە دەمێنیتەوە حەوت ڕۆژ، شەممەش تانیوەڕۆ کاردەکەین ئەمە مایەوە شەش ڕۆژ و نیو، ئینجا زەربی ٢٤ سەعاتی بکەن بزانن چەن دەکات؟ بەگ وەک منداڵی لیهاتبوو، کاتەکانی حیساب دەکرد بە ڕۆژ و سەعات و چرکە، هەتا گوتی حیسابەکە دەکاتە ١٥٦ سەعات و ٥٢ دەقیقەو ٤١ چرکە.

سێ چرکەش ڕۆشت هەتا ئەمەم گوت، مایەوە ١١ چرکە. خوا هەموتان نەجات بدات. دوای ئەوە دەستیکرد بەباسکردنی ئەو مریشکانەی لە باخچەکەیدا بەخێویان دەکات و ئەو بێستانە دەیچێنێت و ئەو بازرگانییەی دەیکات .

هەموو فەرمانبەرەکان بەرنامەکانی دوای خانەنیشینیەکەیان لەبەرکردبوو. لەکۆتایدا ڕۆژی کۆتای هات. لەو ڕۆژەدا دەگەڕا بەناو هەموو فەرمانگەکەدا ماڵئاوایی لە گەورەو بچوک دەکرد، قەتیش بێزار نەدەبوو لەقسەکردن لەسەر پڕۆژەکانی دوای خانەنشین.

- پاداشت وەردەگرن:

دوای دوو ڕۆژ هاوڕێکانی ئاهەنگێکیان بەبۆنەی خانەنشینبونەکەیەوە سازکرد. .لەشەوی یەکەمی خانەنشینبونەکەیدا خەوی بەوکارانەوە دەبینی کە لە باخچەکەداو لەشوینەکانی تردا دەبێ بیانکات، دوای ٣٩ ساڵ لەفەرمانبەری ئاساییە ئەگەر خەون ببینی.

خوێندنی کەلەشێرێکی نزیک ماڵیان لەخەو ڕاپەڕاند. کاتێک هەستا خۆر هەڵهاتبوو. بەگ واهەستی دەکرد ٢٠ بەڵکو ٣٠ساڵ گەڕاوەتەوە دواوە .

چووە باخچەکەو هەوایەکی هەڵمژی سیەکانی پڕکرد لە هەواو پشتی تەقاند، ٣٩ساڵ دانیشتن لەپشتی مێزەوە کارێکی ئاسان نیە پشتی چەماندبویەوە.

نەیدەزانی سەرەتا کار لە باخچەکەدا بکات یا حەوزەکە دروستبکات. دوای بڕیاریدا لە باخچەکەدا کاربکات، بانگی ژنەکەی کرد:

- ژنەکە..

بەسەختی چاوەکانی هەڵێنا :

- تۆ شێت بویت؟! کێ لەم کاتەیا جێگەکەی بەجێدەهێڵێ؟

- هەستە پاچ و خاکەناز و چەنگاڵەکەم بۆ بێنە.

پاچەکەی هێنا بەڵام خاکەناز و چەنگاڵەکەی نەدۆزیەوە. کوڕەکە هەستێنە با بگەڕێ بەدوایاندا. دوای گەڕانێکی زۆر دۆزیەوە پاشان ژنی کوڕەکەی هەستاند هەتا عەرەبانە دەستیەکەی بۆ بدۆزێتەوە، نەوەکانیشی بەهۆی دەنگە دەنگەوە لەخەو هەستان.

بەگ زۆر بەجدی ئیشی دەکرد، سەعاتێک پێش نانی بەیانی خەریکی چاڵ هەڵکەندن بوو. ئەندامانی خێزانەکەی هەمویان پێدەکەنین

لە شیتیەکەی. دوای نانخواردن گەڕایەوە بۆ ناو باخچەکە، هەستی بەقورسی خاکەنازەکە کرد بەڵام هەر بەردەوامبوو لە چاڵهەڵکەندن هەتا نانی نیوەڕۆ. ئەوەی کە هەڵیکەندبوو درێژیەکەی نەدەگەشتە شەش پێ و پانیەکەشی لە دوپێ زیاتر نەبوو. دوای نانی نیوەڕۆ کڵاوەکەی کردە سەری بۆئەوەی بیپارێزێ لە تیشکی خۆر. کاتێ هەستی بەهیلاکی کرد دەستیکرد بەڕێککردنی ئەوەی هەڵیکەندبوو. دوای ئەوە کاڵەکانی لە تەنیشتەکانەوە ناشت و گەنمەشامی و فاسۆلیاکەش لەناوەڕاستدا.

بەگ نەیتوانی نانی ئێوارە بخوا لەبەر هیلاکی و خەوهاتن... گوتی:

- ڕۆڵەکانم زۆر سودم لە کارکرد لە باخچەکەدا وەرگرت پێشتر ئاوا نەمدەتوانی زوو بخەوم، بەڵام ئێستە ناتوانم چاوم بکەمەوە... شەوتان شاد.

هەمو ئەندامانی خێزانەکەی پچڕابون لە پێکەنیندا کاتێ بەگ بۆ خەوتن دەڕۆشت ...لەڕۆژی دوایدا کاتێ لەخەو هەستا نەیتوانی هەستێتە سەرپێ، پشتی زۆر ئازاری هەبوو:

- ئاخ پشتم .. ئاخ پشتم.. ئاخ دەستەکانم ..

بێدەنگ بوو لە ترسی ئەوەی نەوەک یەکێک گوێی لەهاوارەکانی بێ. لاشەی بەتەواوی هیلاک بوو بوو. هەر لە تەوقەسەریەوە هەتا بنی پێی. لە جێگەکەی هەستا و بەهەزارحاڵ پانتۆڵەکەی لەبەرکرد، بەڵام بەڵاکە دوای ئەوە ڕوویدا.

هەموو ئەندامانی خێزانەکەی بەهۆی هاوارەکانیەوە خەبەریان بوبویەوە، قاچەکانی پێچکەوتن و کەوت بەسەر پلەکاندا، هەمویان هاواریانکرد ئەمیش واخۆی دەرخست کەهیچ ئازارێکی پێنەگەشتوە، دانیشت لەجێگەی خۆیداو گوتی:



Scanned by TapScanner

- هیچ نیە مەترسن تەنیا کەوتنێکی بەسیت بوو ..

ئەوەی گوت و هیچ توانـای جوڵەی نەمـا کورەکەی هەڵیگرتوو بردیەوە بۆماڵەوە.

بۆ جاری دووەم هەولیدا بڕوا بۆ باخچەکە بەڵام لەگەڵ هەموو هەنگـاوێکیدا هەموو گیـانی دەیزیڕانـد. لەگەڵ ئەوەشـــدا خۆی بەتەندروســـت دەردەخســـت و هەرچۆن بوو گەشـــتە باخچەکە. پەنجەکانیشـی هێزی جوڵەیان تێدانەمابوو؛ شـان و پشـت و قاچەکانی زۆر بەتوندی ئازاریان هەبوو. هەولیدا واخۆی دەرخا کەئیش دەکات. هەرکاتێک ئەچەمایەوە بۆئەوەی تۆوێک بچێنێ توشـــی نارەحەتیەکی زۆر دەبوو، بۆ هەستانەوەو خۆراستکردنەوەیش دە جاری باوکەڕۆ و براڕۆ دەگووت .

- من مردوم، ئای ...ئای ... ئاخ پشتم ئاخ شانم...

هەولیدا خۆی لەو ئیحراجیە بە ئەنجامدانی چەند نمایشـێک بپەڕێنێتەوە. داوای لەژنەکەی کرد چەکوش و مشـار و بزمارەکانم بۆ بێنە .

ژنەکەی پێی وت :

- بێزاربوم لە چوکوش و خاکەنازەکەت.. بۆچی خانەنشـین بویت؟ بەیانیان ئەڕۆیشـــتیت و ئێوارە ئەگەڕایتەوە، ئای ئەو ڕۆژانە چەن خۆشبون !

کورەکەشی گلەیی لێدەکرد کە ئەو بۆتە هۆی تێکدانی ماڵەکە. دە ڕۆژ هەولیدا کە بەچالاکی و تەکوزییەوە کار لە باخچەکەدا بکات.



Scanned by TapScanner

لە بەیانی یەکێک لە ڕۆژەکانی هەفتەی دووەمی دوای خانەنشینبونەکەی گوێیان لە دەنگێک بوو:

- ئای ...ئای.. پەنجەم!

هەمویان ڕایانکرد بۆ باخچەکە بینیان بەگ لەناو ئازاردا وەکو مار پێچ دەخوات، لێیان پرسی :

- ئەوە چییە؟ چی ڕویداوە؟

تومەز بەگ لەکاتی دروستکردنی کولانە بۆ مریشکەکان، چەکوش بەر پەنجەی کەوتووە و نینۆکی ڕەش بووە و خوێنی تی زاوە. بەگ گوتی:

- هیچ نیە.. ئۆۆۆف، ئۆۆۆففف .

هیچ بەشێک لەلاشەی بەگ نەمابوو بەبێ ئازار، وەک بومەلەزەیەک بات لە ماڵەکە. سەرەڕای ئەوەی چەن جۆرێک مریشکی کڕی و چەن جۆرێک سەوزەواتی چاند.

لە بەیانی ڕۆژی دواتردا، نەیتوانی هەستی، لەبەرئەوەی دوێنێ میلاک و سەرماشی بوو بوو. پلەی گەرمای گەشتبویە ٣٩پلە، بەتوندیش دەیقرخاند. بەگ یەک مانگی تەواوی لەناو جێگەدا بەسەربرد بەبێ ئەوەی بچی بۆلای دکتوریش. دوای ئەوەی ویستی هەستێتەوە کەچی قاچ و دەست و شان و ڕان و پشتی هێشتا ئازارێکی زۆریان تێدا عەمبار کرابوو.

کوڕەکەی نەیهێشت بچێتە باخچەکەوە، بەگ بەو هەڵوێستەی کوڕەکەی توڕەبوو، بەڵام بەبڕیارەکەی خۆی دڵخۆشبوو.

وازی لە بیرۆکەی کشتوکاڵ و بەخێوکردنی مریشک هێنا، لەبەرئەوەی ئەوە پیشەی ئەونیە.



Scanned by TapScanner

بەخۆی گوت :

- دەست دەکەم بەدارتاشی لەماڵەوەدا.

دیسان سەرکەوتوو نەبوو لەم کارەشدا، هەموو شتێکی تێکدا، بیری دەچوو کەلوپەلەکانی لە کوێدا داناوە، هەموو ئەندامانی خێزانەکەی سەرقاڵی دۆزینەوەی کەرەستەکان کردبوو. کاتێکیش دەیویست شتێک چاک بکاتەوە، ئەوە هەرشتێک لەبەردەستیا بوایە تێکی دەدا و خراپی دەکرد. هەرچی هەڵسوکەوتی بو قبوڵیانکرد، بەڵام کاتی دەست و پەنجەی بریندارکرد لەکاتی برینی تەختەدا، تورەبوون و بریاریاندا ئیتر نەهێڵن هیچ کارێک بکات، دەستیشی دە ڕۆژ بەملیەوە بوو.

ئەمجارە بەگ کارکردنی لە مەتبەخدا تاقیکردەوە، لێرەوە کێشەکان سەریان هەڵدا، لەبەرئەوەی هەرکاتێک ئەو بچوایەتە مەتبەخەکە ئەوە مانای وابوو ئەو ڕۆژە هیچ نیە کەس بیخوات.

هەموان یەک هەفتە سەرقاڵی دۆزینەوەی ئەوشتانە دەبوون کە بەگ لەملاو لادا بەجێی هێشتبوون، هەندێکیان لە مەخزەنەکەدا دەدۆزیەوەو هەندیکیتریان لەکتێبخانەکەدا دەدۆزیەوە. ڕۆژێک خوێی لەبری شەکر کردبووە ناو شیرینیەوە، شەکری لەجێی خوێ بەکارهێنابوو، مریشکەکەش یەک پارچە بوبوو بە خەڵوز، هەموان زەجریان بەدەستەوە دەکێشا، ژنەکەی ڕۆژێ بەتورەییەوە هاواریکرد:

- هەموو جوانی و خۆشیەکانی ئەم ماڵەت لەناوبردووە لەوکاتەوەی کەخانەنشین بویت ..بوکەکەی بەتورەییەوە گوتی :

- لە مەتبەخ چی دەکەی بەگ؟

کارەسات ڕوویدا کاتێک بیری چوو بوو دوگمەی غازەکە کراوەتەوە. چوونە مەتبەخەکە سەیریان کرد بەگ لەسەر زەویەکە کەوتووە ئەگەر تۆزێ درەنگتر پێیان بزانیایە ئەوە بەهۆی هەڵمژینی غازەوە عەمری خودای دەکرد.

سێ ڕۆژی مابوو هۆشی بکەڕێتەوە. کوڕەکەی چونەمەتبەخی لێ قەدەغەکرد، بەگیش گوتی:

- باشە ئیتر من چیبکەم؟

- خانەنشینەکانی دیکە چیدەکەن؟ بڕۆ بۆ چایخانە، یاری تاوڵە بکە، قسە لەگەڵ خانەنشینەکانی تر بکە ..

هیچ ڕێگەچارەیەکی تری لەبەردەما نەما. ڕۆژی دوای ئەوە بەگ بە لەشەی هیلاک و تێکشکاوەوە ڕۆشت بەرەو چایخانە.

هاوڕێیەتی لەگەڵ چەند نوسەرێکی قاوەخانەکەدا بەست، لەگەڵیان باسی سیاسەتی دەکرد، ڕەخنەی لە سەرۆکەکان دەگرت و بارودۆخی سیاسی وڵاتی بەدڵ نەبوو.

ڕۆژان تێپەڕین و بەگ بووە ملازمی قاوەخانەکە، بەڵام ئەو حاڵەی هیچ بەدڵ نەبوو، بێزار بوو لەتاوڵە و قاوە خواردنەوە.

گەڕایەوە بۆ ژورەکەی. وا هەستی دەکرد دنیا دوژمنی ئەوە، ڕۆژنامەکانی لەبەیانیاندا دەخوێندەوە. قسەی لەگەڵ هیچ کەسێکدا نەدەکرد.

ڕۆژێک لەژورەکەیدا مایەوە: ئاخ بۆ ڕۆژانی فەرمانگە، ئاخ ئەو ڕۆژانە چەن خۆش بوون لە خزمەتگوزارەکە توڕەدەبوم و گلەیم لە فەرمانبەرە بچوکەکان دەکرد و هاوارم دەکرد بەسەر دەرگاوانەکەدا... هیچ شتێک لەجێگەی خۆیدا نەماوە ...بەگ بیری کردەوە هەستی بەخۆشەویستی بۆ ڕابردوو جولا... بەخۆی گوت:

ئەو هەموو ماوەیە تێپەڕیوە و من سـەردانی هاوڕێکانمم لە فەرمانگە نەکردووە.. بەخوا عەیبە، سـبەی بەیانی دەچم بۆ لایان.. ئیشـەڵا بۆ ئەوەی دڵنیابم لەئەحواڵیان.. دەگونجێ من ئەوەندە دڵڕەقبم هەتا ئەو رادەیە؟ ئێسـتە ئەوان دەڵێن بەگ دوای خانەنشـین بونی هەواڵێکی نەپرسین.

خەونی ئەوەبوو دوای ٣٩سـال لە فەرمانبەری خانەنشین بێت و لەباخچەکەیاندا کاربکات، مریشـک بەخێو بکات و دارتاشـی بکات، بەڵام لەهەموو ئەو کارانەدا سـەرکەوتوو نەبوو. بەیانی زوو لەماڵ چووە دەرەوە بەرەو فەرمانگە بۆ ئەوەی هەست بەدوورانەکەی نەکەن. دوو کاتژمێر بەدەوری فەرمانگەکەدا سـوڕایەوە هەتا کات بوو بە سەعات دە و نیو، بەرەو دالانەکە سەرکەوت، یەکەم کەس بینی ڕەحیم ئەفەندی بوو:

- سلاو چۆنی باشی بەگم!

- تۆ چۆنی ڕەحیم ئەفەندی..

ڕەحیم ئەفەنـدی یـاوەریی کرد هەتـا بەردەم دەرگـای ژوری هاوڕێکانی:

- خێراکەن، وەرن.. بەگ هاتووە.

فەرمانبەرەکان هەسـتان و بەخۆشـحاڵیەکی زۆرەوە پێشـوازیان لێکرد. فەخریە کوڵمی ماچکرد،

سـائیم و فەرمانبەرە جوانخاسـەکە دەسـتیان ماچکرد، چاوی پڕبوو لەفرمێسک..



Scanned by TapScanner

یاریدەدەرەکەی چووبووە شـــوێنەکەی، کارمەندێکی تازەش جێگە بەتـاڵەکەی پڕکردبویەوە. بەگ بەحەســـرەتەوە چـاوی بڕییە مێزەکەی، ئەو قوتوی مەرەکەبەی بینی لەکـاتی تورەبوون لە فەرمانبەرێکدا دەیهاویشـــت. چاوەکانی فرمێســکیان لێهاتە خوارەوە؛ دەستیکرد بەکۆکین بۆئەوەی کەس هەست بەفرمێسـک و خەمەکەی نەکات ..

- دەنگوباست چۆنە بەگ؟ من باشم.. ئێوە چۆنن منالەکان؟

- ســوپاس بۆ خوا ئێمە هەمومان باشـــین، هیوامان باشــی و تەندروستی تۆیە..

ڕەحیم ئەفەنـدی قـاوەیەکی بۆ بەگ ئـامـادەکرد، بەڵام لە کوپە تـایبەتەکەی خۆیـدا نەبوو، چونکە بەگ کـاتێ خـانەنشـــین بوونی کوپەکەشی لەگەڵ خۆیدا بردەوە.

- ئایا تۆ دڵخۆشی بە خانەنشینبونت بەگم؟

هەناسەیەکی قوڵی هەڵمژی و وەڵامی دایەوە :

- زۆر دڵخۆشم، ئیشەڵا ئێوەش خانەنشین دەبن..

- ئایا مریشک بەخێودەکەی ئێستە؟

- ئەی چۆن.. چەندین مریشـــکم هەیە... ماشـــاللە لەهەفتەیەکدا شەش ڕۆژ هێلکە دەکەن و یەک ڕۆژ لەپشودان.

بە زمانی قسەی دەکرد و لەناخەوەش پێدەکەنی:

- بەڵێ ٧ مریشـــک ٢ کەڵەشـــێری ڕۆمیم هەن، حەوزم هەیە ٦ قازو ٧ مراوی تێیدا مەلەدەکەن، خەریک بوو بڵێ ماســی ســوریشــی تیایە بەڵام لەپڕ بیرکەوتەوە کە قاز ماسی سوردەخوا.

- یەکی لە قازەکان ١٩ بیچوی هەڵهیناوە.. من زۆر دڵخۆشم بەم ژیانە نوێیەم.

- ئەی دەنگوباسی باخچەکەت بەگ؟

پرسیاری باخچەکەم لیمەکەن. گەنمەشامیەکان درێژ بوون ئەگەر بچی بە بەینیاندا، ون دەبی، هەموو بەیانیک خۆر ماچیان ئەکات، سەلکەکەیان ئەبڕم و لەسەر ئاگر ئەیانبرژێنم. قژیان زەردە، ئەی خۆزگە فاسۆلیاکانتان دەبینی کە خۆیان هەڵواسیوە بەقەدی گەنمەشامیەکاندا. من چەندین جۆر فاسۆلیام هەیە. ئایشە فاسۆلیا و فاسۆلیای دەنک و فاسۆلیای سور و فاسۆلیای کەڵەشێری، کاڵەک ماشاڵلە هەر دانەیەکیان هێندەی سەرم دەبێ.

دەستیکرد بەباسکردنی کاری دارتاشیەکەی، سەیریکی دەستیکرد کەبریندار بوبوو نینۆکەکەی کەوتبو هەستی بەئازار کرد.

- کورسی زۆر جوانم دروستکردووە، ئەگەر بتهەوێ لەوە بکری ئەوە بە ٣٠٠ لیرەش دەست ناکەوێ، مێز و خەزانەیەکم دروستکردوە هەر حەزەکەی سەیریان بکەی ..

بەگ دوای هەموو رستەیەک دەیگوت: ئەوەش ئاقیبەتی ئێوە دەبێ ئیشەڵا. نزیکی سەعاتیکی لەفەرمانگەکە بەسەربرد. کاتێک هاوڵاتیان کە بۆ ڕایکردنی مامەڵەکانیان هاتبون زۆر بوون، بەگ گوتی:

- باشە.. لەسەر ئیزنتان.

هەستایە سەرپێ ئازاریکی سوکی هەبوو، هاوڕیکانی پێیان وت:

- دوبارە سەردانمان بکەرەوە بەگ ئێمە دەڵێوانتین! لەبیرمان نەکەی.



Scanned by TapScanner

دوای ئەوە هەتا دەرگاکە لەگەڵی چوون. هەستی بەوە نەدەکرد بە پلیکانەکانە دەچێتە خوارەوە بەڵکو هەستیدەکرد دڵی دەبێ بەدوکەرتەوە، بەشێکی لای خۆیەتی و بەشەکەی دیکەی لەفەرمانگەکەدا جێدەمێنێ ..

بە شەقامەکاندا سوڕایەوە هەتا ئێوارە، کاتی گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، هەستی بە ئیسراحەتێکی زۆر دەکرد، زیاتر لەهەموو ئەوکاتانەی پاش خانەنشینبونی. لەڕۆژی دوای ئەوەدا، توشی سەرسوڕمان ببوو، ئێستا چیبکەم؟

لەڕۆژی سێیەمدا، بەمەبەستی فەرمانگە، چووە دەرەوە بەبێ ئەوەی بچێتە ژورەوە. بەڵکو تەنیا بەدەوریا سوڕایەوە، دواتر گەڕایەوە بۆ ماڵەوە.

ئایا هاوڕێکانی زانیویانە کە مریشک و گەنمەشامی لەباخچەکەدا نیە؟ ئایا زانیویانە کە درۆم کردووە ..نا.. گوتیان بگەڕێوە بۆلامان دەڵێیت دەکەین ..

٥ ڕۆژ ئارامی گرت و لەڕۆژی شەشەمدا ڕۆشت بۆ فەرمانگە. هاوڕێکانی وەک جاری پێشو پێشوازیان لێنەکرد، تەنیا هەنێ ڕێزیان بۆ نواند.

باسی باخچەکەی و مریشکەکانی کرد و گوتی:

- لەم دوایانەدا دوو بەرانم کڕیوە ..

پیاوێک هات کە مامەڵەی لەو فەرمانگەیەدا هەبو کارمەندەکان هەمویان گەڕان بەدوای تۆمارەکەیدا بەڵام نەیاندۆزیەوە .

- بەگ خۆی نەگرت گوتی:



Scanned by TapScanner

کورەکەم سەفی، ئەو تۆمارەی بەدوایدا دەگەڕێن دەبێ لەو خەزانەیەدابێ، پلەی سێ بەدەستە چەپدا لەناوەڕاستی پیتی (ج)دا بگەڕێ بۆی.

سەفی، مامەڵەکەی دۆزیەوە لەوجێگەیەدابوو کە بەگ ئاماژەی بۆ کردبوو. ئەم جارەیان لە فەرمانگەکەدا دواکەوت. هیچ کەسێک بۆ ماڵئاوایلێکردنی هەتا دەرگای دەرەوە نەچون لەگەڵیدا، بەڵکو هەر لەدەرگای ژورەکەدا ماڵئاواییان لێکرد.

کەوتە بزوتن بۆماڵەوە، لەکاتی ڕۆشتندا شتێک دوڵی دەکرد دەرۆشت و بەدەوری فەرمانگەکەیا دەسوڕایەوە وەک چۆن کەسێک تەوافی بەیتی پیرۆز بکات.

دوو ڕۆژ

ئارامی گرت، بۆ ڕۆژی سێیەم ڕۆشتەوە بۆ فەرمانگەکە لەسەر کورسیەک لەسوچەکەدابوو دانیشت. هەندێک باسی فاسۆلیاکەی کرد، ئینجا گەنمەشامی و مریشک و کورسیەکان ...

سائم ئەفەندی ڕەفەکانی دەپشکنی و بۆ هەندێ لاپەڕە و ماپەڕە دەگەڕا، بەگ پێی وت :

- تۆماری زیمەکە ڕاکیشە، ڕەفەی چوارەم لەلای چەپ ڕەنگی ڕەشە، بێگومان لەوێدا ئەوراقەکان دەدۆزیتەوە. سائیم ئەفەندی لەو جێیەدا ئەوراقەکانی دۆزییەوە کە بەگ ئاماژەی بۆکردبوو. دوای ئەوەی کارمەندەکان دوڕۆژ بەدوای ئەو ئەوراقانەدا گەڕابون و نەیاندۆزیبونەوە .

فەخریە دەیکێشا بەئامێری نەسینەکەدا بەگ تەماشای کارەکەی کرد، بەنامۆیەوە لێی پرسی:

- ئەوە چیدەکەیت کچەکەم؟! کارەکەت هەڵەیە. ئەو کارە هی بەشی دووەمە. خەڵکەکە لەخۆڕا بەبێ سود دەڵێی دەهێڵیتەوە، بیگۆڕە

بۆ بەشـــی دووەم، فەخریە وایکرد کە بەگ پێی وتبوو. زیاد لە دوو سەعات دانیشت. سـێ کوپ قاوەی خواردەوە. کاتی ماڵئاوایی پێیان وت:

- خوات لەگەڵ. ســـەردانمان بکەوە هەرکاتێک ویســـتت، ئێمە هەمیشە دەڵێیتین.

بۆ ڕۆژی دواتر دیســـان گەڕایەوە بۆ فەرمانگەکە. هەتا کۆتایی دەوام مـایەوە، بەشـــێوەیەک لەگەڵ کـارمەنـدەکـانـدا چوبە دەرەوە، هاوڕێکانی دڵخۆشـبون بەبونی لەفەرمانگەکەدا، لەبەرئەوەی شـتانێکی زۆری دەزانی و ڕێنمـایی دۆزینەوەی مـامەڵەکـانی پێدەدان کەئەوان نەیان دەتوانی بەئاسانی بیدۆزنەوە.

بەگ لەڕۆژی دوای ئەوەدا لە فەرمـانـگەکەدا ئـامـادەبوو، هەموویـانی ڕزگـارکرد لەو کێشـــەیەی کە تێی کەوتبون، بەگ ڕێنمایکردن بۆ دۆزینەوەی ئەو بەڵگەنامەیەی کە ماوەیەی یەک هەفتە بوو بەدوایدا دەگەڕان.

- بەڵگەنـامەکە لە ئەرشـــیفـدایە بچنە خوارەوە بۆ قـاتی ژێرزەمینەکە، خەزانە گەورەکە بکەنەوە ژمارە سێی لەسەر نوسراوە، لەخوارەوەی ژمارە ١٩٥١ـح- ی لەسەرە.

- لەســـەر ڕەفەکە لەوێدا دەیـدۆزنەوە. بەڵگەکەیـان بەهۆی ڕێنماییەکانی بەگەوە دۆزییەوە کە بەڕێوەبەری گشتی داوای کردبوو.

بەگ بەبێ پچڕان سەردانی فەرمانگەکەی دەکرد. لەسەر کورسیەکە دادەنیشـــت. ڕێنمـای دەدا بەکـارمەنـدەکـان کەچۆن هـەســـتن بە جێبەجێکردنی کارەکانیان. بە باج و وەرەقە زیادەکان دەســـتیپێکرد و هەڵەکانی بۆ ڕاستکردنەوە.

- بەڵگەنامەکانی سەرژمێری پار لەکوێن بەگ؟



Scanned by TapScanner

- ئایا دەزانی خشتەی پێویستیەکان لەکوێدایە بەگ؟

ئەگەر نەیدۆزینەوە ناتوانین کارەکانمان بەتەواوی بکەین.

بەگ نانی نیوەڕۆی ئامادەکردبوو؛ هێنابووی لەگەڵ خۆیدا، لەفەرمانگەکەدا خواردی، هەنی کات باسی جۆری مریشکەکانی بۆ دەکردن، وە باسی مەحشی بۆدەکردن کەچۆن دروستی دەکات، وە ئەو خەیارەی کە چاندوویەتی، کوپەکەشی لەماڵەوە هێنایەوە و دایە دەستی ڕەحیم ئەفەندی بۆئەوەی وەک پێشتر قاوەی تێدا بخواتەوە.

هەرکاتێک درەنگ بکەوتایە، هەمویان بۆی قەلەق دەبون، دەیانپرسی بۆچی بەگ دواکەوتووە؟

بەڕێوەبەر داوایلێکرد وەک کارمەندێک لە فەرمانگەدا دەوام بکات، هەنی کاری پێسپارد، وە ڕاوێژی پێدەکرد بۆ هەندێ کاروباری فەرمانگە. بەگ هەستی بەخۆشی دەکرد، وای بیردەکردەوە لێرە زیاتر پێویستیانە هەتا ماڵەوە.

- لە یەکێک لە ڕۆژەکاندا بەگ دواکەوت، یاریدەدەرە پێشوەکەی کەهاتبووە جێگەی ئەم بەهاوڕێکانی وت: هاوڕێیان هەمومان بەحاڵی بەگ دەزانین، پێویست بە شیکردنەوە ناکات .

سەفی گوتی:

- ئێمە دەزانین نە فاسۆلیای هەیە و نە مریشک و نە هیچ شتێکی تر ...

کوڕە جوانخاسەکەش گوتی:

- هەموی ئەو قسانەی بەرهەمی خەیاڵی خۆیەتی ..

یاریدەدەرە کۆنەکە گوتی:

- بەلی بەلام بەگ لەکارەکانماندا بەدلسـۆزیەوە هاوکاریمان دەکات، دەلێن چی هەندێک پارە کۆبکەینەوە و دیارییەکی بۆ بکڕین.

هەموان پێشـوازیـان لەو بۆچوونەکردو٦٨ لیرەیـان کۆکردەوە. بارێدەدەرە کۆنەکە کورسـیەکی بەکارهاتووی بۆ کڕی وەک کورسی پادشـاکان بوو، لەتەنیشـت مێزەکەیدا داینا. بۆ ڕۆژی دواتر کە بەگ هات پێی گوت:

- ئەی بەگم شـوێنی تۆ سـەر ئەو کورسـییەیە تکات لێدەکەین تەشـریف بێنە و هەموو ڕۆژێک لێرەدا دابنیشـە، چا و قاوە بخۆوە لەسەر حیسابی ئێمە، هاوکاریشمان بکە لە کارکردندا..

بەگ لەسـەر کورسـیە تازەکەی دانیشـت، تۆزێک سـەری بۆ خوارەوە چەماندەوە، لەدەسـتیدا دو زەرفی پێبوو، لەیەکێکیاندا خەیار هەبو ئەویتریشیان هێلکەی تێدابوو، لەبازاڕ کڕیبونی:

- منالەکان خەیارم بۆ هێناون، بەدەسـتی خۆم لەباخچەکە لێم کردونەتەوە، هێلکەکانیش تازەن، بۆ هەر یەکەتان و هێلکەیەکم هێناوە.

فەرمانبەرەکان هەموو پێکەوە تریقەی پێکەنینیان هەسـتا، بەگیش لەهەموویان زیاتر پێکەنی، هەتا فرمێسـک بەچاویدا هاتنە خوارەوە، فەرمانبەرەکان وایانزانی فرمێسـکی خۆشـییە. پشـتی بە کورسـیە پاشاییەکەوە دابوو گوتی:

- ڕەحیم ئەفەنـدی قـاوە بۆ هـاوڕێکانم ئامـادە بکە لەسـەر حیسابی خۆم، بزانە فەخریەش چی دەوێت ..

کاک سـائیم تۆ هەمیشـە هەلەدەکەی، ئەو بەلگەنامانە مەخەرە جێگەی هەلەوە، بیانخەرە ڕەفەی (ک ) سائیم پێکەنی گوتی:

- فەرمانتە بەگم .

بەگ دوو مژی مەحکەمی لە جگەرەکەی خێواند و قومێکیش لە کوپەکەی....

*** ***



Scanned by TapScanner

زۆر سەرسام بووین بە باڵەخانە نوێیەکەمان پاش ئەوەی ساڵەهای ساڵ بوو لەو بینا شڕ و ورەدا کارمان دەکرد.

سەرەتا کە چووینە ناویەوە، هەر چیمەنتۆ بوو، تەپوتۆز سەر زەوییەکەی داپۆشیبوو. تەنانەت دەرکە و پەنجەرەکانیش بێبەش نەبووبوون لە گەرد و خوباری کاری دارتاشییەوە. لەبەر دڵخۆشی زۆرمان، قۆڵمان هەڵکرد و دەستمان کردە خاوێنکردنەوە. شەکەت بووین بەدەست ئەو بینا شەپلاخەوە کە مشک لە میچەکەیدا تەراتێنی دەکرد و جار جارەیش بەدەم ڕاکردنەوە میزەبارانەمان بەسەردا دەباری.

تەپوتۆزمان ماڵی، پەنجەرە و دەرگامان سڕی؛ هیچکەس لەگەڵمان نەهات بێجگە لە بەڕێوەبەرە کۆنەکەمان... ئەوەیش لە شوێنێکی دیکەوە نێردرابوو؛ وتی هەر ئێستا نا تۆزێکی دیکە بەڕێوەبەرێکی نوێتان بۆ دێت. بەر لەوەی خۆی بێت، دەنگوباسیمان زانی، گوایە کابرایەکی فرە شڕشێت و بێتامە.

بەڕێوەبەری نوێ گەیشت.. وای چەندە قنج و قیت بوو، ئەوەندە قنج وەستابوو، پشتی بەرەو دواوە چەمابوویەوە. ورگی بەرەو پێشەوە دەرپۆقیبوو؛ سەری بە مۆدێلی (بارسی) تاشیبوو؛ ملی بەرز و ڕاست کردبوویەوە هەر دەتگوت بە ڕاستە ڕێک کراوە. چاوەکانی چەشنی موسی جیلێت دەدرەوشانەوە.



Scanned by TapScanner

ڕۆژی سـێیەمی هـاتنی بۆ فەرمـانگە، پرۆژە بریارێکی چواردە بەندی دەر کرد.

بەندی یەکەم بەم چەشنە بوو:

- (فەرمانەکان وشـە بە وشـە جێبەجێ دەکرێن... قەدەغەکانیش وەک خۆیان پیت بە پیت... دەڵێن قەدەغەکان هەر سـێ ڕۆژ دەتوانن بەرقەرار بن، ئەوە قسەیەکی بێمانایە... ئێمە ئەوە بەدرۆ دەخەینەوە بە سـیسـتەمی کارکردنمان و شـێوازی کارکردنی کردەییمان. بەڵێ بە کارەکانمان ئەو قسـەیەیە بەدرۆ دەخەینەوە. قەدەغە واتە قەدەغە. فەرمانەکان جێبەجێ و قەدەغەکان جێبەجێ.)

گشتمان ئیمزامان لەسەر بریارە چواردە خاڵییەکە کرد پاش ئەوەی پیت بە پیت خوێندمانەوە. دەمی نیوەڕۆ دیسـانەوە بریارەکانیان هێنایەوە بەردەسـتمان و وتیان: وایە ئیمزاتان کردووە، بەڵام لە پەنادا نەتاننوسیوە (خوێندمەوە و کاری پێ دەکەم).

بریارەکان هەفتانە جارێک تا دووجار دەردەچوو. ئێمەیش لەژێر هەموو بریارێکەوە دەماننوسی (خوێندمانەوە) و لەوبەریشەوە واژۆی خۆمانمان دەکرد. بەو شـێوەیەیش زانیمان ئەمە بابەتی قەشـمەری و سۆعبەت نییە لای بەڕێوەبەری نوێ. وامان لێ هاتبوو بە خۆفەوە بە ڕاڕەوەکەدا دەچووین و نەمـانـدەهێشـت تەپەی هەنگـاوەکـانمان ببیسترێت.

لە ڕۆژی پێنجەمی دەسـتبەکاربوونیدا: فرۆشـیاری چاپخانە و خەتخۆش هاتن. مێزەکەی خسـتە ژێر پلەکانەکانەوە... یەکێک وتی: بەڕێوەبەری تـازە بەتەمـایە نوێکاری بکـات لە لەوحەی ژوورەکانی فەرمانگەکەدا. خەتخۆشێک بۆ ئەم مەبەستە هات و ئێمەیشی هەموو



Scanned by TapScanner

بۆ کارکردن بانگ کرد. ئەگەر یەک خەتخۆش ئەم گشتە کارە بکات، ئەوە تێچوویەکی زۆری دەبێت. لەگەڵ خەتخۆشدا بە ڕۆژانە ڕێک کەوت. ئەوەیش مانای ئەوەبوو کە دەبێت لەوحەی زۆر بنوسێت و نوێ بکاتەوە. هەر دەقیقەیەک پتر فزوول دەبوون کە خۆزگە چی لەسەر گشتە تابلۆیە دەنوسێت. هەموو ژوورێک تابلۆی تایبەتی خۆی هەبوو، لە ڕووکاری فەرمانگەکەیشدا یەک دانەی قەبە هەڵواسرابوو.

ئێوارەی ئەو ڕۆژە کە لە کار بووینەوە، دیتمان خۆشنووس دە تابلۆی ساز کردووە. هەموویان وێنەی دەبریسکێنەوە بە ڕەنگی سپی و چوارچێوەی تەختە.

لە سوچی یەکێکیاندا بە ڕەنگی ڕەش نوسرابوو (گوڵ لێکردنەوە قەدەغەیە).

لەو کاری ئەو تابلۆیە سەرمان سورما.. لەبەر ئەوەی باڵەخانەکە کۆنکریت بوو، نە سەوزایی و نە باخچە و نە هیچش شتێکی تێدا وەدی نەدەکرا.

خۆشنووس ماوەی سێ ڕۆژ مایەوە.. هەر خەریکی نوسینی شتی هەتەران پەتەران بوو؛ بۆ نموونە نوسیبووی: (قەدەغەیە بە سەگەوە بچیتە نێو باخچەکە)! باشە کام باخچەیە؟ خۆزێ لەکوێ بێت؟!

با جارێ واز لە تابلۆ و کاری تابلۆ بهێنین.. ڕۆژێکیان ئەبلەق بووین کە بینیمان حەرەمی فەرمانگەکەمان بە سیمی خاردار پەرژین کراوە...

خۆشنووس بێ پسانەوە خەریکی تابلۆنوسین بوو، تابلۆیەکی دیکە توشی بووین (هێنانەژوورەوەی سەیارە بۆ ناو باخچەکە قەدەغەیە). ئەوەیشی لە تەنیشت زەوییەکەدا هەڵواسیبوو کە گوایە باخچەیە. هەڵسوکەوتی ئەم تازە بەڕێوەبەرە توشی سەرسوڕمانی کردبووین. کردەوەکانی لەگەڵ واقیعدا یەکی نەدەگرتەوە. ئەو شوێنەی کە بۆ



Scanned by TapScanner

مەدخەل داینابوو، زۆر تەنگەلان بوو. ترۆمبێل بە ئەستەمیش نەیدەتوانی بێتە ژووری. هەرچەندە تا ئێستاش نەبینرابوو سەیارە بهێنرێتە ژووری.

سەرلەبەیانی رۆژێکیان هاتینە دەوام... لەگەڵ چوونەژوورەوەمان، ئەبڵەق بووین...دیتمان تابلۆکان بە تەلبەنەکەوە هەڵواسراون. لەنێوان دانەیەک بۆ دانەیەکی دیکە سێ تا چوار مەتر بوار هێڵرابوویەوە..لەسەر هەر دانەیەکیشیان نوسرابوو: "نزیکبوونەوە لە تەلبەنەکە قەدەغەیە، نەبادا کراسەکانتان بدڕێت".

بەڕاستی مات و حەیران مابووین لەدەست ئەم بەڕێوەبەرە تازەیە.. نەماندەزانی دەرد و دەغەزی چییە! هەندێک لە برادەران وتیان: بەڕێوەبەر باخچەیەکی عەجایەب لێرە دروست دەکات. هەر بۆیە ئەم گشتە هۆشداری و ئیحتیاتەی سەرەتا دەکات.. هەندێکیش هیچ بەلایانەوە کارێکی گرنگ نەبوو... تاقمێکیش بەڕێوەبەر هەرچییەکی دەکرد، ئەوان لایان پەسەند بوو.

هەروا چەند هەفتەیەک تێپەری.. کەس بنجە گوڵێکی نەبینی بچێنرێت... هێشتایش خۆشنووس خەریکە دەنوسێت. هەر لە پەسا قەدەغەیە و قەدەغەیە دەنوسێت. سپێدەی یەکێک لە رۆژەکان، هاتینە دەوام، دیتمان لە دەرگای دەرەوە نوسراوە: (هاتنەژوورەوە لەم دەرگایەوە قەدەغەیە). چووینە بەردەم دەرگای دووەم، لەویش نوسرابوو: ئاگاداری! چوونەژوورەوە لەم دەرگایەوە یاساغە.

چووینە دەرگای پشتەوە، دیتمان لەویش نوسراوە، هاتوچۆ لەم دەرگایەوە بەهەموو شێوەیەک قەدەغەیە.

یەک یەک و دوو دوو فەرمانبەرەکان دەهاتن و کۆبووینەوە. گەراین.. خوایە رێنماییمان بکەیت بتوانین بچینە ژووری...

یەکێک وتی:

- ئیجا چییە... لەسەر شەقام دەمێنینەوە.

دانەیەکی دیکە وتی:

- با لە پەنجەرەکانەوە بچینە ژووری.

چوونەژوورەوە لە پەنجەرەکانەوە کاریکی سەخت نییە.. پەنجەرەیەکی نزممان بینی کە چوونەژوورەوە لێیەوە ئاسان بوو. رۆژی داهاتوو بەڕێوەبەر لە گشت پەنجەرەکانیشی نوسیبوو (هاتنەژوورەوە قەدەغەیە). باشە ئێستا چیبکەین؟ ئێستا چیبکەین؟ لە هەورەبانەوە بچینە ژووری؟

یەکی لە برادەران وتی:

- ئەوە تۆ چی دەڵێیت؟ گوێ بە قەدەغە مەدەن، دەی با بچینە ژوورەوە، خۆ لە سەرشەقام نامێنینەوە.

بەڵام ترسمان لە بەڕێوەبەر هەبوو، چونکە هەموو دوو یان سێ رۆژ جارێک سەردانی دەکردین بە فەرمان و یاسای نوێوە. ئێمەیش دەبوایە واژۆی بکەین... خۆیشمان سەرمان لەم بەزم و باڵۆرەیە دەر نەدەکرد. بۆ کەلەبەرێک دەگەڕاین بچینە ژووری. دیتمان هەندێک لە برادەران لە پەنجەرەکانەوە بانگمان دەکەن...

- دەی دەی لە دەرگای پشتەوە بێنە ژووری.

تا ئەو کاتەیش نەمانزانیبوو دەرگایەک لە پشتەوە هەیە، دەرگایەکی چکۆلە. لەوێوە چووینە ژووری. شوکری خودا پرۆژەی تابلۆکان نەگەیشتبوویە ئەوێ.

دەرگاکە لە دەرگای کۆلانەی مریشکان دەچوو. ئەوسا لەوێیشەوە چووینە ژوورەکانی خۆمانەوە.

پاشی ئەو رۆژە، بەڕێوەبەر هەموومانی لە ساڵۆنێکی گەورەدا کۆ کردەوە. سیمینارێکی دوور و درێژی بۆ خوێندینەوە کە ئەمە پوختەکەی بوو:

(هەموو ئەو گرفتانەی کە تووشمان دەبن، بەهۆی جێبەجێنەکردنی قەدەغەکانەوەیە.. پێویستە قەدەغەکان پێت بەپێت جێبەجێ بکەین. ئیدی هۆکاری قەدەغەکردنەکان هەرچییەک بن).



Scanned by TapScanner

خۆشـــنوس، چالاکترین ئەندامی فەرمانگەکەمان بوو. بەیانیان و ئێواران ســـەرمـان لێ دەدا بزانین قەدەغەی نوێ چی بەڕێوەیە. ئێوارەیەکیان کە لە کار دەڕۆیشـتینەوە، وەک پیشـەی هەمیشـەییمان، چووینە لای خۆشـــنووس، ئەوەی نەدەبوو بیبینین بینیمان، تابلۆیەک بەسەر سەریەوە نوسرابوو: (قسەکردن لەگەڵ خۆشنووسدا بە هەموو شێوەیەک قەدەغەیە).

لەو کـاتەی تـابلۆکـان لێرە و لەوێ دادەنران، چەنـد ڕووداوێک ڕوویـان دەدا کە هەمووانی دەحەپەســـانـد. پـاش ئەوەی تـابلۆی قەدەکردنی هاتنەژوورەوەی سـەگیش دانرا، دیتمان هەر سـەگە و بەو ناوەدا دێن و دەچن و دەوەڕن و عەوە عەویانە.

ئەوەی مایەی ســـەرســـوڕمان بوو، پێشـــتر یەک ســـەگمان لەو دەوروبەرە نەدەبینی... کەچی لەپاش هەڵواســـینی تابلۆکە، ئەو ناوە بووبوویە مەیدانی ســـەگ و گەماڵ. هەرکەس بەیانییان دەهاتە دەوام، لە دووری نیو کـاتژمێرەوە دەنگی چغە... دوورکەوە... لاچۆ، دەبیست... هەر فەرمانبەرێک دەهات، گەلە سەگێکی بەدواوە بوو.

هەندێکیان پلە گۆشـــتێک یان پارچە ئێســـقانێکیان لەگەڵ خۆ دەهێنا بۆ ئەوەی بیانخزێنێتە حەوشەی فەرمانگەکەمانەوە... سەرباری ئەوەی من هیچ کەیفم بە ســـەگ نەدەهـات، کەچی لەوســـاوە خۆشـەویسـتییەکی سـەیر لە دڵم بۆیان ڕسـکابوو..سـەگی بەرەڵا لە شـــاردا نەمـابوو. برادەران هەموو ڕۆژێـک ســـەگیـان دەهێنایە ژوورەوە..هێدی هێدی بەهۆی پلە گۆشـــتەوە ســـەگێکم لێ ئاڵا. حەوشەی فەرمانگەکەمان ئەنواعی سەگی تێدا بوو. دەوەڕین، گەمەیان دەکرد و دەهاتن و دەچوون.

بەڕێوەبەر لە یەکێک لە هەفتە وتارەکانیدا کە پێشـــکەشـی کردین، وتی: ئەو کاتەی هاتنەژووەرەوەی ســـەگمان قەدەغەکرد، هەندێک لە



Scanned by TapScanner

ئێوە بابەتەکەیان بە پێکەنیناوی هاتە پێشــچاو.. بەڵام من پێشــوەخت ڕەمزانی چیمان لێ دێت... بەڵێ قەدەغەمان کرد... ئا بەو شــێوەیە... ئەگەر قەدەغەمان نەکردایە، بیهێننە پێشــچاوی خۆتا چی ڕوویدەدا... هەر بەو بۆنەیەوە قەدەغەمان کرد.. بەڵێ بەم شــێوەیە یاســاکانی قەدەغە پیت بە پیت جێبەجێ دەکەین.

بەڕێوەبەرەکەمان وتی: ئەو لە ژیانیدا بۆ یەکجاریش یاســایەکی قەدەغەکردنی پایماڵ نەکردووە.

لە فەرمانگەکەماندا شــتی ســەیرتر دەگوزەرا... لە باخچەکەدا تەنها کەمێک زمانەوشــتر و ســەبباری بیابان ڕســکابوون کە هەرکەس دەســتی بەریان دەکەوت، دەســتی پڕ لەخوێن دەبوو. هاوڕێیانی ئۆپۆزسیۆن دەیانگوت: ئێمە تەنها لەمە تێدەگەین. تەنها سەید بورهان دڵی بەم گوڵە دڕکنانە دەکرایەوە، ئەویش سێ مانگی مابوو خانەنشین بکرێت.. تەنها دەستی ئەو بوو زامار نەبووبوو.

بەیانییەکیان زۆر زوو هاتمە فەرمانگە... ســەید بورهان لە دووری ٥٠ مەترەوە بەرانبەرم وەســتابوو... لە دەرگای باخچەکەوە چوویە ژوورێ... دوای ئەوەی تەماشــایەکی ئەملاولای کرد کە کەس دەیبینێ یان نا! مقەســێکی لە گیرفان دەرێنا و بە ڕقێکی زۆرەوە دڕکەکانی سەرقرت کرد.
ئیدی لەوساوە زانیم بۆچی دەستی هیچ بریندار نابێت...
بەڕێوەبەرەکەمان دەیگوت:
- ئایا من لەســەر هەق نیم کە ئاوا ڕەفتار دەکەم؟ ئەو کاتەی یاســای نەبڕینی گوڵەکانم دەرکرد، هەندێکتان گاڵتەتان لێ دەهات.. دەتانگوت ئایا تابلۆی وەها پێویستە لە باخچەکەدا هەڵواسرێت کە هیچ



Scanned by TapScanner

گول و گولزاریکی تێدا نییە... ئەوان خەریکی بڕینی زمانەوشـــتر و سەبیارەکانن، چجای ئەگەر گوڵمان ناشتبا! دەزانن چی ڕوویدەدا؟

هەموومان وتمان:

- قسەکەت دروستە ئەفەندم.

هەمووان وەک بەڕێوەبەر بیریان دەکردەوە... وتمان:

- ئێمە کەسمان ناوێت بێجگە لەم بەڕێوەبەرە.

پاش چەند ڕۆژێک، دیتمان پانتۆل و شـــەرواڵی گشـــتمان شـــی بووەتەوە...هەرکەسمان بە برادەرەکەی دەگووت:

- ئەمان... سـەید ئەحمەد... پانتۆڵەکەت لەسـەرەوە تا خوارەوە دڕاوە... تەنانەت ژێرشەرواڵەکەشت دەرکەوتووە.

- قوڕ بکە بەسـەرمدا سـەید موحەممەد... جلەکانم گیرا لەو تەل و مەلە و سەرتاخوار دادڕا. ئەوەتا قۆڵی کراسەکەی تۆیشی گرتووە...

- ئەی خوا لەناوی بەری، خۆ منیش پێوەی گیر بوم.

بەڵی یەک کراس و پانتۆڵمان نەما کونی دوو کونی تی نەبووبێت. من بۆ خۆم یەک تاقە کراسیشم نەمابوو.

هەموو ئەو ڕۆژانەی کە بەلای تەلبەنەکەدا تێپەڕ دەبوم و تابلۆکانم دەخوێندەوە: (تکایە نزیکی ئەم تەلبەندە مەبەرەوە تا کراسـەکەت نەدڕێت). فزولی دەیگرتم و دەمگوت خوایە ئەبێ چی بێت با نزیک ببمەوە... هاوڕێیانی دیکە ئەوەندە لاسـار بوون، هەڵدەسـتان و بازیان بەسەر تەلبەندەکەدا دەدا. یەک کەس نەمابوو لە دەرگا سەرەکییەکەوە نەهاتبێتە ژوورەوە... مەگەر تەنها ئەوانەی توانای بازدانیان نەبوو... ئەو ڕۆژەیان کە سەید بورهان، ئەوەی کە سێ مانگی دیکە خانەنشین دەبوو، گووری خواردەوە و چوویە دواوە و بـازی دا... دیمەنەکەی زۆر پێکەنیناوی بوو...خۆی هەڵدا، بەلام بەسـەر تەلەکانەوە، چەشـنی لاکە حەیوان لە قەسـابخانەدا گیرایەوە. کاتێک بە چ حاڵێک نەجاتمان دا، هەموو کراس و پانتۆڵەکانی شیوشیتەڵ بوونەوە.

خۆشنووس بێ پسانەوە خەریکی تابلۆ نوسین بوو. نەیدەتوانی کارەکەی کۆتایی پێ بهێنێت...چونکە بەردەوام بەڕێوەبەر قەدەغەی نوێی دەدۆزییەوە و فەرمانی بە نوسینی دەدا. تەنانەت پەنجەرەکانیش بێبەش نەبوون لە تابلۆ.

دواتر بەڕێوەبەر دەستی کرد بە نوسینی هەندێک تابلۆی ڕستەیی، بۆ نموونە: (هاتنەژوورەوە لێرەوە قەدەغەیە)

(چوونەدەرەوە لێرەوە قەدەغەیە)

(تف مەکەنە سەر زەوییەکە)

(هەڵدانی قنەجگەرە بۆ سەر زەوییەکە قەدەغەیە)

(وریابن لێرەدا جگەرە نەکێشن)

(بە دەنگی بەرز قسە مەکە)

(دەست لەم بۆکسە مەدە، ترسناکە)

(نوسین لەسەر دیوارەکان بە هەموو شێوەیەک قەدەغەیە)

لەگەڵ زۆربوونی تابلۆی قەدەغەکاندا، نزیکەی چارەکێکی ئاپارتمانەکەمان لێ قەدەغە کرا.

کۆمەڵێکی زۆر تابلۆی هاوشێوەی دیکەی نوسی.. بەڕێوەبەر خۆیشی سەرپەرشتی دانانی تابلۆکانی دەکرد و شوێنی پەسەندی بۆ دەبینینەوە. بەڵام ڕۆژێکیان شتێکی سەیر و سەمەرە قەوما... چەند تابلۆیەک بەسەر دیواری ئەدەبخانەکانەوە هەڵواسرابوون، نوسرابوو (کەس بەبێ کار نەچێتە ژوورەوە)، تێنەدەگەیشتین ئاخۆ یەکێک شوێنی تابلۆکان دەگۆڕێت یان هەر ئەوە شوێنی خۆیانە؟ چونکە لەبەردەم

دەرگای ژووری بەڕێوەبەریشـــــدا یەکێک لە پێنج تابلۆکە ئەوەبوو: (لێرەدا تف مەکە).

ناو فەرمانگەکە ڕۆشـن بوو، لەسـەر پلاکی گلۆپەکاندا نوسـرابوو (بە ڕۆژدا گلۆپەکـان ئیش پێ مەکە) کەچی لەپـاش داکوتینی ئەو تـابلۆیەوە، بێ پســـانەوە ئەو گلۆپـانە کـاریـان دەکرد. ببرای بیر نەدەکوژانەوە مەگەر لەو کاتانەی گرفتێکی کارەبایی ڕووی دەدا.

لافیتەیەک لە پەنا بۆکســـی کارەبا گشـــتییەکەوە داکوترابوو، لێی نوسـرابوو: (ترسـناکە... کەس دەسـت لەم بۆکسـە نەدات). دوا بەدوای ئەم لافیتەیە، هەمووان دەســـتیان لە بۆکســـەکە دەدا و بە دەوریدا دەهاتن و دەچوون. ڕاڕەوەکە پڕ ببوو لە قنگە جگەرە.

کابرایەکی زلەی چوارشـانە خۆی بە ژووریدا کرد. یەک وزقە تفی کردە سەر زەوییەکە، منیش زۆر تووڕە بووم و بە دەست ئاماژەیەکم بۆ ئەو و تابلۆکە کرد، وتم: ئەوە خوێندەواریت نییە کابرا؟

کـابرا کەمێک تەریق بوویەوە و وتی: بەرەوەڵا بەڵام حەزم کرد بزانم ئەگەر تف بکەم چی دەبێت.

لە مانگی ســـێهەمدا هێندەمان زانی بەڕێوەبەر لە هیچکوێ دەنگی نەما، نەدەهاتە فەرمانگە، ئەوەی کە لە ژیانیدا یەک قەدەغەی پێشـێل نەکردبوو، ئەوەی دار و نەداری فەرمـانگەکەی بە تـابلۆ ئـاوێزان کردبوو؛ بەڕاســتی بەبێ هیچ ئاگادارییەکی پێشـوەختە ون بوو بوو. بەو پێیەی نەچووبوویە مـاڵەوەیش، ژن و منداڵەکانی زۆریان مەراق کردبوو...دوو ڕۆژ هیچکوێ نەمـا بۆی نەگەڕێن، ســـێهەم ڕۆژ ئەمیندداری خەزێنە کاتێک چووبوویە خەزێنە، لەوێ دەنگی بیسـتبوو، لە نهۆمی دووەم... ئەوێ زۆر بە کەمی بەکار دەهات، هەر کە دەنگی



Scanned by TapScanner

بیستبوو، خێرا هات وبە برادەرانی گوت... هەموومان دەستمان لە کار بەردا و خێرا چووینە لای. چووینە پارمەتی بەڕێوەبەر.. دەڵێم پارمەتی... لەبەر ئەوەی لەوێ گیری خواردبوو، وەک ئەوەی ئابڵۆقە درابێت ئاوەها تەوق درابوو..تو خوداتان ئەگەر بۆتانی باس نەکەم چۆن ڕوویدابوو...

بەڕێوەبەر لە یەکێک لە دەرگاکانی ڕاڕەوەکەوە چووبوو کە لە دەرەوە تابلۆی قەدەغەی پێوە نەبووبوو، ویسـتبووی لە دەرگای دووەمەوە بچێتە دەرێ، کەچی بینیبووی لە دەرگا نوسـراوە (چوونە دەرەوە لەم دەرگایەوە بە هەموو شێوەیەک قەدەغەیە). بەڕێوەبەریش کە لە هەموو ژیانیدا یەک قەدەغەی پێشـێل نەکردبوو، بێگومان ئێسـتایش قەدەغەیەک پێشـێل ناکات کە خۆی فەرمانی پێکردووە. ویسـتبووی لەو دەرگـایەیشـەوە بچێتەوە دەرێ، کەچی لەویش نوسرابوو (خەتەرە، دەست لەم دەرگایە نەدەیت).

بەڕێوەبەری بێحاڵ، لەملا بۆ ئەولا دەچوو، ئۆقرەی لەبەر برابوو؛ نەیدەزانی چی بکات، بۆخۆی لێرەدا تەوق درابوو. نەیشـی دەتوانی جگەرەیش داگیرسـێنێت لەبەر تابلۆی (جگەرەکێشـان قەدەغەیە) و (فڕێدانی قنگەجگەرە و شقارتە لەسەر زەوییەکەدا قەدەغەیە).

ئەمبەر و ئەوبەری دەرگا یەکمان دەدواند..

پێمـان گوت: لە پەنجەرەکەوە خۆت بهـاوێژە دەرێ جەنـابی بەڕێوەبەر، ئێمە لەمدیوەوە پارچە کوتاڵێکت بۆ هەڵدەدەین تا خۆت هەڵدا بکەوینە ناوی و بەر زەوی نەکەویت.

دەیگوت: ناتوانم دەسـت بە پەنجەرەکانەوە بدەم.. ئەوەتا لەسـەری نوسراوە (پەنجەرە کردنەوە قەدەغەیە).



Scanned by TapScanner

شتی دیکەی زۆری وت... بەڵام ئێمە هیچی لێ حاڵی نەبوین...یەکێک لە هاوکاران گوێ نابوو بە دەرگاکەوە تا ببیستێت:

لێمان پرسی: بۆچی سەبرۆکە و سوک قسە دەکەیت؟

دەیگوت: ئەوەتا نوسراوە بە دەنگی بەرز قسە مەکەن.

نەمانتوانی بەڕێوەبەرەکەمان لە بەندیخانەکەی خۆی قوتار بکەین.

خزم و ناسیارانی گوتیان: ئەگەر لەوێ لەبرسانیش مردبێت، یەک یاسا پێشێل ناکات...

ئەمجارە خۆی خۆی قوتار کرد...

هەرۆن و خێرا خۆشـــنوســـم بۆ بانگ بکەن با بێت و بنوســێت: (چوونەدەرەوە لەم دەرگایەوە قەدەغە نییە).

خێرا تابلۆ نوسرا و لەژێر دەرگاوە فڕێ درایە ژووری. هەڵی گرت و خستییە سەر دەرگاکە و هاتە دەرێ...

*** ***



Scanned by TapScanner

بـابەتەکە بەو جۆرە نییە کە تۆ دەیزانیـت ئـاغـام.. ئیمە ئەگەر بمانزانیایە، چۆن هەڵەیەکی وامان توش دەبوو؟ گوێ ڕادێرە..

دەتوانیت ئاواییەکە لە حەوشەی قاوەخانەکەوە ببینیت!

موختار زۆر بەپەلە چوویە دەرێ... بە شـەپەشـەپ خۆی گەیاندە حەوشەی قاوەخانەکە... مام خدر پێی وت:

- خودا لە هەواڵی بەد بمانپارێزێت.. چ باسە؟

موختار وتی:

- بەڕێز قەدری دێت!!

کەمێک سـڕ بوون.. تەنانەت داودی قاوەچی دەستـی بە چاییەکەی کە دەبوایە بیبردایە بۆ سلێمانی بەقاڵ وشک ببوو.

پاش بێدەنگییەکی قووڵ.. مام خدر لە موختاری پرسی:

- ئەوە هەر بەڕاستە موختار؟

موختار وتی:

- ئێستا لە پۆلیسخانەوە پەیوەندییان پێوە کردم.

بێدەنگ شوێنی خۆمم چۆڵ کرد... هەوڵمدا لە پشتی قاوەخانەکەوە بۆی دەرچم و مـاوەیەک لە هـاوینەهەوارەکە بمێنمەوە... مـاوەی مانگێک.. یەکەمجار وتم دەچمە ئەدەبخانەکە و کەمێک دەمێنمەوە.. ئەدەبخانەیش لە سەرەوە و پێشەوە بەتاڵە... سێ لاکەی دیکەیشی بە گوێنی دەورە دراوە... موختار لە پشتەوە هاواری لێکردم:



Scanned by TapScanner

- بۆکوێ مل دەنێیت؟ مەگەر نەتبیســـت وتم قەدری ئەفەندی دێت.. برۆ و بە بەگ بڵێ بەرخێک بدات بە زەویدا... ئەم ئێوارەیە داوەتخوانییە.

-

لە جێگەی خۆمدا سڕ بووم... موختاریش ڕووە و داوودی قاوەچی ڕۆیشت و وتی:

- بە سلێمانی بەقاڵ بڵێ: چەند شەختە سەهۆڵێک دەرهێنێــت، ســەهۆڵاوێکی چاک بکات و ئارەقەکەیان تێهاوێت تا جوان ســارد بن بۆ ئێوارە... ئەگەر قەدری ئەفەندی بڵێت ئارەقەکە گەرمە، ئەوە گۆڕمان بۆ هەڵکەنراوە... یەکەمجار تۆ زیندەبەچاڵ ئەکات.

داوودی قاوەچی ڕۆیشت... بەڵام مام خدر مایەوە و وتی:

- کەی دێت؟

موختار کە هەردوو دەستی لەسەر کەلەکەی دانابوو، وتی:

- بەڕێوەیە.

مام خدر هەستایە سەرپێ بەدەم قسەکردنەوە:

- ئەی خاک بەســـەرم... ئایا دەتانەوێت بەبۆنەی ئەو کابرایەوە غەزەبمان بەسەردا بباریێت؟ هەستن دەی ببزون.

هەریەکەمان و بە ئاڕاســـتەیەکدا چووین. منیش خێرا خۆم گەیاندە لای باوکم و خەبەرم دایە.

قســـەم لەزار دەرپەڕی و دەرنەپەڕی، بە هەردوو دەســت دای بە ئەژنۆی خۆیدا و وتی ئاخ... ئینجا دایکمی بانگ کرد:

- هۆو ژنە هۆو.. خێراکە..

قەدری ئەفەندی... ئاغایەکی وەجاغزادەی خاوەن سەرمایە و ئوتێل بوو لە شـــار... ســینەمای هەیە، قاوەخانە و بازاڕ و ســەرا و چەندین شـــتی دیکە کە من نایانزانم... ناجی یش، ئەویش ســیاســییەکی بەناوبانگی ئەم ناوچەیە و لە زۆرێک لە کارە گرینگەکانیدا پشـــتی پێ دەبەستێت و ڕاوێژی پێ دەکات.



Scanned by TapScanner

یەک بنیادەمم تا ئێستا نەبینیوە خۆشی گەرەک بووبێت... بەتایبەتی مەردومی ئەم ئاواییەی من، بەقەد سـەگ رقیان لێیە. بەڵام بۆ خودا قسـەبکەم، زیانی بۆ ئەم گوندەی ئێمە نییە، هەرچەند هەمیشـە دەموچاوی ئەڵێیت پیرەژنی دۆ ڕژاوە. نە بزەیێ... نە پێکەنینێ... هەر دەڵێیت وەحشـە وەحش... قسـەکانی فام ناکرێن.. کاتێک قسە دەکات، تەنها گوێت لە چەند فلتەفلتێک دەبێت؛ هێندە هەیە لە تۆنی دەنگییەوە دەزانیت ئەوە جنێو بە دایک و خوشـک دەدات و تەواو... نەمدەزانی ئەم گشـتە متمانەبەخۆبوونەی لەکوێ بوو.. سـوکی ڕسـوا.. باشـە تۆ عەریفیت یان والی لە پۆلیسـخانە؟ ئەگەریش تەنها قەدری ئەفەندیت، ئەوا تەنها گەورەی خۆتیت و هی هیچکەسی دیکە نیت!

مقۆ مقۆ کەوتبوویە ئەو ناوەوە، دامەنی کراسـەکەی سـولێمانی بەقاڵ ئاوری تێبەر بووبوو.. مام خدر وتی:

دەهۆڵ و زوڕنام بۆ ئامادەکەن؟

بەهۆی پشـووەوە مامۆسـتا لێرە نییە.. حەسـیب کە مجێوری مزگەوت و چاودێری قوتابخانەکەیش بوو، تێکڕای منداڵانی لەسـەر شەقامی پێشوازی ڕیز کرد.

ئاواییەکەمان بیچمی ناحیەیەکی گرتبوو، گەورە بوو، بەڵام نیوەی خەڵکەکەی ئامادە نەبوون... بەڕاسـتی نزیکە بەر خەشـم و غەزەب بکەوین.

دەمی زەردەپەڕ، ماشـێنێکی جیب لە کەلەی ئاواییەوە سـەری دەرێنا.. لە نەریتی قەدری ئەفەندی بوو ئاوا بە ئاپۆرەی سـەیارەوە خۆی بە ئـاواییەکەمـانەوە بنێ... هەمووان نـاوچاویـان تـاڵ چونکە دیسانەوە ئەو قەدریە پیسە دێتەوە بۆ لایان.. گشتی بێزار بوو...بەڵام چاریش نەبوو.. لە ترسان هاتبووینە پێشواز.

موختار وتی:

ئادەی خێرا کۆبنەوە؟

لە ســـیبەرەکە دەرپەڕین و چوینە بەرخۆر.. مام خدریش دەمی کردەوە:

- ئەوە خەڵکینە چیتانە؟ دەی زەردەخەنەیک شتێک بکەن..

- پێکەنین لەکوێوە بێنین کە ئێمە گریانمان بەڵێو بەند کردووە.

خۆ ئەو هەر کە لەســەیارە هاتە خوارێ، دەســت بە جنێوە پیســەکانی دەکاتەوە..

- بەخوا ئێوە قەت نابن بە بەشەر.

- زۆر دوورن لە شارستانیەت.

- تفووو... چێرەتان خواتەوە.

جنێو دەدات... دەخوات... دەخواتەوە و ملی دەشـــکێنێت و دەڕواتەوە.

سەیارەکان گەیشتن.. موختار بە مامیشی دەهۆلکوتی وت:

- ئادەی بوکتە باوکی دایکم.

دەهۆڵ و زوڕنا گەرم بوون.. هەندێک ئاوازیان بەگوێدا کردین. کابرایەک لە ســـەیارەی جیپ دابەزی، بەڵام قەدری نەبوو. سـلێمانی بەققاڵ وتی:

- ئەوە چییە موختار؟ خۆ تۆ وتت قەری ئەفەندی دێت؟

موختاریش حەپەسابوو.. وتی:

- خەڵکینە ئەوە قەدری ئەفەندی نییە؟

- وتیان نەخێر.. تەماشـــای بکە... ئەوەتا پێدەکەنێت... ئەو کەی پێدەکەنی... نور و ڕۆشـــنایی لە قەدری ئەفەندی ســـڵ دەکەنەوە و هەرگیز توخنی ناکەون.

هاتوو زۆر لە قەدری ئەفەندی دەچوو، بەڵام ئەو نەبوو. هەر کە لە ماشـێن پیادە بوو، باوەشـــی بە مام خدردا کرد و توند دەســـتەکانی گوشی... ئینجا وتی:



Scanned by TapScanner

- حاڵت چۆنە مام خدر؟ ئیشائەڵلا زۆر باشی؟

خدری واز لێهێنا و نزیکی موختار بوویە و یەک ماچی مەحکەمی کرد... ئینجا باوەشـــی بە بابمدا کرد و لەگەڵ حوســـێن ئەفەندیدا شـانەوشـــان چوون تا ئەو شـــوێنەی قوتابییەکان ڕاوەسـتابوون... دانەیەکیانی لەئامێز گرت و هەڵیدا بەرەو ژوور و گرتییە و کەمێکیش مشتی قوچاوی منداڵەکانی کردەوە و شتی تیدا دەشـاردەوە و ئینجا دوو چکلێتی توند لە مشـــتی حەشـــاردابوو، منداڵان دوو دوو بە زەبرەوە خەریک بوون مشـــتی قوچاوی بکەنەوە چکلێت دەرێنن و بیخۆن... خولاســـە گەمە و یـارییەکی کورتیلەی لەگەڵ کردن. ئەو کاتەیشی یەکێک لە منداڵەکانی ماچ کرد، گوپی یەکپارچە بوویە چلم...

داودی قاوەچی سەبرۆکە بە شۆفێری جیبەکەی وت:

- پیم نالێیت ئەوە کێیە؟

- نایناسیتەوە؟ ئەوە قەدرییەفەندییە.

- ئـای خۆ ئەم کـابرایە تەواو گۆڕاوە.. بەڕاســـتی بووە بە بەشەرێکی ڕاساڵ.

ئەو لەپێشـەوە دەڕۆیشت و ئێمەیش بەدوویدا. بە ئاڕاستەی سـەر و فەسالیدا دیار بوو سەرێک لە قاوەخانە دەدات...تەپڵ و زوڕنا هێشتا لە لێدان نەگەوتوون.. لە گشت لایەکەوە گول دەگرنە قەدری ئەفەندی... ئەویش بە چەپ و ڕاستدا زەردەخەنە پەخش دەکات.

بابم گوتی:

- هەبێ و نەبێ هەڵبژاردنەکـان نزیکن، ئەگینا ئەم کـابرایە بە پلایسیش پێکەنینێکی لێ دەرنایەت.

- مجێوری مزگەوتەکەمان ، حوسێنەفەندی وتی:

- لەبەر هیچ شـــتێک نییە، هەر خۆی کـابرایەکی ڕووش و خاسە.

هەموو لە حەوشـــەی قاوەخانەکە دانیشـــتن... کوپێ چا دابەش دەکرا.. قەدری ئەفەندی بوو بوو بە کابرایەکی دەم گەرم.. پرســـیاری



Scanned by TapScanner

لەبارەی گرفت و کێشـــەی خەڵکەکەوە دەکرد... لەناکاو لە جێگەکەی ڕاپسکا... وتی:

- داوای مۆڵەتتان لێ دەکەم هەرچەندەیش مرۆڤ تێر ناخوات لە دانیشتن لەگەڵ ئێوەدا...

موختار کە دەستێکی لەنێو دەستی قەدریدا بوو.. وتی:

- ئەمـان ... گیـانی خۆت گەورەم، ئەگەر تـا ئێوارە لەگەڵمـان نەمێنیتەوە.. کەبابمان بۆ سـاز کردوویت و شـوشـەی ئارەقەکان وا لەناو سەهۆڵاودان.. ئینجا حەڵوامان دروست کردووە، هەر شایەن بەو دەمەی خۆتە.

- خودا پایەدارتان بکا... خوا سـەرفرازی دنیا و قیامەتتان بکا... ئەوەی بۆ منتان سـاز کردووە، خۆتان نۆشـی گیانی بکەن.. هەزارجار بەنۆشـی گیانتان بێت... خۆ ئێوە یەکجاریش سـەرێ لە شـار نادەن و نایەنە دیدەنیم تا منیش شـــتێکتان بۆ ئامادە بکەم... هەر نایەن بزانن تەندروستیم چۆنە و چۆن نییە!

وەڵا گلەییم لێتان هەیە... ڕۆژی سـێشـەممە دەڵێیی هەموتانم.. بێن تا بخوێن و بخۆینەوە.. ڕادەبوێرین و دەچینە هەوایەکی دیکەوە..

ئەوەی لەوێ بوو ئەبلەق بوو بوو...

- سـێشـەممە چاوەڕێتانم.. بیرتان نەچێت... ڕۆژی سـێشـەممە هەر لە سـپێدەدەمەوە... ئەگەر یەکێکتان نەیەت، چیدی تەماشـــای ڕوخساری ناکەم.. سەردانی ناوچەکەیشتان ناکەم...

دەستی خستە سەرشانم.. منیش وتم:

- گشت گشتمان؟

وتی : گشت گشتتان.. لە حەوتەوە تا حەفتا...

سەبرۆکە دەستی خستە سەرشانی حوسێنەفەندی و وتی:

- هەمووتان ڕۆژی سێشەممە ئامادەن لە شار.



Scanned by TapScanner

هەندێکی دەســـت لەملان کرد و هەنێکی ماچ و هەندیکی تەوقە و دەستیشی دەهێنا بەسەرشانی هەندیکدا... ویستی دەستی مام خدر ماچکات، بەڵام مام خدر لەتاو حیرەت دەستی بردە پشتیەوە...

- ئەمان ئەستەغفیروڵلا.

قەدری ئەفەندی سواری سەیارەکەی بوو، لە جامەکەوە بەدەم بای بای کردن بە دەستی، دەیشیگوت:

- رۆژی ســێشـــەممە چاوەڕێتانم.. ئەگەر یەک کەســتان دیار نەبێت، من لە هەمووتان زیز دەبم.. ئەوەی وت و ڕۆیشت.

مام خدر وتی:

- ئای کە پیاوێکی ئاکاربەرز و خۆش ڕەفتارە...

بابم گوتی:

- بینیتان چەندە خاکییە؟ لەگەڵ خۆبەزلزانیدا حەفتا فەرسەخیان بەینە...ئەوەتا لەگەڵ خەڵکی گونددا هەر وەک هیچ جیاوازییەکی نەبێت ئاوەها دەدوێت.

داوودی قاوەچیش خۆی پێ نەگیرا وتی:

- نمرە یەکە لەم نیشـــتمانەدا.. کێ ئەتوانێ هاوشـــانێکیم بۆ بدۆزێتەوە؟

موختار پلپە پلپ وتی:

- ئای کە دڵێکی میهرەبانی هەیە... ئەگەر یەک قەدری ئەفەندی دیکەمان لەم سەرزەمینەدا هەبوایە، ئێستا حاڵمان جۆرێکی دیکە بوو.

سلێمانی تەرەفرۆش وتی:

- ئێمە لە وشــکانی و لە ئاویشـــدا هەر شـــانازی بەم جۆرە کەسانەوە دەکەین (سولێمان هیوایەتی ئەم جۆرە قسە جیاوازانە بوو).

ئەمنیش بە دەوروبەرەکەی خۆمم گوت:

- ئەگەر قەدری ئەفەنـدی بیگوتـایە بمرە، لە جێگـای خۆمـدا دەمردم. ئای قەزای لە گیانم.

***

پێنج ڕۆژی مابوو هەتا ڕۆژی سێشەممە.. خۆئامادەکردن سەرتاپای دەڤەرەکەی تەنیبوویەوە... نانی قەدریەفەندی دەخۆین.. پێکەوە جامی بادە لەیەک دەکوتین.. هێندێک پۆشاکی نوێیان ئامادەی پۆشین کردبوو، هێندێکیش چووبوونە شار تا هەندێ سپیالی تازە بکڕن.

شەوی سێشەممە یەک کەس لە گوند نەمایەوە مەگەر مەلۆتکەی ساوا و دایکەکانیان.. بە ئەسپ و عارەبانە و پیادە ملی ڕێگەمان گرتەبەر.. نیمەڕۆژە گەیشتینە شار، چیمان دیت؟ تا ئێستا قەرەباڵغی وەهام نەدیتبوو.. شوێنێک هەبوو وەک دەروازەی شار و بە لێواری شەقامەکانیدا درەختی قنجی سەرکەشی سێبەردار تا چاو بەرایی دەدا دەبینران...شوێنێکی لێبوو کە باڵەخانەی حکومەت بوو، مەردم لەوێ دانیشتبوون، عارەق نۆشینێک بوو ئەوسەری دیار نەبوو... لەسەر ئەو پل و پۆشە دەگەوزان ئەتگوت فەرشی هەزار شانەیان بۆ ڕاخراوە.. هەر کە ئێمەیان بەدی کرد، خێرا هاتنە پێشوازمان و پێیان گوتین:

– فەرموون ئاغاینە فەرموون...

موختار حەپەسابوو.. کەمێک ئەبڵەق ببوو ئینجا تێی خڕاند و وتی:

– دەستم دامەنتان... ترسم هەیە هەڵە هاتبین.. بخۆین و بخۆینەوە و دواتر پارەکەیمان لێسێنن.

مام خدر وتی:

– ئەوەیان ئاسانترە کە داوای پارەکەمان لێبکەن... من لە شتی دیکە ترسم هەیە.

** **

لەژێر هەر درەختێکدا دەهۆڵ و زوڕنـایەک هەبوو؛ مـاوە نـا ماوەیەکیش تیپێکی مۆسـیقا و ئاوازی خۆش خۆش دەبیسـترا.. لە هەندێک لە جێ سێبەرەکانیشدا سەمای نەرمە سەما و ...... دەبینران.

داودی قاوەچی بە پێشوازیکەرانی وت:

- چاوی ڕاسـتم، ئێمە بۆ زیارەی سـەید قەدری هاتووین.. پێویستە بیبینین.. دەترسێین لە شوێنێکی دیکە بێت..

- ئەهلەن وە سەهلەن.. پێڵاوتان بان چاو... ئەمە خوانی سەید قەدری یە، ئێمەیش بەردەسـت و پیاوی ئەوین...فەرموون... سـەرەتا چاوێک بخەن بزانن لەکوێ ئیسراحەت و ئارامن لەوێ دانیشن.

- بخۆنەوە... بنۆشن.

- دەخۆینەوە تا ئەو دایکەی دەدەین بە ........... دا.

- هەمانبوو داوای سـوراحییەکی دەکرد، سـوک دەیرشـتە بنی دارەکە و داوای سوراحییەکی دیکەی دەکردەوە... بێپسانەوە شەرابمان بۆ حەواڵە دەکرا و ئێمەیش دەماننۆشی...ئەوەندەمان نۆشی تا بووینە کونە..

مجێوری مزگەوت هاواری کرد:

- شەرابی شاهانەی جۆری لیکۆرم دەوێت؟

- کام جۆرەت ویست ئاغام.

- لیکۆر لیکۆر...

تۆ سـەیری مجێور ناکەیت؟ باشـە لەکوێ نێوی ئەم شـەرابانەی ئەزبەر کردوون؟

- فەرموون..

- شوشەی لیکۆر گەیشتێ... حوسێن بتل دوای بتڵی دەنۆشی، دەتگوت بەتەمایە تەنکەر پڕ بکات..

حوسـێن ئارەقەکانی نیوە نیوە دەکرد، واتە نیوەی لیکۆر و نیوەی عارەقی دیکە، ئینجا هەڵی دەدان... دەیگوت وا بەتامە وا..

موختار فلتاندی:

- ڤۆدگام فریاخەن... خێرا فریایان خست...
- مام خدر دەیگوت:
- حەپۆلینە ئەوە لە بەیـانییەوە داوای کۆنیـاک دەکەم، بۆچی نامگەنێ؟
- بێلی کۆنیاکی ڕاگەیشـــتی.. خدرەفەندی کۆنیاک و شـــەرابی ئاوێتە دەکرد و بەپەلە پەل زەهری دەکرد.

بەڵام ئێمە تـاقمی گەنجـان، ئەوانەی کە مـافیـان نەبوو لەبەردەم باوکیاندا ســـەر گەرم بکەن، هەروەک چۆن بۆمان نەبو لەبەردەمیاندا تف بکەین، چووبووین و دووراودوور دەمانخواردەوە...

بەو پێیەی هەموو جۆرەکانی شـــەرابمان نوش کرد، لە هاوڕێکانم پرسی:

ئەری ناوی جۆری دیکەی شەراب پێ دەزانن؟
- بەڵێ پێدەزانین بەڵام لێرە نییە..
- چ جۆرێکە؟
- ویسکی..

بە قیژە و قیرە... وتمان ویسکیمان فریا خەن..

هەندەی دەتگوت یەک و دوو، یەکێک بە سێ شوشە ویسکییەوە لە ڕاسەرمان قوت بوویەوە..
- فەرموون تازە ئاغاکان...

تۆ بڵێیـت ڕێکخراوی تکـل (ڕێکخراوی حوکمی بۆ خواردنەوە ڕۆحییەکان و ســیگار و خواردەمەنییەکان) لەســـەر دەســـتی قەدری ئەفەندی کرابێتەوە؟

پیاوانی ئاوایی ئێمە و ئاواییەکانی دەوروبەر لەوبەرمانەوە کەمێک دوور، دانیشـــتبوون. هەنـدێکی لە جەمـاعەتی قەرەچەکـان دیکەیش لەوبەری جۆگە ئـاوەکەوە خێمەیـان هەڵـدابوو؛ بەزمیشـــیـان گەرم کردبوو...

حوسێنی مجێور مەحکەم قیڕاندی...

- ئەرێ گەنجینە توخودا لەپاڵ ئەم قەرەچانەدا ئارەق بە ئیسراحەت خوراوەتەوە؟ تەماشا لە هەر چوار لاوە ئابلۆقەیان داوین..

خەریکی مشتوومڕی ئەو بابەتە بوون، قەدری ئەفەندی گەیشتی و ئەوانیش لەبەر ڕێز، جامۆلکەی دەستیان خستە پشتی قونگیان...

- ئەهلەن وەسەهلەن ئاغاینە...

قەدری ئەفەندی خۆی بە دەســـتی خۆی جامۆلکەی بۆ هەموویان پڕ کرد...

باوکم قڕەی لێ هەستا و وتی:

- بخۆنەوە گەنجینە بخۆنەوە...

مام خدر گوتی:

تو سەری خۆت ئەگەر ئەوانە دەر نەکەیت... ئەو قەرەچانە!

هەقتان نەبێت بەسەریانەوە... ئەوانیش وەک ئێوە بنیادەم... باوادەم بابی ئەوانە و بابی ئێمەیشە...

کوڕەکەی سولەیمانی بەققاڵ وتی:

- سا بەو خوایە من باوکم دەکوژم..

- بۆچی؟

- یەک کەس هەقی بەســـەرمەوە نەبێت، دەمەوێت بە یەک فیشەک تەپلەسەری ببەم بە حەوادا... ئەگەر یەکێکتان دەمانچەیەکتان پێیە، بەناوی مرۆڤایەتییەوە بمدەنێ توبی و خوداتان.

- ئێمە خەریکی بەزم و ڕەزمی خۆمان بووین، ســەرمان بە قڕەی موختار و مام خدر بەرز کردەوە..دەســـتیان خســـتبوویە بینی یەکدی... ئەم لەوی هەڵدەدا و ئەو شلپەی لەم هەڵدەستاند...

حوسێنی مجێوریش بەدەنگی بەرز هاواری دەکرد:

- های..... هێو های....ئەمڕۆ ڕۆژی تفەنگ و بڕنەوە.

- ئاورم تێبەربووە.. ئەمرۆ ئارام نابمەوە تا یەکێک ســـارد نەکەمەوە...



Scanned by TapScanner

-

جنگەڵبۆزی کەوتە ناو خەڵکەکەی دیکەیشەوە، هەرکەس پەلاماری ئەوی دیکەی دەدا... منیش چڵێکی دارەکەم شکاندەوە و شوڵێکی تەڕم لێ ساز کرد... هەرکەسم وەبەردەست دەکەوت، بە شووڵ گشت گیانیم تێک دەشکاند.. لەناکاو خۆمم بە چقلاوژووری° بەسەر زەوییەکەوە بینییەوە...بتڵە ئارەقێکیان لە سەرمدا شکاندبوویەوە.. مام خدر لەپەنامدا ئەوەی خواردبوویەوە هەڵیهێنایەوە... لێیشی دەپرسیم:

- ئەری هێو... چەقۆت پێ نییە؟

ئەگەر چەقۆم پێبان ئێستا هەشتا جەنازەم ڕیز کردبوون...

جارێکی دیکە قەدری ئەفەندی پەیدا بوویەوە و وتی:

- هاونیشتمانیانی خۆشەویست

هەمووومان هاتینەوە قاڵبەکەی خۆمانەوە...

قەدری ئەفەندی گوتی:

- ئێمە هەمووومان براین... خۆشەویستی یەکین.

داوودی قاوەچی گوتی:

- جا پێمان بڵێ کێ دوژمنتە با لە خوێنی سەری بخۆینەوە..

یەکێک قیراندی:

- دوژمنی قەدری ئەفەندی دوژمنی ئێمەیشە...

هێندەی نەبرد، حەوت سەیارە ئەو ناوەیان کردە تۆز و غوبار... گوێمان لە دەنگێک بوو دەیگوت:

- دەی هاوڕێیان..

دابارین بەسەر سەیارەکاندا بەدەم قیژاندن بەسەر سەرنشینەکانیدا..

- یوووووو

---

° - چقلاووور: ئەها یەکێک بە دەستوقاچی بڵاوەبووەوە بە زەویدا پان دەبێتەوە.

دەهۆڵژەنی لای ئێمە دەهۆڵەکەی هاویشتە یەکێک لە سەرنشینەکان و ڕێکیش مەبەستی تەوقە سەری بوو.. بەڵام دەهۆڵ نەگەیشتە شوێنی مەبەست و بەر سەری باوکم کەوت... باوکم تەختی زەوییەکە بوو... زوڕناکەیش کە زووڕناژەن ئەنگاوتبووی، بەر تەپڵەسەری مام خدر کەوت..

ئەو ساتەی ئێمە لەو کێشمەکێشەدا بووین، سەرنشینانی سەیارە بۆمان پیادە بوون و هاواریان کرد:

- پۆلیس زانی.

قەدری ئەفەندی پێی وتن:

- لێرە بڕۆن... ئەم خەڵکە ئێوەی ناوێت...

بەڵام پۆلیس پێی وتبوون:

- بڕۆن... ئێمە ئاگامان لێتان دەبێت..

سەرەتا پۆلیس گازی فرمێسکڕێژی بڵاو کردەوە..

نەمانزانی چی ڕوویدا... چیبوو لەناکاو ڕەنگی هەواکە گۆڕا.. هەر لەو کاتەی ئێمە خەریک بوو پەلاماری سەرنشینی ماشێنەکان بدەین، گازێک لەنێوانماندا بڵاو بوویەوە و لە هەموو لایەکەوە تەوقیان داین... بەڵام ئێمە تازە لە کاری خۆمان پەشیمان نەدەبووینەوە.. ناگەڕێینەوە... لە ناوەراستی ئەو تەم و دوکەڵەدا... لە لایەکەوە فرمێسک لە چاوم جاری و لە لایەکیشەوە بە تێلاکەم زرمەم لێ هەڵدەستاندن... **یەکێکیانم پەلکێش کرد و ئەوەندەم شەق لە سەر و فەسالی دا، خۆم بەزەم پێیدا هاتەوە و وازم لێهێنا... کە هەستایەوە، دیتم ئەویش یەکێکی گرت و بە شەق و شەپازلە حەقی خۆی لێ کردەوە...**

هەر لەو دەمەدا هەستم دەکرد بەرەو ئاسمان هەڵدەگەڕێم... مێندەی نەبرد هەستمکرد وا بەرەو خوارەوە دائەگەڕێمەوە.

ئیدی نازانم دوای ئەوە چی دیکە ڕوویدا... کاتێک چاوم هەڵێنایەوە، دیتم لە چۆمێکدام..

هەر لەو هەفتەیەدا خۆم گەیاندەوە ئاوایی.. لە هامان ڕۆژی کە من گەیشـــتمەوە گوند، مـامۆسـتـایش لە پشـوی دەگەڕایەوە.. بە ڕۆژنامەیەکەوە سلاوی لە حازریان کرد... لەبەر خۆیەوە دەیگوت:

- تووەهـ، چیتان کردووە؟
- چیمان کردووە ئوستاز؟

ئەوەی کردبوومـان.. لە جەریـدەکەی مـامۆسـتـاوە خەبەردار بووینەوە.

بەو شـێوەیە نییە ئاغام کە تۆ دەیزانیت... شـتەکان تێکەڵ و پێکەڵ بوون.. هەر بەو بۆنەیەشـــەوە ئەو شـــتە ئابڕووبەرانە قەومـان.. ئەوکـاتەی مرۆ هەموو جۆرەکـان عـارەق تێکەڵ بکـات و بیخواتەوە، کاری هەر بەو جۆرەی ئێمەی لێدێت...

## ورچە سەماکەرەکە

ئەوان چوار برادەرن.. هەر یەکە کاریکی جیاوازیان هەیە.
یەکەمیان کۆنە کریکارە، ڕاستر وایە بلێین پێشتر کریکار بووە. لەبەر ئەوەی کە ئیستا بووە بە سەرپەرشتیار، حسابی کریکاریکی ڕاستەقینەی بۆ ناکریت. هەر لەو کاتەوەی کارەکەی گۆڕیوە، سەرتاپای ژیانی و ئاستی بژیویشی گۆڕاوە.. جیهانبینیشی گۆڕابوو.. وەک کەسە ڕۆشنبیرەکان، مەیلی چووبوو بەلای گوێگرتن لە موزیک و ئەو شتانەدا. بۆ هەرکوێ دەڕۆیشت، ڕادیۆ و قەوانیکی چکۆلەکەیشی لە بندەست دەنا..
برادەری دووەم.. لادێنشین بوو.. بەلام لەو لادێییە هەژار و دەسکورتانە نا.. بەو کلۆجەیش دەولەمەند نەبوو کە دەستی بۆ ڕاکێشرێت.. بۆ خۆی لە کێلگە و مەزرادا کاری دەکرد.
قوتابخانەی هەر لە پۆلی دووەمی ناوەندییەوە نابوو بە تاقەوە[٦].. پتری کاتەکانی لە خانۆچکەکەی شاردا ڕادەگوزەراند.

برادەری **سێیەم** فەرمانبەری دەولەت بوو؛ داهاتێکی سنورداری مانگانەی هەبوو... موچەکەی سەروزیادی بوو، شوکری خودا پێویستی بە یەک کەس نەبوو... تاکە ئاواتی ئەوەبوو لەو تەمەنی کە ماویەتی، موچەکەی بمێنێت و کاریکی دیکەی سەرپێیش بکات.
خالۆی سێیەممان پیشەوەر بوو، لە خانووی کرێدا بوو، ئەم دوادواییانەیش ماشینێکی بە قیستی مانگانە ڕاکێشابوو.

---

[٦] - شتێک بنێیت بە تاقەوە، واتە وازت لێهێناوە... بۆ نموونە: بەخوا سەعیکردنم ناوە بەتاقەوە... سەعی ناکەم... کاتێک یەکێک شتێک دەخاتە سەر تاقی مالەوە، مانای وایە کاریکی ئەوتۆی پێی نییە و دەیەوێت لەوێدا عەمباری بکات.

ئەم چوار هاوەڵە، مەیلێکی سیاسی زۆر خەست و خۆڵیان هەبوو.. هەرکامیان مەیلی بەلای پارتێکی جیاوازدا بوو. ڕۆژنامەی جیاوازیان دەخوێندەوە.

کۆنەکرێکاری تازە سـەرپەرشـتیار سـەری بەلای **پارتی کۆمەڵی دیموکراتی دا** دەخورا.. ئەوەی گونـدنشـــینیش مەیلی بەلای **پارتی دیموکراتی گوندنشینان** دا هەبوو. هاوڕێی فەرمانبەریش لاگیری **پارتی گەلی کۆماری** بوو. خاڵۆی پیشـــەوەریش هەواداری **پارتی دیموکراتی لیبراڵی** بوو.

ئەی خاڵی کۆکەرەوەی ئەم چوار کەســـە بیرجیاوازە کارجیاوازە ڕۆژنـامەجیـاوازە دەبێـت چی بێـت؟... هەرکـامیـان ڕۆژنـامەیەکی دەخوێندەوە کە ئەوی دیکەیان حەزی لێی نەبوو. خاڵی کۆکەرەوەی هەر چواریـان بریتی بوو لە دژایەتیکردنی پـارتی پێنجەم. ئەم پـارتە بووبوویە مایەی گەرمکردنی برادەرایەتی ئەم چوار مێرخاسە.

ئەم چوارە بڕیاریاندا ڕۆژی یەکشـــەممە چوارقۆڵی بچنە دەرەوەی شار بۆ بناری کێو و دارستانەکە تا کەمێک هەوای شان بە با بکەن و، لەم قرم و قاڵەی شار ڕزگاریان بێت.

لە بولێڵی[7] یەکشـــەممەدا، هێشـــتا خۆر لە هیچکوێوە دیار نەبوو، بە مـاشـــێنەکەی هـاوڕێی فەرمانبەر ملی ڕێگەیان گرتەبەر.. هەرچی کە پێویســـت بێت لە خواردەمەنی و نۆشـــەمەنی و تفاقی ڕێگە، هەموویان پێچابوویەوە.. برادەری سەرپەرشتیار قەوان و ڕادیۆکەی لەگەڵ خۆی هێنابوو. هاوڵە فەرمانبەرەکەیشیان گشت ڕۆژنامە تازە چاپکراوەکانی هێنابوو... گوندنشـــینەکەیش تەورێکی بۆ پارێزگاری هێنابوو، نەبادا شتێکی خراپ بقەومێت..

---

[7] - بولێڵ: سبەینان و ئێواران کاتێکدنیا لێڵ دەبێت.

پاش دوو کاتژمێر لە ڕێگەبڕین، گەیشـــتنە شـــوێنێکی دڵخواز.. ماشـێنیان لە جێگەیەک پارک کرد و بەرەو ژوور هەڵگەڕان. شـنەی شـەماڵ کەمێک لە گەرماکەی لە کۆڵ کردبوونەوە.. بار و بنەیان خست؛ سەرپەرشتیار قەوانی بۆ خستنە سەر گۆرانی و بەزم؛ دۆستی گوندنشـینیش بە یەک چاوپرتاندن ئاگری خۆش کرد، فەرمانبەرەکیش پستەی لە شوشـەی مەکان هەڵسـاند و پیشـەوەرەکەیش خۆراک و میوەی بەسـەریاندا دابەشـکرد و ترێی بۆ خسـتنە ناو سـەهۆلاوە و، خێرا بەخێرایش زەڵاتە و موقەبیلاتێکی بۆ ئامادە کردن.

لەدەوری پێخۆر کۆ بوونەوە، قسەوباس تا دەهات گەرمتر دەبوو. سەرپەرشتیار کەوتە قسە:

- لە ماڵێدا بەردەوام خەریکی ئەم قەوانە و گوێگرتنم. ئەوە ئەو کاتانەی کە لە گەرماوم، هەر تـامی نـابڕێتەوە، لەگەڵ خۆمی دەبەمە ژووری. تێبینی ئەوەم کردووە ئەگەر گۆرانییەکە هی بادان و سـەما بێت، ئەوا منیش بەخێرایی سـەرم دەشـۆم، ئەگەر گۆرانی خاو یان خەمینیش بێت، ئەوا هەر بە نەرمە نەرمە سەرم دەشۆم..

-

فەرمانبەرەکە گوتی:

- ئای چ ڕێکەوتێکی سەیرە.. منیش وام. ئەگەر گۆرانییەکە خێرا بێت، منیش ترۆمبێلەکەم خێرا بە پێی ڕیتمی مۆسـیقاکە دەئاژووم.. بەڵام ئەگەر خاو بێت، منیش ماشێنەکە بە هێواشی لێ دەخورم.

ئەوجا خزانە نێو باسی سیاسەت. هەریەکە لاگیری حیزبێکە. بەڵام هێندە هەیە حیزبەکانیان هەموویان لە تەقالای بەرزکردنەوەی شـان و شەوکەتی نیشتماندان. هێندە هەیە، هەرکامیان بیر و ئایدیا و پڕۆژەی تایبەت بەخۆیان هەیە لە بەرەوپێشـبردنی نیشـتمانەکەدا. بەڵام ئەو حیزبی پێنجەمەی کە ئەمـان بە دوژمنی خوێنخۆری دەزانن، کار بۆ بێگانەکان دەکات، واتە خیانەتکارە بە گەل و نیشتمان.

ســـەرانی ئەم پارتە، گیان و ماڵیان بە ئیبلیس فرۆشــتووە.. خیانەتکاری هەقیقی ئەمانەن... پڕ بە زاری خۆیان جنێویان دەدانی.. ئەوەی تا ئێســتا لە منداڵییەوە لە جنێو و قســەی قۆڕ فێری بووبوون، پێداچوونەوەیان بە هەموویاندا دەکردەوە. لە کاتی تەماشــاکردنی ڕۆژنامەی ئەو پارتەدا، لە ڕووپەڕەکەیدا نوسرابوو: (پێویستە لەسەر هەموو چینەکانی کۆمەڵگە لەگەڵ کرێکار و فەرمانبەر و پیشـــەوەر و گوندنشینەکاندا یەک بگرن و هاوکاری یەک بن). لە ڕووپەڕێکی دیکەدا نوســـرابوو (ئێوە بە دەســـتی خۆتان، خۆتان خســـتووەتە باوەشی دوژمنەوە). لە شـــوێنێکی دیکەیشـد نوســـرابوو: (دۆســـت و دوژمنی خۆتان بناسن).

کرێکارەکە وتی:

- ئێمە خۆمان دەزانین کێ دوژمنی ڕاستەقینەمانە.

ڕۆژنامەکەیشی توند فڕێ دا..

هەر کە جامەکەیشــی بەتاڵ دەبوویەوە، بە یەک هەناســە لێوڕێژی دەکردەوە... کەشــەکەیان گەرم کردبوو... گوندنشــین لەگەڵ قەوانەکەدا گۆرانییەکەی دەوتەوە... پیشەوەر وتی:

- گوێم لە دەنگێکی نامۆیە بەرەو ئێرە دێت... ئێوە نایبیستن؟

کرێکار وتی:

- چاوەکەم ئەوە دەنگی خەتی پشت گۆرانییەکەیە.

- نەخێر... گوێم لە هنکەهنکێکە (هن..هن) وا بەرەو ئێرە بەدەم هەناسەبڕکێوە دێت.

خاڵۆی فەرمانبەر کە لەگەڵ موزیکەکەدا سەمای دەکرد.. وتی:

- وام گومــانە بەتەواوەتی ســـەرت گەرم بووە و گرتویتی؟ چاوەکانت هەڵنایەن.

لەناکاو سەماکەی وەستاند... نێرە ورچێکی بینی بەرەو لایان دێت. بەڵام کـابرای لادێیی لەبەر ئەوەی بە پێچەوانەی ئـاراســـتەکەوە

دانیشتبوو، ورچی نەبینی... پیشەوەر هەر کە ئەوەی دیت، خۆی کرد بەناو دارستانەکەدا و گوێیان لە دەنگی سەیارەکە بوو ڕۆیشت.

کرێکارەکە هەستی کرد پیشەوەرەکە ڕۆیشت، بەڵام فەرمانبەرەکە ڕەنگی زەرد هەڵبڕسکابوو، لە ترسان قاچی ڕێگەی نەدەبڕی..

کاتێک لادێییەکە ورچەی بینی بەرەو لایان بە دەمی داچەقاوەوە منکەمنک دێت، خۆی لە پشتی دارێکی ئەستورەوە شاردەوە، بەڵام ورچە هەر کۆڵی لێ نەدا، بە دەوری دارەکە بەدوایدا دەسوڕایەوە..لادێنشین هەرای دەکرد و ورچیش بەدوویدا.

بیری کردەوە بە دارەکەدا هەڵزنێت، بەڵام خۆ ورچیش دەتوانێت بە داردا هەڵزنێت.. ئەگەریش هەڵێت، ئەوا ورچە بە ئاسانی دەتوانێت بیگرێتەوە. بۆخۆی تاوێک بە ئاراستەی میلی کاتژمێر و تاوێکیش بە پێچەوانەوە دەخولایەوە بەشکو بتوانێت ورچەکە شەکەت بکات یان بیخەڵەتێنێت... بەڵام ورچە ئەوەندە تورە بووبوو، دەیویست درەختەکە بە چنگوول بکوڵێت و دواتریش بیشکێنێتەوە و ئەو کابرایەی دەستگیر بەنێکی هلۆف هلۆف پێکەوە بەست و هاواری کرد: بە

- هاورێیان ورچەکەم ڕاو کرد.. لە پشتەوە وەرن و شتێک بکێشن بەسەردا تا بتوپێت.

کرێکارەکە کە لە پشتی ماشینەکەوە خۆی شاردبوویەوە، دەیوت:

- بە چی لەسەری ئەو ورچە زەبەلاحە بدەین؟

لادێنشین وتی:

- تەورێکم لەگەڵ خۆم هێناوە، ئەوەتا لە سندووقی سەیارەکەدا..

کرێکارەکە بیری کەوتەوە کە پیشەوەر کە سەیارەکەی برد، تەورەکەی ناویشی بردووە.

ئەمجارە لادێیی داوای یارمەتی لە فەرمانبەرەکە کرد... بەڵام ئەو تەنها لاشەیەک بوو لەو ناوەدا کەوتبوو...هەر کە ئەو ورچە گەورەیەی دیتبوو، خۆی ...س کردبوو.. هێزی هەڵاتنی لێ برابوو، ئەگەر بیتوانیایە، حەوت زەمان بوو هەڵاتبوو.

لادێیی هاوڕێ کرێکارەکەی بانگ کرد:

- مادەم وایە تۆ وەرە یارمەتیم بدە.

کرێکار وتی:

- باشە من دەتوانم چی لەو ورچە زەبەلاحە بکەم؟

- بەردێکی گەورە هەڵگرە و بیماڵە بە تەوقە سەریدا.

- ناتوانم... من لە ژیانمدا ورچم بە بەرد نەکوشـــتووە... نازانم ئەو کــارە چۆن دەکرێـت...ئەی ئەگەر لەو کـاتەیـا لێم توورە بوو، شاڵاوی بۆ هێنام؟ وا باشترە خۆت بگریت..

کابرای لادێیی وتی:

- بەڵام شەکەت بووم..

- دان بە خۆتدا بگرە و ئارامبە..

لادێیی لەسەر کەللەی سەر قیڕاندی:

- نەفرەتی ڕەشت بەسەردا بباریێ... ئەگەر هیچت پێ ناکرێ، بۆ وەک کابرای پیشەوەر تۆیش هەڵنایەت؟ ها بودەڵە؟

کرێکارە وتی:

- بەو پێیەی ئەو ســـەیارەکەی بردووە، من خۆ بەپێ ناتوانم هەتا شار بڕۆمەوە... لەوانەیە ورچێکی دیکە لەبەردەمم قوت بێتەوە!

لادێیی وتی:

- هێزی دەستم برا، بەخودا ورچە بەرەڵا ئەکەم...

کرێکارە وتی:

- دەسم دامەنت شتی وا نەکەیت...

لادێیی تکای لە فەرمانبەرە بە زەویدا لکاوەکە کرد بەشــکوو بە هانایەوە بێت، ئەویش لە وەڵامدا وتی:



Scanned by TapScanner

- سا بەو خودایە ئەگەر بمتوانیایە، ئاوا دەست سپی نەدەبووم، بەلام حالم پرپۆلە... سەر و ژێرم تێناوە... بۆنم ڕۆژە ڕێگەیەک دەڕوات... ئەمەی وت و دەستی بە شین و زاری کرد.

لادێیی دیسانەوە گەڕایەوە بۆ گیانی کرێکارەکە:

- ئا ماڵت بشێوێت، لانیکەم ئەو قەوانە وس بکە..

کرێکارەکە کە قەوانی لە بنهەنگڵ نابوو، وتی:

- ئێ ئەوە چ زیانێکی بۆ تۆ هەیە؟

لادێیی وتی:

- ئەی مەگەر موزمەعیلیت؟ نابینیت ورچەکە لەسەر ئاوازی گۆرانییەکە خۆی با دەدا... بەو ناونیشانەی کە منیش دەستەکانیم بەستووەتەوە، ناچار منیش لەسەر ئاوازی ئەو هەڵسوڕێم و داسوڕێم.

لە ڕاستیدا ئەو دوانە وەها سەمایان دەکرد، دەتگوت تازە بووک و زاوان..

ئاغای فەرمانبەر کە دەیبینی هاوڕێ گوندنشینەکەی و ورچەکە دەستی یەکدییان گرتووە و سەما دەکەن، تەماشایەکی کرێکارەکەی کرد و وتی:

تا ئێستا ورچی ئاوا سەمازانم نەبینیوە... تەماشای ئەو جووڵانەی بکە؟ هەر گۆرانییەک بخەیتە سەر، بەپێی ئەوە سەما دەکات...

گوندنشینە کە لەناو ئارەقەی خۆیدا خەریک بوو دەخنکا وتی:

- تو بی و ویژدانت، وەک ئەوەی کە هەر لای نابەیت، ئا گۆرانییەکی هێواش بخە سەر تا ئەوەندە ماندوو نەبم، وا ورچەیش تەواو خەریکە شەکەت ئەبێت.

کرێکار وتی:

- بەخودا من نەمدەزانی تو سەما لەگەل ورچدا ئەکەیت، ئەگینا گۆرانی خاویشم لەگەل خۆم لەماڵەوە دەهێنا.. ئەوانەی هێناومن کشتیان جرت و چەقەنەن...



Scanned by TapScanner

سـەری برادەری لادێییمان لەتاو ماندوویەتی دەسـتی کرد بە گێژخواردن... هێندەی نەمابوو دەسـتی لە دەسـتی ورچە ببێتەوە و ئەوەی خراپە بقەومێت.. خەریک بوو لە ماندوویەتییاندا دەکەوتە سەر زەوی... لەناکاو چاوی پەڕییە سەر ڕۆژنامەکەی کە فڕێی دابوو، (ئەی کرێکار و پیشـەوەر و لادێنشـین و فەرمانبەران یەک بگرن)، پاشـان ئەوەیشـی خوێندەوە کە نوسـرابوو: (ئێوە خۆتان دەخنە باوەشـی دوژنمنەکانتانەوە)...

لەو کاتەدا دەسـتێکی لە دەسـتی ورچە بەربوویەوە، لەتاو خەمی گیانی خۆی، دیسـانەوە گرتییەوە...هەمدیسـان دەسـتی بە سـەما کردەوە..کرێکـارەکە بە لادێنشـینەکەی وت کە لەسـەر ئـاوازی مۆسیقاکان سەمای دەکرد:

- براکەم بۆچی بەردەوام سەما دەکەیت؟

لادێنشین جنێوێکی زۆر خەست و خۆڵی پێدا.. وتیشی:

- من بە هەوەسی خۆم سەما دەکەم.. سەما.

فەرمانبەرە بەبێ ئەوەی لە جێگەی خۆی ببزوێت وتی:

- بەڕاستی بۆچی ئاوەها لە جێگەی خۆتدا هەڵقونکێتە؟

لادێیی وتی:

- ئێوە کوێرن؟ مەگەر ئەو ورچە نابینن؟

کرێکـار و فەرمـانبەرەکە قـاقـایەکی گەورەیـان لێدا لەبەر ئەوەی لادێنشـینەکە دەسـتی ورچەکەی نەگرتبوو، ئەوەیش ورچ نەبوو ئەو سـەمای لەگەڵ دەکرد، هەر زوو ورچەکە خۆی لە لادێنشـین ڕزگار کردبوو، بەرەو دارسـتانەکە ڕۆیشـتبوویەوە، لادێییەکەیش دوو لقی دارەکەی لە جیاتییدا گرتبوو کە گوایە دەستی ئەوە...

کاتێک لادێییەکە زانی ورچەکە هەڵاتووە، لە بن دارەکەدا کەوت و بوورایەوە...



Scanned by TapScanner

## بەندوخێتی شەرواڵەکەت بیر نەچێت

بەیانییان دەست پێدەکات... منیش خۆم ئامادەی کار دەکەم.

ئەوە سێ ڕۆژە ئێمە پێت دەڵێین و تۆیش بیرت دەچێت. لەم ماڵەدا یەک پارچە پەنیر نییە.

سێ ڕۆژە پێم دەڵێن؟ ئەی پارە لەکوێ بێنم؟

ئێوارە دیسانەوە پرسییان:

- پەنیرەکەت کڕی؟

وەک چۆن نمایشـــکارێکی تراژیدیا بە دەســـتی دەکێشـــێت بە ناوچەوانیدا، منیش کێشام بە نێوچەوانمدا؟

- ئۆ؟ وای... بەوخوایە بیرم چووە.

بەم شێوەیە ڕاهاتبووم.. ئێوارە شتێکیان بۆ سبەی پێ دەگوتم و منیش دەمگوت بەســـەرچاو.. دواییش کە دەهاتمەوە دەمگوت: ئۆی لەبیرم چوو.

بەڵام باوکم دەســـتەکەی کەشـف کردم... کاتێک بۆ جاری سـێیەم لێیان پرسـیم کوا پەنیرەکە؟ و منیش دەسـتم بکێشـم بە نێوچەوانمدا، ئەو هاواری کرد و وتی:

- ئۆو.... بیری چووە.

ئیدی لەو ڕۆژە بەدواوە مافی لەبیرچوونم لەدەســت دا. بۆ ڕۆژی دواتر لەو کاتەی خەریکی ڕیش تاشـــین بووم، دیســـانەوە فەرمان دەرکرایەوە کە:

- جەناب پەنیرەکەت بیر نەچێت.

- بان چاو.

خەریکی پۆشاک لەبەرکردن بووم گوێم لێبوو:

- جا خۆ سابوونیشمان نەماوە.. ئەویش بکڕە.

- ئەویش بان چاو.

کاتێک لە پلەکانەکان دائەگەڕام، کەوتە بەر گوێم:

- یەک دنکە شەکر لەماڵەکەدا نەماوە.... ئەویشت بکڕە..

- بەسەر چاو..

دەستم بە دەسکی دەرگاکەی دەرەوە بوو، لە ژوورەوە شیرە هەستا:

- گوێت لێیە؟ قاوە.... قاوە..

- قاوە چی بەسەر هاتووە؟

قسە مەکە... بیکڕە.

هەمووشتێک دەکڕم..

دەرگاکەم داخست.. خەریک بوو هەناسەیەکی ئازادی هەڵمژم.. بەڵام بەر لەوەی هەناسەکە هەڵمژم، لە پەنجەرەکەوە سەرێک دەرهێنرا:

- چییە؟ چێوە دیسانەوە؟

- هێواشبە... ڕۆنی زەیتونیش بکڕە..

- دەیکڕم باشە باش.

یەک دوو هەنگاوی دیکەم هەڵێنا و دیسانەوە هاوار کرایەوە:

- هێو یەک پیاڵە برنج لە ماڵەکەدا نەماوە.. ئێوارە بیهێنە.

- دەیهێنم.

هەموو بەیانییەک ئاهەنگی چوونەدەرەوە بەم شێوەیە.

بەڵام ئەمە هەمووشتێک نییە، لە دەرگا و پەنجەرە و لە هەموو کون و کەلەبەرێکەوە هەر قیڕەیە و هەر داواکاری.. ئەکێک دەڵێت:

- فتیلەی چرات بیر نەچێت.
- یەکێک دەڵێت بەندوخێنی شەرواڵەکەت بیر نەچێت..
- شەبەکەی لۆکزەکە بهێنەرەوە.

خۆم بە هەر کوچە و کۆڵانێکدا دەکرد یەکێک دەیگوت:

- خاڵۆژن داوای هێنی کردووە؟
- داوای چی کردووە؟
- پیاز... وتی پیازمان نەماوە.
- پێی بڵێ بەچاوان.
- بەم شێوەیە من ڕۆژانە دەڕۆمە سەر کار.. زانیتان مێشکم بەیانیان بە چی پڕ دەبێت؟ تا ئێوارە لەناو سەرمدا پەنیر و زەیت و پیواز و بەندوخێنی شەرواڵ دەخولێنەوە..

ئەمڕۆیش وەک باقی ڕۆژەکانی دیکە، سەرم پڕ بوو لەم شتانە.

پێویستیش بوو چەند بەڵگەنامەیەکی بەپەلە بنوسم. نوسیم و ناردم بۆ شوێنی مەبەست.

کاتێکی زۆر تێپەڕ نەبووبوو، بەڕێوەبەر خۆی بە ژوورەکەمدا کرد.
نێوچەوانی ئارەقەی لێ دەچۆڕا... کونەلوتەکانی فش بووبوونەوە...
وتی: لە کاتێکدا بەڵگەنامەکەی بە دەستەوە بوو:

- ئەمە چییە؟
- بەڵگەنامە...
- بخوێنە؟

گرتم بە دەستمەوە و دەمویست بەچاو بیخوێنمەوە؛

- بە دەنگی بەرز بیخوێنەوە.

ئەوەی لە ژوورەکەدا بوو لە نوسەرەوەی ئامێری چاپەکە، سکێرتێرەکان، فەرمانبەر، ئەوانەیشی کە بۆ کارێک ڕێیان کەوتبوویە ئەوێ، گوێیان شل کردبوو، منیش دەستم بە خوێندنەوە کرد:



Scanned by TapScanner

(بەڕێوەبەرایەتی گشتی.. جەنابی بەڕێوەبەر... وەڵامی نوسراوتان بە ژمارە .... ڕێکەوتی ... پێویستە ئەم لێپێچینەوانەی خوارەوە ئەنجام بدرێت و بەندەکانی نوسـراوەکە بەوپەڕەوە جێبەجێ بکرێت کە هاوکات پێویستیش بە بەدواداچوونێکی خێرا هەیە... ئێمە پێتان ڕادەگەیەنین کە ئەم شتانە پێویستن ئەنجام بدرێن:

- ڕەتکردنەوەی پەنیری جوتیاری بەهۆی بەرزی نرخەکەیەوە.
- بەندوخێنی شـەرواڵ کە لای بازرگانەکانی ناوچەی مەحمود پاشا دەفرۆشرێت.
- ٢٥٠ گرام گۆشتی مانگا بۆ کۆستیلیتا.. پێویستە لەکاتی کرینەکەیشیدا بکرێتە دوو پارچەوە.
- کرینی تۆڕی لۆکز پاش تاقیکردنەوەی مەبادا کونی تێدا بێت. بێگومان بۆریە چرای شکاو نابێت بهێنرێت وەک جاری پێشوو.
- لەبەر گرانبوونی بەهای سـابوون، دەبێت کەفەکەی بەکار بهێنرێت تا قەیرانەکە دادەمرکێتەوە.

ئەم ڕاپۆرتەتان بۆ دەنێرین وەک ڕاپۆرتی گشـتی بەمەبەسـتی ئامادەکاری و وریابوون لە دۆخەکە

لەگەڵ ڕێزدا.)

- ئەمە واتای چییە؟ تێگەیشتم ئەوەی لەو مێشکە داماوەمدا بوو، تێکەڵی بەڵگەنامەکەم کردووە و ئەویشم خەسار کردووە.

ژوورەکە پڕ بوو لە قاقا و پێکەنین.

بەڕێوەبەر درێژەی دایە: چۆن چۆنی گەیشـتوویتەتە ئەم دەرەنجامە؟

- وەڵا من خۆیشم نازانم..
- بەڕاسـتی لە گێژییدا وێنەت نییە. بەڵام ئەی بەڕێوەبەرەکەت چۆن واژۆی لەسەر ئەمە کردووە؟
- ئابڕووچوونە.

- گریمـان بەڕێوەبەرەکەت ئـاگـای لی نەبووە، ئەی چۆن بەڕێوەبەرایەتی دیوان ئەمەی ئاراستەی سەرەوەی خۆی کردووە؟

- عەقڵ وێنای ئەم شتەی بۆ ناکرێت...

- باشـــە وامان دانا لەو وەختەدا بەڕێوەبەرەکەت هۆشـــی بەخۆیەوە نەبووە، ئەی جێگری بەڕێوەبەر؟

- بەڕاستی شتێکی ئابڕووبەرانەیە..

پاش کەمێک تێرامان، بەڕێوەبەر ئەزنەکێکی دا و وتی:

- هۆشیان بە خۆیانەوە نەبووە... ئاشکرایە..بەلام ئەی من؟ من چۆنچۆنی ئەم هەتەران پەتەرانەم[8] ناردووە بۆ بەڕێوەبەری گشتی؟

- ئەوەی گشتی بەهۆی ئـ................

- چی؟

- شتێکی خۆشیشە...

- باشە ئەگەر بەڕێوەبەری گشتیش نەیخوێندایەتەوە و بیناردایە بۆ وەزیر، ئەوسا قوری کوێمان بەسەردا کردبا؟

لێرەدا هەموو پێکەوە هاواریان کرد:

- ئەوسا یەک فاتحە بۆ گشتمان دەخوێندرا.

- ســــوپـاس بۆ خودا بەس نەبوو بەم شـــێوەیە گوزەرا.. خۆشبەختانە لەبەر سەرقاڵی، بەڕێوەبەری گشتی لەجێگەی ئەوەی بۆ وەزیری بنێرێت، بۆ بەڕێوەبەرێکی دیکەی ناردووە.

- ئۆخەیش...

- بەهۆی ســـەرقاڵییەوە، کارمەندی بەریدیش لەباتی ئەوەی بۆ ئەو بەڕێوەبەری بنێرێت، بۆ منی ناردووەتەوە..

سوپاس بۆ سەرقاڵەکان...

*** *** ***

---

[8] - هەتەران پەتەران: قسەی مفت و بێجێ.



Scanned by TapScanner

## کرێکاری هەرزان

بەیانی زوو بوو، خاوەنی یەکێک لە کارگە گەورەکان لە نوسینگەکەی خۆیدا دانیشتبوو، خەریکی نۆشینی قاوەی بەیانیان بوو.. لەناکاو دەرگاکە بە توندی کرایەوە.. یەکێکی نامۆی غەوارە بەژووریدا هات... بیچمی لە هەژار و دەردەدار دەچوو.. بنیادەم کە دەیبینی، بەزەیی پیدا دەهاتەوە.

بەدەم تەکاندنی کڵاوەکەیەوە بە خاوەنی کارخانەی گوت:

- بەشکوو بمکەیتە کرێکاری خۆت و کارێکم پێ بسپێریت؟

خاوەن کارگە بێ ئەوەی سەری بڵند بکاتەوە، پرسی:

- چ کارێک باش شارەزایت؟

- لە پەیمانگای پیشەسازی وانەم خوێندووە و یەکێک بووم لە خوێندکارە نایابەکان.

- ئێمە پێویستمان بە ئاسنگەرێکە.

- پێنج ساڵ لە کارگەیەکی پیشەسازی ئەڵمانیا کاری ئاسنگەریم کردووە. بڕوانامەیشم بەدەست هێناوە.

پاترۆن کەمێک وس بوو:

- بەڵام پتر لەوە، پێویستمان بە قاڵبساز هەیە؟

- من قاڵبسازی نمرە یەکم..

پاترۆن زمانێکی بە کەلاوەیدا هێنا (وەک زمانی گورگ لەکاتی دیتنی نێچیردا).

- ئای ئەگەر شتێکیشت لە پیشەی دارتاشی هەڵکراندبا؟

- قوربان ٤ ساڵ بە بێ دابڕان سەرگەمی کاری دارتاشی بووم.



Scanned by TapScanner

(ئەم سەر زلە زۆر پێویستە بۆ ئەم كارگەیە - پاترۆن سەری بادەدا و ئاوای بیر دەكردەوە- بەڵام ئێستا داوای خوێنمان لێ ئەكات لەبەرانبەر كرێكەیدا)

- باشە كورەكەم بەڵام ئێمە پێویستمان بە كرێكار نییە...

- هەمووشتێكت بۆ دەكەم گەورەم... هەر كارێك بڵێیت. تۆ فەرمان بكە و من جێبەجێی دەكەم.

- باشە وەرت دەگرم، بەڵام باش بزانە من یەك فلسی زیادەت نادەمێ. هەرچۆنێك بێت تۆ زیادەیت لێرە.

- تەشكور گەورەم تەشەكور. منیش داوای زۆر ناكەم. هەرچەندە بدەی، دەڵێم (لەخودا بەزیادبێ)...

- ئێمە ڕۆژانە پێنج لیرە دەدەین بە كەسی شارەزا، بەڵام تۆ كە زیادەیت لێرە، دوو لیرەت پێ دەبردرێت.

- زۆر باشە گەورەم... ڕازیم.

پاترۆن بە دەموچاوێكی گرژی ناشیرینەوە وتی:

- ئینجا شتێكی دیكە.. ڕۆژی كاركردن لای ئێمە دیاریكراو نییە، لێرە لانی كەمی كاركردن ١٠ كاتژمێرە..

- خوای دەكرد ١٤ دەبوو گەورەم.. ! پاترۆن بڕوای بە گوێچكەكانی نەدەكرد.

- دوایی نەڵێی گوێم لێ نەبوو یان نەمبیست... شوێنی كارەكەیش تەنگەڵانە.

- من ڕازیم هەرچۆنێك بێت.

- خەریك بوو بیرم بچێت.. بێشەكیش پارە وەرناگریت.. مانگێك كار دەكەیت تا فێرە كارەكە دەبیت ئینجا. ئەوسا ئەگەر لێت ڕازی بووین، ئەوا ڕۆژی دوو لیرەت دەنێینە مشت.

- هەرچۆن ئێوە بفەرموون.

- شتێكی دیكەیش... ٢٠ لە سەدی داهاتەكەیشت دەبێت وەك قەرەبووی بەكارهێنانی ئامێرەكان بدەیت.



Scanned by TapScanner

- بەوپەڕی خۆشحاڵیەوە گەورەم..
- پاشان....
- ئەویش هەر بەسەر چاو.
- من دەبمە کەفیلت بۆ بەکارهێنانی ئەم ئامێرە گرانبەهایانە، تۆ کابرایەکی غەوارەیت.
- ببە کەفیلم گەورەم..
- بەڵام ئەوە پێویستی بە هەزار لیرەیە.. دەبێت ئەوە بدەیت.
- بەقوربـان دەیـدەم... کەلاوەیەکم لە بـاوکمەوە بۆ جێمـاوە، دەیفرۆشم و دەیخەمە ڕەهنەوە بۆت تا خەمی ئامێرەکانت نەبێت.
- باشە دەی هەرزۆرە سەر کار... هەر ئێستا دەست پێ بکە.
پاش یەک خولەک، دوو پۆلیس تەقەیـان لە جـامخـانەی کـارگە دا بەدەم هەناسەبڕکێوە!
- یەکێک لە شــێتە هەڵهاتووەکان خۆی بێرەدا کرد ؟ ئەو لە بەندینخانە هەلاتووە و ئێمەیش بەدوایدا دەگەڕێین.

** ** **

## شێتی بەزۆر

هاوڕێیان - کابرای چاویلکە لەچاو دەستی پێکرد- پێویست بە پەلەپەل ناکات، ئەم جۆرە کارانە بە هێواشی دەکرێن... پێویستە جوان هەلگێر و وەرگێڕ بکرێن ئینجا بڕیاریان لێ بدرێت.

یەکێک لە تازە لاوەکانی ئامادەبوو پشتڕاستی قسەکەی کردەوە و وتی:

- بەڵێ پێویستە جوان لە بێژنگ بدرێت، وەگەرنا بەلایەک دێنین بەسەر خۆماندا.

کابرای دەموچاو شڵ[٩] پێشنیارێکی کرد:

- بەر لە هەمووشتێک بێڵن با شی بکەینەوە... ئایا ئێوە ڕازین بەم پارێزگارە؟

هەمووان بە یەک دەنگ وتیان:

- نەخێر ناڕازین.

شڵە پرسی:

- هۆکاری ناڕازیبوونەکەتان چییە؟

چاویلکە لەچاو وتی:

- ئەو شێتە شێت.

ئامادەبووانیش هاوڕای ئەم بوون لە قسەکەیدا.

- بەڵێ بەڵێ شێتە...

- هەر شێت نا، حۆلیشە حۆل.

---

[٩] - کەسێک کە ڕوخساری خاڵی زۆری پێوەیە بەتایبەتی لوت و ژێری چاوەکانی.

شلە وتی:

- هەمووشتێک ڕوونە... هەر ئەوەیش ئەسڵی مەسەلەکەمانە.. بەڵام خەمی من ئەوەیە، لەم شێتتر بێتە جێگەی.

کابرای ورگن، هەڵیدایە و وتی:

- بەڵام پارێزگاری پێشوویشمان لەم شێت و پەتەڕی تر بوو.

گەنجێکیان وتی:

- لەم دۆخەدا پێویستە ئەوپەڕی بیرتیژی خۆمان وەگەڕ بخەین. بەڵێ یەکێکی بەهۆش و بیر دەدۆزینەوە.

- بەڵام خۆ کاتێک ئەوانەی پێشـــترمان هەڵبژارد، ئەوەی بە بیرماندا نەهاتبێت شـێتیی ئەوان بوو.. ئێمە وەک کەسـی ژیر و بەبیر هەڵمان بژاردن، کەچی ڕوون بوویەوە حۆلی وەک خۆیان بە دایکدا نەهاتووە.

پیرێکی چرچنیش کە بێپسانەوە قرخەی دەهات وتی:

- الله الله... چەندە سەیرە... هەرکەس دەچێتە ئەو شوێنە، فرەی پێ ناچێت شێت دەبێت!

ورگن قسەکەی ڕاست دەکاتەوە:

- ئەوە نا کە دەچێت، ئەوەی ئێمە دەیخەینە ئەو شوێنە.

گەنجەگە شانێکی ڕاتەکاند:

- هیچ پەیوەندییەکی بە پێگەکەوە نییە... من دڵنیام و بیریشـــم دێت، هەر ئەو کاتەی بوونە پارێزگار، کەسـی ئاسـایی نەبوون... بەڵام پێشتر هیچ هۆکارێک بۆ دەرخستنی شێتییەکەیان نەبوو تا هاتنە سەر کورسیی دەسەڵات، ئەو کاتە مەعدەنی کابرا دەردەکەوێت.

پیرێکی چەماوە بە ئاخ هەڵکێشانەوە وتی:

- هەمووجارێک ئەم چیرۆکە دووبارە دەبێتەوە.. هەر کەسـێک هەڵدەبژێرین، دوایی دەردەکەوێت شـــێتە... یەک ئاقڵت بۆ دەرمان دەست ناکەوێت خوا هاوار.

دەموچاو شل سەریکی بادا، خرمەی ملی هات:

- بەلام ئەمەی پێشوویان وا نزیکەی سێ ساڵ بوو برادەرم بوو.. تا ئێستا هیچ شتێکی نائاسایییم لێ نەبینی بوو، بەلام هەر کە بوویە پارێزگار ئیدی............!

- ئێ خۆ شێتەکان هەر لە یەکەم ڕۆژی لەدایکبوونیانەوە شێت نین. بێگومان وەستاوە تا بیکەینە پارێزگاری شارەکەمان و ئیدی شێتییەکەی بەکار کەوتووە.

چاویلکە لەچاو قسەکەی لە زاری هەمووواندا کردە شەکر و وتی:

- ئەوەی چوو، چوو...باشتر ئەوەیە بیر لەوە بکەینەوە کە کێ هەلبژێرین بۆ ئەم خوولە. ئەمە کاری ئەمڕۆ و بەیانی نییە.. ئەبێ شی و شیتالی دەربهێنین و جوانی لێ بکۆڵینەوە، ئەگینا دواتر شەڕەکە دامەنی خۆمان دەگرێت.

کۆمەڵێک ناوی فرە خوێنرانەوە، بەلام کودەنگی لەسەر هیچکامیان نەبوو.

لە کۆتاییدا چاویلکە لەچاو قیڕاندی:

- ئای چۆن تا ئێستا ئەوەی بە زێندا نەهاتبوو؟ پێتان چۆنە ڕاسم بەگ بەربژێر بکەین؟

- قەسەم بەخوا شازی پیاوە..

- شەریفی کوڕی شەریفە.

- لەچەر[10] نییە، دەست و دامەنی تا ئێستا بێ پەڵەن... هیچ تێبینییەکی لەسەر تۆمار نەکراوە.

- کاری خۆش دەوێت و کەسێکی بە ئەزموونە.

ستایشەکان وەک دڵۆپە بارانی درشت دادەبارین..

کابرای ورگن وتی:

---

[10] - لەچەر: حەسود..

ترسـم هەیە ڕاسـم بەگ خۆی لەم کارە بەدوور بگرێت و نەیەتە ژێر بار.

پیرەی ڕەقهەڵاتوو وتی:

– من لە مێژە دەیناسم...باوەڕم نییە بە شتی وەها قایل بێت.

دەموچاو شلیش هەر وای بیر دەکردەوە:

– بێگومـان نەخێر.. هەرگیز مل نـادات... بە هیچ کلۆجێک دڵی بەم کارانە ئۆقرە ناگرێت.

تازە لاوێکی سمێڵ تازە دەرهاتوویش خێوانديَ و وتی:

– کورە ئەوە ئێوە باسـی چی ئەکەن... شـان بەژێر کاروباری وەهادا بیرای بیڕ ناکات.

دیسانەوە چاویلکەدار قسەی لە دەمدا کردنەوە بە شەکر:

– بەڵام ئەی چیبکەین؟ بـا تیلیـک بکەین...بەڵکوو توانیمـان ڕازیمان کرد...تاکە کەسێکی شیاوە بۆ ئەو پۆستە، باوەڕ ناکەم دەست بنێت بە ڕوومانەوە...تو بڵێیت دەستبەتاڵ بماننێرێتەوە؟

ئاشـکرا بوو ئەوەی ئەمان بەربژێری بکەن، خەڵککەیش پەسـەندی دەکەن چونکە ئەمانە دەمڕاست و بڵندگۆی دانیشتوانەکەیش بوون.

پێکرا هەسـتان و ملی ماڵی ڕاسـم بەگیان گرت... دۆخەکەیان بۆ شی کردەوە. پێیشیان وت: نازانین چییە ئەوەی دەبێتە پارێزگار، پاش ماوەیەک دەرئەکەوێت ........ە. ئێمە چیبکەین کاتێک خەڵکەکە هەموو بە ........ی بزانن.

ڕاسم بەگ پرسی:

– بەتەمای چ کەتنێکن؟ تەمادارن منیش شێت بکەن؟

– مەعازەڵلا... تۆ مێرخاسـێکی چەلەنگ و ئاوەزمەندی... تکات لێدەکەین بەدەم بانگەوازەکەمانەوە وەرە...

– هەرگیز..

– بەڵام ئەوە ئەرکی تۆیە بەرانبەر بە نیشتمان ڕاسم بەگ.

- بەرانبەر بە خەڵکەکەت.
- خەڵکی هومیدیان بەتۆیە راسم بەگ.
- ئەمە شتێکی زۆر زۆر گرینگە... لەوپەڕی گرینگیدایە.

راسم وەڵامی دانەوە:

- باشە ڕازیم... بە مەرجێک:
- فەرمان بکە
- کاغەزی سپیت بۆ ئیمزا ئەکەین.

راسم بەگ وتی:

مەرجی من ئەمەیە:

( من کابرایەکی سـوورقسـەم... دواتر نەڵێن لە قسـەدا خاترمان ناگرێت؛ تاقەتی هیچ ماساوێکم نییە؛ یەک قسە لەبارەی کەسایەتیمەوە ناکەن؛ تاقەتی ئاهەنگی پیرۆزبایی و ئەو بەزمانەیشـم نییە؛ هیچ وەسفێکم مەکەن کە تیامدا نییە و هەڵم مەبڕن بەرەو ئاسمان... ئێستا تێگەیشتن مەرجەکانم چین؟ قایلن بەو مەرجانە؟

هەموو تێکڕا هاواریان کرد:

- بەڵێ قایلین.
- ئای چەندە بنیادەمێکی ڕاساڵیت.
- سڵاوت لێبێت ڕاسم بەگ.

راسـم بەک لە هەڵبژاردنەکاندا سـەکەوتنی بەدەسـت هێنا و بوویە شـارەوان. هەر سـبەینێی ئەو ڕۆژە پەنجا کارتی پیرۆزبایی پێ ڕاگەیشـت. راسـم بەگ یەکێکیانی کردەوە نوسـرابوو: (راسـم بەگی قارەمان! کوڕی نیشتمان! هەڵبژێردراوی ڕۆڵەکانی گەل....)

لەم زیاتری لێ نەخوێندەوە..

بەدەم پاڕانەوەوە وتی:

- خوایە خۆت ئاگات لە عەقڵم بێت.



Scanned by TapScanner

هێندەی نەبرد، تەقە لە دەرگا درا، چاویلکە لەچاو هاتە ژووری، یەک ئینجانەی گەورە گەورەی گوڵی بەدەســــتەوە بوو، پاش ئەوەی کڕنۆشێکی بۆ تازە شارەوان برد، ئینجانە گوڵەکەیشی دانا.

ڕاسم بەگ دەموچاوی بەیەکدا دا و وتی:

- پێویستی بەم زیادەڕۆییە نەدەکرد.

کەسی دواتریش کە خۆی بە ژووریدا کرد، پیرەی ڕەقهەڵاتوو بوو، بە دەســـتێکیەوە گۆچان و دەســـتەکەی دیکەیشـــی چەپکە گوڵێکی ئەرخەوان. پاشـــی کڕنۆش و خۆ دان بەســـەر دەســـتی ڕاســـم بەگدا گوڵەی دانا.

ڕاسم بە ساردوسڕییەوە وتی:

- خۆتت هیلاک کردووە.

دەموچاو شڵ و گەنجەکان و کابرای زگزلیش هاتن و ڕێزێکی زۆر و بێئەندازەیان لێگرت و ئینجا ڕۆیشتن.

ڕاسم بەگ سەرێکی بلند کردەوە بەرەو ئاسمان:

- ئۆ خوایە عەقڵم بپارێزە..

دەمی نیوەڕۆ هەواڵیان دایە کە خوانی ئەمڕۆ لەســـــەر شـــــەرەفی جەنابی دەبێت.

ڕاســـم فریای گفتوگۆیەک نەکەوت لەگەڵ خۆیدا کە ئایا بڕوات یاخوود نا.. ماشێن گەیشتە بەردەرگا.

خوان بەشـــی چل بخور خۆرامی تێدا دانرابوو، لە یەکێک لە باڵەخانە بلندەکانی ئەو دەڤەرەدا ســاز کرابوو... ئەو ناوە بە کریســتاڵ و فەخفوری و چلچرا ڕازێنرابوونەوە...



Scanned by TapScanner

چاویلکەدار بە جامەوە هەستایە سەرپێ و پاشی بەخێرهێنان ئاوا دووا:

- ئەی خاوەن ئاوەزی دانا... تاقانەی ئەم سەرزەمینە... شێرەپیاو، پاڵەوانەکەی ناومان...لە سایەی جەنابتەوە، ئەم شارەمان لە ماوەیەکی کەمدا بووژایەوە.

ڕاسم بەگ ئارامی لەبەر بڕا و نێوچەوانی ڕەش و سور بوویەوە، سەیرێکی ئامادەبوانی کرد و بەبێ قسە چوویەوە ماڵێ..( ئەمە دەبێتە وانەیەک بۆیان) وای بە دڵدا هات.

لە ڕۆژی پاشتردا، دیتی شەقامەکان گشتیان ڕازێنراونەتەوە، هەر لە بەردەمی دەرگاکەی خۆیانەوە تا بەردەرگای فەرمانگە فەرشڕێژ کراوە. دەهۆڵ و زوڕنایش بەشێوەیەکی بەردەوام دەژەنرێن. لێواری شەقامەکانیش بە قوتابی پڕ کراون.

هوتاف و چەپڵەرێزان بەردەوام و بێ پسانەوەبوو.

- بژی...

یەکێک لە گەنجەکان بە دەهۆڵکوت ئەڵێت:

- بەقوربانە تا هێزت تێدایە بوکتە.

پاشان ڕووی کردە منداڵەکان و دەیگوت:

- بەرزتر بەرزتر...

- ب... ژ ژ ژ ی.

لەسەر شەقامەکە دوو شەکە نێریش سەر ژێ کران...

لە بەردەم باڵەخانەکەی شارەوانیدا چەندان لافیتە و پۆستەر بەرز کرابوونەوە و بەردەوام هوتافی (بژی پارێزگاری نوێمان) دەوترایەوە.

ڕۆیشتە سەر ستەیج، ئەو ستەیجەی کە لەبەردەم شارەوانیدا چێ کرابوو. ئینجا(کابرای ورگن) دەستی بە قسە کرد:



Scanned by TapScanner

- پارێزگاری نوێمان، ئەو پیاوەی کە دڵی هەموومانی بەلای خۆیدا بە کردەوە جوانەکانی کەمەندکێش کردووە؛ بە دڵسۆزی بۆ ئەم خاکە و لێهاتوویی خۆی.

ڕاســم بەگ فوی تێ بووبوو؛ لە مەراقان کونەلووتەکانی بووبوون بە ئەشکەوت؛ پری کرد بە دەســتی کابرای وتارخوێن و وەرەقەکانی دەستی هەڵاهەڵا کرد. ئینجا قیڕاندی بەسەر ئاغا ورگەدا:

- ئەم قسە قـ..... انەت لە چییە؟

دەموچاو شل وتی:

- ئەوە هەموو ســـــادەیی و خـاکەڕایی جەنـابی پـارێزگـاری نوێمانە... بژی شارەوان. ئایا ئێوە تەوازوعی واتان لە کەس بینیوە؟

- بـ ژژژژژی ی ی

یەک کۆمەڵی دیکە فیکە و چەپڵە حەواڵە کرایەوە.

خێرا تازە شــارەوان وەک کەسـێک کە لە ڕووداوێکی ســروشـتی هەڵدێت ئاوا خۆی کرد بە باڵەخانەی شارەوانییدا.

ناوەوەی باڵەخـانەکەیش پڕ بوو لە خەڵـک... هەموو هـاتبوون بۆ بەخێرهێنانی پارێزگاری تازەکار.

جاحێلێک کە لەبەر ڕێز و ئەدەب دەستی بە سنگییەوە نابوو وتی:

- قوربان فەرمانتان چییە؟

پیری چەوتاوی ڕەقهەڵاتوویش خێواندێ و گوتی:

- تا ئێســـتا کەس وەک "عالی مەقامتان" شـــایەنی ئەم پێگەیە نەبووە.

شارەوان قیڕاندی:

- ســـوێندم بە ڕاگری ئەرز و ئـاســمـان دەســـت لە کـار دەکێشمەوە... لاچن، یەک کەس لەم ناوەدا نەبینم.

خەڵکەکە ئاشــبەتاڵیان لێکرد و بە دەم کڕنوشـــەوە لە دەرگاکە چوونە دەرێ.

- بەسەر چاو.



Scanned by TapScanner

- فەرمانتە.
- قسەت دەستوورە.
ڕاسم بەگ هەناسەیەکی قوڵی هەڵمژی.
- ئای خوایە خۆت بەهانام ڕابگە.
کابرای دەموچاو شڵ ئامۆژگاری کرد:
- مۆڵەت بدەن بچن پشوو بدەن..
چاویلکەلەچاو بۆی زیاد کرد:
- وەک ئەوە مامەڵە بکەن کە شایەنی خۆتانە... پێویست ناکات هەر لە یەکەم ڕۆژەوە ئاوا خۆتان شەکەت بکەن.
ڕاسم بەگ نەڕاندی:
- لێرە ونبن باوک مردووینە.
نەیتوانی دەستبەکار ببێت، بۆیە بینای شارەوانی بەجێهێشت.
لەسەر شەقامەکە کوڕێکی لاو دەیگوت:
- ئەو ڕێگەیە چۆڵکەن... ڕێگاکە چۆڵکەن... وا شـــارەوان دێت.. ڕێگاکە... ڕێگاکە.
ڕاسـم بەگ دەرگای ماڵەکەی لەسـەر خۆی کلیل دا و ئەو ڕۆژە تا ئێوارە هەر لە ماڵەوە مایەوە.

بۆ ســــبەینێ، دوو ڕۆژنامەی تازەی کڕی و تەماشـــــای کرد لە ڕووپەڕی هەردووکیاندا وێنەی خۆی بە گەورەیی هەڵواســــراوە و لە یەکەمیاندا نوسراوە:

(عەقڵە گەورەکە... مایەی شانازی ئەم نیشتمانە).

دووەمیشیان:

(چالاکترین شـــــارەوان لەســـــەر گۆی زەویدا). ئیدی لاپەڕەکانی دیکەیش لێوان لێو بوون لە پەسن و پیاهەڵدانی.



Scanned by TapScanner

دەمی شێوان سەیارەیەک هاتە بەردەرگای ماڵی شارەوان، کابرای ورگن باسی کرد:

- هەندێک سەماکەر هاتوونەتە شارەکەمانەوە، ئایا بیانهێنم بۆ ماڵەوە بۆ لات یان خۆت تەشریف دێنیت بۆ گازینۆکە؟

- خۆم دێم بۆ گازینۆکە (ڕاسم بێگ وتی).

لە گازینۆکە، یەکێک لە گەنجەکان دەستی بە لێدوان کرد و وتی:

- پارێزگارە بەڕێزەکەمان لێرەیە... شەرەفێکی گەورەیە لەگەڵ ئەودا بین.....

نزیکەی نیو کاتژمێر قسەی کرد و ڕاسم بەگ ئیدی دڵی کەفی کرد و قسەی دیسانەوە لە زاردا کردە شەکر.

پاشی ئەو، نۆرەی چاویلکە لەچاو هات:

- دڵخۆشی ئێمە سنوری نییە، لەبەر ئەوەی پیاوێکی بەرزی بە ویقاری خانەدانی ناوشان پانی وەک جەنابی شارەو.....

ڕاسم بەگ بە تەنها زەردەخەنەیەکی چکۆلە وەڵامی دایەوە.

ئۆغریان کردە سەر سفرە و خوان.

هەمدیسان هەمووان کۆبووبوونەوە؛

- نەخێر بەڕێزان... هیچ چارەسەرێکی نییە بێجگە پۆرت شکاندن..

- ئاشکرایە کە شێتە..

- خۆی بە چەقی گەردوون ئەزانێت.

- لوتبەرزی خۆبەزلزان.

- هەموو شێتەکان هەر وان.

- باشە ئەی چیبکەین؟ خۆ ئەمجارەیش بۆ هەڵبژاردن گێژی وا بەربژێر ناکەینەوە، بەرگەی نەفامی وەها دەگرین؟



Scanned by TapScanner

- نەخێر چاوەکەم.. پێویسـت بەوە ناکات... شـوێنی داهاتووی ئەو نەخۆشـخانەیە...بڕوا ئەکەن یان نا، نازانم بەلام هەسـتاوە ئەو ماڵەی کە تێیدا لەدایک بووە، کردوویەتی بە مۆزەخانە و لە ناوەڕاستی چیمەنی حەوشەکەیشدا پەیکەرێکی بۆخۆی ساز کردووە.

- دوێنێیش پڕ دەمێک تفی کردبوویە ناوچاوانی تازە لاوێکی ئەم شارە.

- دوێنێ شـەویش هێنـدەی خواردبوویەوە تـا گرتبووی، دواتریش لە ئاهەنگەکەدا هەستابوو بە قونگ بادان و سکەتەپە..

- ئێستا چی لەم نەخۆشە دەروونییە بکەین؟

- ماوەتەوە یەک شـت، نیشـانی پسـپۆڕی دەروونی بدەین و ڕاپۆرتی بێئەقلییەکەی وەرگرین و بیهاوینە شێتخانەی مەرکەزی.

چاویلکەلەچاو لرفاندی:

- نـابێت کـات بەفیرۆ بـدەین، وەگەرنـا دەسـت لە یەکێک ئەوەشێنێت و دوان سیانێکیش زامار ئەکات.

- بەڵێ بەڵێ .. پێویستە خێراکەین.

- هەر سبەینێ زووتر نییە ڕەوانەی شێتخانەی ئەکەین.

- بەلام ئەبێ ئەمجـارە زۆر وریـاتر بین، لانی کەم کـابرایەکی ساغ هەلبژێرین.

- ڕاستە... بەخودا بێزاربووین لەم گشتە شێتە.

*** *** ***

## میواندارییەک بەبۆنەی دانانی تەنکییەکەوە

(ئەم چیرۆکە براوەی خەلاتی ئالتونی ساڵی ١٩٥٧ـە لە ئیتالیا)

**یەکەم:**

- فەرموو گەورەم، تکا دەکەم. لێرەوە... پێویستە ڕێزی پێویست لە ڕۆژنامەوانە خۆشەویستەکانمان بگرین. بەڵێ بەڵێ.

دووەم:

- پیرۆزبایت لێ دەکەم گەورەم.

**سێیەم:**

- سوپاس. بەڵام نازانم بە چ بۆنەیەکەوە؟
- چۆن؟ ئەی تەنکییەکە...
- ئای... بەڵێ... ڕاستە. تەنکی. وا نییە؟ بەبێ ئەو شتە ناتوانین بژین؟
- فەرموو بەرەو لای بۆفێکە، ئادەی ئەبیریتیف (جۆرێک شەرابە بۆ کردنەوەی هەوەسی خواردن)، با بێت. .. جەنابی پارێزگار ئەو شانازییەی پێ بەخشین کە لە خزمەتیدا ئامادە بین. ئێمە لە چاوەڕوانیی ئەوداین. هاکا دەرکەوت.

**چوارەم:**

- پێشتریش یەکمان دیتووە؟

**پێنجەم:**



Scanned by TapScanner

- شێوەت دەکەم، ناتناسمەوە، لە شوێنێک یەکترمان دیتووە.

ئادەی ئادەی؟ وابزانم لە بانگێشتنەکە بوو، ئەوەی کە بەمەبەستی دروستکردنی دەرگایەکی نوێ بۆ کوشتارگەکە[11] ساز کرا.

- ئای بەداخەوە نەخێر... بیهێنە بەرچاوت، ئەوانە لە یەک ڕۆژدا ئەو بانگێشتنانە ئەنجام دەدەن. تو خودا ئەوە ڕەوای هەقە؟ ئەو ئێوارەیە ئەم گوێچکە لە مشتەی جەنابتان لە ئاهەنگەکە ئامادە بوو، ئەوەی بەمەبەستی کردنەوەی بینای بۆری پلاستیک ئەنجام درا.

- ئاخ ئەفەندی ئاخ. نەمتوانی ئامادەی ئەو ئاهەنگە بم. باسی ئەو سوێسکە براوانەیان بۆ کردم. داخی گرانم خۆ مرۆڤ ناتوانێت لە یەک کاتدا ئامادەی دوو ئاهەنگ بێت.

- چاوەرێکە... بیرم کەوتەوە لەکوێ تۆم دیتووە. لە بۆنەکەی کرینی کەشتییەکە لە وڵاتی یابان.

- بێگومان... لەوێیش ئاهەنگ گێردرا و بانگێشتیش کرابووم... ئێستا جوان بیرم کەوتەوە...ئێستا تەواو هاتیتەوە بەرچاوم... تو تەنها باڵ و سیقەتورەت دەخوارد..

- ڕاستە ڕاستە... ڕێک دەمرم بۆ باڵ و سیقەتورە... جاران حەزم لە مل و قەفەزەی سنگ بوو.

**شەشەم:**

- ئەو تەنکییە چییە؟

**حەوتەم:**

- ڕاستییەکەی نازانم، ئەوە تەنکییە وەک دەبینێت. وا گومان دەکەم نەتوانرێت پۆشاکی پێ بشوردرێت؟

- ئای هەوەسی خواردنم تەواو کراوەتەوە، گەدەم تەواوەتی ئێشێت...

---

[11] - کوشتارگە ئەو شوێنەی ئاژەلی تێدا سەر دەبردرێت.

- منیش بە هەمان شـــێوە.. لەو ســـاتەدا هەمووان هاواری گەدەیان دەکرد. دەردەکە گشتیانی گرتەوە. من هەمیشە سۆدەم پێیە، دەتوانم قومێکت بدەمێ ئەگەر حەزت کرد.

- ئای خوایە چ دووربینییەک.. سوپاست دەکەم. منیش سۆدەم لەگەڵ خۆک هێناوە.

ئووو وو ڕ ڕ ڕ.

- ســـودی هەبوو گەورەم؟ بەڵێ قورقێنەم لێدایەوە، زۆر باش بوو.

- ئو و و و ڕ ڕ ڕ.. ڕڕڕڕڕ... ئوهو... وەڵا مریشـــکی شـــامی خراپ نییە ها. حاڵ ئەبەخشێ بە پیاو.

- سوپاس.. من پاقلاوەم لا پەسەندترە.

**هەشتەم:**

- ئەوە خرتە زەلامە کێیە؟

**نۆهەم:**

- کامە؟ ئەوەی خەریکی خواردنەوەی ویسکییە؟
- نا.. ئەوەی دیکە؟
- ئەوەی خەریکی خواردنی مۆزە؟
- نا، نا.
- ئەوەی خەریکی خواردنی گۆشتی گوێرەکەی ساردەوەبووە؟
- نەخێر تۆیش.. ئەوەی دەستی بردووە بەرەو دواوەی خۆی.
- نایناسم.. بەڵام زوو زوو سوتفەی ئەکەم.

نەناسراوێک:

- ئامانجی ســـەرەکی ئەم ئاهەنگە نییە، بەڵکوو ئەمە بەهانەی .....!

یەکێکی دیکە:



Scanned by TapScanner

- بێگومان. ئینجا ئەوە گومان هەر هەڵناگرێت. سوێند بەخودا ئەگەر ئەم ئاهەنگ و شێوە نەبووایە، هەرگیز هەندێکمان هەندێکی دیکەمانی نەدەبینی.

- کاتێک منداڵ بووم، باوکم لەگەڵ خۆی دەبردم، هەر ڕۆژە و دەیبردمە سەر مەزارێک یان شوێنێک: دوو شەممان بۆ سکوتاری؛ سێ شەممە بۆ قاسم پاشا؛ چوارشەممە بۆ تشیوریوکلیوک؛ پێنج شەممە بۆ میگلیانا کابی. هەر ڕۆژە و دەچووینە ناوچەیەکی نوێ. ئیدی کەیفمان ساز بوو، بە دڵی خۆمان دەگەڕاین. ئەوەیشی خۆش بوایە لەوێ نۆشی گیانمان دەکرد.

- نەک لەبەر خاتری خواردن، بەڵکوو لەبەر دۆستایەتی و خۆشەویستی دەچووینە ئەو شوێنانە.

- بێگومان.. ئەوە مقەڵێکە گەش بووەتەوە؟

- بەندەی ژێر فەرمانت ئەمرێت بۆ دۆڵمە. ئەویش جوان کوڵاوە.

- ئەو کارگە گەورەیە چییە؟

- بەخوا منیش نازانم، بەڵام هەرچەندەی سەر دێنم و دەبەم، هەر ئەوەندەم لێ هەڵکڕاند کە لەوانەیە کارگەی پیشەسازی و شت بێت.

- ئای چەند زەبەلاحە.

- بەڵێ براکەی باوکم، ئیدی شارستانیەت لە هەڵکشاندایە... ئامۆژگاریت ئەکەم لەو دۆڵمە و مەحشییە بخۆیت؛ لەکیست نەچێت ها.

- من توانای زیادەڕۆیم نییە، تا شوێن ماوە با بچم بۆ فلانە ئاهەنگی کردنەوەی باخچەی.....

- تا دەگەمە ئەوێ، هەموو ئەوەی لێرە خواردوومە هەرس دەبێت.

- ئەوە وتت ئاهەنگ؟

- بەڵێ بەڵێ... دەی وەرە هاوڕێیەتیم بکە...

بەڕاستی بنیادەم ناتوانێت فریای هەموو ئاهەنگ و سەرسفرەکان بکەوێت... ئای دەستی شکاوم..

- بەڕاستی جێگەی داخە. لەم ماوەیەدا لە گۆڤارێکی ئەمریکی باسی ئامێرە ئەتۆمییەکەمان دەکەن، ئەوەی پێیان بەخشیین. لەوانەیە ئەوە ئامێرە ئەتۆمییە نوێیەکەمان بێت.

- هەمووان باس لە ئامێرە هەڵمییەکە دەکەن.

- پێویستە سەرکەوین، پێویستە بیبەینەوە بەڕێزەکەم... کار بکەین و سەرکەوین.

یەکێکیان:

- ئایا کەی دەیبرن.

دانەیەکی دیکەیان:

- چاوەڕوانی جەنابی پارێزەرن.

- ئەوە کێ خاوەنی ئەم کارگەیەیە بەڕێزم؟

- وابزانم مستەرێکی ئەمریکییە!

- باوەر ناکەم، هەرگیز ئەمریکییەکان خوانی لەم شێوەیە ڕێک بخەن. من دڵنیام ئەمە هی خۆمانە. گومانەکەی من لەوەدایە کە ئەمە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی ئاو، یاخوود بەڕێوەبەرایەتی دەسبەسەردا گرتنە؟

- توخوا ئەوە قسەیە؟ بۆ مەگەر ئاو لە کارگەدا دروست دەکرێت؟ بەڕاستی لە دڵەوە حەز ئەکەم بزانم ئێمە لەکوێین.

- وابزانم ئەمە کارگەی دروستکردنی تەنکی هەڵمییە.

- کەواتە ئەوە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی دەستبەسەراگرتنە، لەوانەیە ئەوان ئەم تەنکییانە بۆ بەرهەمهێنانی عارەق دروست بکەن.

- لێرەوە تەشریف بێننە سەر ستەیجی شەرەف.

- جێگرەکان. ئەوانیش بانگێشت کراون. ئایا دەچیت بۆ خوانەکە؟ ئەوەی بەمەبەستی کرانەوەی پردی ..... بەڕێوە دەچێت.

- لەسەرم ئەکەوێت ئەگەر نەچم.. بەڵام گوێزەکەیان کۆن بووە.

ئایا تەواو بوویت؟
یەکێک:
- بەڕاستی دەوڵەت پێش ناکەوێت مەگەر بە کردنەوەی کارگە.
یەکێکی دیکە:
- ئای خۆزگە هەموو ڕۆژێک ئاهەنگێکی کردنەوەی کارگەی ..... لە چێشتخانەیەکی کەناری دەریا ............ سەرەطانی دەریا بخوێن.
- خۆزگە تامی سەرەطانی دەریایت دەکرد کە لە خوانەکەی دوێنێ شەودا نۆشی گیانمان کرد بەبۆنەی کردنەوەی .....
- ئەو منداڵە هی کێیە؟ کوڕی خۆتە؟ بارەکەڵڵا.
- بارەکەڵڵا لە خۆت و عەزیزەکانت.
- بخۆ کوڕەکەم... سێو، پرتەقاڵ... کاتو، چیت حەز لێیە نۆشی گیانەکەتی بکە.
- وس س س، ئەوە جەنابی ئەفەندی هات.
- ئەوە کێیە؟
- نازانم. لەوانەیە خاوەنی پڕۆژەکە بێت. یان کێ ئاڵێ خودی وەزیر نییە!
- وا دیارە بەڕێوەبەری گشتییە. ئەوە پرسیارێکیشم لێت هەیە؟ ئێمە لە هەموو خوانێکدا یەکدی دەبینین، هەرچەندە پرسیارەکەیشم تۆزێک فزولانەیە، بەڵام کاری جەنابتان چییە؟
- خزمەتکاری گوێ لە مشتی جەنابتانم. هـ هـ ئـ . تەماشاکە جەنابیان دەیانەوێت وتەی پێشەکی بەبۆنەی کردنەوە تەنکییە هەلمییەکەوە پێشکەش بکەن.
وتارەکە:
ئامادەبووانی بەڕێزا

له ناخی دڵمەوە پیرۆزبایی له تیکڕای ئامادەبووان بەبۆنەی کردنەوەی کردنەوەی تەنکی هەڵمی چوارەم له ویستگەی کارەباییەکەی تیزغیاتارغا دەکەم. خۆمان به دەستی خۆمان ئەم دانەیانمان بەبێ یارمەتی ئەمریکا درووست کردووە. ئەو گوڕ و تین و بەرنامەڕێژییەی که له سایەیەوە له تیپی وەرزشی وڵاتی هەنگاریامان بردەوە ۳ – ۱ لێرەیشدا ڕەنگی داوەتەوە. بۆیه له دروستکردنی تەنکییەکەیشدا هیچ پشتیکمان به وڵاتانی بێگانه نەبەستووە، ئەوەی که ویستبێتمان، تەنها یارمەتی سێ ئەندازیار و دوو پسپۆڕ و سێ ئەندازیاری ئەمریکی بووە و تەواو. وەک دەبینن تەنکییەکه بەهۆی مادده خۆماڵییەکانەوە له فڕنیش کاری باشترە. پێویسته ئەوەیش بڵێم: پاش پێکهێنانی تەنکییەکه، له هۆکاری ئەوەمان کۆڵییەوە که بۆچی ئاوەکه گەرم نابێت، پاش بگرە و بەردەیەکی زۆر، بۆمان ڕوون بوویەوە که هی ئەوەیه فڕنەکه شەش مەتر لێیەوە دوورە و پێویسته فڕنێکی دیکه له ژێریدا دامەزرێنین. بەڵێ تەنکییەکه هێندە گەورەیه که نەک هەر له ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ، بەڵکو له بەڵقانیشدا شتی وا نییه. سەرباری ئەوەی که ماددەی پێکهێنەری بریتییه له مسی سپیکراوە، تەنها له دوو شوێنیشدا کونی تێ بوو بوو، ئەوەیش خۆمان هەستاین به گرتنی کونەکان. بەڵێ به پشتبەستن به خۆمان، هەستاین به گرتنی کونەکان لەڕێگەی لۆکه و قەتران و عیدانەوە. ئەو جارەیش هیچ پێویستییەکمان به یارمەتی ئەمریکییەکان نەبوو. بەڵێ چکه چکی ئاوەکه نەبوویه هۆی کوژاندنەوەی ئاگرەکەی ژێرەوەی. خۆتان دەزانن ئێستا ، لەبەر ئەوەی دەریاچەی تیرکوس وشکی کردووە، شارەکەمان بێ ئاوە. ئەگەر ئەو دۆخه ناهەموارە نەبوایه، به بەرچاوی خۆتانەوە ئەزموونی کارەکەمان نیشان دەدان. ئەوە ئێستا خودی تەنکییەکەتان لەبەرچاوە، ئەوەی ئینکیشارییەکان له کاتی شۆڕشی (کابکتشا مستەفا)دا سەراوژێریان کردەوە. هەر لەوساوە ئەم تەنکییه بوویه باڵەخانەی سەدری ئەعزەم (کیرکیاخ

خەلیل پاشا)، ماوەیەکی زۆریش بۆ دابەشکرنی ئاشی ئیمام حوسێن لە عاشـــووراردا بەکار هات. دواتریش بۆ ماوەیەکی زۆر وەک تەنکی بوخار بەکار هاتووە. ئەم تەنکییە....

یەکێکیان:

- درێژەتان دا بە باسی ئەم تەنکییە، من دەڕۆم...

یەکێکی دیکە:

- منیش دەڕۆم. ســـبەی لە خوانی .... یەکدی دەبینینەوە کە بەبۆنەی کردنەوەی .............. بەڕێوە دەچێت.

- زۆرچاکە... تا سبەی.

*** *** ***



Scanned by TapScanner

# چلچرای پێنج شاخ[12]

زۆربەی ڕۆژ لە قـاوەخـانەکەدا لوتم هەڵـدەتەقی بە کـابرایەکی کورتەبنەی خرەلانەدا، نەیشم دەزانی کێی کوڕی کێیە؟

ئەو دەورانە گوزەرانمان تەڵخ بوو. بە بێ کار و بە گیرفانی بەتاڵ دادەنیشتم، وەک دەڵێن (ئەسپێ لە گیرفانم سەوزەڵێ خانمیان دەگوت). بۆ قوتـاربوون لەو بارودۆخە ناهەموارە، لەگەڵ کـابانی مـاڵێ، ڕێک کەوتبووین ئەگەر شـتێک لازم نەبێت نەیکڕین. واتە تەنها ئەو شـتانە بکڕین کە ژیـان بەبێ ئەوانە ئەسـتەم بێت. ئەو کـاڵا و شـتـانەی ماڵەکەیشمان فرۆشت کە فرۆشتمان. شتێکی ئەوتۆ لە ماڵێدا نەمایەوە، مەگەر پەرتووک و هێندێک قاپ و قاچاخ.

ئەو کـاتەی خـاوەن مـاڵ بەبڕیـاری دادگـا و بەهۆی نەدانی کرێی خـانووەوە وەدەری نـاین، کەیبـانۆ و زاروزێچم[13] ڕەوانەی مـاڵی مـام (خەزوور)ـــم کرد. لەبەر ئەوەیشی کە پەیوەندیم لەگەڵ مامم هەر لە ســەرەتـاوە بەخراپی هێنـابوو، نەمـدەتوانی بچمە ئەوێ مەگەر ئەو کـاتـانەی کە هەموویـان نوسـتبوون. نیوەشــەو کەیبـانۆ دەهـات و دەرگاکەی بۆ دەکردمەوە. جارێک لە جاران، نیوەشــەو نزیکی مـاڵی مامم بوومەوە، سـەبرۆکە تەقەم لە دەرگاکەیان دا. بۆ نەگبەتی ، مامم دەرگـای بۆ کردمەوە. بەبێ ئەوەی یەک وشــەی لە زار دەرچێت، دەرگەی کردەوە و گلۆپەکەی کوژاندەوە. شـــەوارە بووم، کەوتم بە

[12] - چلچرا: گلۆپی چەند لق کە لە مزگەوت و دیوەخانەکاندا هەڵدەواسـرێت، ثریا، Chandelier

[13] - زاروزێچ یان زاروزیچ: منداڵ و زارۆکان.

ملی شـتێکدا، دواتر لێم مالوم بوو کەوتووم بەسـەر ملۆیەک کتێبدا. یەکسەر ڕاست بوومەوە و درێژەم بە ڕێگەکەم دا بەلام دەستێکم بە دیوارەکەوە گرتبوو، کـاتێـک چوومە ژوورەوە، گلۆپی ژوورەکە داگیرسـابوو، مامم و خێزانم لە ژوورەوە بوون، خێزانم دەگریا و بەرچاوەکانی مۆر بووبوونەوە.

- ئەو کتێبانەی لا نەبات، گشتیان ئەسوتێنم (مامم بە تورەییەوە وای وت). باشـتر وایە بەر لەوەی پارە بۆ ژیاندنی تۆ و مندالەکان پەیدا بکات، بەم ناوەدا نەیەت.

لەو ڕۆژە بەدواوە ڕێگەی قاوەخـانەم کردە هی خۆم. ئەو گزگلی خرپۆلەیش وەک من سـبەینـان دەهـات و هەموو ڕۆژەکەی لە قاوەخانەکەدا بەسەر دەبرد.

ڕۆژێکیـان خرە تـا ئێوارە دیـار نەبوو، ئێوارە کە دەرکەوت دیتم چلچرایەکی بەدەستەوە گرتووە، چلچرای پێنج شاخ. لەسەر مێزی دانا و یەک قاوەی بە یەک قووم هەلدا.

لەو ڕۆژەوە لەگەل چلچراکەدا بوو بوو بە دوانە؛ هەمیشـە بەدەسـتیەوە بوو؛ دەهات بۆ قاوەخانە و ئەویشـی بەدەسـتەوە بوو. لەسـەر مێز لەبەردەم خۆی دایدەنا و تا درەنگانێکی ئێوارە دایدەکوتا، ئینجا دەرۆیشتەوە.

ڕۆژێکیان دیتم یەکێک لە شاخەکانی شکابوو، خۆیشی دوو شاخی دیکەی شـکـانـد و ئینجـا هەر پێنجیـان. ئەوەی مـایەوە هەیکەلە کانزاییەکەی بوو کە لە برۆنز چێ کرابوو.

** **

لەوسـاوە لەگەل خێزانمدا لە باخچە دیدارمان هەبوو، لە قەراغی شەقامەکەدا پێکەوە دەوەستاین و قسـەی خۆمان دەکرد. بەلێ بڕیاری مامم هیچ بواری قسـەکردنی تێدا نەبوو. بەلێ لەبەر ئەوەی من توانای



Scanned by TapScanner

پارەپەیداکردن و لەوەڕاندنی خێزانەکەم نەبوو، بۆیشم نەبوو کچەکەی ببینم.

من بۆ کردنی هەموو کارێک ئامادە بووم، بەڵام ملم بە هەرکوێوە دەنا، سڵاوم لە هەر شوێنێک دەکرد، وەڵامی سڵاوم نەدەسەنرایەوە.

هاورێیەکم لەڕووی سۆز و ڕەحمەوە وتی:

- ئەگەر گوێت لێ نییە و هەموو کارێک دەکەیت، وەرە و هەرچەندە بچکۆلە و سنووردار بێت، دەست بە کاری بازرگانی بکە! بگەڕێ، ببە بە گەڕاڵ، کلینس و گۆرەوی و چەرخ و لەزگەی زام بفرۆشە. بەو شێوەیەیش دەتوانیت قووتی ماڵ و منداڵت دەستەبەر بکەیت. هەر سبەی زووتر نییە، ٥٠٠ لیرەت دەدەمێ و دەستبەکار بە.

ناونیشانەکەیم وەرگت و دەستمان لەیەک بوویەوە. خەریک بوو لە خۆشییا دەفریم. کێ لەم ڕۆژەدا ٥٠٠ لیرە بە یەکێکی دیکە دەدات؟ مانای وایە چاکەخواز هێشتا ماون.

سبەی بەر لەوەی بگەمە لای دۆستەکەم، خۆم گەیاندە قاوەخانە وەک پیشەی هەمیشەیی. ئەوەندەی نەبرد، گزگلی خرپن دەرکەوت. لاشەی چلچرای بەخۆیەوە هەڵواسیبوو، لە پەنامەوە دانیشت و قاوەیەکی بە یەک نەفەس نۆش کرد. بیرم چوو بڵێم سڵاوێکیشی لێ کردم بەم شێوەیە: چۆنی چاکی؟

- سوپاس، خۆت چۆنی؟ ئینجا بەبێ هەناسە هەڵمژینەوە لێم پرسی: تخوا ببورە، هەرچەندە فزولیشە بەڵام چما خێرە لەم چلچرایە نابیتەوە؟

- ئەمە چلچرا نییە، ئەمە سزای ڕاستەقینەی ئاسمانە بۆ من نازل بووە.

- لێم پرسی چۆن؟ (بە سەرسوڕمانەوە)



Scanned by TapScanner

- چیرۆکەکەی دوور و درێژە. راستکردنەوەی شتی تێکدراو ئاسان نییە. ماوەیەکە کاروبارم لەدەست داوە. بۆ نەگبەتی، ژنێک و دوو منداڵیشم هەن.

منیش بە گزۆڵییەوە وتم:

- منیش هەروا.
- تۆ لە بەلا و نەگبەتییەکانی من تێناگەیت.
- منیش هەمان کێشەم هەن.
- تێکڕای دار و نەدارمان فرۆشت، سەرەتا ئەو شتانەی کە زیادە بوون، دواتر ئەوانەی کە پێویست نەبوون، دواتریش ئەوانەی کە ژیان بەبێ ئەوانەیش بەرێوە دەچوو، تا ئەوەی هەرچێکمان فرۆشت مەگەر شتێک کە ژیانی پێوە بەند بوو، مان و مردن.
- ئێمەیش لە هەمان دەستوور.
- ئێمەیش تەنها کتێب و قابلەمەمان مابوون ئەو کاتەی کە خاوەن ماڵ وەدەری ناین.
- رێک هەمان شێوەی ئێمە.
- ئایا ماڵ و منداڵەکەت ناردۆتە ماڵی مامت؟
- لەکوێوە دەزانیت؟
- چونکە من وام کردووە.
- بەڵێ ناردوومن بۆ ئەوێ هەرچەندە دانوویشم لەگەڵیدا ناکوڵێ.

وام هەست دەکرد ئەو خرتوڵەیە باسی ژیانی من دەگێڕێتەوە، جوان جوانی گوێم بۆ شل کردبوو. ئینجا باسی ئەوەیشی کرد کە ئەمشەو چۆتە سەردانی ژنەکەی و مامی دەرگاکەی بۆ کردووەتەوە و کەوتووە بەسەر بارە کتێبێکدا و هەموو ئەو شتانەی باسی دەکرد، هەمان چیرۆکی من بوو. بڕوام بەو شتە نەدەکرد. کەوتبوومە گومان



Scanned by TapScanner

لەوەی لەوانەیە کوڵەی کردبێت[١٤] لە چیرۆکەکەم و بیەوێت گاڵتەم پێ بکات؟

– باشـــە زۆر درێژەی مەدەرێ، باســـی چیرۆکی ئەم چلچرایەم بۆ بکە؟

– بەسەرچاو... جارێکیان برادەرێکی خۆمان بینی.

– ٥٠٠ لیرەی دایتێ؟

– بەڵێ بەڵام چۆن زانیت؟ خۆ من بە یەک بەشەرم نەگوتووە.

– ئەوەش بەسەر من هات!

– باشە ئەی ٥٠٠ لیرەکەت وەرگرت؟

– بەڵێ.

– بەڵام من هێشتا وەرم نەگرتووە، بەم زووانە ئەچمە سۆراخی. ئەی دوای ئەوە چی قەوما؟

– ئەو دەمەی چوومە لای هاورێکەم، لە برســـان قورەی زگم دەهات؛ ماوەی دوو ڕۆژ بوو یەک شتم لە گەروو نەچووبوویە خواری مەگەر دوو کوپ چا کە خاوەن ٥٠٠ لیرە بە قەرد پێی دابووم. منیش نەمدەویست کۆی گوژمە پارەکە بەیەکەوە بەکار بهێنم.

کاتێک دەڕۆیشـــتمە پەنا چێشـــتخانە، چاوم دەبڕییە ئەو مریشـــکە برژاوانە، بەحاڵ و نەحاڵ هێز لە ئەژنۆمدا مابوو، زمانم دەردەهێنا و وەک ئەوەی بیخۆم دەمم دەجولاند و قووتم دەدا. بە ســـێ لیرە تێر و تســـەل دەبووم، بەڵام ترســـم ئەوەبوو دەســـت بکەم بە خەرجکردنی پارەکە و هیچم بۆ نەمێنێتەوە.

دەمێ گەیشـــتمە لای چێشـــتخانەی تایبەت بە گۆشـــتی بەرخ و وشـــترمرغ، بۆنەکەی چیســـکابوو بە لوتمەوە، خۆم پێ ڕاگیر نەکرا و چوومە ژوورێ........ و بەڵام هێزێک لە نـاخمەوە دوانـدمی و وتی: پێویستە سەرەتا شتێک پەیدا بکەیت، ئەوسا دەست بکەیت بە خەرج و

[١٤] – کوڵەکردن: بەدزییەوە گوێگرتن لە یەکێک، بەتایبەتی لە پشتی دەرگاوە.

مەخاریج. گەیشتمە کن فرنی سەموونە حەجەرییەکە، بۆنی کونجی و سەمونی برژاو لە لوتمەوە چوویە ژووری و دای لە تاقی سەرم. چی دەبێت ئەگەر تۆزێک نانی گەرم و نەرم بکڕم؟ نەخێر... کارێکی پەسەندیدە نییە.

هێندەی نەبرد لەبەردەم دووکانێکی کێک و کولیچەدا خۆم بینییەوە، ئەی بۆ کێکێکی پان و جوان نەبەمەوە بۆ ئەو ژن و منداڵانەم؟ نەبەخوا شتی وا نابێت... سەرەتا پێویستە بڕێکی باش پارە وەدەست بێنم، ئینجا لێی خەرج بکەم.

خۆر خەریک بوو لوتی لە زەوی دەخشا، زەرد زەرد و گەورە، ئەتگوت نانێکە و بە ڕۆن زەرد کراوە، منیش ئارەقەم لێ دەچۆڕا، قورگم وشک، ئەژنۆ بێهێز، خوایە ئاولیمۆیەک بخۆم و کەمێکم هێز بێتەوە بەر، بەڵام لە کاتی خۆیدا عەقڵ گەڕایەوە ناو سەرم و هەڵەی وەهام لێ نەوەشایەوە. دەبێت پێشانی مامی بدەم کە چ کارێکی مەزن بەم لیرانە دەکەم. دەیبینێتەوە. (بیرێکی لەو جۆرەم کردەوە لەباتی خواردنی ئاولیمۆکەدا).

لە تینووان کوێرایم داهاتبوو، کەچی لەترسی خەرجنەکردنی پارەکە، ڕێگەم بە نەفسی خۆم نەدەدا بە دە قروش جامۆڵەیەک ئاو بخۆمەوە. سواری ترامیش نەبووم و بەپێی ئەو هەموو ڕێگەیەم بڕی.

لە کۆتاییدا خۆم لە بازاری جوملەفرۆشان دیتەوە؛ ئاغای ماڵم لەولای لەولاوە یەک ئاپۆرە لەدەوری کابرایەک خڕ بووبوونەوە، سەبرۆکە نزیک بوومەوە، دیتم مەزاتە. کاتیش دەمەوە زەردەپەڕ بوو. هەر خۆم بە خۆمم گوت: سبەی هێندێک شەخەڵ و پەخەڵ دەکڕم و مل لە کاسپییان دەنێم. مادەم ئێستا کارێکی ئەوتۆم نییە، با بچمە



Scanned by TapScanner

قاوەخانەیەک. ئی باشە بۆ دەچیتە قاوەخانە بەو گشتە پارەیەوە، دنیا هەزار شتە. با بچم و تەماشایەکی ئەو مەزاتە بکەم، کەمێکیش کات رابوێرم. خۆ تا ئێستا ئەم جۆرە شتەیشم نەبینیوە لە نزیکەوە، با بچم شتێک لە دنیا فێر بم.

چوومە سالۆنەکە، خەڵکەکە لەسەر پلەکان دانیشتبوون، منیش لە شوێنێکدا وەک ئەو عالەمە دانیشتم. کابرای دەلال ئامێرێکی وێنەگرتنی دەست دایە و بە دەنگی بلند هاواری کردێ:

- ئامێری وێنەگرتن؛ مارکەی رۆلفیکس؛ هاوێنەی دوو نیو؛ هێندە تازەیە هەر وا بزانە نوێیە؛ بەشەرت؛ بەهاکەیشی ٣٠٠ لیرەیە. ٣٠٠ لیرە. کێ بوو دەیویست؟

- یەکێک لەولاوە وتی: بە ٣١٠ماڵی منە.

- ئەوەتا ٣١٠ موشتەری هەیە. ٣١٠، ٣١٠ .

- ٣١٥ من دەمەوێت.

دەنگ لە هەر چوار ئاراستەوە دەبیسترا.

- ئەمن ٣٢٠ی پێ دەدەم..

- ٣٥٠ بۆمی دانێ با بچمەوە ماڵێ.

هەموو وست بوون. دەلال وتی:

- باوەڕتان هەبێت بە ٤٥٠یشی نادەم.

- یەکێکیان وتی:

- دەتوانم بیبینم بەڕێز گیان؟

دەلال دایە دەستی و ئەویش هەڵگێڕ و وەرگێڕێکی کرد و وتی:

- ٤٦٠ی پێ دەدەم.

- ٤٦٢ ماڵی براتان بێت، کابرایەکی سیخن، سیخەسیخ وای وت.

- من ٤٨٠ ی پێ دەدەم، کەس هەیە زیاتر بدات؟ وا کریم، کریم...

شڵپەی دەست لەناو دەستتان هات و ئامێر فرۆشرا. پارە درا و کار لەکار ترازا.

***

دەلال ئامێرێکی تایبەتی پڕ پێدا کرد و هێنای؛ مارکەی ڕیمینگتۆن؛ مەزات لە ٦٠٠ لیرەوە دەست پێ دەکات.

- ٦٠٠ لیرە.
- ٦٠٠ و یەک لیرە.
- ٦١٠ لیرە.
- ٦٥٠ لیرە.

تا ئێستا لە ژیانمدا دیمەنی وەهام نەبینیبوو، تا نرخەکە بەرزتر دەبوویەوە، دڵەکوتەکەیشم زیاتر دەبوو.

- ٦٥٥.
- ٦٨٠ماڵی من بێت.

بە دانیشتنەوە خۆم پێ ڕانەدەگیرا، ناچار هەستامەوە سەر پێ.

- ٦٩٠ لیرە.
- ٧٠٠ لیرە.
- ٧١٠ ماڵی من بێت.

ئەوەندە چوو بوومە ناو دۆخەکەوە، قیڕاندم:

- ٧٥٠، بێدەنگییەکی سامناک باڵی کێشا بەسەر شوێنەکەدا

کابرای دەلال تەماشای منی دەکرد:

- ٧٥٠، کێ زیاتر دەدات؟ ئەیفرۆشم بەو نرخە. ئەیفرۆشم... فرۆ...

لەناکاو دەنگێک هات:

- ٧٥١ لیرە من دەمەوێت.

ئینجا لەو کاتەدا بیرم کردەوە، باشـــە ئەگەر بۆم دەرچوایە چیم بکردایە؟ خۆ من هەمە و نیمە ٥٠٠ لیرەیە.

ئامێرەکە بە ٧٨٠ لیرە فرۆشرا.

*** ***

پاشی ئەوە دەلالەکە مەکینەیەکی (بەرگدورینی دەستی)ــــی هێنا. نرخی سەرەتای بە ٥٠٠ لیرە خەملاند. ڕووی کردە ئاپۆرەی خەلکەکە و، منیش بە بڕوابەخۆبوونێکەوە وتم:

- ٥١٠ .
- ٥٢٠.
- ٥٥٠ لیرەی تورکی.
- ٥٨٠ی پێ دەدەم.
- ٦٠٠ بۆ برای خۆتی دانێ.

کۆتا کەس من بووم، هەمووان تەماشایان دەکردم. وام هەستکرد ئاوێکی کوڵ بە کولیان بەســـەردا کردووم. شـــەیتان فریوی دام. کابرایەکم لە پەنا بوو، نەیشم دەناسی وتی:

- بەلام ئەوە ٦٠٠ لیرە ناژێ.
- تۆ هەقت چییە؟ من پارەی پێ دەدەم، بەو شـــێوەیە وەلامم دایەوە.

وتی:

- بەلام من میکانیکیم،
- منیش هەروا سەرێک لەم ئامێرانە دەر ئەکەم.

ئەوەندەی نەخایاند یەکێک هاواری کرد:

- ٦٠١ لیرە.

بۆ جاری دووەم ڕزگارم بوو لەو بەلایە.



Scanned by TapScanner

پاشی ئەوە گوزەیەک مەزاد کرا، بۆ ئەوەی هاوار نەکەم، بە دەستم توند دەمم گرتبوو. پاشـــی ئەوەیش تـابلۆیەکی ڕۆنی مەزاد کرا. دواتریش گسکێکی کارەبایی.

لە کۆتاییدا کابرای دەلال چلچرایەکی هێنا.

چلچرای پێنج شـــاخ، کاریش دەکات، نرخی ســەرەتای مەزاتی ٤٠ لیرە بوو. کێ زیاتری پێ ئەدات؟

- چل و یەک لیرە.

یەکێک لە دەستە ڕاستمەوە نەڕاندی بە چاوی داخراوەوە:

- ٤٢ لیرە.

دانەیەکیش لەلای چەپمەوە ســیخەســیخ، بە هەزار حال دەنگی دەگەیشتە من:

٤٥ لیرەی پێ دەدەم.

لە بەردەممەوە:

- ٤٨ بێنە دەستت؟

لە پشتمەوە:

- ٥٠ لیرە تەقەی مامەڵەت بێت.

چیتر توانای خۆڕاگرتنم نەما و هاوارم کرد لەسەر کەللەی سەر:

- ٥١ زووکە بمدەرێ.

دۆخەکە هێندە هەســتیار و شــپرز بوو، من هۆشــم لای خۆم نەمابوو.

یەکێک لە لای ڕاستمەوە وتی:

- ٥٣ لیرە.

لای چەپەوە:

- ٥٥ ليره.

من:

- ٦٠.

هەرچیم کوشش کرد بەڵام هەر قورەکە خەستتر دەبوویەوە.

- ٧٠ ليره.

- ٧١.

- ٧٥.

ئاگام لە خۆم نییە و هەر هاوار ئەکەم:

- ٨٠.

- ١٠٠.

- ١١٠.

لە ڕاستەوە:

١٥٠.

من:

- ٢٠٠.

لای ڕاستەوە:

- ٢٥٠.

ئەو بە کەم هەڵدەکشا و من بە زۆر.

- ٢٥١.

- ٢٦٠.

- ٢٦١.

- ٢٧٠.

- ٢٧١.

من هەر سەردەکەوتم و دۆعام ئەکرد خوایە ئەویش سەرکەوێت.

- ٢٩٠.

ئەگەر نەیوتایە ٢٩١، ئەوا یەک قروشم بۆ زیاد نەدەکرد.
بە بێ ئەوەی بیر لە ئاقیبەتی خۆم بکەمەوە، قیڕاندم:



Scanned by TapScanner

- ٣٠٠ ليره.

نەرمە نەرمە بەهاکەی خۆی گەیاندە ٤٠٠ لیرە.

ڕۆیشت و ڕۆیشت تا گەیشتە ٤٩١ لیرە. هاوارم کرد:

- ٥٠٠ لیرە ماڵی من بێت.

- چلچرا بە ٥٠٠ لیرە.... بە ٥٠٠، کەس زیادی نەکرد؟

کاتێک وتی (کەس زیادی نەکرد؟)تەماشـــای هەموو ئامادەبووانم کرد، کەچی یەک بنیادەمی ژیر و بەبیری تێدا نەبوو ڕزگارم بکات، تەنها یەکێکیان نەبێت بەحاڵ لێوی بزواند یان من وەها گومانم کرد کە جولاندوویەتی، خێرا بەپەلە وتم:

- وابزانم ئەم بەڕێزە ویستی شتێک بڵێ؟

وەڵامی دامەوە: نەخێر نەوەڵا.

هەمووشـتێک تەواو بوو...ئای لە خەڵکی ئەم ڕۆژە! یەک بنیادەمی بەشـــەرەف نادۆزیتەوە. جارەکانی دیکە کاتێک شـــتێکی دەفرۆشـــت، لەنێوان کۆتا نرخ و بەماڵکردنەکەدا کەمێک ڕادەوەستا، کەچی ئەمجارە یەکسەر وتی:

- ئەوە فرۆشتم.. ماڵت بێت.

لەو کاتەدا دەســـتی بۆ درێژ کردم و فاتورەکەی هێنا و ناو و ناونیشانی نوسیم. باوەڕت هەبێت لەجێگەی خۆم نەمدەتوانی بجووڵێم. کاڵاکەی دامێ و دەســـتی کردە ژماردنی لیرەکانم، پێنســـەد لیرە. لەو کاتەدا ڕکابەرەکەم لێم نزیک بوویەوە و وتی:

- بەخ بەخ چ کاڵایەکی باشت دەست کەوتووە؟

- تۆ لەکوێوە ئەزانیت چاکە؟

- ئێ جاران خۆم خاوەنی بووم.

- بێگومـان لەتـاو بێدەرەتـانیدا فرۆشـــووتە، حەزنەکەی با بێدەمەوە و تۆ ٤٩٠ لیرەیشم بدەرێ.



Scanned by TapScanner

وەڵامی دامەوە:

- بەڕاستی بەخت یاوەرت بووە، شتێکی چاک و بەنرخت دەست کەوتووە، نامەوێت مەحرومت بکەم لێی.

منیش پێم وت:

- هەرگیز ئیشم بەم سورەیایە نابێت، بێنە ٤٠٠ و بیبە بۆ خۆت.

بەڵام دیسانەوە خۆی لێ بەدوور گرتم و وای نیشاندا بەخت یاوەرم بووە.

- هێو گوێ بگرە، بێنە ٣٠٠ و بیبە.

بەڵام هەر ئاوڕیشی لێ نەدامەوە.

خۆم وام گومان دەبر کە هێندەیشم بە گران نەکڕیوە، بەڵام باشە من کارم بە کەڵتەیە چییە؟ هەڵم گرت و بردمە بازاڕ، ئەو شوێنەی کە چلچرا و گڵۆپی دیوەخانی لێ دەفرۆشرێت.

یەکێک لە بازرگانەکان وتی:

- داوای چەنی لێ ئەکەیت؟

- چلچرایەکی دەگمەنە، کێشە نییە، کەمێکیش لە بەهاکەی خۆی دێمە خوارەوە و بە ٦٠٠ بۆ تۆی دادەنێم.

بازرگان قاقایەکی یەک مەتری کرد.

- بەو پارەیە ١٠ سورەیای تازەی هەمان مۆدێلت دەدەمی، یەک جاریش دانەگیرسابن.

دەمی ئێوارە، لە باخچەکە خێزانمم بینی، بە ناوچاوێکی گرگرتووەوە وتی: (تەواو، یان ئەوەتا لێرە دەڕۆین یان ئەوەتا جیا دەبینەوە)، پێویستە بە زووترین کات کارێک بدۆزیتەوە.

چلچرام نیشان دا و وتم، قورساییەکەمان تێپەڕاندووە و کەمێکی ماوە. ماڵێک دەگرم باوکت چاوی ئەبلەق بێت، تەماشاکە، ئەها ئەو



Scanned by TapScanner

سورەیایەم کڕیوە، زۆر جوانە، بە پێنج قروش (قروش وردەی لیرەیە، وەک چۆن فلس وردەی دینارە و ڕیال وردەی تمەنە).

کەبیانۆم بەرزەپێ هەستایەوە و بەبێ ئەوەی تەماشای نێوچەوانم بکات یان ئاوڕێکیشم لێ بداتەوە، پشتی هەلکرد و جێی هێشتم.

لەو ڕۆژەوە من و ئەم چلچرایە بووینەتە دوانەی یەک ســک. شوێنێک شک نابەم تێیدا هەڵواسم، کەسێکیشم بۆ پەیدا ناکرێت لێم بکرێت. ئەوەتا ئەمبینی شـــەو و ڕۆژ و لەیل و نەهار بە کوڵ و باوەشــمەوەیە. شـــووشـــە و گڵۆپەکانی ورد و خاش بوون، ئەوەی ماوەتەوە لاشــە ئاسـنەکەیەتی. ئەوەی خەفەت و مەراقمە یەک شــتە یەک: ئەو کـاتەی ٥٠٠ لیرەکەم پێ بوو، نەمکرد دوو ژەمی چەور نۆشی ئەو گیانەم بکەم، یان دوو جامۆلکە ئاوی شیرین بە ١٠ قروش بخۆمەوە، ئەگەر ئەوەم کردبا، ئێســتا بەو ئەندازەیەیش ڕۆحم ئازاری نەدەکێشا.

به چاوێکی پڕ لە سۆز بەزەییەوە نواڕیمە خرەی خاوەن چرا، کاتی ئەوەیش هـاتبوو خۆم بگەیەنمە لای هـاوڕێی قەرزدەر. لە ڕێگەدا ورد و درشتی قسـەکانیم لێک دەدایەوە کە خوایە چەندە ژیانی ئەو کابرایە لە هی منەوە نزیکە؟

لەوانەیە بەلای ئێوەیشـەوە ئەمە جێگە سـەرسـوڕمان بێت کە ئەو کـابرا خرەی چوو بوو بە ٥٠٠ لیرە لە مەزادخـانەکە چلچراکەی بە مەزات بەدەست هێنابوو، بێجگە لە شەخسی خۆم، کەسی دیکە نەبوو، بەلام بۆ ئەوەی کەس گاڵتەم پێ نەکات، بە هەموانم دەگوت کە ئەوە چیرۆکی یەکێکی دیکەیە.

*** *** ***



Scanned by TapScanner

## قسەوباسی نێو قاوەخانە

- سڵاو ئەفەندی
- ؟؟؟
- ئەفەندی مەرحەبا:
- ئـ یو اره باش.
- بێزارم نەکردوویت؟
- نەخێر بە هیچ شـــێوەیەک، بەڵام بیرم نایەتەوە لەکوێ ئێمە یەکدیمان بینیوە.
- بەڵام تا ئێستا یەکمان نەبینیوە.
- ئاخ... کەواتە یەکمان نەبینیوە؟
- ڕاســـتییەکەی هەر ئەوەبوو بینیم تەنها چایت دەخواردەوە، وتم با بچم دەمەتەقەیەکی لەگەڵ بکەم و بیناسم.
- هم م م.
- لەوانەیە بتوانین یەکدی بناسین.
- بە خۆشحاڵییەوە.
- ڕاســتییەکەیت پێ بڵێم، من حەزم لە چا خواردنەوەی بەتەنها نییە، پێویستە بنیادەم لەگەڵ دۆستێک یان هاوەڵێکیدا بیخواتەوە!
- بەڵام من حەزم لە جەنجاڵی نییە، پێم خۆشە بەتەنها بم.
- باشە بەڵام وتوویانە: تەنهایی هەر بۆ خودا باشە.
- ئەو زاتێکی گەورە و مەزنە، بەڵام من چکۆلەم.
- قســـەیەکی جوانە، مادەم وایە با بەبۆنەی بچکۆلەیی تۆوە بخۆینەوە.
- سوپاس!



Scanned by TapScanner

- پێت خۆش نییە لەسەر یەک مێز دانیشین؟
- ئاخر نامەوێت وەڕزت بکەم.
- مادەم وایە ڕێگەم پێ ئەدەیت من بێمە پەنات؟
- فەرموو، هەرچۆنێکت حەز لێیە؟
- زۆر خۆشحاڵم؟ گەورەم دەنگوباستان چۆنە؟
- دەنگوباسم؟ جا توخوا ئەمە ژیانە؟ سەد خۆزگە بە ژیانی سەگ!
- ئۆی ! بۆ چی بووە؟ وازی لێ بێنە.
- ئەی تۆ چۆنی؟
- من؟ زۆر باشم. قەت هێندە باش نەبووم.
- کابرای بەبەختێت, هیوادارم ئەم خۆشییە تا سەر بێت.
- با کەمێک بەو بۆنەیەوە بخۆینەوە.
- من زۆر بەم قاوەخانەیە دڵشادم. زۆر دڵم پێی ئەکرێتەوە.
- وەڵا من زۆر دڵم پێ قەبز ئەبێت.
- ئەی کەیفت بە گازینۆ و چێشتخانەی زەبەلاح سازە؟
- نەخێر.
- ئەی قاوەخانەی ڕۆخی ڕووبار؟
- خۆشترین شوێنی دنیایە بەلامەوە.
- ئەی کەواتە بۆچی هاتوویتە ئێرە ؟
- وەڵا خۆیشم نازانم.... بۆ ئەوەی بخۆمەوە.... ئادەی با بادەیەکی دیکەیش هەڵدەین.
- با بخۆینەوە بە خۆشی جەنابتەوە. دیمەنت وا لە مرۆڤ دەکات تێبگات.. تێبگات لەوەی کێشەیەکت هەیە!
- کێشەیەک؟ یەک دانە؟ یەک نییە و هەزارە، سەر لەبەری ژیانم غەوغا و ئاشوب و گرفتە. دایکم لەدەست داوە..
- ئای چەندە ناخۆشە. با بۆ ڕۆحی پاکی یەک کوپی دیکە بخۆینەوە. کەی دایکت بەرەحمەت چووە؟

- چل و پێنج ساڵ لەمەوبەر. ئەوسا من تەمەنم ١٣ ساڵان بوو.
- خەم مەخۆ، زەمەن هەمووشتێک چارەسەر دەکات.
- بەڵێ هەمووشتێک شیفا و دەرمانی هەیە.
- ئەم جۆرە شتانە سوننەتی ژیانن؛ هیچ چارەسەریکیان نییە. دایکی منیش بەر لە ٤٥ ساڵ وەفاتی کردووە. ئەوسا منیش لە تەمەنی ١٣ ساڵاندا بووم. باشتر وایە بخوێنەوە.
- وا دەردەکەوێت کە بۆ مردنی دایکت هیچ دڵبەداخ نەبیت.
- ئەوە چی ئەڵێیت؟ منیش بەشی خۆم ماندوو بووم؟ بەڵام چی بکەم؟ مردن سوننەتی ژیانە. زۆرم هەوڵدا لەبیری بکەم، بەڵام ئیدی ئەوە ژیانە.
- من ئەوەندەم لەسەرە ئەو لە یادەوەرییەکای خۆمدا زیندوو بهێڵمەوە.
- پێویستە لەسەر مرۆڤ بژێت.
- بەڵام ئەی سودی ژیان چییە؟
- ئەی سودی مردن چییە؟ خۆ هەموومان هەر ئەمرین، ئیدی ئەم پەلەپەلەی بۆ چییە؟
- تۆ زۆر بەئومێدیت.
- بەڵێ بێگومان. ژیان لەوپەری جوانیدا خۆی ئەنوێنێت. بەڵام تۆ زۆر بێهیوا دییتە پێشچاو.
- بێگومان هەمووشتێکی دەوروبەرمان ناشیرین و زشتن.
- بەڵام تۆ دەتوانیت خۆت لە ناشیرینییەکان گێل بکەیت، دەتوانیت سەرنجیان نەدەیت.
- بەڵام خۆ من مزمەعیل نیم..... وەرە و با سوراحییەکی دیکەیش نۆشی گیان بکەین.
- بەڵێ بخۆینەوە و خەمی دنیا بە با بکەین.
- زۆر سوپاس. تکات لێ دەکەم با چیدی ئەوەندە بە فەرمی پێکەوە قسە نەکەین (لێرەوە بەدوا، قسەکانیان تۆزێک دەبێتە بازاڕی

و وەرگێڕی کوردیش قســـەکانیان بە کوردییەکی بازاڕی تەرجەمە کردووە).

- وا باشترە.
- یەڵلا با برادەرایەتییکەمان تونتر بکەینەوە.
- هاوڕێ ئەو خەم و خەفەتە بخەرە ..........، کەی پێویســت بە خەم و مەراق ئەکا، هەر ..... بۆ لییەرەوە. پێبکەنە با بۆت پێکەنن.
- ناتوانم چاوە ڕاستەکەم. بەلا وەک کوللە داباریوە بەسەرما.. دایکم مردووە دایکم.
- ئای چەندە ناخۆشە. کەی وەفاتی کردووە؟
- زۆر نـابێت، هەووی دوو مـانگ دەبێت... فەقیرە توشـــی سەرەتان بووبوو.
- ئای هاوڕێ، ئێمە ئەڵێی دوو کەسی وەک یەکین، منیش دایکم هەر دوو مانگە مردووەو، هەر بە شێرپەنجەیش مرد.
- ئەی باشە بۆچی بێتاقەت نیت بۆی؟
- ئێ باشە فایدەی چییە ئەگەر خەم بخۆین؟ خۆ بە خەمی ئێمە زیندوو نابێتەوە.
- کاتێک تەماشای تۆ ئەکەم، سەرم سوڕ دەمێنێت.
- بۆچی ســـەرت ســـور دەمێنێت، خۆ ناشـــێ کچێکی چواردە ساڵان بووبێت. خوا نەیبرێ هەشتاو پێنج ساڵ ژیا، خوا ئەو عومرە درێژە بە ئێمەیش ببەخشێت.
- دەزانیت باوکی منیش ٨٥ ساڵی ڕێک ژیا.
- بەلام من وا بیردەکەمەوە بەخت یـاوەری باوکم بوو، خوا شوکر، لەو کۆتاییانەدا نەجاتی بوو لەو گشتە ئازارە.. ئادەی با لەبەر خاتری گیانی شیرینی باوکم تێر و پڕ بخوێنەوە.
- دە دەی بۆم تێکە خاڵە گیان[١٥].

---

[١٥] - هێشتا زمانە سەرجادەییەکەیان بەردەوامە.

- پر پری بکەم؟ سەرباری ئەوەی کە مردن شتێکی بێتامیشە. هەرکاتێک بیر لەو مردنە ح...... ە ئەکەمەوە، تاقەتی دنیام نامێنێت.

- بەڵام من کە بیر لە مردن ئەکەمەوە، هەســت بە خۆشــی و فێنکای لە دەروونمدا ئەکەم.

- ژنەکەم بەجێی هێشــتم بەجێ... ژنەکەم..... چۆن بەرگەی ئەو حەیاچوونە بگرم؟

- با بخۆینەوە و گشــت خەمەکان بەباکەین. ئەوەی منیش بەجێی هێشتووم.

- ئەی چی دڵخۆشــت ئەکات؟ وادیارە خۆشــت نەویســتووە؟ بەڵام بەخوا من بەبێ ئەو ناتوانم بژیم.

- ئەوە چ چەقەچەقێکە؟ توخوا ئەوە قســـە بوو کردت؟ منیش خۆشم دەویست. بەڵام خۆ بەزۆر نییە. بەجێی هێشتووم، خوا حافیزی بێ.

- ئەی من چیبکەم؟ چ قوڕێ بەسەردا بکەم؟

- زۆر ئاســانە، ســێ بەردی خڕی ســاف بخە ئەو مشتەیەوە. دانەیەکی تەڕ و تــازە بێنە و خەڵاس. دەی بــا کوپێکی دیکەیش بەو بۆنەیەوە نۆشـــی گیانمان بکەین. با برادەرەیەتییکەمان توند و تۆڵ بکەیتەوە.

- هێواش.. هەر لەســـەر خۆ. کێشـــەیەکی دیکەیەیشـــم هەیە. خۆشەویستەکەم بۆ ماوەی دوو هەفتە گەشتی کردووە..

- ئێ ئەی ئەوە بێتاقەتی بۆ چییە؟ خۆ ئەوەی منیش لە سەفەرە، بەخوا زۆرم بیر کردووە، بەڵام من دڵخۆشـــی ئەوەم کە بەم نزیکانە ئەیبینمەوە و پێی شاد ئەبمەوە.

- من خەریکە شــێت ئەبم. ئەوەتام لە لێواری شــێتبووندا. من نەخۆشم، تێ ئەگەیت؟ نەخۆش.

- بەڕاســتی خەمت بۆ ئەخۆم. بڕوام پێبکە، دەی بــا پێکێکی دیکەیش بخۆینەوە. بخۆرەوە بە کەیفی خۆت. نەخۆشییەکانت لەیادکە.

- ئای ئەگەر.....
- ئەرە تۆ قورحەی مەعیدەت هەیە؟
- چۆن هەستت کرد؟
- چونکە منیش بە هەمان دەردەوە ئەناڵێنم.
- جا بەس نییە توشـــی شـــتێکی خراپتر نەبووین، بۆ نموونە سەرەتان.
- سـوپاس بۆ خودا ئەوەی ئێمە تەنها قورحە –زام– ە، دەی با بخۆینەوە بەو بۆنەیەوە.
- ئەی خوایە بۆچی من ئەوەنە بەدبەختم؟ (هێشـــا بە زمانی ســـەرجادە دەدوێن و لەبەر ئەوەشـــی گرتوونی، وردە وردە خاوی دەکەنەوە).
- چییە چیبوو دیس سسانەوە؟
- شـــەش مانگ یەک قیدەمم لە فەرمانگەکەم بۆ نەبەســـتراوە، هەندێک دەرماڵە هەیە بۆم نابەســـتن، یەک کەس پارێزگاری لە مافی من ناکات.
- ها ها ها، پێکەنینم هات هاوڕێ، با بەپەلە بخۆینەوە.
- باشە من چ شتێکی پێکەنیناویم وت؟
- هیچ ها ها ها. هەرچی کە تۆ باسی ئەکەیت، دانە بە دانەیان بەسەر منیشدا هاتووە. منیش لە فەرمانگە حاڵم شرە.
- باشە ئەی تۆ دڵت بە چی خۆش کردووە؟
- ئەی تۆ پێم بڵێ ســـودی گریان چییە؟ لانی کەم من ئەوەی لەسەرمە ئەنجامی ئەدەم. دەشتوانم بەبێ ئەوەی کەس پارێزگاریم لێ بکات بژیم. دەی با پیاڵەیەکی دیکەیش بکەین بەودیودا.
- ئەو کاتەی لە ماڵەوە وەدەریا نایت، ئەوســـا ئەزانیت کەباب بەچەندە؟
- بـاش بوو کەمێـک پێکەینینم هـات، خەریکبوو دڵم ئەتەقی. خێرت بنوسرێت.



Scanned by TapScanner

- چیوە؟ چیتە؟

- لە ماڵەوەیان وەدەر ناوم، شتومەکەکانیشیان دەست بەسەردا گرتووم.

- ماقوڵە؟ منیش هەمان شێوە. تەنانەت ڕادیۆ و بەرماڵەکەیشم لەدەست دا.

- ئی باشە تۆ بۆچی هێندە دڵخۆش دیاریت؟

- چونکە ئەوە ڕادیۆ نەبوو، زباڵە بوو، خوا شـــوکر لە کۆتاییدا قوتارم بوو لەدەستی، بەرماڵە گوناهپۆشەکەیشم شڕ بوو بوو، لە هیچ لایەکەوە پینەی هەڵنەدەگرت. هەرکاتێک خوا دەســەڵاتی دام، دانەیەکی تازە و جوان ئەکڕم.

بەس نییە تۆ کەمێک هومێد و هیوا و هەڵچنیوە، خۆ من یەک قەترە هیوام نییە نی. هیچ شتێکی من لەجێگەی خۆیدا نییە.

- باشە ئەو شتە چییە کە لە جێگەی خۆیدا نییە؟

- باشە ئەگەر بە توی بڵێم چی لە مەسەلە ئەگۆڕێت؟

- ئا تۆ بیڵێ، بەشکوو دەردێ دەرمان بکەین؟

- ئەتبینم خەریکە دەگریت؟

- ئەی چۆن نەگریم، لە هەڵبژاردنەکاندا تۆ نازانیت پارتەکەمان چەندە دەنگی کەمی کردبوو؟

- باشـــە تۆیش ئەندامی ئەو پارتەیت؟ خۆ من ئەوە لە ســـودی پارتەکەی خۆمان هەژمار ئەکەم.

- زمانت بە خێر بچەرخێنە کابرا!

- بەڵێ لەپاشی ئەم داڕووخانەوە، بێگومان مێشکمان مەشغوڵ ئەبێت. پێویســـــتە وریای خۆی بێت، ئەگینا ئەم هەڵبژاردنە بێتەوە ناتوانێت خۆی بەتەنها حکومەت پێک بهێنێت. دەی با بەو بۆنەیەوە تۆزێکی دیکەیشت بۆ تێکەم و بخۆینەوە.

- باشە تێکە.



Scanned by TapScanner

- ئەو پەندە ڕاستە کە ئەڵێت: بەڵا لە یەک لاوە نایەت.
- یارییەکەت بینی؟
- بەڵێ، بەڵام ئـایـا کفری ئەو خـودایەیە ئەگەر یەکـجـار پاڵەوانییەکە ببەین؟ بڕواناکەم ئەمساڵ ببیەین.
- من ســـەرم لێی دەرنـاچێت تۆ بۆچی ئەوەندە خۆت ئازار ئەدەیت؟ ئەمە ئەبێتە مایەی ئەوەی نەجاتمان ببێت لەم یانە قەڵب و قوڕە. ئێستا کاتی ئەوەیە ئەو ڕاهێنەرە بێفەڕە فڕێدەنە دەرێ.
- دەی با بە بۆنەی تیپەکەمانەوە نۆشی گیانی بکەین.
- دەی هاوڕێ دەی.
- ئای ئەگەر قەرزەکان نەبوایە؟
- دیسانەوە دەستت پێکردەوە؟ چەندە قەرزاری؟
- ٤ هەزار لیرە.
- تەنها چوار هەزار؟ ئەوە هەر ئەو بڕەیە کە منیش قەرزارم.
- کەچی دڵیشت خۆشە؟
- ئەی بۆچی بێتاقەت بم؟ قەرز مرۆڤ چالاک دەکات، هەروەک قامچی چۆن گوێدرێژ بەرەو پێشەوە دەبات.
- ئاخ بەدەست ئەم دەردانەوە.
- باشـــە ئەوە تۆ بۆچی یەک دەقە بەبێ ئاخ دانانیشـــیت؟ چییە ئەمجارە؟
- مەگەر ڕۆژنامە ناخوێنیتەوە؟
- بۆچی نا؟
- منارەکە لەق بووە و هاکا لوتی کێشای بە زەویدا؟
- ئێ جا لەوە خۆشتر. ها ها ها.. خۆشی چی؟ پێویستە ڕاگیری بکەینەوە.
- تۆیش هەر بـابەت بۆ خواردنەوە دەدۆزیتەوە. بەڕاسـتی سوپاسی ئەم کارەت ئەکەم. ها ها ها.
- هو هو هو



Scanned by TapScanner

- ها هاها

قـاوەخـانەکە پڕ بوو لە چیرۆکنووســـــدا، لە دیواری ئەوبەری قاوەخانەکەیشـــدا ئاوێنەیەکی گەورە بە دیوارەکەدا هەڵواســـرابوو. لە سـوچەکەیشدا کابرایەکی لێ بوو، بەیانی تا ئێوارە ئەو سـوچەی بەر نەدەدا. بەردەوام خۆی دەدواند. تـاوێ تەمتەمەی گریـان و تـاوێک قەهقەهەی پێکەنینی ئەو ناوەی ئەتەنییەوە.

لە ســـەرەتاوە جامەکانی دەنا بە ئاوێنەکەوە، دواتر ســـوراحی و کوپەڵە، هەموو ئامادەبووان بەشـێک لەو شـوشـانە بەر دەســت و دەموچاویان کەوت.

ئەوەی مـایەوە ئەوەبوو، کەس نەیزانی ئەو کـابرایە دڵخۆش بوو یاخوود دڵتەنگ؟ ئەوە بە نادیاری مایەوە.

- تۆ هیچ کەسێکی بلیمەت و ناوازە نیت، بەڵکو ڕەشۆکێکی بێهۆشیت! تێگەیشتیت؟

- تێگەیشتم خۆشەویستەکەم. بەڵام تۆ بۆچی هێندە ڕاشکاوانە دەیلێیت؟ مەگەر مافی خۆم نییە کەمێک هیوا هەڵچنم؟

- ئۆقرەم لەبەر بڕاوە، هیچ تاقەتم نەماوە.

- مەگری ئازیزەکەم. ئەوەندە خۆت زیز مەکە... بەڵێ من دڵنیام لە بلیمەتی خۆم، بەڵام خۆ ناکرێت لەبەردەم ئەو عالەمەدا ئاشکرای بکەم.

- لە هیچمان کەم نییە ئەوە نەبێت هەستیت و لە ڕۆژنامەدا بابەتێک بنوسیت لەسەر (من عەبقەریم)، ئینجا پێم بڵێ سودی ئەو ئاشکراکردنە چییە؟ ئینجا کابرا بە چیدا بزانێت تۆ عەبقەریت؟ بەوەی کە چۆن لە دەمتەوە دووکەڵی جگەرە دەردەدەیتەوە؟ یان عەبقەری لە چۆنیەتی مشکردن و تف هەڵدا و پمینەکانتدا؟ تۆ ئەو عالەمە بە نەعل دەزانیت، وا دەزانیت گشتیان لە تۆ کەمترن.

- ئی باشە تۆ چ زیانێک دەکەیت ئەگەر من خۆم بە عەبقەری پیشاندا؟

- ئی باشە تۆ نابێت لەبەر عەقبەرییەتەکەت موچەیەکت هەبێت ئەم توتکە سەگانە بەخێو بکەیت؟ وا زستانیش نزیکە، نە کوتەرە[16] و نە سوتەمەنی هیچمان نییە ئاگرێکی پێ بکەینەوە. جوتە نەعلێکی چەرمی شرم هەن، ژێرەکەیان داڕزاوە، کون کون بووە.

- مەگری بچکۆلە نەشمیلەکەم، تۆ بڵێیت هەروا دەستەپاچە ڕاوەستم؟ بێ پسانەوە شیعر دەهۆنمەوە، تا ئێستا چوار دیوانم نوسیون.

---

[16] - کوتەرە: پارچە داری وشکهەڵاتوو بە ناو سۆبا و ئاگردان.

- با چوار نەبێ و چل بێت؟ چی لە کوڵەواری ئێمە ئەگۆڕێت؟

- تۆ چەشـــنێک قسـه ئەکەیت وەک ئەوەی من هیچ گوێم لێ نەبێت؟ من لە داهێنان ڕاناوەستم، ئەبێت ناوبانگ دەرکەم، بەرهەمەکانم وەرگێڕدرێن بۆ ســـەر زمانەکانی دیکەی دنیا. وا ئەزانیت من نامەوێ ببمە باسـی سـەر باسـان؟ ببمە چلچرای مەڵبەند و دیوەخانان؟ هەم دەوڵەمەند و هەمیش بەناوبانگ ببم؟ من دڵنیام هەردووکیانم دەستگیر ئەبێت. داخی گرانم کارەکە تەنها لە عەبقەرییبوندا کۆتایی نایەت، کارە گرنگەکان ئاوێنەی ڕووداوە گرنگەکانن. عەبقەری چی بکات ئەگەر ڕووداوی گەورە ڕوو نەدەن؟ من چاوەڕێی ئیلهامم بگاتە گیان و دڵم. چاوەڕێی ڕووداوە گەورەکانم ڕوو بدەن. تۆ چاوەڕێیت کەشـتییەکەم لەم چێشـتخانە بچکۆلەکەدا لەنگەر بگرێت؟ تەنانەت ڕووباریش بۆ من بەرتەسـکە، پێویسـتم بە ئۆقیانوسـه بۆ لەنگەرگرتن. باشـه دەی بۆ دەگریت؟ گیانی خۆت ئەگەر ئەوەندە ئەسرین برێژیت؟ تکات لێ ئەکەم لەبەر خۆشەویستییە ئەفلاتوونییەکەمان چیدی بەسـە گریان، دان بە خۆتدا بگرە. زۆری نەماوە، خۆت بگرە، من زۆر ئومێدەوارم. ئەم نارەحەتییانە تووی زریان لە ناخمدا دەڕسکێنن و ..... تۆ تەنها کەمێک خۆت بگرە.

### ورتەورتی جەللاد و خێزانەکەی

- بەسە ئیدی، تاقەتم نەماوە، بەخودا وازت لێدێنم ها.

- بەڵام شـیرینەکەم... بەڵام خۆ گومانی تیدا نییە، هەر دۆخەکە بە گشـتی تێک چووە. دەتوانین چیبکەین؟ ئەوەتا دادوەر و قازیش تـاقەتی ئەمری عیدامیـان نەمـاوە. بەڵام ئومێـدەوارم کـارێکی تـازە بدۆزینەوە و ئەو کاتە ئیدی کەمێک گوزەرانمان خۆش دەبێت.

- بەڵام وا هەسـت دەکەم من ناگەمە ئەو سـەردەمە و ئەو ڕۆژگارە خۆشانە نابینم. سـاڵی ڕابردوو لەمسـاڵ باشـتر بووین. لانی

کەم منداڵەکان هاواری برسێتییان نەدەکرد. بەڵام خۆ ئێستا ناتوانین بە خەیاڵپڵاوی تێریان بکەین و باسی "ئەم نانە بەو ڕۆنەیان بۆ بکەین".

- مەگری نازدارەکەم. خەریکە دڵم دەتەقێنێت. بە خودا ئەگەر جڵەوی ئەم دۆخە بەدەستی منەوە دەبوو، ئێستا هەموانم لەدار دابوو. یەک کەسم بە زیندوویی نەهێشتبوویەوە. بە شەو و بە ڕۆژ خەڵکم هەڵدەواسی. هەرگیز بۆ یەک ساتیش نەدەنوستم. ناشێ من کابرایەکی بوودەڵە بم لە کارکردندا.

- مادەم وایە شتێک بدۆزەرەوە.

- باشە دەتوانم چی بکەم؟ ئەوەتا دادگا فەرمای لەسێدارەدان دەرناکات. ئێ منیش بەیانی تا ئێواریَ دەبیَ مێش لە کەڵاوەم دەرکەم. خۆت دەزانیت موچەی من لەسەر ژمارەی سێدارەکانە. موچەی جێگیرم بۆ نەبەستراوە. ئەگەر خەڵکی هەڵنەواسم یەک دینار وەرناگرم.

- وادیارە ئەم وڵاتە بۆتە شامی شەریف؟!

- بێگومان خراپەکار هەر ماون، بەڵام ئەوە کەوتووەتە سەر پۆلیس و دادگا. ئێستا هەندێک دەستبەسەرن، دادگایش هیچ پەلەیەک ناکات لە بڕیاردان، ترسم ئەوەیە بۆخۆیان لە زیندان بە شێوەیەکی ئاسایی بمرن و فریایان نەکەوم ئەو پەتە بخەمە گەردنیان. دە مەگری تو خودا. باشە بۆچ دەگریت؟ ئەوە گریانی بۆ چییە؟ وەک ئەوەی من نەمەوێت کار بکەم. بەخودا لە دڵەوە حەز ئەکەم تاک بە تاکی ئەم نیشتمانە هەڵواسم تا تۆ و ئەو عەوزەڵبڕاوانە بە دڵخۆشی بژین.... تۆ تەنها کەمێکم ئارامم لیَ بگرە.... دڵنیام بەختی باش چاوەڕێمانە. سەبرۆکە سەبرۆکە ئیشەڵڵا.

## دەمەبۆڵەی نێوان گۆڕهەڵکەن و ژنەکەی

- بە خودا پەلی ئەو منداڵانە ئەگرم و گۆڕی خۆم گوم ئەکەم، گوێت لێیە؟

- ئەوە چی ئەڵێیت؟ تاوانی من چییە کە خەڵکی نامرن؟ من کارم بریتییە لە گۆڕهەڵکەندن. یەکێ گوێی لێت بێت وا ئەزانێت یەک گردۆلکە لاشە کەڵەکە بوون و کەس نییە ژێرخاکیان بنێت! خۆ ناکرێ خەڵکی زیندەبەچاڵ بکەم.

- ئێ ئاخر ماڵەکە یەک تیکە قەزەڵقورتی تیا نییە، بۆچی بیر ناکەیتەوە؟

- مەگری هەناسە شیرینەکەم، ئەگینا منیش دەست بە گریان دەکەم. خۆت دەزانیت دڵم زۆر ناسکە.... تێ ناگەم بۆچی یەک سەگ.....ب نامرێت. لەوانەیە لە دنیاکەی دیکە شوێنی بەتاڵ نەمابێت. مەگری ناسکە دڵبەر، دە مەگری باوانەکەم. خۆیشت دەزانیت من موچەی جێگیرم نییە، موچەی من لەسەر گۆڕهەڵکەندنە، ئێ ئەگەر مردوویەک نەبێت، من چیبکەم؟ کێ فلسێکم لە مشت دەنێ لە بارنبەر گۆڕی بەتاڵدا؟ کەمێکت ئارام هەبێ ڕۆحەکەم. ئەستەمە دەروویەکمان لێ نەکرێتەوە!

## دەمەبۆڵەی ژنی کابرای ڕۆژنامەنووس

- هەموو خەونەکانی لاویم لەگۆڕ نران، ئای چەندە بەهیوا و ئاواتەوە شوم بە تۆ کرد.

- تۆ مەگری، وەرە با گفتوگۆ بکەین.

- باش لەسەر چی گفتوگۆ بکەین؟

- لەوانەیە لەسەر هەق بێت، بەڵام مەگری مە... من ئەوەی لەدەستم بێت بۆ دڵخۆشکردنی تۆ، ئەنجامی دەدەم.



Scanned by TapScanner

- تۆ هەر کار دەکەیت و کار دەکەیت، کەچی من عەزیزییەکی شیاوم نییە لەبەری بکەم.

- باشــە بەڵام من هێشتا کارمەندێکی سـادەم. بۆ ئەوەی ببمە کەسێکی سەرکەوتوو، بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێم، پێویستە ڕووداوی ســەیر و ســەمەرە ڕوو بدەن، بۆ نموونە کارەســاتێکی گەورەی کەشــوهەوا، یاخوود زەوی لەرزەیەکی بەهێز، ئاگرێکی ســەرتاپاگیر، تاوانێکی نادیار یان هەر شتێکی دیکەی لەم چەشنە. ئەو کاتە دەتوانم خۆم دەرخەم و ببمە کەســێکی دیـار. ئەو کـاتە بەســەر هەموو ڕۆژنامەکانی دیکەدا ســەر دەکەوم. لەناو هەموویاندا قامک بۆ من ڕادەکێشــرێت. دنیا بەیەکجاری ســەقامگیر بووە، یەک شت ناقەومێت. خۆ دڵیشــم نـایەت خەڵـک بکوژم تـا هەر خۆم بیکەمە هەواڵێکی ڕۆژنامەکان بەڵام دڵنیام هەر ڕۆژێک لەڕۆژان بەخت یاوەرم دەبێت. تۆ هیچ گومـانێک لەوەدا هەیە کە من حەز نەکەم خۆم دەرخەم و بەرەوپێش بڕۆم و ببمە ڕۆژنامەوانێکی جیهانی؟

ئایا دەچێت بە عەقڵتدا کە من نەمەوێت پارە بۆ خـاوخێزانەکەم پەیداکەم ؟ لەوانەیە سبەی یان دوو سبەی شـتێک بقەومێت و منیش بتوانم هەواڵســـازییەک بکەم و دنیا نـاچار بە خوێندنەوەی بکەم؟ مەگری، کەمێکت بەزەیی بە دڵی منیشدا بێتەوە کە خەریکە دێتە دەری. باشـتر وایە دۆعا بکەیت خودا مێردەکەم ســەلامەت بکات، بەشـکوو پاپۆڕێک نوقم ببێت یـان ڕەشـــەبـایەک هەڵکات......... دە مەگری مەگری... من بەرگەی گریانی تۆ ناگرم. ئەها وا چاوم تەڕ بوون.

## قسەوباسی نێوان پۆلیس و خێزانی

- ئای خوایە! بۆچی من ئەوەندە بەدبەخت و چارەڕەشم. چۆن توشی ئەم ژیانە تاڵە بووم.

- ئازیزەکەم، ئازارەکەم، تاقەنەی دڵەکەم! باشـــە تۆ بۆچی ناتەوێت لە دۆخی من تێبگەیت؟ باشـــە تۆ وا دەزانیت من نامەوێت لەکارەکەم پێشـــکەوم؟ نامەوێت دەســـکەوتی زیاترم هەبێت؟ نامەوێتماڵەکەم و بەفرگرەکەمان هەمووشتێکی تێدا بێت؟!

- ئای من هەر بەختم ڕەش بووە.

- ئەوە منم بەختم نییە و لەم شارەدا لەدایک بووم، ئەینا ئەگەر لەو شـــارەی دیکەدا لەدایک دەبووم کە بەردەوام تاوان و کێشـــە و شـــەری تێدایە، ئێســـتا منیش تەنها پۆلیســـێکی ســـاکار نەدەبووم. بەو خوایە دێر زەمان بوو بەڕێوەبەری یەکێک لە بنکەکان دەبووم. بەڵام داخی گرانم ئەوەتام لە شـــارێکدا کە ڕێز لە تواناکانی خەڵکی وەک خۆی ناگیرێت. ڕێگری لە بکوژ، دز، چەتە دەکرێت بەهرەکانی خۆیان وەگەڕ بخەن. چاوە ڕاســـتەکەم کەمێک دان بە خۆدا بگرە، زۆری نەماوە، ئیشـــەڵڵا خودا دەرووەکمان لێ دەکاتەوە. هەر دەبێ شـــتێک بقەومێت.

## قسەی ژنی کابرای دەرمانخانە

- چاکەتێکم نییە ڕەنگی ئاوەدانی پێوە بێت تا بتوانم لەبەردەم خزمانمدا خۆم دەر بخەم. باشـــە دەبێت چەندێکی دیکە بەم شـــێوەیە بژین؟

- حەیاتەکەم مەگری، شـــازادەکەم مەگری، تاقانەی حەوت ماڵەکەم خۆت زیز مەکە. ئێســـتا تێگەیشـــتووم حەبی ئیســـپرین و پاراســـتۆڵ خێرێکی ئەوتۆیان نییە، هەر مایەکارییە دەیکەم. پێویســـتە بگەڕێم بۆ حەبی دەرەکیی نایابی گران. ئەو کاتەیش دەبینیت چەندەت پارە بۆ هەڵدەڕێژم. هەموو کەسێک هەر دەبێت نەخۆشـــییەکی هەبێت، بەڵام دکتۆری زیرەک نییە نەخۆشـــییەکانیان بدۆزێتەوە و ڕەچەتەیان بۆ بکات و بێنە دەرمـانخـانە بۆلای من. خۆ ئەگەر خەڵکی نەخۆش



Scanned by TapScanner

نەكەون، بەخودا ئیمەیش و دكتۆرەكانیش مایەپووچ دەبینەوە. ولاتەكەمان بەرەو فەوتان دەچێت... مەگری شەكر و نوقلەكەم. من دلم باشە بەلام ئەو فرمێسكانەی تۆ دەبینم دەبمە كەسێكی دیكە. بەم زووانە ئینشەللا دۆخەكە باش دەبێتەوە و لەبەردەم دەرمانخانەكەماندا بە ڕەچەتەوە ڕیز دەبەستن. بەم زووانە ئینشەللا ئاوڕێكمان لێ دەدرێتەوە.

## قسەوباسی دكتۆر و هاوژینەكەی

- بە ناخێری گیانم ژنی دكتۆرم. بەلام تا ئێستا لەوەتەی شوم پێت كردووە خێرێكم لە دەستت نەبینیوە. ئای بۆ جوانی و گەنجیم.
- بەلام ئاخر نازارەكەم...
- هەمووشتێكم لێ بووە بە خەون و خەیال.
- ئاخر توخوا مەگری با دلم تەنگ نەبێت. ماوەی دوو هەفتەیە یەك بێقیمەت – ببورە- یەك نەخۆش سەردانی نۆرینگەكەمی نەكردووە. ئەوەیشی دێت یەك فلسی لە گیرفاندا نییە و لە كۆمەلگە خێرخوازییەكانەوە وەرەقەیان بۆ كراوە. من دەتوانم ڕۆژانە ١٠٠ نەخۆش ببینم، بەلام ئاخ ئەی دەوەلەمەندەكان كوان بۆ نایەن بۆ لام؟

فرمێسكەكانت جەرگم پارە پارە دەكات. دە تو خودا ئەگەر ئەوەندە بگریت. ئای چیبكەم بۆ نەخۆشێكی دەولەمەند ئاخ. بەشكوو یەكێك سەرێكمان لێ بدات. ئا شتێكم بەبیردا هات، وا بەباش دەزانم بەناوی نەخۆشێكی وەهمییەوە لە ڕۆژنامە سوپاسێكی خۆم بكەم.

ئارام بگرە، ئینشەللا ئەم دۆخە هەروا نابێت شەكرە سێوەكەم. ڕۆژی یەك نەخۆشیشمان بۆ بێت كێشە نییە بەلام بەو مەرجەی دەولەمەند بێت.

## فەرهەنگۆک

پیتی «ا»

ئاپارتمان/ بینا، شوقە.

ئەرباب/ خاوەنکار.

ئەو ڕۆ/ ئەمڕۆ، ئیمڕۆ.

ئینسـکلۆپیـدیـا/ کتێبێکی گەورەیە، کورتە زانیـارییەکی گشـتی دەربـارەی هەموو بابەتێک تیا کۆ کراوەتەوە، هی تـایبەتیشـی هەیە زانیـاری گشـتی پەیوەند بە بابەتیکەوە تیا کۆ کراوەتەوە.

پیتی «ب»

بەرەواژ/ ئاوەژوو.

بەرک/ گیرفان، جێب.

بە هەشـتاوی/ بە تەنگاوی، بە پەلە، بە خێرایی.

بیرکاری/ ماتماتیک، ڕیازیات.

پیتی «پ»

پارت/ حیزب.

پلاژ/ شـوێنی دانیشـتنە لە کەناردەریا. وەک چایخانەیە.

پیتی «ت»

توریست/ سیاحی.

پیتی «ج»

جلیقە/ سوخمەی پیاوان.

جۆشکار/ ئاسنگەر.

پیتی «ح»

حەوانـچە/ تەنـکە ئـاو، لە کەناردەریا.

حەفت/ حەوت.

پیتی «خ»

خنس بەچە/ ڕژد، چاوچنۆک.

خۆ ڕەپێشـکردن/ خۆ بردنە پێشەوە.

پیتی «د»

دارۆغا/ سەرۆکی پۆلیسخانە. رئیس مخفر الشرطة.

دوێشەو/ دوێنێ شەو.

دۆخین/ بەنە خوێن.

دەمارگیر/ عەسەبی.

پیتی «ڕ»

ڕاسپاردە/ مامور.

ڕۆمیۆ و جۆلییێت/ داسـتانێکی دڵداری ئینگلیزییە.

پیتی «ژ»

ژەمینناسی/ جیۆلۆجی.

ژگ/ سک.

پیتی «ش»

شەقاو/ هەنگاو.

پیتی «غ»

غاردان/ ڕاکردن.

پیتی «ف»

فەرمانگە/ دائرة.

پیتی «ق»

قیتبوونەوە/ هەڵسانەوە.

پیتی «ک»

کارگێڕی/ ادارة.

کورتاژ/ بەو پرۆسیسە «عملی»ـە دەگوترێت کە منداڵێک لە سکی ئافرەتێک دەربێنن و دوای شوکردنی بە مانگێک یان دووان یان «لەبارچوون».

کەون/ کۆن.

پیتی «گ»

گازکردن/ بانگکردن.

گوڕکردن/ تاودان، پەلاماردان، هێرشبردن.

پیتی «م»

ماسی ئازاد/ جۆرێکە لە ماسی.

مەقری/ تاوە.

مادۆنی/ اجازە.

پیتی «ن»

نیلۆفەری ئاوی/ جۆرێکە لە گوڵ.

پیتی «هـ»

هێرۆئین/ جۆرە ماددەیەکی سەرخۆشکەرە، وەک «تلیاک». نرخێکی زۆر دەکات.

پیتی «ی»

یەدەک/ احتیاط.



Scanned by TapScanner

## سەربردەی ژیانی خۆم[17]

لە ساڵی ١٩١٥ لە کاتێکدا جەنگی جیهانی یەکەم بەردەوام بوو، لە یەکێ لە دوورگەکانی تورکیا بە ناوی دوورگەی «هیبلی»، لەدایک بووم.

ساڵی ١٩٣٧ کۆلێجی ئەفسەریم تەواو کرد و بوومە ئەفسەری سوپایی و لە ساڵی ١٩٤٤ لە سوپا دەرچووم.

سەرەتا کاری نووسینم بە شاعیرییەوە دەست پێ کرد و دوایی کەوتمە نێو کاری نووسینەوە.

بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٤٧ بە هۆی نووسینەکانمەوە گیرام. تێکڕا تا ئێستا پێنج ساڵ و نیوە لەبەر خاتری نووسینەکانمەوە زیندانی کراوم.


لە ساڵەکانی ١٩٥٦ و ١٩٥٧دا، مەدالیای زێڕی پێشبڕکێی نووسەرە «قۆشمەبازەکان»ی جیهانم وەرگرت و لە ساڵی ١٩٦٦یشدا، لە پێشبڕکێیەکدا کە بۆ کۆمەڵێ لە نووسەرە قۆشمەبازەکانی جیهان لە «بولگارستان»دا ڕێکخرا بوو، پاداشتی «ژیژکی زێڕ»م بەدەست هێنا.

تا ئێستا پەنجاوسێ کتێبم نووسیوە و کتێبەکانیشم بە حەڤدە زمانی زیندووی جیهان وەرگێڕدراون و شانۆنامەکانیشم لە حەڤدە وڵات سوودیان لێ بینراوە.

«عەزیز نەسین»

---

[17] بەڕێزان، ئەم نووسینەی عەزیز نەسین، لە مێژە نووسراوە. ئەوەی من ئاگام لێ بێ، لە ساڵی ١٩٧٣یشدا «پاداشتی لۆتس»ی وەرگرت. لەوە بەدواش نازانم... «وەرگێڕ».



Pdf by: Yousif Z. Abdullah

7 50169 63601 4

لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبان

Scanned by TapScanner